ناسری ڕەزازی

# نێــو لەکۆمەڵی کوردەواریدا

١٩٩١- ستۆکهۆڵم

BTJ System AB
800 20 01 9840 4C
BTJ

ناسری رەزازی

# نێـــو
# لە کۆمەڵی کوردەواریدا

[Rezazi, N.]

١٩٩١- ستۆکهۆڵم

Fqcc=qcc
Ex 1
HANINGE Hb Handen

Nasir Rezazî

# Nêw
## le Komelî Kurdewarî da

APEC-TRYCK & FÖRLAG
*BOX 3318 , Spångavägen 345, S-163 03 SPÅNGA/SWEDEN*
*TELEFON: 08 - 761 81 18 * TELEFAX: 08 - 761 24 90*

**ISBN: 91-87730-04-9**

## پێشەکی:-

---

**یەکێ لە بناغەکانی مانەوەی هەرگەلو نەتەوەیەک، زمانە.** ئەگەر زمان لە نەتەوەیەک پاوان بکرێو نەتوانێ قسەی پێ بکاو بۆی نەبێ پێی بخوێنێو بنووسی؛ لەمانە خراپتر، بە تۆپزی بەسەریدا داسەپێنن کە بە زمانێکی‌تر باخێوێو هەلسو کەوتی لە تەکا بکا، ئەوە هیچ کە زمانەکەی لە بیر دەچێتەوە، بەلکوو زۆر شتی دیکەشی کە بە زمانەکەوە پەیوەستە، لە کیس‌دەچێ؛ **نموونەی زەق و ئاشکراش بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە کوردەکانی تورکیەن:**

ئەو کوردانەی کە ژێردەستی حکوومەتی فاشیستو شۆڤینیستی تورکیەن، لەبەر ئەوەی زمانەکەیان لێ‌پاوانەو ناتوانن کەلکی لێ‌وەرگرن، بەتورکی قسەدەکەن! ئەم کارەساتە بۆتە هۆی ئەوە کە لە لایەک زمانەکەیان لە نەش‌و نما بکەوێو زۆربەشیان لە بیریان بچێتەوە، لە لایەکی دیکەش بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو کوردانە، لە ژێر شەوتی فەرهەنگی تورکا گەورە بن‌و تورک لە ئاو دەربێن‌و لەو دیاردە بەنرخو بنەڕەتیەی گەلەکەیان بێبەش بن!

لە راستیشدا وایەو، زمان کۆلەکەیە بۆ راگرتن‌و مانەوەی پێناسەی نەتەوایەتی هەر گەل و نەتەوەیەک.

نێویش وەکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو شوێنەوارێکی نەتەوایەتی، کەرەسەیە بۆ بانگکردنو هەڵاواردنو هەڵبژاردنو دەستنیشانکردنی بوونەوەری گیانلەبەرو بێگیان.

سرووشتی هەر وڵاتێکیش لە باری جوغرافیاییەوە وا هەڵکەوتووە کە هەر دۆڵو دەشتو چیاو رووبارو کانیو زەلیایەک، نێوی تایبەت بەخۆی هەبێ؛ تەنانەت سەگو پشیلەو مەڕو بزنو تەواوی گیانلەبەرانی دیکە، کە هەر نەتەوەیەک بە زمانی زگماکی خۆی نێودێریان دەکا.

بەڵام بۆ ئێمەی کوردی لە هەموو مافێک بێبەش، نێودێرکردن بە کوردی، بە تایبەت لە دوو پارچەی کوردستان، پاوانەو تاوانەو! داگیرکەرانی کوردستان، کەوتوونەتە پڵو پای ئەوە کە، ئەو نێوە کوردییانەی ئێستا لە کوردستان هەیەو پێناسەیەکە بۆ بوونو هەبوونی کوردو خاکی کوردستان، بگۆڕنو بیگرنەوەو بیسڕنەوەو وای بنوێنن کە کوردستان، کوردی لێنەژیاوەو ئەو وڵاتە نیشتمانی کورد نەبووەو نییە!.

لەبەر ئەو هۆیانەی لە سەرەوە باسکراو چەند هۆی دیکە، کە ئاماژە بەوانیش دەکەم، بە یارمەتی زۆر سەرچاوەیترو ئەوەش کە خۆم زانیمو لەبیرم مابوون، دەستم دایە کۆکردنەوەو نووسینی ئەم "نێو"انەی کە ئێستا لەبەر دەستن.

لە لایەکی ترەوە، لەبەر ئەوەی تا رادەیەک لە زمانو ئەدەبیاتی کوردی شارەزامو بە هۆی گۆرانییەوە لەتەکیا سەرو کارم هەیە، لە لایەن زۆر کەسو دۆستو ئاشناوە ئەگە منداڵیان دەبوو، بە نامەو تەلەفوون، داوای نێوی کوردییان لێدەکردم، منیش ناچار بووم وەدووی کەومو بەرسیڤیان بدەمەوە، کە

ئەمەش یەکیٚتر لە هۆکانی کۆکردنەوەی ئەم "نێو"انە بوو.

لەراستیدا من یەکەم کۆکەرەوەی ئەم "نێو"گەلە نیمو یەکەم کەرەت نییە، کە نێوی کوردی چاپو بڵاو دەکرێتەوە. بەر لەمە چەندین کتێبوولکەی نێوی کوردی بڵاو بوونەتەوە کە وێرای سپاس لەو رەنجەی کێشاویانە، دەبێ بڵێم، کەمو کووڕییان یەکجار زۆرە.

١- ئەو "نێو"انە راڤە# نەکراونو بەپێی ئەو بارو دۆخەی کوردستانی داگیرکراو هەیەتیو کورد لە مافی چارەنووسی خۆی بێبەشەو خوێندنو نووسینی کوردی لە چەند بەشیدا نەبۆتە باو، زۆر کەس نازانن واتای نێوگەلی **ئاران**، **بۆتیا**، **تەوار**، **داهان**، **رۆندگ**، **زۆزان**، یانێ چی! چوونکە لە کوردستان گەلێک نێوی وەکوو نێوی **گوڵ**، **گیا**، **دار**، **دەشت**، **چیا**، **رووبار**، **گوند**، **باژێر**، **هاوینەهەوار**، **تیرە**، **هۆز** هەیە، کە نێویان لێگیراوەتەوە، بەڵام بۆ زۆربەی خەڵک، واتاکانیان شاراوەیەو نادیار؛ هەرچەند نەزانینیشیان تاوان نییە، من بۆ خۆم زۆر کەسم دیوە منداڵەکەی بە کوردی نێو ناوە بەڵام نەیزانیوە واتاکەی چییە!، ئەگەریش لێم پرسیبێتن ئەو نێوە یانێ چی؟ گوتوویانە نازانین یانێ چی! نێوەو ئا!

٢- زۆربەی ئەو "نێو"انە لە لایەن هەندێ برادەری فارسینەزانی کوردی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراقەوە بڵاو کراوەتەوە کە لەبەر ئەوەی وەکوو کوردی ئێران، شارەزای زمانی فارسی نین، نێوی فارسی وایان بە کوردی لە قەڵەم داوە، کە بڕێکیان نەبێ لە فارسیدا هەن، ئەوانیتریان بۆ نێو ناشێنو هەردیان بەسەر بەردەوە نییە.

بۆ وێنە چەند نێویان لێرەدا دەخەمە بەرچاو کە بە کوردییان

زانیون:

ئاراسته، ئالووده، ئەرجومەن، ئەنجوومەن، بەهزاد، بیمار، پاکیزه، پایان، خاکبین، دەرامەت، دەرئەنجام، سەرحەد، سۆپەر، شەفەق، فەرەیدوون، فەرامەرز، گوشاد، مەشق، مەهتاب، وەرزش، یەکتاو زۆری تر.

ئەم چەند نیوەم لە دوو کتێبیان دەرهێناوەو کۆکەرەوەکانیان نیوبڕ ناکەمو ئەوانیتر با بوەستن. هەروەها گەلێک نێوی دیکە، کە من بۆ خۆم ئێستاش نازانم کوو سەریان هەڵێناوەو کوێڕا هاتوونەتە بەر!

ئەوی زمانی کوردیو فارسی بزانێ، دەزانێ زۆر وشە لە کوردیدا هەیە، کە لە فارسیشدا هەیەو لە هەر دوو زمانەکەدا، وشەی هاوبەشە، وەکوو:

**ئارام، ئارەزوو، ئازاد، ئاشنا، ئاواز، ئاهەنگ، باران، باوەر، بەهار، بەختیار، پەشیمان، پەیکار، پەری، پەیکەر، پەیمان، پەیام، تازە، تابان**و زۆر وشەو نێوی دیکە، بەڵام زۆر نێو هەن کە نە وشەیەکی هاوبەشن لە زمانی فارسیو کوردیدا، نە کوردین: **«نەوزاد»** نێونکی فارسییەو کوردی ئێراق زۆریان ئەم نێوەیان لە منداڵی خۆیان ناوەو پێشیان وایە کوردییە! لە کاتێکدا نەوزاد واتە: نوێزا، تازەزێ، منداڵی تازە بەدنیا هاتوو، کۆرپەی تازە لەدایکبوو، ساوا، کەچی ئەم نێوەو چەندین نێویتریان بەکوردی وەرگرتووەو بەکوردییان داناون! بریا هەر نەوزاد با، نێوی لەمە سەیرو سەمەرەترم دیوە! دیارە بە نموونە هێنانەوەی ئەم "نێو"انە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە، ماڵی خەڵکیتر، بە تۆپزی نەکرێ بە **(تووتنی دەخۆن!)** دەنا من دژ بەوە نیمو بڤەش نییە ئەگەر کوردێک بە

فارسی، یان زمانێکی‌تر منداڵەکەی نێو بنێ. هەرکەس بە پێی هەستو مرخی خۆی نێو هەڵدەبژێرێ، هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکیش ئازادەو مافی خۆزای هەر مرۆڤێکە، ئەو هەقە بە بەرانبەرەکەی رەوا ببینێ.

(بەداخەوە برادەرێک لە سوێد، لە کتێبوولکەیەکی نێودا کە بۆ منداڵی کوردی کۆکردۆتەوە!! لە بەر وشکەرۆیی#، ناشارەزایانەو هەڕەمەکی، بێ‌ئەوەی ئاگای لەوە بێ کە ئیسلام مەکتەبەو عەرەب نەتەوە، هێرشی کردۆتە سەر گەلانی عەرەبو تورکو گرتوونیەتە بەر برکەی گاڵتەو توانج!)

**من پێم وایە ئەگەر کوردستان، کە ئێستا دابەشە لە دۆز چوار وڵاتی داگیرکەری وەکوو ئێرانو ئێراقو تورکیەو سووریە، لە باتی، دابەشی نێوان چوار وڵاتی ئیتالیاو ئۆتریشو سویسو ئاڵمان با، هەر ئەوەندەمان رق لێ دەبوون، کە ئێستا رقمانە لەعەرەبو تورکو فارس!،** لە کاتێکدا هەر نەتەوەیەک، زمانو ئەدەبیاتو فەرهەنگی خۆی لا بەرێزەو خۆشی دەوێو دەبێ واش بێ، ئیتر کەنگێ سزاوارە، هێرش‌بکرێتە سەر گەلانی دیکەو زمانو وێژەیان بە هیچ بگیرێو گاڵتەیان پێ‌بکرێت!

* * *

نێوی کوردی، لەو دەورانەوە کە کورد رەدووی ئایینی زەردەشت بووە، هەتا ئێستا کە ئایینی ئیسلامی لەسەر زاڵە، گەلێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. جارێ لەبەر هێرشەکانی «سەلجووقییەکانو مەغولەکانو تورکە عوسمانییەکان» بۆ سەر کوردستانو مانەوەیان لەم وڵاتە، گەلێک نێوی ناکوردی، بەتایبەت تورکیو هی‌تر.... لە زۆر ناوچەی کوردستان،

تەپیان بە نێوی کوردی هەڵچنیوەو لەمانە گرینگ‌تر بە هاتنی ئیسلام‌و داسەپاندنی ئەو مەکتەبەو زمانی عەرەبی بە زەبری شیر و تیر، ئەوە ئیتر نێوی کوردی، بەجارێک لەبرەو کەوتووەو بە هۆی کۆلکە مەلای کوردەوە، ئەوەندەی‌تر لەسەری دراوەو سەرەوبن‌کراوە.

مێژوونووسانی شۆڤینیستی دەستندەخۆری داگیرکەریش، زۆریان ویستوویانە، لە نووسینەوەی نێوی کوردیدا گێرەشێوێنی بکەن، وەکوو ئەو کارەی کە شەمیمی هەمەدانی لە جوگرافیای کوردستاندا بە فیتی ساواک کردوویەتی‌و مامۆستای زانای کورد، "عبدالرحمان زبیحی"، پێداچۆتەوەو بەرپەرچی داوەتەوەو راس‌و رێشی# کردووە.

شەمیمی هەمەدانی لە جوگرافیای کوردستاندا وشەی «**داغ**»و «**چای**»و «**کەند**»ی تورکیی، بە دوای نێوی چیاو رۆبارو گوندی کوردییەوە نووساندووە، بۆ ئەوەی وا پیشان بدا ئەم "نێو"انە کوردی نین، کە ئەویش لە راستیدا، بە ئەنقەست‌و لە سەرچاوە عوسمانییەکانەوە وەری‌گرتووە!

(بەداخەوە* زۆر لە گوندەکانی کوردستان، یان نێویان گۆڕدراوەو کراونەتە تورکی، یان دوای سازکردن، نێوی تورکییان لێ‌ناون: قوونقەلا، قەرەداغ، دەلیکداش، ساوجبلاغ، ئالبلاغ، قەرەکەند، یەلغووز، قووشچی‌و زۆری‌تر، کە هۆی ئەو نێوە تورکییانە، زالبوونی موغولەکان، عوسمانیەکان‌و سەفەویەکان بووە.

---

* نووسینی ناو ئەو کەوانەیە لە کتێبی (شـاری وێـران)، نووسراوەی کاک عەلی حەسەنیانی وەرگیراوە.

**هولاکوو خان**، بەشی زۆری تەمەنی لە مەراغەو میاندواودا رابوواردووەو لە قەراخ چۆمی جەغەتوو، گوندێکی ساز کردووەو لێی دانیشتووە، کە ئێستاش ئەو گوندە هەر ماوەو نێوی قەلای «**ئەلّلاکۆیە**».

هولاکوو بە بۆنەی سەرکەوتن لە شەڕێکدا، دەستووری داوە پەیکەری کەلێک‌و شێرێک لە سەر بەردێک، بۆ یادگار هەلّکەنن، کە ئەو بەردە ئێستاش لەو گوندەدا ماوەو (بەیتی کەلّو شێر) بەودا هەلّگوتراوە.

لە زەمانی نێوبراودا، دوو برا بە نێوی «**یەرغوو**»و «**تەرغوو**»، هەر کامیان بە لەشکرێکی زۆرەوە، هورووژمیان هێناوەتە سەر ولاتی ئێمە، بەلاّم خەلّکی ئازای ئەو ولاتە وچانیان پێ‌نەداون‌و یەرغوویان لە نێزیک شاری مەهاباددا کوشتووەو لەشکریان تێکشکاندووە، کە ئێستاش چۆمێک کە بە مەلّبەندی ئەو شەڕەدا دێتەخواری‌و بەرەو دەریای ورمێ دەڕوا، بە نێوی ئەو سەردارە موغولیەوەیەو «**یەرغوو**» یان «**یێرغوو**»ی پێ‌دەگوترێ؛ براکەی دیکەشی بە نێوی تەرغوو، لە نێزیک شاری بۆکاندا تێکدەشکێ‌و دەکوژرێ، کە مەلّبەندی ئەو شەڕەش، کێوێک بووە بە نێوی تەرەغە، کە لە وشەی «**تەرغوو**»وەوە وەرگیراوەو ئێشتاش هەر ئەو نێوەی لە سەرە. لە داوێنی ئەو کێوەشدا گوندێک هەیە بە نێوی تەرەغە.)

ئەو مێژوونووسانەش کە بەرهەمەکانیان کوردی نین‌و گرینگتر لەوەش خۆشیان کورد نەبوونە، نێوە کوردییەکانیان بێهەلّەو راست‌و درووست وەکوو چۆن دەبێژرێن، نەنووسیوەتەوە کە بە هاسانی بناسرێنەوەو بنووسرێن.

کوردی واش هەن کە بە عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی، لەسەر

کورد نووسیویانە بەڵام ئەم مەسەلەیان لەبەرچاو نەگرتووە کە چۆنیەتی بێژرەی# نێوەکان، بە نیشانەی سەرو ژێرو بۆر، یان بە لاتینی دەستنیشان بکەن، ئێستە بە عەرەبی، فارسی، تورکی، یان زمانێکیتر نووسرابێ، بۆ مە هەر هەمان دۆخەو بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو "نێو"انە بۆ هەموو کەس بە هاسانی نەناسرێنەوە. بۆ نموونە هەر کەسێک پێشەکی شەرەفنامە، بەشە فارسییەکەی، کە "محمد محمدلوی عباسی" ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی نووسیویەتی خوێندبێتەوە، ئەو شیعرە فۆلکلۆرە کوردییانەی کە لەو پێشەکییەدا چاپ کراون، ئەگەر لە سێبەری وەرگێڕاوە فارسییەکەیدا نەبێ، بۆ کەس ساق نابێتەوە کە ئەو شیعرانە چین، مەگەر کەسێک بیستبنی دەنا زەحمەتە بە باشی لێیان تێ بگەی!

لەم سۆنگەیەڕا، بۆ کۆ کردنەوەو نووسینی نێوی تیرەو هۆزەکانی کوردو چیاو دەشتو چەمو کانیو گوندو باژێڕی کوردستان، بە تایبەت ئەوانەی کە نەمبیستبوون، تووشی گرفتو سەرهەڤدەی زۆر هاتمو بەدیاریەوە فرە قەتیسمامەوە. لەبەر ئەم هۆیە، بۆ وەراستگەڕانیان ناچاربووم، پرسو جۆ بکەم. بە هەرحاڵ، ئەو کارەم کردو وام بە ئەورام* زانی راڤە# بکرێن:

ئەگەر نێوی دەشت، چیا، یان رووبارەو واتاکانیان داپۆشراوە، دەستنیشان بکرێن؛ ئەگەریش نێوی گوڵ، گیا، دار، یان شتێکیترە، شیبکرێنەوە، با لانیکەم خاوەن نێو بزانێ نێوەکەی لەچیەوە هاتووەو لە چی گیراوەتەوە.

بۆ واتاکانیان، لە فەرهەنگی وشەو سەرچاوەی دیکە کەڵکم وەرگرت؛ واتای هەر نێونکیشم نەزانیباو لە فەرهەنگی

وشەکاندا دەست نەکەوتبا، پرس‌و جۆم دەکردو بەدوویدا دەگەڕام تا وەدەستم دەخست. گەلێکیان واتا کراون، بڕێکیان راڤە کراون‌و هەندێکیان شی‌کراونەتەوە، لەسەر بەشێکیشیان شێعرو بەستەی فۆلکلۆری‌و هی شاعیرانی کوردم بە نموونە هێناوەتەوە، تا لێیان دڵنیابم. بەڵام چی‌تر لە بڕستی مندا نەبوو کە لە بنج‌و بناوانی تەڤی ئەم "نێو"گەلە بکۆڵمەوەو بیاندۆزم‌و رەگ‌و کۆلکیان وەدۆزم کە لە چییەوە هاتوون. پێم وایە پێویست بەوە ناکاو هیوادارم کەسی‌تر هەبن، کە هەن‌و زۆرن، ئەگەر پێویست بێ، لە بنج‌و بناوانی تەڤی ئەم "نێو"انە بکۆڵنەوەو زانستییانە واتاکانی کاردۆژە# بکەن‌و وەکوو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بیخەنە بەر دەست خوێنەرانی خولیای زمان‌و ئەدەبی کوردی.

------------------------------

*فەرهەنگۆکی ئەم پێشەکییە:*

ئەورام: صلاح

بێژرە : تلفظ

راس‌و رێش: اصلاح

راڤە: شرح

کاردۆژە: کاردەوەژە؛ کارداوەژە.

کاردۆژە وشەیەکی هەورامییە واتە هەڵکۆڵین یان دەرهێنان بە کارد یان چەقۆ. لە بنەمادا کاردۆژە یانێ دەرهێنانی کاکڵەی گوێز، بە چەقۆ، یان کارد.

وشکەڕۆیی: تعصب

## ناو یا نێو؟

لە زمانی کوردیدا، وشە هەیە بۆ چەند واتا بەکار دەبرێ:

(**شین**: گریانو رۆرۆ)، (**شین**: رووانو سەوزبوون)، (**شین**: رەنگی شین یان ئاویی). (**سوێ**: سۆ، داخو عەزرەت)؛ (**سوێ**: تاسە، ئارەزوو)؛ (**سوێ**: ئازارو ژان)؛ (**سوێ**: ئاسۆ، روانین، نزیک، سارێژبوونی برینو هیتر.) هەر وەسا چەند وشە هەیە کە هەر یەک مانا دەدا. وەکوو: (هەتاو؛ رۆژ؛ رۆجیار؛ خۆر؛ خورەتاو)، کە هەر هەموویان واتا: **هەتاو**.

بۆ "**ناو**" یان "**نێو**"، (موکوریان)ی لێدەرچێ دەڵێن نێو، پاشماوەی شوێنەکانیتری کوردەواری، دەڵێن ناو. "ناو"و "نێو"یش جگە لەوەی بەرانبەر بە (**إسم**) بە کار دێت، بۆ "**داخل**"یش بە کار دەبرێ. بۆ نموونە لە موکوریان، بۆ (إسمو داخل)، هەر "نێو" بەکار دەبرێ، وەکوو نێوت چییە؟ نێوم فلانە، نانەکە لە کوێیە؟ دەنێو وانێکەکەی دایە! بەلاّم لە هەرێمەکانی "هەولێرو سنەو سلێمانیو کەرکووکو زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان، بە (إسمو داخل) دەگوترێ "ناو". وەکوو: ناوت چییە؟ ناوم فلانە، کوا کراسەکەم؟ لە ناو ئەو کومێدەم ناوە. تەنانەت ئەو کوردانەش کە لە ژێر دەسەلاّتی تورکیەو سووریەو سۆڤیەتو بەشێک لە ئێراقو ئێرانو بە

زاراوەی کرمانجی سەروو داخێون، دەڵێن: ناڤ. کە وابوو، ئەگەر بە لانی زۆر حیسابی بکەین، دەبێ بگوترێ ناو، بەلام من لەم کتێبەدا بە جێگەی "ناو"، "نێو"م بە کار بردووە چوونکە، بە رای زۆر کەس لەو کوردانەی، کە زمانزانن و کوردیزانن و خاوەن دیمانەن لەم کارەدا، ئەگەر بۆ (إسم) "**نێـو**" بەکار ببرێ و بۆ (داخل)یش "**نـاو**"، هەم دوو وشەکە لە یەک جیا دەکرێنەوە، هەم هیچیان لە ناو ناچن. چوونکە ئەگەر بۆ (إسم) بە جێگای "نێو"، "ناو" دابنرێ و بۆ (داخل) "نێو" بە کار ببرێ، دەبێ بە ناوچە بگوترێ نێوچەو ناوەند: نێوەندو ناو ناوە: نێو نێوەو زۆریتر.... کە لە کاتی ئێستادا زۆر کەس بە کاری دەبا، لە کاتێکدا من موکوریانیێکم نەدیوە کە بە ناوچە بڵێ نێوچە!! کەچی هەندێ نووسەری کوردی ژێر دەسەلاتی ئێراق دایانتاشیوەو دەکاری دەکەن! جا بە جێگای ئەوە کە لە ناوچەیەکی کوردستان بۆ هەر دوو مەبەستەکە واتە (إسم و داخل) بگوترێ نێو، یان لە ناوچەیەکی دیکە بگوترێ ناو، با وای لێبکرێ کە هەر دوو وشەکە بمێنێ و هەر یەکەیان بۆ واتاو مەبەستێک بە کار ببرێ. واتە بە (إسم) بگوترێ "نێو"و بە (داخل)یش "ناو". دیارە ئەمە پێشنیارەو جێخستن و کردنەباوی ئەم کارەش، تەنیا بەسراوەتەوە بە دەسەلاتی کوردو حکوومەتی کوردستانەوە، نەک رای یەک کەس و دوو کەس یان گۆڤارو رۆژنامەیەک. ئەگەر کورد بەو ئاواتە بگاو حکوومەتی هەبێ، رادیۆن و تەلەفزیۆن و دام و دەزگای بلاوکردنەوە، ئەم گرفتە چارەسەر دەکاو لە ناو کۆمەڵدا دەیخاتە جێ و دەیکا بە باو.

***

خوێنەری هێژا!

لەراستیدا بڕێک لەم "نێو"انە لە باری ڕێزمانەوە، نێو نین‌و وشەی کارو راناوو ئاوەڵناوو لێکدراوو هی‌ترن، کە کوردەکە بە تۆپزی کردوونی بە «نێو»و بە سەر زارۆکاندا دابڕاون. لە کوردەواریشدا دەمێکە هەن‌و جێ‌کەوتوون. منیش لە بەر ئەم هۆیە ناچار بووم مل بۆ نووسینیان رابکێشم! لە گەڵ ئەوەشدا رەنجێکی زۆرم لە پێدا کێشاوە، هیچ کات بانگاشە ناکەم کە رەنجەکەم رەنجێکی زانستییانەیە، نا، ئەو هۆیانەی کە بۆ خڕکردنەوەی ئەم "نێو"انە دنەیان دام، تەنیا ئەو خاڵانە بوون کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ‌کردن‌و دەستم لە سەر دانان؛ دەنا کارێکی ئەوتۆ لە بڕستی مندا نییە.

ئێستە رەنگە بڕێک لەم "نێو"انە لەبەر دڵان بن‌و تۆش بتەوێ نێوێکیان لێ‌هەڵبژێری. لەوانەیە لە «١٠» نێو، بەڵکوو پتریش، تەنیا نێوێکت پێ‌جوان بێ‌و ئەوانی دیکەت نەکەوێتە بەردڵ‌و بڵێی ئەم "نێو"گەلە کوا بۆ ئەوەی دەشێن، منداڵی پێ‌نێودێر بکری!

باشە، ئەوە شتێکی خۆزایەو سەیر نییە، بیرو ڕا جیاوازەو هەرکەس بە شێوەیەک بیر دەکاتەوە. ئەمە باخێکەو لە هەموو چەشنە میوەیەکی تێدایە، هەر میوەیەکیش بۆن‌و بەرامەو چێژی تایبەت بە خۆی هەیە. لێرەدا ئیتر حەزو ویستە دەور دەبینێ، نەک زەبرو زۆر. بەڵام من دڵنیام نە تەنیا نێونانی منداڵ بە

کوردی، بەڵکوو نێودێرانی هەر شتێکی دیکە وەکوو: دووکان، بەشکۆ، کارگەو هی‌تر بەکوردی، چەشنێک خەباتە دژی ئەو سیاسەتە شوومەی لە کوردستان بەسەر کوردا سەپێنراوەو جۆرێک پەرچەکردنە لە کولتووری نەتەوایەتی کورد، کە ئارخەیانم زەرەری بۆ پەز نییەو مافی خۆزای هەر نەتەوەیەکە.

با ئەوەش بڵێم:

ئەگەر بە من با، ئەو "نێو"انەی کە واتای خەمو خەفەتو پەژارەو ناهومێدیو شەڕو شۆر دەدەن، وەکوو: بریندار، بێکەس، بەلەنگاز، پەشێو، پەرۆش، خەمبار، دڵبرین، دڵزار، رەنجبەر، شەڕوان، ناکام، ناسۆر، هەژار، یاخی، هەمووم هەڵدەگرتو چم نەدەهێشتن، بەڵام بەداخەوە لە دەستی مندا نییە چوونکە، لە ناو خەڵکو کۆمەڵگەی کوردەواریدا جێیان گرتووەو جێکەوتوون. وەکوو لە سەرەوەش باسکرا، ئەم "نێو"انە هیچیان دەستکردی من نین‌و لە لایەن منەوە دانەتاشراون. **نێودێرکردن یان نێونانی منداڵ پێوەندی بە حاڵەتی رەوانی باوکو دایکەوە بە:**

هەر کەسێک چووبێتە ناوچەی شکاکان لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران‌و ماوەیەک مابێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە نێوی وایان لە منداڵی کورد ناوە کە پیاو سەری سوور دەمێنێ! بۆ نموونە: رەحەوزە؛ ساج؛ داخلیە؛ خارجیە؛ بوخاری، پاکستان؛ ئەفغانستان؛ ئەرێ نە؛ نەشید؛ ساریەو زۆری‌تر.

جارێکیان لە شوێنێکدا برادەرێکم دیت کە دەستی منداڵێکی بچکۆلەی بە دەستەوە بوو، چاکو چۆنیمان کردو وەکوو راهاتنی خۆمانە، برێک منداڵەکەم نازداو لە باوکیم پرسی:

نێوی چییه؟ گوتی بێناو! بڕێک وەستامو رامام، جارێکی‌تر پرسیم بێناو؟! گوتی بەڵێ. منیش گوتم نێودار بێ ئینشاڵڵاو چیترم نەگوت، چوونکه له سەرم نەبوو لەوە زیاتری لەسەر بڕۆم. بەڵام برادەرەکه گوتی: چی‌بکەین برا.... هەتا بارو دۆخی کورد ئاوەها بێ، بۆ بێناو نەبێ........!

منیش دەڵێم باشه ئەو مناڵه هیچ تاوانێکی نەکردووه لەسەر ئەوەی که بارو دۆخی کورد ئاوەهایه ئەو نێوه سەیرەی لەسەر بێ! هەر ئەو منداڵه که بڕێک گەوره بوو، بۆی هەیه بڵێ: من چی بکەم بارو دۆخی کورد وابوو، من دەمەویست نێوم وەک بەشەران بچێ!!

دوو هاورێی کورد دەناسم له دەرەوەی وڵات دەژین. هەر دووکیان یەکێ کوڕێکیان هەیه که نێویان "کێوان"ە. هەر چۆنێ بێ پێیان خۆشەو مافی خۆیانه، کەسیش بۆی نییه ڕەخنەیان لێ بگرێ. بەڵام ئەگەر فارسێک یان عەرەبێک ڕۆژێ له ڕۆژان لێیان بپرسێ ئەرێ واتای کێوان دەبێ به چی؟ دەبێ به فارسەکه بڵێن: "کوهها"وا به عەرەبەکەش "جبال"، که زۆر سەیره لایان، بەڵام بۆ ئێمە، وا نییەو ڕەنگه زۆر کەس هەبێ پێی خۆش بێ‌و بۆ زۆر کەسیش به پێچەوانەوە.

هەر لەم سوێده که ئێمەی لێ پەنابەرین، سوێدیم دیوه نێوی "ورچ" یان "بەرد" بووه که به سوێدی دەبێته بیۆرن‌و ستێن، بەڵام ئەگەر ئێمه بیبیسین لەوانەیه پێ‌بکەنین و به لامانەوه فره سەیر بێ، کەچی به لای ئەوانەوه شتێکه زۆر ئاسایی.

بوویەرێکی سەیر!

له سەردەمی پێشمەرگایەتیدا له کوردستان، دوکتۆرێکی ددانسازی فارسمان لەگەڵ بوو که دەورانی شای دەرکراو له

زیندان، له گەڵ چەند کوردیکی شۆڕشگێڕ ببوو بە ناسیارو پاش بەربوون لە بەندیخانە، هاتبووە نێو شۆڕش‌و بە ددانسازی خەریکی خزمەت بە خەڵک‌و پێشمەرگە بوو. ئینسانێکی تا بڵێی بەڕێزو بێدەنگ‌و نەرم‌و نیان بوو.

لە گوندێکی سەر سنوور کە هەموومان لە گەلاڵەی بار کردن‌و گواستنەوەدا بووین، عێرەتی ژوورێکی خستبووەوەو خەریکی کار بوو. ئێمەش چەند بنەماڵەیەک لەوێ بووین کە هەر ماڵێکمان یەک دوو منداڵی هەبوو. منداڵی بەستەزمانیش لەو رەپۆشەیەدا عیسا هەڵیدەگرت‌و مووسا دایدەنا. هەر پێشمەرگەیەک شتێکی بە گوێدا دەخوێندن‌و لە هەر یەکە بەزمێ فێر دەبوون. سەرگەرمییەکی ئەوتۆیان نەبووو بەو ناوەدا بۆ خۆیان بەرەڵا بوون. تازە کاتی ئەوەشیان هاتبوو کە بڕۆنە مەدرەسەی شۆڕش. جا چوونکە لە ناو چەک‌و تەق‌و تۆق‌و پێشمەرگەو ئازادیدا گەورە ببوون، یەک لەیەک هارترو لاسارترو چەتوون‌تر بوون.

بەسەرهاتی ئەو منداڵانە بۆ خۆی چیرۆکێکەو لێرەدا باس ناکرێ. لە کورتی بیبڕمەوە، وەردەبوونە هەموو لایەک‌و زۆریان بە هەر کەسێک شکابا، دەیانچزاند. رۆژێکیان بە دوکتۆر فێر ببوون، لە کوناوەجەی ژوورەکەیەوە بەردیان بۆ بەردەداوە؛ دوکتۆریش جارێک دووجار دەنگیانی داو پێیانداکالا، بەلام گوێیان نەدایەو هەر چوونەوە زگی. ئەمجار بەردێکیان تووڕ دابوو، راست کەوتبووە ناو دەمی ئەو کابرایەوە کە دوکتۆر خەریکی ددانی بوو. ئەوەندەمان زانی دوکتۆر هاتە دەرێ‌و دەستی کرد بە هاوار هاوار:

ئەرێ ئائەمە حاڵە باوکم! وەڵڵا من کارو رەهاتی وام لە هیچ

شوێنێ نەدیوە جگە لێرە نەبێ ئەیهاوار....

یەکێکیان نێو ناوە هەڵمەت، یەکێکیان نێوناوە هێرش، ئەویان نێو ناوە سەنگەر، ئەمیان نێو ناوە نەبەز، ئەویتریان نێوناوە کوتەک، ئەمیتریان نێوناوە خنجەر..... دەی منداڵێک کە واتای ئەم "نێو"ەی خۆی ببیسێتەوە، چۆن سواری سەرمان نابێ؟!.

بەڵێ کورد هەر مافی خوراوەو لێیدراوەو خوێنی رژاوە؛ لەوەتی هەیە تووشی خەمو خەفەتو مەترسیو هەلاّت هەلاّتو رۆژی رەش کراوە؛ هەزاران بوویەرو کارەساتی دڵتەزێنو ماڵوێرانکەری بەسەردا هاتووەو لێی قەوماوە، کەچی هەر نەبەزیوەو ماوە.

بارو دۆخی کوردستانو ئەو هەلو مەرجەش بە سەرماندا زاڵ بووەو ئێستاش سەربەرانە، لە سەر هەموو شتێکمان شوێنی داناوە.

برینداری هەژارو بێکەسیش بین
دڵنیام:
هەر وا نابێو تاسەر نابێ
رۆژێک دادێ:
چیتر نەمێنێ خوێنمژی
کوردیش وەکوو ئینسان بژی.

ئەوە ئێوەو ئەوەش ئەم "تەفتە سۆقاتییە"ی من، هیوادارم بە کەڵک بێ.

ناسری رەزازی

ستۆکهۆڵم ١٢/٤/١٩٩٠

## ڕێحـــان:

ماڵێـکی بۆ بکـەم لـە بیـاوان پـەڕ
دارەڕای بنـم بـە ڕێحـــــــان تەڕ
کۆڵەکەی لە سیم پەنجەرەی لە زەڕ

چل کیـسـە خەنـە بـۆ خـاکـەبانـی
چل قاڵب سـاون بـۆ سـواخـدانی
تـەڵای دەسـەوشـار بۆ لاشیـپـانی
مـوورگ‌و مـرواری بـۆ تاقـەکـانی
چل گـەز ئـەتڵەسی بۆ پەردەکـانی
با تـۆز نەنیشـێ لە خـاڵـەکـانی!!

«فۆلکلۆری ناوچەی ئەردەڵان»

# نێوی کچان

**پیتی ( ئـ )**

**ئاتلیا:** نێوی یەکێ لە شارە کەونەکانی هەورامان بووە لە دەورو بەری ساڵانی ٨٨٥ی بەر لە زایین کە بە دەستی ئاشووری نازیرپاڵ رووخێنرا.

**ئاترۆسا:** وەکوو ئاگر؛ ئاماژەیە بە ئاگر پەرەس.

**ئاتۆسا:** نێوی یەکێ لە کچە شازادەکانی کوردی مانیانی بووە لە ساڵی ٧١٤ی بەر لە زایین.

**ئاچان:** ناوچەیەکە لە باکووری رۆژاوای دیاربەکر.

**ئادان:** زەوینی بە پیتو بەرەکەت.

**ئارازیاس:** شارێک بووە مادەکان حکوومەتیان لێ کردووەو وێدەچێ هەر ئەو شارەی دارایاس بووبێ لە پەنای گوندی دریاز

لە شارویرانی لای مەهاباد کە کەلاوەکانی هەر ماوە.

**ئارتمیس:** نێوی کچی سەرداری کورد ئۆتانووس بووە کە بە خودای جوانی نێوی دەرکردووەو ژنی خەشایارشای پاشای ماد بووە.

**ئاروا:** نێوی فریشتەیەکە لە ئایینی زەردەشتییەکاندا.

**ئارەزوو:** تاسوخ؛ هێڤی؛ هەویا؛ ئاوات؛ دڵخواز.
خەیاڵ هەر دەکا **ئارەزووی** کۆنـە
بەڵام ئـەم نانـە، ناگا بـەو رۆنـە «فۆلکلۆر»

**ئارەنان:** گوندێکە لە چەند کیلۆمیتری شاری سنەوە کە دابڕکراوی ئاردەڵانییەکانە.

**ئاریشە:** دژوار؛ سەخت؛ چەتوون؛ زەحمەت.

**ئارینا:** لە رەگەزی ئاریایی!! وردکردنو هاڕین؛ نێوی چیایەکە لە ناوچەی حەکاری.

**ئازیا:** زیرەک؛ گورجو گۆڵ.

**ئازیز:** عەزیز؛ بەڕێز؛ هێژا؛ خۆشەویست.
**ئـازیــزا** دیـارەن وادەی لـوامــەن
ئـەلـوەدای ئاخر ئـەوەنـامـامــەن

دەوڵەتەکەی وەسڵ، یا نەزەواڵەن
جارێوتەر دیدەن، باڵاَت مەحاڵەن «مەولەوی»

**ئازین:** زێوەر؛ رازاندنەوە.

**ئاژینە:** چەقچەقەی ئاش؛ چەکوشی بیراز«تعمیر»کردن کە سەرەکەی دگانەی هەیە.

**ئاسک:** ئاهوو؛ مامز؛ کەژاڵ؛ خەزاڵ؛ نێوی شارێکی کەونارایە لە لای رامهورموزی ئێستا لە ئوستانی خوراسان.

**ئاسکۆڵ:** مەبەست لە ئاسکی بچووک‌و خنچیلانەیە.
زۆر پاشناوی وەکوو: (ۆڵ)، (ۆڵە)، (لە)، (یلە)، (ێ)، (کیلە)، (ۆ)و هی‌تر، لە زمانی کوردیدا هەیە کە هەموویان لە بەر هەستی خۆشەویستی، واتای بچووککردنەوە دەدەن:
(ئاسک = ئاسکۆڵ)، (ناسک = ناسکۆڵ)، (ناسک = ناسکۆڵە)، (بەرخ = بەرخۆڵە)، (نەشمیل = نەشمیلە)، (شەم = شەمیلە)، (خڕ = خڕیلە)، (خڕ = خڕێ)، (کاڵ = کاڵێ)، (جوان = جوانکیلە)، (حەسەن = حەسۆ)، (جەماڵ = جەمۆ)و زۆری‌تر.

**ئاشمە:** وشەیەکی زازاییە واتە مانگ؛ هەیف.

**ئاڤان:** نێوی زنجیرەیەک تەپۆڵکەیە لە نزیک شاری کەرکووک

له کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**ئاگرین:** ئاورین؛ له چەشنی ئاگر؛ وەکوو ئاگر؛ ئاماژەیە بە مرۆڤی ئازاو بەکار یان زۆر دڵگەرم.
قارو قینی گەل بەجارێک، دای لە هاڕژنو تەقین
چەشنی بورکانێ لە شێوەی شۆڕشێکی ئاگرین
«دڵزار»

**ئالئاڵ:** گوڵێکی بۆنخۆشی سوورە.
سونبول بسەما تێنو گولان پەردە دڕاندن
بشکفتنە **ئالئاڵ** و هشین بوونە تەرازن
«مەلای جزیری»

**ئاڵا:** بەیداخ؛ پەرچەم.
سوێند بە خوێنی گەشو سووری دڵی تۆ
لە جیای دەستو چەکی ژێر گڵی تۆ
بە هەزارانو هەزار دەستو تفەنگ
هەڵەگیرسێننەوە ئاگری جەنگ
تا ئەگەینە ئەوی رۆژی واڵا
شەنگەباڵا بشەکێنن **ئاڵا** «رێبوار»

**ئالاڤ:** کەرەسەو ئامێری کشتو کاڵ.

**ئامان:** پەنا؛ هانا؛ قاپو قاچاغ. بە زاراوی هەورامی واتە: هاتن.
**ئامان** چۆتەکولێنێ

پەری مەشکەی دەژێنـــێ
بەسێ لۆرکێ دەکوڵێنـــێ
خـەیاڵ ئاوردووی دێنـــێ «هێمن»

**ئامۆکان:** گوندێکە لە دەشتی هەریر لە پشتی شەقڵاوە.

**ئامێخا:** نێوی یەکی لە پاشا کوردەکانی لۆلۆ بووە لە سەدەی چواردەی بەر لە کۆچ.

**ئامێدی:** شارێکی خۆش‌و دڵگیرە لە سەر لووتکەی چیایەکی بەرز بەرانبەر بە سیلاڤ یان سۆلاڤ لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق.
لە ئامێدی لە کەبابخانەیەک نانمان دەخوارد، پیاوێکی بە تەمەن گوتی: ئەم شارە ژنێک دیویەتەوە کە نێوی «ئامێ» بووەو پێشکاروانی ئەو کەسانە بووە کە بە دووی ئەم باژێرەدا گەڕاون. ژنەی نێوبراو کە ئەم شارەی دیوەتەوە، هاواری هەڵداوەو ئەوانەش کە لە دووی بوونە بانگیان هەڵداوە: وەرن (ئامێ دیت) یان ئامێ دیتیەوەو لە بەر ئەوەیە نێوی ئامێدی بە سەر دابڕاوە!!
لە ڕاستیدا خەڵکی ئامێدی لەبەر هێرشی ئیسلام بۆ سەر کوردستان چوونەتە سەر ئەو چیایەو ئەو شارەیان لەوێ سازکردووە. بۆ چوونە ناو ئەو شارەش تەنیا یەک ڕێگا هەیە ئەویش لە چیایەکی بەرانبەریەوە بۆی دەچێ، دەنا چوار دەورەی تا دەگاتە ئەو ڕێیەی کە دەچێتە سەرێ بۆ شارەکە، لێژو هەڵدێرو قەدپاڵی هەزار بەهەزارەو

خوارەوەشی چۆمی گەورەیە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا حکوومەتی بعث بۆ «بەرژەوەند»ی خۆیو ترس لە پێشمەرگە، ڕێگایەکی دیکەی لێ کردەوە!

**ئامێز:** باوەش؛ سنگ‌وبەر؛ هەمێز؛ هامبێز.

ئەگەر بە نانی خەڵکی بە خێویت
شێر بە گوێ بگری هێشتا هەر ڕێویت
تەنیا بە «کار»ە هێژای، بەڕێزی
لە نێو کۆمەڵدا پڕ بە **ئامێزی**

«ن. ڕەزازی»

**ئاندرێشە:** یایەکە وەک ئەسپنگ‌و ئاڵەکۆک دەچێ.

**ئاوا:** جۆر؛ شێوە؛ چۆنیەتی.

**ئاوا:** ئاوەها؛ ئابەم جۆرە.

**ئاوا:** ئاوابوون یا ونبوونی ڕۆژو مانگ‌و هی‌تر.

**ئاواز:** گۆرانی؛ دەنگی خۆش؛ دەنگی مووزیک.

**ئاورینگ:** پریشکەی ئاگر؛ بریقەو ترووسکە.

**ئاونگ:** ئاوان؛ هاوان؛ ئەو زەردەی قووڵەی شتی تێدا دەکوتن؛ ئارەقەی گوڵ؛ شەونم.

شەوە ئەستێرە بە زریوەن لەسەرمان

له مانگی رووت هەناسەم بۆتە خـەرمان
تکەی ئاونگی کوڵمەت تەڕ دەکا لێـو
گـەزۆ باری لە شـەرمانو لە گـەرمان «هەژار»

**ئاوونگ:** مێلاق؛ ئەو «ترێ»یەی کە بە گوریس یان شووڵ بە سرمیچی (ژوور)ەوە، داڵۆسکەی دەکەن بۆ شەوی زستان.
لە کوردەواریدا ئاخرو ئۆخری پاییز، ئەو کاتەی ترێ لە تەواوبووندایەو شارۆیە، هێشووەترێ لە شووڵ هەڵدەبەستنو لە ژووری نەساردو نەگەرمو هێوردا لە «سرمیچ»ی ژوورەکەی هەڵدەواسن تا ئەو کاتەی زستان دەگا، ئەوسا شەوی زستان، لێی دەکەنەوەو لەگەڵ میوەگەلی‌تر کە ئەوانیش هەڵدەگیرێن بۆ شەوی زستان، دەخورێن.

**ئاوێزە:** داڵۆسکە؛ دارۆچکە؛ قەندیل؛ ئاوێز یان ئاوێزەی گوارە؛ پڵپڵە؛ «چرا»ی لووستر؛ چلچرا.

**ئاوێژە:** زەوی بەراو؛ بەرانبەری دێم؛ ئاویە.

**ئۆرفا:** ئۆرفا یان ئوورفا شارێکی کوردنشینە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە، کە کەوتۆتە دۆژ شارەکانی عەنتابو دیاربەکر. ئۆرفا نێوێکی دیکەشی هەیە، رۆحا یان رۆحای. لەم دواییانەدا حکوومەتی تورک کلکێکی تورکی پێوە نووساندووەو کردوویەتی بە «**شانلی ئورفا**»

بۆ شێواندنی نێوی کوردیو جگە لەمەش ئەو نێوانەی کە کوردین هەموویان راکردووەو کردوویانە بە نێوی تورکی!!
لە نێوان مەقامەکانی گۆرانی کوردیدا، مەقامێک لە دەزگای شوور «بەیات»دا هەیە، پێی دەگوترێ مەقامی ئۆرقا، کە مامۆستا «تاهر توفیق»، بە پارچە شیعرێکی مصطفی بەگی کوردی، چڕیویەتی.
من لە زۆر کەس پرسیارم کردووە کە چۆنە ئەم مەقامە بە زاراوی کرمانجی خواروو گوتراوەو نێوی ئۆرفای بە سەر دابڕاوە، بەڵام کەس نازانێ!
لە تورکیە پارچە ئاوازێکی کوردی هەیە کە پێی دەگوترێ هەوای ئۆرفا، بەڵام لە گەڵ ئەم ئۆرفایەی کە طاهر تۆفیق گوتوویەتی، ئاسمانو ڕێسمانە.
ئەوەش بەندێک لەو پارچە شێعرەی «مصطفی بەگی کوردی»، بۆ ناسینەوەی مەقام «هەستان»ی ئۆرفا کە مامۆستا «طاهر توفیق» چڕیویەتی.
چـاوەکـەم زانیـوتـە بـۆچی خـەو لە چـاوم ناکەوێ؟
چوونکێ من پێشخزمەتم، پێشخزمەتان نانوون شەوێ!
"ح زیرەکو فوأداحمد"یش (هەستان)ی ئۆرفایان چڕیوە.

ئەختان: هەل؛ دەرفەت؛ فرسەت.

ئەرخەوان: دارێکە گوڵێکی سووری ئاماڵ وەنەوش دەکا؛ دار ئەرخەوان پاش گوڵ، گەڵا دەردەکا.
ئـەرخـەوان سوورە بـەهـارە گوڵشـەنە رازاوەیـە

دەشتو کۆ رەنگینو پرشۆیە وەنەوشەی یانەکەم
«صالح دیلان»

**ئەرسان:** نێوی هۆزێکی کورد بووە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە؟!

**ئەزنا:** شارۆچکەیەکی لوڕنشینە لە نزیک خوڕەماواو عەلیگوودەرز لە ناوچەی لوڕستان.

**ئەسپەرە:** ئەسپەر؛ مەترکە؛ پێگرەی بێلی بێلباخ؛ ئەو دارەی لە دەسکە بێلی ئاسنی رادەکەن بۆ بێلباخو زەوی هەلکەندن.

**ئەسپەرێز:** نێوی گوندێکە لە لای نگلو میانە سەر بە هەورامان، لە دۆڤ سنەو مەریوان.

**ئەستێرە:** ستێر؛ هەسارە.

**ئەستێ:** بەردی ئەستێ؛ ئەستێو قاو؛ بەردەچەخماخ.

**ئەستی:** نەمزانی واتای ئەم نێوە دەبێ بە چی، یان لە چییەوە هاتووە، بەلام ئەوەندە دەزانم نێوێکی کۆنەو خوشکی ئەمیر زێندینی بۆتانیو خوشکی «زین»ی قارەمانی ناو داستانی (مەمو زین)ەو گراوی شێخ فەرخە لە بەیتی «شێخ فەرخو خاتوون ئەستی»دا.

لەو بەیتەدا هاتووە:

پاش ئەوەی کە خاتوون ئەستی دەمریٰو بە مراد ناگا، فەرخیش کە لە دوورەولاٌتو غەریبی دەبیٰ، ئۆقرە ناگریٰو دەگەڕێتەوە بۆ ولاٌتی خۆی. کە دەزانیٰ خاتوون ئەستی مردووە، دەچیٰ دەست دە کێلەکەی وەردێنیٰو لە خولاٌی دەپاڕێتەوە یا بیکوژیٰ یا خاتوون ئەستییەی بۆ زیندوو بکاتەوە بەلاٌم نزاکەی بە زیانی خۆی گیرا دەبیٰ:

هەرچەند دوعای کرد فەرخ بەستەزمانە
لێی نەهاتە جواب خاتوون ئەستی نۆجوانە
لە بارەگای خولاٌی دەهات میوانە
رۆحیان لیٰوەردەگرت ئەو بەستەزمانە
دەچنە سەری ئەو هەموو خزمانە
زەریفیان دەشوت سەیدو مەلایانە
کن خاتوون ئەستییە لیٰبوو گۆڕخانە
فەرخ لە خاتوون ئەستییە میوانە

**ئەسرین:** فرمێسک؛ رۆندک؛ ئەسر.

**ئەسمەهان:** نێوی خوشکی (فەرید ئەترەش) گۆرانیبێژی بە نێوبانگی عەرەبە کە لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەی کوردە دەروزییەکانی لوبنانن‌و لە هۆزی جونبەلاٌتن، وشەی «جونبەلاٌت»یش بە عەرەبیکراوی وشەی جانپۆلاٌیە کە یەکیٰ لە هۆزە بە نێوبانگەکانی کوردن.

**ئەڤین:** عیشق؛ دڵداری؛ خۆشەویستی؛ حەزلێکەری.

ئەنوا: پەناو پەسیو؛ جێی حەسانەوەی شەو؛ شوێنی باراننەگر.

ئێدلبێ: گوندێکە لە پشت شارۆچکەی شێروان مەزن لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

ئینشک: گوندێکە لە نێوان قەدش‌و ئەردەنا لە لای بامەڕنی.

ئێنێ: گوندێکە لە بن چیای کۆدۆ لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

## پیتی ( ب )

**باخان:** کۆی باخ. گوندێکە لە بناری چیای گاران، نزیک لە مەریوا ن. لە بەهاردا بۆنی گوڵو گیای، ئەو دەورو بەرە دادەگرێ، بۆیە نێوی «باخان»ی بە سەردابڕاوە.

پێشڕەوی پۆلی ئاسکی سەر شاخان
گوڵـی سـەرکردەی گوڵـی ناو **بـاخـان** «وەلی دێوانە»

**بادێ:** گوندێکە لە نێوان دهۆکو زاویتە لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**باڕێزە:** باوەرێن؛ ئەو میوەیەی کە با دەیوەرێنێ؛ گیایەکە لە شێوەی کەرەوز.

**باڕێژە:** باو باران پێکەوە؛ ئەو بارانەی کە بە باوە بیارێ.

**باریسە:** فرفرە، فرفرۆکە؛ داری نێوان کۆڵەکەو کاریتە.

**بازنه:** خرخاڵ؛ خرتەک؛ جەغز؛ گەوی ئاسن کە وەک بازن لە شکستەی دەئاڵێنن.

**باسانه:** پردێکە لە ناوچەی رواندز.

**باسرەت:** گوندێکە لە ناوچەی بۆتان لە کوردستانی ژێردەستی تورکیە

**باشیلا:** لە زاراوی زازاییدا واتە: ئاوارە.

**بانتا:** ئەو گەڵاو شووڵەی سەری «سەوەتە میوە»ی پێدەگرن؛ باخێکە کەوتۆتە ئاویەری گەورەوە بەرانبەر شاری سنە.

**برژانگ:** برژۆڵ؛ مژۆڵ.
مەڵـێ برژانگت تیـژە وەک چقـڵ
ئەچەقێنتــە پێـی ناسکـتر لە گوڵ
من بەو بــرژانگە بۆیە خـۆشـحاڵم
خاکی بەر پێکەی تۆی پێ ئەماڵم «مەولەوی»
ئەم شێعرە لە بنەڕەتدا بە هەورامی گوتراوەو مامۆستا پیرەمێرد کردوویە بە سۆرانی.

**بریسکه:** برووسکە؛ درەوشین. (بریسکەی بەفری سەرکەل)

**بزوێن:** بزوێنەر؛ دەنگدار؛ بە دەنگو جمو جووڵ؛سەربزێو.

**بژوێن:** زەمەند؛ زەوی پڕ گیاو لەوەڕ؛ شوێنی پڕگوڵو گیا.

**بسکان:** کۆی بسک؛ ئەگریجە؛ پرزەی سەر بەرگی گەنمە شامی.
سێـوێ گیـان ماڵم سێـوێ
بای دێ **بسـکان** دەبزێـوێ «فۆلکلۆر»

**بڵبەر:** شوێنی نەرمی زیاد لە پێویست؛ گوندێکە لە لای سلێن لە هەورامان تەخت.

**بلوومان:** چیایەکە لە ناوچەی خوڕەماوا لە لوڕستان.

**بناو:** نوقمی ئاو؛ ئەو شتەی سەر ئاو ناکەوێ؛ نێوی دارێکی بێبەرە کە لە قەراخ ئاوو دەورو بەری ڕۆباران دەڕوێ.

**بناوان:** لە چۆم هەڵدەبەسرێ، بۆ بەرزکردنەوەی ئاو بۆ ئەو زەویو زارانەی کە ئاویان پێ‌ناگات.

**بناوی:** گوندێکە لە تەنیشت گوندی هەنارە لە سەر ڕۆباری بەستۆرە لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**بۆتیا:** چیایەکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق؟!

**بۆرچین:** بۆرچیل؛ مێچکە مراوی.
سەرسەوزو **بۆرچیـن** نیشتوون لە ئاوێ

سەر سەوزم دەگرت بۆرچین بە داوێ! «فۆلکلۆر»
سەرسەوزو بۆرچیل نیشتن لە دەریا
سەرسەوزیانم گرت بۆرچیل ما تەنیا! «فۆلکلۆر»

**بۆرژان:** نێوان خەوو بێداری؛ بۆرە خەو.

**بۆکان:** شارێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران. ناوچەی سنەو دەورو بەر بە بۆکان دەڵێن: بووکان. شاری بۆکان وەک بووکان جوانە. هەژار بەرەو موکوریان.

حەوزەکەی بۆکان، قووڵو بێبنە
دوو ماسی تێدا خاڵ لە گەردنە
لەو جووتە خوشکە، یەکیان هی منە «فۆلکلۆر»

**بەختان:** بەوشانسی؛ تووشبوونی نەهات.

**بەختەوەر:** خاوەنبەخت؛ خۆشبەخت.

**بەرامە:** بەرام؛ بۆنی خۆش؛ بۆنو بەرامە؛ بەرهەم.

ڕۆڵەی شیرینم گەنجەکەم
بەرامەی تاڵی ڕەنجەکەم
پەیکەرت بەرزە نابەزێ
وەک سوارێکە دانابەزێ «ڕێبوار»

**بەریان:** گوندێکە لە بن سەیرانگای سەلاحەدین سەر بە ناوچەی هەولێر لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**بەرچەم:** بەرڕۆبار؛ ئەو شوێنەی کە ئاو دادەپەڕیٚ‌و مەن ڕادەوەستیٚ.

**بەرزالین:** گوڵێکی بۆنخۆشە بۆ دەرمان بە کار دەبریٚ.

**بەرزیٚ:** باڵابەرز؛ بەژن‌و باڵاجوان.
**بەرزیٚ لیٚ بەرزیٚ** سەربەندی گۆرانیەکی کوردییە بە زاراوەی کرمانجی ژووروو.

**بەڕەزا:** گیایەکی خۆزاو زۆر جوانە، بە کاوانەوە دەڕویٚ.
پێش ئەوەی شنەی بەیانی زوڵفی **بەڕەزا** ببزێویٚ
«هێمن»

**بەرسیلە:** هاڵە؛ ترێی فەریک؛ ترێی نەگەیشتوو.

**بەرموور:** ملوانکە؛ گەردانە.

**بەرجەوەن:** دیمەن؛ چاوەدیار؛ چاوەناز؛ لەبەر چاوڕادیار. (بەرجەوەنی ئەو ماڵە زۆر دڵگیرە.)

**بەروو:** نێوی ئەستێرەی «مریخ»ە لە زمانی کوردیدا.

**بەسیٚ:** لە وشەی بەسیە «بەس» ەوە هاتووە: بەستە؛ بەسیە. ئەم نێوە لە ناوچەی مەنگوڕان زۆرەو دەڵێن: گوایە نێوی بەسیٚ پێوەندی بە حاڵەتی ڕەوانی «باوک‌و دایک» ەوە

هەیەو لەوێوە ئەم نێوە هاتووە کە هەر باوکو دایکێک، منداڵی زۆریان هەبووبێو ئیتر نەیانویستبێ منداڵی دیکەی بە دوودا بێ، دوا منداڵیان ئەگەر کچ بووبێ نێو ناوە بەسێ، یانێ چیتر بەسیە!

هەی بەسێ عومرم بەسێ،
دووت کوشتووە، مەیکە بەسێ! «فۆلکلۆر»

**بەستۆرە:** چۆمێ کە لە هاویندا وشک دەکا.

حەیران کیژۆڵە سیانێ،
چاوی خۆت رەش مەکە
بە کلی سبیانێ،
ماڵێ بابێ تۆ باردەکا
لە هەوەڵ مانگی بوارێ،
دەپەڕیەوە لە دەو
بەستۆرەو بەستۆرەی گۆرانێ!
«بەشێک لە هەڵبەستی حەیران»

**بەستە:** بەهرە؛ فایدە؛ (چیتێدا بەستە نییە) دەسک؛ چەپک؛ چەپە؛ گۆرانی سووکەڵەو بنبزێوکە؛ پەیوەند؛ (کارەکە بەستە بەتۆیە).

**بەستێن:** ڕەخیڕۆبار؛ زیخەلانی دەم ڕۆخانە؛ گوێچەم؛ قەراخ چۆم؛ زەمینە. وەکوو:
لە بەستێنی هونەردا: لە زەمینەی هونەردا.

**بەسۆز:** خەمگین‌و دڵگیر؛ دەنگی نەرم‌و خۆش؛ بەگفت؛ بەپەیمان؛ لەسەر کەیف؛ دڵسۆز.

**بەفراو:** وەفراو؛ ئاوی بەفر کە بەهاران بە شەتاواندا دێتە خوار.

وەهـارەن، سـەوزەن، ئاوەن، سـەرکاوەن
هـاژەی وەفـراوەن، شـاخـەی شـەتـاوەن
ساقییەن، "بادە"ن، نەسیمەن، «باد»ەن
بولـبــــول جـەدەورەی گــوڵاْن ئازادەن «مەولەوی»

**بەفرین:** سپی وەکوو بەفر؛ وێنەی بەفر.

**بەلار:** یەکجارگەیپشتوو؛ شلک‌و تەڕ؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە؛

هــەی بــە لارو بــە لارو بە لارەوە،
مەمکۆڵەت شـەکرە سێـون بە دارەوە! «فۆلکلۆر»

**بەڵێن:** پەیمان؛ سۆز.

وا شیرین ڕۆیی بڕۆ لە شوێنی
کە شیـرین ڕۆیی تـۆ بۆ بمێنـی
بـەڵێـن بێ ئیتر نەتناسم هەتا
موژدەی ئازادی گەلم بۆ دێنی «إبراهیم أحمد»

**بەناز:** نازدار؛ خاوەن‌ناز؛ دەلال.

ئەی بـەنـازبـەنـاز، هات بەنـازەوە
جەرگی دام بە شیش کەبابسـازەوە «فۆلکلۆر»

**بەندان:** کۆی بەند؛ **بەند:** بەرگ؛ لەمپەر. **بەند:** بەندی زیندان؛ **بەند:** کورتەگۆرانی؛ پارچەیەک لە قەسیدەی شیعر. **بەندان:** تێهەڵسوون و هەڵبەستن و بەسران و گیران، وەکوو خەنەبەندان، بەستەو بەندان، ڕێبەندان.

بیـرەوەری «٢»ی **ڕێبەندان**
دەمخاتە سەر بەستە و بەندان
ڕێبـــەنـدانـی ڕێنـوێنـــــە
لە داگیـرکـەر سـەرشێـوێنـە                «سوارە»

**بەنستان:** گوندێکە سەر بە ناوچەی بادینان لە کوردستانی بندەستی ئێراق کە هۆزی ڕێکانی لێ دەژین.

**بەهار:** وەهار؛ وەرزی پاش زستان؛ سێمانگی یەکەم وەرزی ساڵ؛ لە ئاخری زستانەوە تا هاوین.

**بەهار** بوو فەسڵی زستانم، ئەگەر یارم لە گەڵ بایە
درۆیـە گەر گوتوویانـە بە خونچێکی **بـەهــار** نایـە
«هێمن»

**بەهرە:** داهات؛ قازانج؛ فایدە؛ نیعمەت.

شــیـرین بەهارە بەهاری شـــــادان
بێ« **بەهرە** »م لە ژین گەڵنامـرادان   «إبراهیم أحمد»

**بەهێ:** میوەی بەی؛ هێوە؛ نرخ؛ بەها؛ بایی.

**بەهیڤ:** بە زاراوەی کرمانجی سەروو، واتە: بادام.

**بەیان:** بەیانی؛ شەوەکی؛ سۆزی؛ سۆزوو؛ کێوێکی بەنێوبانگە لە مەڵبەندی موکوریان.

ئای لە بەیـانـدا ئای لە بەیـانـدا
ئای لەو بەیانـەی دیم لە **بەیـانـدا**
خاڵێک لە مابەین جووتە بەیاندا
ئەسـتێرەی **بەیـان** لە دەم بەیـاندا «پیرەمێرد»

**بەیبوون:** لە تەڕەزنانو لە کوێستانان دەڕوێ، بستێک پتر هەڵناچێو بۆنی لە دوورەوە، وەک بۆنی شەوبۆ دەچێو گوڵی ئاسمانیو سپی دەکا.

**بیارە:** گەورە گوندێکی دڵگیرە، کەوتۆتە بناری چیای هەورامان لە کوردستانی بندەستی ئێراق، کە لە سنووری دەستکردی نێوان ئێرانو ئێراق هەڵکەوتووەو یەکپارچە باخو باخاتی هەنارو هەرمێو هەنجیرو میوەگەلی ترە؛ ئێستاکە نەماوەو بە هۆی شەڕی کۆنپەرستانەی ئێران و ئێراقو سیاسەتی کاولکردنی کوردستان، لە لایەن حکوومەتی ئێراقەوە، وێرانکراو تێداچوو. هەروەها یەکێ لە جێگە نەزرگەکانی تەریقەتی نەقشبەندییە.

**بێترمە:** کانیاوێکە لە ناو شاری شەقلاوە، ئەو گەڕەکەش کە ئەو کانییەی لێیە هەر بە بێترمە نێو دەبرێ.

| | |
|---|---|
| **بێتووش:** | بێبەلاو بێوەی؛ گوندێکە لە داوێنی چیای ئالان لە پشت شاری سەردەشت. |
| **بێخاڵ:** | سادەو بێخەوش؛ شوێنێکی پڕئاوی چەنداشکەرێنە نزیک رواندز، لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق، سەیرانگایەکی یەکجار خۆش‌و دلگیرەو بە یەکێ لە هاوینە هەوارەکانی کوردستان دێتە ئەژمار. |
| **بێرات:** | شاخێکە لە لای چیای کارۆخ لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق. |
| **بێردۆک:** | سووکەخێر؛ پێمەرەی بچووک؛ گوندێکە سەر بە هەرێمی سۆما لە کوردستانی بندەستی ئێران. |
| **بێرمە:** | نێوی سێ گوندن لە بن چیای سیاکۆ لە ناوچەی رواندز کە بە بێرمەی دینداران بە نێوبانگن. |
| **بێرند:** | بەژن‌و بالا. |
| **بێری:** | بێر: ریزکردنی‌مەڕ بۆ دۆشین؛ بێری بە کچ یان ژنێک دەڵێن کە دەچێتە «پەچە» بۆ مەڕدۆشین؛ بڕوانە پەچە لە بەشی کچان.<br>**شەنگە بێری** یارو دەسبازی کوڕی کۆچەر نەبێ<br>چۆن دەگاتە جێـهەوارو هۆبە، ئەو بارگەو بنە «هێمن»<br>بازی **بێـریـان** چڕو کێـوە |

بێری دێن گوارەیان زێوە
تەشـی دەڕێسـن بەڕێـوە «هاشم نانەوازادەگان»

**بیرێژ:** بیرێژی؛ گوندێکە لە نێوان چیای سەفینو سەری ڕەش لە ناوچەی شەقلاوە.

**بێریڤان:** ئەو کەسەی ئیشی بێریاتی دەکا.
«ڤان» وەکوو پاشگری وشە، لە زاراوەی کرمانجیدا هەر هەمان پاشگری (وان)ە کە لە زاراوەی سۆرانیشدا هەیەو واتای پسپۆریی‌و ئاگاداریی‌و شارەزایی‌و لێزانین‌و چاوەدێریی‌و بەخێوکردن دەدا، وەکوو: مووزیکوان، فڕۆکەوان، شەڕوان، باخەوان، دەشتەوان، گاوان، دارەوان، زەردەوان یان شاخەوان.

**بیزا:** گیایەکی کوێستانییە، بڵندەو بۆ ناو ژاژو ترشیات بە کاردێ.

**بێژوێ:** گوندێکە لە داوێنی چیای ئالان لە پشت شاری سەردەشت.

**بێستان:** بێسان؛ جێچاندگەی میوەگەلی وەکوو کاڵەک، شووتی، هاروێ، تەماتە، بایجانو هی‌تر...

**بێشۆرا:** گوندێکە لە لای مێگر لە کن ڕواندز.

**پێشووک:** گوندێکە لە سەر ڕۆباری ڕواندز لە بناری جندیان لە کوردستانی ئێر دەسەڵاتی ئێراق.

**پێشە:** مێشە؛ دەحل؛ دەسنێۆ؛ لێڕی؛ (بێشە چنار).

**پێگۆنێ:** گوندێکە لەسەر سنووری دەسکردی ئێراق‌و تورکیە لە ناوچەی سالاری.

## پیتی ( پ )

**پاپڕیک:** جۆرێک گیای خۆڕسکە لە کوردستان زۆرە.

**پاراستان:** گوندێکە لە لای زمزیران لە ناوچەی سەردەشت.

**پاراو:** تێرئاو؛ شەق‌و تورت‌و لە گەشە.

**پارشان:** کێوێکە لە نێوان چەمی قالوێ‌و چۆمی تەتەهۆ لە هەرێمی موکوریان.

**پاریا:** نێوی ئەو گوندەیە کە «کەریم خان»ی زەندی لێ لە دایک بووە.

**پاسار:** گوێسەبانە؛ کەڵکەبان؛ کەڵکەپاسار.

**پاسین:** دەشتێکە لە رۆژهەڵاتی ئەرزەرۆم لە کوردستانی بندەستی تورکیە.

**پامووره:** پاوانه؛ خڕخاڵی پێ؛ لیزگەمووڕووی خشڵی قولەپێ؛ ئەو پاموورەیەی ژنان لە کۆندا لە قولەپێیان دەبەست.
"**پامـووره**" کانـی زێـــڕی‌بێـخـەوشــە
یاری من بۆن‌خۆشە، هەروەک وەنەوشە «فۆلکلۆر»

**پاوان:** ئەو پارچە باخ یان مەزرایەی کە چوار دەوری بە تەیمان دەگرن بۆ ئەوەی مەڕو ماڵات نەچێتە تێوەی؛ لەوەڕی قەدەغەکراو؛ باخ یان زەوینی قۆرخ‌کراو.
لـە باخـی ساوای **پاوانـی** سینە
پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ گوشینە «هەژار»

**پاوانە:** پاوەنە؛ پامووره.
" **پاوانـە**" کانی دەزرینگێتـەوە
قافڵە لە عەجەم دەگێـڕێتەوە «فۆلکلۆر»

**پایزە:** وەرزی پایز؛ هەوایەکی گۆرانی‌کوردییە لەشێوەی حەیران.
ئەی وای وای وای وای .......
ئەوە سەودایەکی دەپیرە پایزە
لەسەر منی ماڵوێرانی دەداوە
دەک نەمێنم چ پایزێکە
***
سەر لە زستانێ
کیژ دەڵێ دەترسێم پەڵە بارانێکی بەرەحمەت
لە من بباری

بدا لە ئێسقان، لە فەلاسقان
ران‌و ڕکێفی دەعارەب‌و عارەبە سواران
بدا لە گۆیی دەکەمبەرێ
بشکێنێ جووت کاریتەی دەرەشە ریحانێ
* * *
کور دەڵێ قەول‌و قەراری خۆم
دەگەڵ گراویلکێ دەبەست
ئەوی محەلێ بەهارێ
کە ماڵ پێ دەچوونە کوێستانێ
ئەلحانەکانە ئەوە پیرە پایزە
خەزەڵوەرێنە، خێڵ بەرەو ژێرە
لەمن هاتۆتەوە
محەلی دەدەست لێک‌بەردانێ
دەوان شەدە شلاتم
هەی نەمێنم لەبەر ئەوی پایزێ!          «فۆلکلۆر»

**پڕپڕە:** پووڵەکە؛ بریقە؛ ئۆیبە؛ پەرەنگی‌گوارە؛ پەڵپینە؛ گیایەکی شینی زۆر ناسک‌و جوانە، لە باخ‌و بێستانان‌و کوێستانان دەڕوێ‌و وەکوو چلی نۆک دەچێ بەلام گەلاکانی جیاوازەو بۆ زکێشە باشە.

**پردیس:** بەهەشت؛ جەننەت.

**پردیکا:** نێوی کچی (ئاترۆپات)ی دەسەلاتداری ماد بووە لە ساڵی ٣٢٤ی بەر لە زایین هاوکات لە گەڵ هێرشی

ئەسکەندەری مەقدوونی بۆ سەر ئێران.

**پرشنگ:** تیریژ؛ تیشکی رۆژ؛ پریشکی ئاگر.
چەن جوانی بەروەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت
پرشنگـی خشـڵ ئەبلـەق ئەکا دەورو بەری رێت
رۆژی دەمی کەل، حازرە بۆ پێشکەشی بەر پێت
ئێــوارەیــە وا هەڵگــــرە سا گـــۆزەیـــی تازە!
«گۆران»

**پرووشە:** دەنکە دەنکەی بەفر کە دەباری؛ پرووشەی ئاوو باران؛ کەمکەم خواردن؛ پرووشەی بەفر؛ چرۆکردن.
ئەی باڵداری ناو هێلانەی سەر پۆپی درەخت
دەنـووکـی گیـان بکـەرەوە بـۆ دەنکــی بەخت
رای‌وەشێنە سەری خەوی ژێر سێبەری خەست
بە پـرووشـــەی ئاوی ئاگا دەروون بکـە مەست
«صالح دیلان»

**پریشک:** فریشک؛ مەلاژگ؛ مەلاژوو.

**پژاو:** دەشتی زۆو بەراو؛ دەشتێکە لە بەری زرێبار کە "ماش"یان لێهەڵدەبست بۆ ماسیگرتن. **ماش:** وەکوو تەیمانو کۆلیت، لە بەراو درووست دەکرا تا ماسی تێبکەوێو بیگرن.

**پلپلە:** ئاوێزەی گوارە؛ جۆرێک خشڵە.
"پلپلە"ی ئاڵتوون شۆڕ بوونە خواریٚ

راگیر بوون لەسەر جووتە هەناری!    «فۆلکلۆر»

**پلوورە:** پلوور؛ بلوور؛ لوولە؛ جێگە هەنگی لە دار هەڵکۆدراو؛ گوندێکە لە دۆژ سوورەبان‌و سێوەڕ لە ناوچەی سنە، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**پلووک:** پچووک؛ پلووکە بەرد؛ بەردی پچووک.

**پووڵەکە:** جەستەیەکی خڕو تەنکی ناوەڕاست کونی بریسکەدارە، کە ژنان بۆ جوانی، بە جل‌و بەرگی وەکوو: کراس‌و کەواو سوخمەدا هەڵی‌دەدروون؛ هەروەسا جەستەیەکی تەنک‌و خڕو رەقە بە سەر پشتی ماسییەوە.

**پۆیلە:** پۆیلانە؛ مت‌و مووروویی هۆنراوە کە ژنان بە لاجانگەوە بەری‌دەدەنەوە.

**پەپوو:** پەپووک؛ پەپووسڵێمانە.
پەپوو سولەیمانی، ماڵم رمانی
چاو ئەبروو مشکی قەیرم نیەزانی
«فۆلکلۆری هەرێمی کرماشان»

**پەپوولە:** پەروانە؛ نمنمۆک.
بەیانیت باش ئەی نازدار
پەپوولەی ناو گوڵ‌و گوڵزار.

**پەچە:** پێچە؛ پەچە: دەسماڵ یان تەنراوێکی رەشە کە ژنان لە کوردەواریدا بە تایبەت لە لادێ بۆ شەرمە یان شەرمکردن، دەمو لووتی پێ دادەپۆشن.

کـــۆڵان بەکـــۆڵان جـادە بەجـادە
نەشمیلەی چاوجوان پەچەکەت لادە «فۆلکلۆر»

**پەچە:** هەوێز؛ بێرە؛ رانەبێرە؛ بەو شوێنە دەگوترێ کە پەزو بزن (وردە ماڵات)ی لێدەخەوێنن بۆ دۆشینو وچان دەرکردنی شوان لە نیوەرۆدا.

لە ناو ران هاتەو شیـر بە شانەوە
لچی ها بە تۆز "پـەچـە"ی رانەوە «فۆلکلۆر»

**پەخشان:** پەرشو بڵاو، (زوڵفی پەخشو پەخشانە)؛ نووسراوەی بەرانبەر هۆنراو.

**پەرژین:** پەرچ؛ پەرچین؛ چیل؛ شوورەی بەدڕوو؛ پەرچی دڕکاویی؛ پەرژینی باخ؛ پەرچی بێستان.

**پەرشن:** گوندێکە لە ناوچەی رواندز.

**پەرکانە:** سەرچنکردنی کڵاشو گیوە. نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**پەرماس:** زانیاری؛ نێوی یەکەمین مەدرەسەی کچانە بوو لە مەهاباد کەساڵی ١٩٢٤ی زایین کرایەوە.

| | |
|---|---|
| **پەروونی:** | کێوێکە لە سنووری دەستکردی ئێرانو ئێراق، لە نێوان دەرەتفیێو چەمی شۆشمێ لە هەوارمان، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران. |
| **پەروێ:** | گوندێکە لە کوردستانێ ژێر دەسەڵاتی ئێراق. |
| **پەرە:** | ئەو زەوینەیە کە لە کێڵاندا وەبەر گاسن ناکەوێ. |
| **پەرەنگ:** | لەرزانەی گوارە؛ پۆلوو؛ پەنگر؛ سکڵ. |
| **پەرێ:** | نازنێوی «پەری»یە. |
| **پەرێز:** | بۆسەی راوچی؛ جێگەی دەخڵی دووراو؛ بە دزە دزە بۆ نێچیر چوون؛ نیشتنە پارێز. |
| **پەریوار:** | پەری شێوە؛ وێنەپەری. |
| **پەلکە:** | کەزیە؛ قژی هۆنراو.<br>هادەنگ هادەنگی پۆڕ دێ<br>خرنگـەی خرخاڵ پەلکە شۆڕ دێ! «فۆلکلۆر» |
| **پەلەرین:** | جۆرێک گیای پەڵو پۆدارە کە گوڵی سپی ورد دەکا. |
| **پیرۆزە:** | بەردێکی رەنگ شینی بەنرخە؛ باڵدارێکی چیرۆکی |

«ئەفسانەیی» یە.

خاڵێک هاوەبان گۆنای **پیرۆزۆ**
وەک شەم ئەسووتێ بە نەکەرۆزۆ «فۆلکلۆر»

**پیرۆز** نازنێوی پیرۆزەیە.

خاڵان ئاخێز بوون **پیرۆزە** گوم بوو
گەوهەر لە شاران قیمەتیان کەم بوو! «فۆلکلۆر»

## پیتی ( ت )

**تابان:** تابان وشەیەکی فارسییە واتا: بریسکەدار؛ بە ورشە؛ رۆشناییدەر؛ هەڵاتووی مانگ؛ خەرمانەی مانگ؛ بە درەوشین؛ تا سەروو؛ تا سەربان. ئەم وشەیە لە نێو شیعری شاعیرە کوردە کلاسیککارەکاندا هەیە.

**تاتان:** کۆی تات، بەردی لووس‌و پان ودرێژ بۆ نوێژ، سەخت‌و هەڵەمووت.

**تاریک:** سواپ، تابەرە، بەردی تەنک‌و بچووک کە منداڵ لە سەر رۆبار کایەی پێ‌دەکەن.

**تارا:** سەرپۆشی سووری بووک؛ ئەو پارچە سوورەی بە سەر بووکی دادەدەن.
بووکی ژێر «**تارا**»ی رەنگ ئەرخەوانی
شۆخ‌و شەنگ وێنەی گوڵی بەیانی «وەلی دێوانە»

**تاسە:** مەیە؛ ئیشتیا؛ ئارەزوو؛ بیری کەسێ کردن.

ئارەزوومەندیم جە حەد ویـیـەردەن
فراوان خەیلێ **تاسـەی** تۆم کەردەن «مەولەوی»
خـــودا بیبـڕێ مـەیل بە قـینـــەوە
مـردین بە **تاســـەی** یەکـترینـــەوە «فۆلکلۆر»

**تاڤگە:** تاف؛ قەڵوەز؛ ئاوهەڵدێر.

های جە شنۆی وەش رۆحئەفزای کاوان
ئای جە شاخەی «**تاف**» ساف سەراوان «مەولەوی»

**تاکانە:** تاقانە؛ تەنیا؛ تەنیا منداڵی دایکو باوک؛ تەنیا کوڕ لە نێو خوشکاندا.

ئامینێـم تاقـانـــەی دایـــە
چەنـد شێخو مـەلای دنیایە
هەمـووم بـۆی ناردە رجـایـە
زاڵـمبـاب لـە گـەڵـم نـایـە «فۆلکلۆر»

**تاوس:** نێوی پەلەوەرێکی پەڕو پۆ شیرینی خۆشڕەوتە کە لە لای کوردە ئێزیدییەکان پیرۆزو بەڕێزە.

چاوەکەم چاوت هەڵێنە سورمەکەی چاوم ئەتۆی
**تاوسی** باخی بەهەشتی یا بە عەمدەن وا دەڕۆی «؟»

**تاوێرە:** تاوێر؛ تاقێر بە هەموو مانایەک؛ تـمتمان؛ زەوی رەقەن. گوندێکە لە لای سەرکەنو دەرەشیش لە ناوچەی

هەڵەبجە.

**تڕووسکە:** بریقە؛ برووسکە.

**تریفە:** تیشکو تریفەی مانگ؛ گوندێکە لە ناوچەی شارەزوور.

ئەی «**تریفە**»ی مانگەشەوی زیوینی ئاسمان
بۆ بەتۆزقاڵ، جاربەجارێ خۆت ئەدەی نیشان
«صالح دیلان»

مانگ بە «**تریفە**»ی ناودێ ئەکا کەیل
هێشتا هەر گەرمەناڵەی کنالەیل «گۆران»

**تووتمێ:** گوندێکە لە دۆڵی بالیسان.

**تۆشە:** تۆشەبەرە؛ توێشە؛ توێشوو؛ زاد؛ زەواد؛ بژیوی سەفەر؛ ئەو خوراکو پێخۆرەی کە کاروانچی یان ڕێبوار لە گەڵ خۆی لە سفرەدا، دەیبەستێتە پشتو هەڵیدەگرێ بۆ ناو ڕێگە.

**تەرزە:** ژیلە؛ گلێرە؛ تەیرۆک؛ تگر؛ گژلۆک.

**تەڕلان:** جۆرێک بازی ڕاوکەرە.

کەروێشکی گەرمەلانی
مامزی دەشتی بۆکانی
وێنەی بازی **تەڕلانی**
دەڵێی مایینی کەحلانی

لە شــەوڕاویٚ دەزانــی
هەنگوێنی شانەو شانی
برنجی ڕەشتو گێلاٚنی
کارخـانـەی هەمەدانـی
سەرتۆپی کوردستانی
بە مـلوێنـیٚ هـەرزانـی!! «فۆلکلۆر»

**تەفرە:** وەدواخستنو خەڵەتاندن؛ خاپاندن.

**تەلار:** باڵاخانە؛ دیواخان؛ قصر.
ئیمشـەو چەن شـەوە **تـەلار** بێنـازە
نە دەنگی دەهۆڵ نە چریکەی سازە «فۆلکلۆر»

**تەلان:** بەندەن؛ بەرزایی کێو؛ پلەی شاخو کێوو هەرد؛ نێوی گوندێکە لە ناوچەی سووورداش لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.
عاشقی چاوی کەژاڵو گەردنی پڕخاڵ نیم
عاشقی کێوو **تەلان**و بەندەنو بەردم ئەمن «هێمن»

**تەنکە:** تەنک؛ ناسک.
**تەنکە**؛ ئەریٚ تەنکە؛ کچیٚ تەنکە مەڕو لە دواتم
رووتم نەدیوە تەنکە گیان عاشقی باڵاتم
ئەریٚ **تەنکە** گیان. «فولکلۆر»

**تەنیا:** تاک؛ بەتەنیٚ؛ تاکەکەس؛ تاقەشت.

تەوار: مێچکەی باز؛ بازی مێوینە؛ منالی خڕو خۆڵو هەراش؛ هەلۆی مێ.

تەیار: ئامادە؛ وەخۆکەوتوو.

تیلمە: باریکە نەوار؛ باریکە بڕاوەیەک لە پارچەو قوماش.

## پیتی ( ج )

**جوانە:** جوان؛ شەنگو شۆخ؛ بەدەو؛ لاو؛ تازە پێگەییشتوو؛ پەسن؛ دەلال؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە.

**ئێـــوارەیـــە وا دەرکـــەوە ســـا «جـوانـە کـچ»ی دێ**
**ئەی وێردی قسەو بەستەیی گشت کورگەلی سەر ڕێ**
**ســـووتاوی جوانیتـن هـــەموو کێـی کـــوڕی کـــێ**
**ئێـوارەیە وا هـــەڵگـرە سـا گـــــوزەیـــی تـــازە!**
**«گۆران»**

**جۆلانە:** هەلۆرک؛ دەیدیک؛ دێلەکانێ؛ داردەلەکانێ.

**جەژنە:** جەژن؛ رۆشان؛ رۆژی شاییو خۆشی.

**جەوێ:** ئەم نێوە لە حەیرانێکی کوردیدا کە مشکۆ گوتوویەتی هاتووەو نەزانرا یانێ چی.

ئاخ ئاخ ئاخ جەویٚ ......
بەژنیٚ تو کارمامزی بیٚدین،
ئاسکی پیٚشڕەویٚ،
دار چنارە ........ «فۆلکلۆر»

**جینار:** بە زاراوی دیاربەکری واتە: جیران؛ هاوسیٚ.
دیاربەکر بدەرگەیە
دیلانەک خوەش لیٚی هەیە
ئەزو نازیٚ دل هەیە
خەلکو جینارا چ ژمەیە «فۆلکلۆر»

## پیتی ( چ )

**چاچان:** جۆرێک یاری منداڵانە؛ هۆزێکی کوردن لە کوردستان؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە بە زاراوەی کرمانجی.
ئاخ لێ یەمان **چاچانێ**، داخ لێ یەمان چاچانێ.

**چامە:** سروود؛ سۆز؛ هەڵبەست.

**چاوەرچین:** گوندێکی ناوچەی بۆکانە نزیک ئاختەتەر کە لە گەڵ شێخلەر، کێوێکیان دۆژە.

**چرپە:** دەنگی هێواش؛ پچە پچ؛ ورتە؛ سرتە.

**چرکە:** کەمترین دەنگ؛ کەمترین بزووتن؛ بەشێک لە شەست بەشی دەقیقە؛ ثانیە سەعاتێک.

**چرۆ:** لکی باریکی دار؛ خونچەی تازە؛ گۆپکە؛ خواردن.

**چلچرا:** چرای چەند لق کە لە مزگەوت‌و گەورەمالاندا هەڵدەکرێ؛ نێوی مەیدانێکە لە شاری مەهاباد کە پێشەوا قازی محەمـمەدیان لێ لە دار هەڵواسی.

**چلوورە:** شووشەسەهۆڵ؛ سەهۆڵێ کە بە قەراخ بان‌و گوێسوانەدا شۆڕ دەبێتەوە؛ شۆڕاوکەی قەراخ بان‌و کەڵکە پاسار یان زەوەزو بەردان لە چیا؛ قەندیل؛ بەستەنی؛ دۆڵدرمە.

**چناو:** چندراو؛ تەندراو؛ تۆمی وەشیاگ؛ لەدارەوەکراو؛ لەسەریەکنراو.

هــۆ جووتێـر، جووتێـری چەوسـاوەی خـەمـان
خاڵەرێبواری خەیاڵت نیشتەجێ بوو، خەمان نەمان
بە ئارەقـــی نـاوچـــاوانـــی کـریـکاریـت
"**چناو**"ی هیوا با شین بێ، پڕ بەهۆی دەردەداریت
شیعری (٢)ی رێبەندان «سوارە»

**چنوور:** گوڵێکی کوێستانیی بۆنخۆشە کە لە شویت دەچێ.

ئەگـریجەت باڵی مـراوی ئاوان
یا وەک **چنــوورن** لەسەر کلاوان «وەلی دێوانە»

گیانە وەنەوشەو **چنوور** لە گەڵ گوڵ
سـەودای دیتنی تۆیان کـەوتە دڵ
**چنــوور** بۆ زوڵفت لـووڵو پـەشـێوە
وەنەوشـە ملکەچ، خاڵی لای لـێوە «پیرەمێرد»

**چۆپی:** هەڵپەڕکێ؛ گۆڤەند؛ دەسماڵی دەستی یەکەم کەسی کۆری هەڵپەڕکێ.
له جەژنی‌مه، سەڵای هەڵپەڕکێ هەر بەرزە
دەس‌و **چـــۆپـــی** کـوڕو کیژان، هەزار تەرزە
بەیەک شادبووین، مورادمان هاتە بەر دەستان،
بەهیوای جەژنی سەرکەوتن له کوردســتان!
«بێهرووز کورد ئەحمەدی»

**چه پکه:** دەسته؛ چەپک؛ دەستەگوڵ؛ چەپکە گوڵ.
**چەپکێ** گوڵ‌و چەپکێ نێرگز
مەرگتان نەوینم هەرگیزای هەرگیز «وتەی پێشینیان»

**چەپەر:** سەنگەر؛ خەڵ؛ دەرگاو دیواری له شووڵ؛ تەیمان؛ تەتەر؛ ناردە؛ پۆستەبەر؛ نامەبەر؛ شاتر. شاتر: لێرەدا واتای نامەبەر دەدا نەک نانەواو نانکەر.
**شاتر:** پادەو؛ نەوەن؛ پیادەی خێراو تیژ ڕۆ.

**چەپەک:** گوندو خانووی دوور له ڕێبازی گشتی؛ کەوێڵ‌و هەواری کل؛ جۆگەی پێچەڵپێچ له تەختەمەرەزەی بڵندو نەویدا.

**چەردە:** ڕەشتاڵەو ئەسمەر.

**چەلەنگ:** شۆخ‌و شەنگ؛ چوست‌و ئازا؛ چلووکی دار.

**چیانە:** گەوەی ساردو سڕ؛ شوێنی نسرمو فێنک؛ نێوی گوندە؛ چیانە لە کوردستان زۆرە؛ لە ناوچەی سنە، پیرانشار، نەغەدەو ورمێ هەیەو هەر هەمووشی کورد نشینە.

**چیرۆک:** داستان؛ راز؛ حیکایەت؛ دەنگو باسی رابردوو؛ ئەفسانە.

**چیلان:** ئەنگوچکەی سۆرانی یان لفکەی باریک؛ قفڵو کلێڵ.

**چیلەک:** چەپەر؛ تەیمان؛ شوورە؛ گوندێکە نزیک گوندی چەخماخدەرە لە بانەیلاخ، لە ناوچەی سنە، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**چێلیان:** لەوانەیە لە وشەی "**چێل**" وەرگیرابێ کە دەبێتە: گاشەبەرد؛ تەلە سەنگ؛ تاوێرەبەرد؛ کەڤری مەزن؛ پەرژینی لە دڕکو داڵ سازکراو؛ خاڵخاڵ؛ جووچکی باڵندە؛ رۆڵە؛ فەرزەن.
لە بەیتی «برایمو مەحمەڵ»دا، چێلیان نێوی شارێک بووە لە مەڵبەندی شاروێران.
شاروێران: مەڵبەندێکی پانو بەرینە کە لە دۆژ ناوچەکانی شامات، چۆمی مەجید خان، ئاختاچی، شاری مەهاباد، ناوچەی سندووسو زەریای «ورمێ»دا هەڵکەتووە.

**چیمەن:** گیای سەوز؛ مێرگ.

سەولی شۆخی بگرە لەسەر ریزی بەڕەزا
چنگی لەنجە بنێ بەسەر « **چیمەن** »ی خزا
شیعری بۆ باڵداران «صالح دیلان»

**چینە:** بڕاوێک لە میوەی بێستان؛ هەڵگرتنی دان بە دەندووک؛ خۆ لە خۆڵ و خاک وەردانی مەل و باڵندە.

## پیتی (خ)

**خاتوون:** وشەی (ڕێز)ە بۆ ژنان.

**خاتێ:** خاتە؛ نازنێوی خاتوونە.

**خارا:** جۆرێک پارچەی بە نرخە؛ بۆ کار ئامادە بوو؛ خاراو؛ ڕاهاتوو لە کار؛ ئیرباری سوورەوەکراو.

**خازێ:** سوور. (وەک بەرخی خازێ)

**خاسێ:** خاس؛ چاک؛ باش.

**خاڵخاس:** خاڵچاک؛ خاڵ جوان و لەبار.
ئەرێ هۆ **خاڵخاس**، خاڵ درشت و وردی
بە زوان هـــەورامی، بە شێـوە کوردی «فۆلکلۆر»

**خانزاد:** نەوەی خان؛ خانەزا؛ بەچکە خان.
خانزادی کچی میری سۆران، کچێکی بالأبەرزی گۆشتن بوو، قژێکی رەشی هەبوو کە بەسەر شانانیدا دەرژانە خواریێو کچێکی جوانو داوێنپاک بوو. لە دوای لەناوچوونی سولەیمان بەگی برای، بوو بە میری سۆرانو فەرمانڕەوایی ناوچەی سۆرانی گرتە دەست.
خاتوو خانزاد، میرێکی دادپەروەرو ولاتپارێز بوو، بۆ ئاوەدانی ولاتو بلاوکردنەوەی خوێندەواریی تێدەکۆشا. لە دەورەی ئەودا گەلێک فێرگەو مزگەوتو بینا، خرایەوەو سازکران.
لە دوای مردنی خانزاد ولات تێکچووو ئەستێرەی میری سۆران کەوتە نەدیویی‌و میرەکانی سۆران لە ناو خۆیاندا کەوتنە دووبەرەکایەتی‌و ململانێ.
حکوومەتی عوسمانیش لەم تێکهەلچوونە کەلکی وەرگرتو هەلی وەچنگ کەوت کە دەست بخاتە ناو کارو باری میری سۆرانەوە. کە وابوو، لەشکری ناردە سەر حەریرو داگیری کردو ولاتی سۆرانی بەست بە رەوڕەوە شرەکەی خۆیەوەو کۆتایی بە میری سۆران هێناو ئەو تەختو بەختەی لێ هەلپێچان.

**خاوێن:** پاک؛ پاگژ.

**خایان:** کاتگرتن؛ کاتبردن.

**خرتێ:** خرتیلە؛ خڕو خڕپن.

**خنجیله:** جوانکیله‌و خوینشیرین.
گوڵ‌و خونچه‌ی به‌هارانیش له تۆ نه‌شمیله‌تر نابێ
نه‌مامی عه‌رعه‌ڕی کۆرپه‌ش له تۆ **خنجیله**‌تر نابێ
«عه‌لی عارف‌ئاغا»

**خورپه:** راچڵه‌کانی‌دڵ.
مــــه‌رگی رۆژانه‌ت نه‌دیــوه
من هه‌موو رۆژێکم مــــه‌رگه
عه‌شــــقی شێتانه‌ت نه‌دیوه
**خورپه**‌ی دڵ و کزه‌ی جه‌رگه «حسین به‌فرین»

**خۆزگه:** خوه‌زی؛ شه‌لای؛ کاشکای؛ بری؛ بریا؛ ئاوات خواستن به شتێک.
**خۆزگه**‌م به خـۆتان جـه‌له‌تان جه‌مه
بێبه‌ختیێ وه‌ک من له ناوتان که‌مه «فۆلکلۆر»
**شه‌لای** من بوایام له جیای ئه‌و تڵفـه
شـه‌ربه‌ت بنۆشـام له سای ئه‌و زڵفـه «فۆلکلۆر»

**خولیا:** که‌ڵکه‌ڵه؛ خه‌یاڵ‌و ئاره‌زوو؛ هه‌وه‌س.

**خوناو:** شه‌ونم؛ بریشکه بارانی زۆر وردو له‌سه‌ره‌خۆ؛ ئاوی شۆرباو قاورمه.

**خونچه:** ول؛ پشکووژ؛ گوڵی هێشتا نه‌پشکووتوو.

**خۆشەنگ:** خۆبەخۆ جوان؛ جوانی خۆڕسک.

**خەرامان:** لەنجەو لار.

**خەزاڵ:** کەژاڵ؛ ئاسک؛ مامز؛ بزنی گوێخەنەیی‌و بەدەن ڕەش‌و بۆر.
لە بەیتی (لاس‌و خەزاڵ)دا، "خەزاڵ" کچی مەلا نەبی نێوێک دەبێ کە هەمە کارەی خێڵی ماموودینان بووە.
لاس: دارێکی سەخت‌و چڕو دڕکاوییە. دیارە ئینسانی کورد، پێش ئەوەی کۆخێکی بۆ خۆی دروست کردبێ، هەر لەو وەختەوە کە لە ئەشکەوت‌و زەندۆڵ‌و لێڕەواردا ژیاوە، ئەو دارەی ناسیوەو نێوی لێناوە. چوونکە دارەکەش سەخت‌و دڕکاویی بووە، دوایە کوڕیان بە نێوەوە کردووە. ئەم نێوە کۆنە، لە چیرۆکی لاس‌و خەزاڵدا هەرماوە.
ئەمەش چەند شیعرێک لەو بەیتە:
خەزاڵ دەڵێ:
چبکەم ئەوەش دەبێتە خەم، ئەمنی بابان وێرانێ،
پێیان گوتم گوڵی شۆڕانێ هەن لە چلپلەی عومانێ،
چراو لالەت ناوێ سەربەخۆ داییسێ هەتا سبحەینانێ.
لاس دەڵێ:
یای **خەزاڵ** بزانە چۆن کارانت بۆ پێکدێنم،
یان سەری خۆم دادەنێم یان گوڵی شۆڕانێت بۆ دێنم.

**خەزێم:** لووتەوانە؛ سەردەرانەی زەق.

بەژن شـۆڕو کـەزی شۆڕو خەزنم شـۆڕ
سەرەو شۆڕم دەکەن سەرشۆڕ بەرەو گۆڕ
هـــەژارو خوارو لەشـبیمارو دڵـــــزار
دەبا وام لیٚبیٚ..مافـی خۆمە..هەی گۆڕا «هەژار»

لە بەیتی "خەزنم"دا کە ئۆسکارمان# کۆیکردۆتەوە، (رحمان بکر)ی بەیتبێژ دەڵیٚ:

ئازەربایـیـــجان تا وڵاتـی ئیٚـــــران
قافڵە دەبەند چوون هەموو ریٚ گیٚران
لە شاری ســنەی دووکـان هەڵگیـران
خـەزنـــم بزر بوو دادیٚکـــی گـران
ئیٚـران‌و تـــووران بەغـدا‌و ئیسپـەهان
تەورێــزو تاران، جـزیـــریٚ، بــۆتان
سەردەشت‌و سابلاغ، تا وڵاتی سەقز
عالـەم لە تازیـەی خـەزنـمیٚ بـوو کز

---

# لەمەڕ ئۆسکارمان، د. کمال فوأد دەڵیٚ: (ئۆسکارمان، زاناو زوانەوانی ئاڵمانیی، دوو جار هاتووە بۆ رۆژهەلاٌتی ناوەراست‌و بە کوردستاندا گەڕاوە. جاری یەکەم لە ساڵانی (١٩٠١ - ١٩٠٣ز)و جاری دووهەم لە ساڵانی (١٩٠٦ - ١٩٠٧)دا. هەموو کەڵ‌و قوژبنی کوردستانی ژیٚر دەسەڵاتی ئیٚران‌و عوسمانی گەڕاوە. لە هەردوو گەڕانەکەیدا زۆر سوودی لە کۆمەڵیٚک خوینندەوارو شارەزای کوردی ئەو سەردەمە وەرگرتووە. لەوانەی کە بە ریزەوە نیٚویان دەهینیٚ (محەممەد جەوادی سابلاغی، پاشان دوکتۆر محەممەد جەوادی قازی)و (ئەمین ئەفەندی سلیٚمانی)یە. بە هۆی ئەوانەوە توانیویەتی کۆمەڵیٚک دەستنووسی کوردی پەیدا بکات‌و بیخاتە سەر ریٚنووسی لاتینی‌و وەریان بگیٚریٚ بۆ سەر زمانی ئاڵمانی. زانیارییەکی زۆریشی لیٚوەرگرتوون لە بارەی

دانیشتوانو جوگرافیای ناوچەکەوە. ناوی تیرەو هۆزە کوردەکانی لێوەرگرتوونو یاداشتی کردوون.
لێرەدا نابێت (رەحمان بەکر)مان لە بیر بچێت، کە جوانترین داستانو چیرۆکی بۆ ئۆسکارمان وتووە، ئەویش بە جوانی یاداشتی کردوونو تا خۆی لە ژیاندا بووە، لە گەڵ روونکردنەوەی پێویستدا، بەشێکی زۆری لێ بڵاو کردوونەوە.)
ئۆسکارمان لەو گەشتو گەڕانەدا، گەلیک بەیتی کۆنی کوردی بە زاراوەی موکوریانی کۆ کردۆتەوەو ناوی ناوە «تحفەء مظفریە». بۆیەش ئەو ناوەی لەسەر داناوە، چوونکە لە سەردەمی دەسەلاتی مظفرالدین شای قاجار»دا هاتۆتە کوردستان. ئەو بەیتانە، بەیتی کۆنی دڵداریو مێژوویی‌و هی‌تری کوردین کە ئۆسکارمان بە خەتێکی تایبەتی لاتینی نووسیونیەوەو مامۆستا هێمن بە پیتی عەرەبی، هێناویەتەوە سەر رێنووسی کوردی‌و ساغی کردۆتەوەو پێشەکی بۆ نووسیوە.

**خەیاڵ:** فکر؛ بیر؛ هزر؛ شتی نەشیاو.
خەیاڵ هەر ئەکا ئارەزووی کۆنە
بەلام ئەم نانە ناگا بەو رۆنە «فۆلکلۆر»

**خەمرەوێن:** خەمدەرکەر؛ ئاودەنگ؛ وەروێرکە.

**خەندە:** پێکەنین.

**خەندەران:** دەم بە پێکەنینو روو خۆش.
گوڵخەندەران گوڵێکە، لە لای خەڵکی وای لە سەر بڵاو بۆتەوە کە بە پێکەنین شەق دەبا.
لە «شینی شێخ مەحموودی نەمر»دا صالح دیلان دەڵێ:

تەلـــی تار خـاوە، بێـــزو ســازە
شمشاڵ لە گەڵ فوو، بە شۆرو جەنگە
ئەگـەر پێکەنیـن ببیٚ بە خەنجـــەر
لای گوڵخـەندەران، شـەقبردن نەنگە

**خەنی:** خۆشحاڵ، لەسەرکەیف.

پیتی ( د )

داخواز: پێویست؛ پێداویستی؛ خوازەر؛ خوازیار؛ داواکار.

دڵارام: تەسکینیدەر؛ ئۆخژنخەرەدڵ؛ لەبەردڵان.

دڵبەند: گراوی؛ ماشقە.
دڵبەندی عەشقی ئەو بەڵەک چاوەم.

دڵپاک: بێغەڵو غەش؛ بێگز؛ بێفڕو فێڵ.

دڵخواز: دڵدار؛ شتێک کە دڵت ئارەزووی بکات.

دڵسۆز: بەرەحم؛ مێهرەبان؛ دلۆڤان.

دڵگەش: دڵبەهومێد؛ دڵخۆش.

**دڵناز:** دڵناسک؛ زوورەنج.

**دڵنیا:** ئەرخەیان؛ خاترجەم.

**دڵنیـانیـن لە زمانـی بەدرۆ**
**پێکەوە دێنەزمان چاو و برۆ**
**خالیداغا حسامی «هێدی»**

**دڵۆڤان:** مێهرەبان؛ دڵسۆز.

**دمدم:** نێوی قەڵایەکە کە ساڵی «١٠١٨»ی کۆچی «١٥٩٨»ی زایینی کە دەبێتە «١٠٢٢»ی کوردی سازکراوە. ئەو قەڵایە لە سێ فرسەقی شاری ورمێ لە ناوچەی تەرگەوەڕ لە (گەڵ) یان دەرڕەی قاسملوو، لەسەر دوندی کێوێکی یەکجار بەرز درووست کراوە کە یەکپارچە بەردێکی درێژووکەو تەسکەو وەک پشتی گا هەڵکەوتووە. لە شنۆڕا کە دەڕۆی کەوتۆتە لای دەستی راست.
مامۆستا هێمن لەو پێشەکییەیدا کە بۆ «تحفەء مظفریە»ی نووسیوە، دەڵێ: (لای شیماڵو جنووبی دۆڵی زۆر قووڵن کە لە ژێرلا بۆ سەرێ، دەبێ بە پەیژەی خەیاڵ بۆی بچی. لەبەر بەرزی پێویستی بە شوورە نییەو شوورەیان بۆ نەکێشاوە. دوو لایەکەی دیکەیان کە پانایی قەڵاکەیە، لای رۆژهەڵاتی پاڵی وە بەرزایی چیا داوەو شوورەیەکی زۆر تەواوی بۆ کێشراوەو بورجی بڵندی هەنو دەرگایەکی هەیە.
لای رۆژاوای کە لە گۆڕایی نزیکترە، شوورەیەکی

یەکجار قایمی هەیەو دەرگایەکی بەرەو جنووب دەکرێتەوە. لە دەروازەڕا بۆ عەرزی ڕێگایەک بە نێو بەردیدا هەیە کە ئەوەندە تەنگە بە زەحمەت سوارێکی تێوەدەچێ. سەنگەر بردنە پێش لە لای ڕۆژاواو ڕۆژهەڵاتەوە نەبێ ناکرێ. لە لای ڕۆژهەڵات تیرهاوێژێکی بۆ دەرکی قەڵا بمێنێ، یەکپارچە بەردی سەختو تەختو ڕەقە.)

قەڵای دمدم بە دەستی شاعەبباسی سەفەوی گیراو داغان کراو پاشان قڕیان خستە نێو ئەو کوردانەی کە لەو قەڵایەدا دەژیان.

کارەساتی دمدم بوویەرێکی گەورەیە لە مێژووی نەتەوەی کورددا. بەیتبێژەکان ئەم ڕووداوەیان هەم بە شێوەی کرمانجی سەروو هەم بە شێوەی موکری کردۆتە شیعر.

بەیتی دمدم لە لایەن «ئۆسکارمان» زانای ئاڵمانی کە کاتی خۆی لە سەردەمی قاجارەکاندا هاتۆتە کوردستان، بە خەتی لاتینو شێوەیەکی تایبەت کۆکراوەتەوەو نووسراوەو بە نێوی (تحفەء مظفریە)وە دراوەتە دەرێ. زۆربەی ئەو بەیتانەی کە لەو کتێبەدا هەن، لە زاری (ڕەحمان بەکر) وەرگیراوەو هەر خودی ویش گوتوونی.

دمـــــدم بـەردی لە نـــەزاری
لێیاندا تـۆپـــی هـــەوشـــــاری
حەوت شـەوو ڕۆژان ئاور باری
خەبـەر چـوو لە بۆ هەوشـــاری
دمـــــدم بـەردی لە بـەردی

لێیــــدەن بە تۆپــی نەبـەردی
تا ڕۆژی مـەردی و نامــــەردی

بەیتی دمدم «ڕەحمان بەکر»

هەر وەسا دمدم ناوی چیایەکە کە چەند کێوی لووتکە بەرزن و لە شاری ماکۆ هەڵکەوتووەو قەڵای دمدم کاتی‌خۆی، بەسەر ئەم چیایەوە خراوەتەوە و لووتکەیان هاتۆتەوە بە سەر یەکداو لە شێوەی لووتن. لە لای موکوریانیش بە لووت دەڵێن: دم، بۆیە ئەم چیایە بە دمدم نێودێر کراوە.

لە «بەیت»ی دمدمدا وا هاتووە:

دمـــــدم بەردێکی خڕە
چوارتەرەفــی لێــــوەبڕە
بەهـەشتــی بە شێر بگرە
خان بە خەزایە مـەژووڵە#

---

# مەژووڵ، (مژووڵ) مەشووڵ: هەر( مشغول )ی عەرەبییە کە کوردی زاراوە کرمانجی سەروو بەکاری دەبەن ، واتە: خەریک، سەرگەرم.

دمـــدم بەردێکــی شــینە
چوار زستانە، پێنج هاوینە
تێیـــدا خانــی لەپزێڕینــە
زەفـەریان پێ نـەبردیــــنە
خان بە خەزایە# مەشـووڵە

---

# خەزا، هەر «غزا»ی عەرەبییە. واتە: شەڕ، جەنگ.

**دوڕدانە:** مووررووی دوڕ؛ دەنکە دوڕی ناو سەدەف؛ مرواری گەورەو بەنرخ. (بۆ هێندە ئەوتان خۆش دەوێ مەگەر عەزیز دوڕدانەیە).

**دەرێلە:** دەرگای بچووک؛ گوندێکە نزیک بە گوندی بنیـدەر؛ لە نێوان سنەو مەریوان.

**دەساتیر:** نێوی کتێبەکەی (مەهاباد)ی پەیامبەرە کە گوایە لە ناوچەی (موکوریان)ی ئەوڕۆکە سەری هەڵێناوە!

**دەلال:** نازدار؛ شۆخ‌و شەنگ.
هەر دوو لامەکەی (دەلال) بە«ل»ی سادە دەبێژرێ نەک «ڵ»ی قەڵەو.

**دیانا:** نێوی کچی ژووپیتر "خواژن" (رب‌النوع)ی رۆمییەکان بووە. شارۆچکەیەکی کوردنشینە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق، کە کوردی ئاسووری‌و موسوڵمانی تێدا دەژی.

**دێهەر:** کێڵگە؛ باخچە؛ بێستان.

**دێرین:** لەمێژینە؛ کەون‌و قەدیمی؛ رابردووی زۆردوور.

**دیلان:** هەڵپەرکێ؛ شایی‌و سەیران.

ئەریٚ بەزمە گیان بەزمە
شاییە هەزار نەزمە
یارم لە هەیوانیٚ زۆر جوانە دەڕوانیٚ
بەچاوی بانگ دێڵیٚ ئەریٚ با بچینە **دیلانیٚ** «فۆلکلۆر»

**دیمانە:** پەیدابوون؛ دەرکەوتن؛ یەکەم دەرکەوتن؛ دیتن؛ «نظر».

**دیمەن:** چاوەدیار؛ بەرجەوەن.

**دیواخ:** تارا؛ سەرپۆشی سووری سەر بووک.

## پیتی(ر)

**رادان:** ئەسپاردن بۆ سازکردن؛ (کەوام بە رادان داوە)؛ وەبەرخۆدانو ماشتن؛ زیندەبوونی ئاوی دەلیا لە مانگەشەودا؛ دارێ کە لە باتی گۆڵە بە دەرگایەوە دەنێن؛ داگیرساندنی سۆبە. گوندێکە لە دەشتی سندووسی لای نەغەدە.

**رازان:** خەوتن؛ نووستن؛ وەکوو: نەکە کورۆ؛ باڤێ تە رازایە. واتە: مەکە رۆڵە باوکت خەوتووە.
رازان: ئامادەبوون؛ وەکوو: ئەرێ هەر نەڕازان؟ نە جارێ هەرخەریکن!
رازان: سەرگەرمی قسەو باس؛ وەکوو: دانیشتوونە پای رازان، ئیتر نایبڕنەوە.
رازان: چیرۆکو داستانو گێڕانەوە:
وەک ئەیژنیەوە رازان بە رازان
جێگەی شاوازان کۆرکۆرە وازان «فۆلکلۆر»

**رازیانە:** گیایەکە بۆ دەرمان؛ لە ناو کورداندا خەڵکی ئاسایی دەڵێن: رازیانە بۆ دڵێشە باشە. لە کاتێکدا دڵێشە مەبەست لە ئازاری ئاشک، گەدە «میعدە»یە!
رازیانە: سەربەندی گۆرانیەیەکی کوردییە.
رازیـانـە رازیانە، وە گوڵە بە رێحانە
یار بۆ دەنگی‌نایە لەو دەرو هەیوانە
«فۆلکلۆری هەورامان»

**راژینە:** نێونکی ئاسوورییە؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە کە عارف جەزراوی گوتوویەتی. "راژینەم هەی راژینە".

**راڤە:** شەرح؛ راڤە وشەیەکی کرمانجییە.

**رانا:** نێوی یەکێک لە یەزدانانی زەردەشتییەکان بووە.

**رانیە:** شارۆچکەیەکە لە لای قەڵادزێ‌و پشتدەر لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**راماتیا:** نێوی ژنێک بووە لە بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی ماد.

**رابەن:** چۆمێکە لەوبەری ئاراس لە ئەرمەنستانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت لەو بەشەی کە کوردی لێ‌دەژی.

**روباب:** جۆرێک ئامێری موزیکایە لە شێوەی تار، کە کاسەکەی

بچووکترە، روباب لە کۆندا دوو تەلی هەبووە کە بە کەوانە یا ئارشە دەهەڤۆتراو یەکێ لە کۆنە سازەکانی ئێرانە.
تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حیسابم
بێنالە نییە سانییەک تاری روبابم «گۆران»

**رووپاک:** بەئابڕوو.

**رۆژان:** کۆی رۆژ؛ رۆژگەل؛ رۆژانە؛ بەرانبەری شەوان.

**رۆژنە:** رۆچنە؛ ئەو کونو کەلەبەرانەی خانوو کە رووناکی هەتاوی لێوە دێتە ژوورێ.

**رۆژین:** وەکوو رۆژ؛ وێنەی رۆژ.

**رۆسا:** نێوێکی کۆنی ئێرانییەو لە بەردەنووسەکەی بێستووندا هەیە؛ هەروەسا نێوی باژێڕێکو یەکێک لە کوردە دەسەلاتدارەکانی هالیدییە بووە کە لە بەردەنووسەکەی زێڕیندا نێودێر کراوە؛ هەروەها لە بەردەنووسەکەی گوندی (بەستام)ی لای چاپاری بەشی قەرەزیائەدینی خۆی نووسراوە کە رۆسا لە دۆژ سالانی ٦٤٦ تا ٦٨٠ی بەر لە زایین، فەرمانڕەوای هالیدیان بووەو لە بەردەنووسەکەی چیای (زاخان)ی لای سەراو ئەردەبێلو بەردەنووسی چیانشینەکانی لای سەهەندیش نێودێر کراوە.

| | |
|---|---|
| **ڕۆستیێ:** | ئاوایی؛ دێ؛ گوند؛ گوندێکە لە لای ڕواندز. |
| **ڕۆشان:** | بە زاراوەی زازایی واتە: جەژن. |
| **ڕووشەنگ:** | دیمەنجوان. |
| **ڕووگەش:** | ڕووخۆش، دەمبەپێکەنین. |
| **ڕووناک:** | ڕوون، ڕۆشن.<br>ئازیز، گوێمەدە بە قسەی ئەمو ئەو<br>ڕۆژی ڕووناکم لێ مەکە بە شەو! |
| **ڕۆندک:** | فرمێسک؛ ئەسرین. (ڕۆندکا چاڤێ تە= فرمێسکی چاوی تۆ) |
| **ڕۆنیاس:** | ڕووناس؛ ڕوێناس؛ گینۆ؛ جۆرێک گیایە کە بەنو خوری ڕێسراوی پێ ڕەنگ دەکەنو ڕەنگی سوورە. |
| **ڕوویان:** | جوانچاک؛ شۆخو شەنگ. |
| **ڕەخشان:** | تیشکدەر؛ بریقەدەر. |
| **ڕەزان:** | کۆی ڕەز؛ ترێ. گەڕەکێکە لە شاری سنە. |

**ڕەژان:** موورەنگکردن؛ چاورشتن.

**ڕەزڵە:** مۆرخەی پشت.

**ڕەمەن:** سڵ؛ ڕەڤۆک؛ ڕەوەک.

**ڕەندۆڵ:** ئاودڕی هەراو؛ دۆڵچەی ئاوهەڵکێشان؛ پیری لە کار کەوتوو؛ ڕەندۆڵ لە کۆی وشەی ڕەندۆڵان کە هاوینەهەواری هۆزی زەرزایە لە شنۆیە وەرگیراوە.

**ڕەنگینە:** ڕەنگین؛ ڕەنگاوڕەنگ؛ خوشیک؛ جوانچاک. سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە بە زاراوەی کرماشانی.

ئایی ڕەنگینە گیانم ڕەنگینە
دڵ ئەڕای تەماشات خەمگینە «فۆلکلۆر»

**ڕەنین:** جوان؛ سپیکەڵە.

**ڕەوشێ:** جوانو پەسن؛ گەشو سوور.

باگییێ هۆی باگییێ لۆ لۆ لۆ هۆی باگییێ
باگییێ هۆی باگییێ ڕەوشێ ڕەوەندییێ

گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردە ئێزیدییەکانە.

**ڕەوە:** ڕەوە ئەسپ؛ لیسێکی گەورەیە گەزۆی پێ دەتەکێنرێ.

**ڕەوەز:** چینچینە بەردی ناوقەدو سەری کێو؛ تاشەبەردی

چینچین لەسەر یەک.

**ڕەوەک:** ڕەوک؛ سرک؛ تۆڕ.
کوانێ ئەو شەوگارە بێدەنگەی لە ژوانگەی جێهەوار
کچ **ڕەوەک** بوو، من گوتم هێدی بە حەجمینم دەوێ
«هێمن»

**ڕێحان:** ڕێحان؛ ڕێحانە؛ ریحان یا ریحانە، سەوزەیەکی بۆنخۆشەو دەخورێ. ناوی ڕێحان لە گۆرانی کوردیدا زۆرە وەکوو:

مالێکی بۆ بکەم لە بیـــاوان پـەڕ
دارەڕای بنـم بە **ڕێـحــــان** تـەڕ
پەنجەرەی لە سیم کۆلەکەی لە زەڕ
چل کیسە خـەنـە بۆ خاکەبانـــی
چل قالب ســاون بۆ ســواخدانی
مـــوورگ و مـــرواری بۆ تاقـەکانی
تـەلای دەسـەو شــار بۆ لاشـیپـانی
چل گـەز ئەتلـەسـی بۆ پـەردەکانی
با تـۆز نەنیشـــێ لە خـــالـــەکانی
«فۆلکلۆری ناوچەی ئەردەلان»

**ڕێزان:** بەلەدی ڕێ؛ شارەزای ڕێ؛ وەرین و بەربوونەوەی گەڵا: گەڵاڕێزان.

**ڕێژنە:** ڕێژان؛ تاوە بارانی توند.

بارانێـکی بەخــــۆفە
رێژنەو رەهێـڵەو تۆفە
چاوەڕێـــی ئەو لافاوەم «ن رەزازی»

رێسمە: گرێژەنەی دەرکەو دەرگا.

رێواس: نێرکی باسکلاو؛ گیایەکی بالاَ بڵندی ترشە.
ڕێواسی باسکەو باسکە
هەناری ترشەو ناسکە «فۆلکلۆر»

## پیتی ( ز )

**زازیْ:** شەرمن.

**زریزە:** زنجیر؛ زنجیرۆکەی باریک.

**زریوە:** بریقەدانەوە؛ زریوەی ئەستێرە؛ زریوەی چۆلەکە.

**زمزیران:** کاتی کوتانو شێلانی ترێ بۆ سرکەو شەراو؛ کەل «گەردەنە»یەکە نزیک شاری سەردەشت، کە رێگای مەهاباد بۆ سەردەشت بەوێدا تێدەپەڕێ.

بەهـاران خـۆشـە زمـزیـران
لە خڕێو دۆڵێ دەست دەگیـران
تێکەڵ بوون دۆستو دەزگیـران
ئەی یار ئەی یار رۆیـی یارم
بێئـەو تاریکـە رۆژگارم
«گۆرانییەکی کوردییە، حەسەنی مامڵێ چریویەتی»

**زەڕوەشان:** زێڕوەشان؛ ئەو زێڕو پووڵو پارەیەی کە بە سەر بووکو زاوادا ڕۆی دەکەن.

**زەریا:** زریێ، زەلیا، دەلیا، دەریا.

**زەڕلە:** باڵندەیەکی گچکەی ڕەنگ‌زەردە.

**زەڕوەش:** بە زاراوەی زازایی واتە: دڵخۆش.

**زەری:** جوانی سپیپێستی ئاماڵ زەرد؛ سەوزە؛ سەوزەڵە. سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە بە زاراوەی کرمانجی سەروو. هۆی زەریو زەریو **زەری**، خاتین پەری

**زەڕی:** پارچەیەکی رایەڵزێڕی جوانی ژنانەیە.

**زەریان:** کابان؛ کەیبانووی ماڵ.

**زەڕینە:** زێڕین؛ زێڕینە؛ لە زەڕ دروستکراو؛ لە زێڕ سازکراو؛ نێوی گوندێکە لە نێوان دیواندەرەو ئێرانشا لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**زەنگیانە:** مووروویەکی وردی ڕەنگاو ڕەنگە.

**زەنوورا:** زەنوورە؛ زەنیرا؛ نێوێکی زازاییە واتە بنەهێشووی

خورما.

**زۆزان:** هاوینەهەوار؛ چیاو کوێستانی سازگار؛ هەوارگەی کۆچەران؛ لە (تاریخ کردو کردستان)ی «شیخ محمد مردوخ»دا هاتووە کە زۆزان کەوتۆتە نێوان مووسڵو خێلاتو سەلْماس؟!

باران باری، هـوور هـوور لیٚ‌کر
گوڵو سۆسن، رەنگیٚ خۆ ڤەکر
چیـا و **زۆزان**، تـەڤ خـەمـلیـن
کانـیو رووبار، تـەڤــدا دەرکر.

گۆرانییەکی فۆلکلۆرە بە زاراوەی کرمانجی سەروو.

**زێتیٚ:** گوندێکە لە بن چیای گۆڤەند لە سەر سنووری دەسکردی تورکیە.

**زێڕین:** زێڕن؛ وێنە زێڕ؛ وەکوو زێڕ.

**زیلان:** زیوان؛ نێوی هۆزێکی مەزنە لە لای زەلیای وانو نێوی دەشتێکە لە باکووری ناوچەی ئەرجیش لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە. بڕوانە زیوان.

**زینویٚ:** زینوو؛ زیندوو؛ ملەی کێو؛ بستوو؛ گوندێکە لە نێوان سنووری دەستکردی ئێرانو ئێراق کە سەر بە ناوچەی «خانیٚ»یە.

**زینه:** زیندی؛ زیندوو؛ زی؛ دڕکەزی؛ ژن.

**زیوا:** گولێکی سپیو جوانو بۆنخۆشە؛ زەنبەق.

**زێوە:** چاکو پیر؛ گۆڕی پیاوچاکان؛ زیارەتگە؛ نێوی ئۆردووگایەکی زۆرەملییە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق.

**زێوی:** زێوە؛ گوندێکە لە بناری چیای پیرەمەگروون لە ناوچەی سلێمانی. بڕوانە زێوە.

## پیتی (ژ)

**ژاژاک:** ژاژکە؛ جاچکە؛ وێژەن؛ بنێشت.

**ژاژڵە:** ژاژەڵان؛ ژاژۆک؛ چیتەڵان؛ قامیشەڵان؛ نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق، نزیک بە سنووری دەستکردی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران بەرانبەر بە چیای ئالان، کە سەر بە شاری «ماوەت»ەو ڕۆباری چۆمان بە نێوان ئەم گوندەو چیای «ئالان»دا تێدەپەڕێو بە بەر چیای «ئاسۆس»دا دەڕواو دەرژێتە لەمپەر «سەد»ی دووکان لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**ژاڵان:** کۆی "ژاڵ"ە کە دەبێتە: کون؛ جێگە؛ وەکوو (هەنگەژاڵ؛ واتا: جێگەی میشەنگوێن). ڕۆبارێکە لە گوندی جیگەران لە هەرێمی کرماشان.

ژالانی: کەژێکی بەرزە لە داوێن چیای "تەتە" لە هەورامان.

ژاڵە: لوورک؛ رووڵ؛ رووڵک؛ دارێکی هەمیشە سەوزی تاڵە، گەڵای وەک گەڵای بیی وایە بەڵام تۆزێ پانترەو گوڵی سوورو سپی دەگرێ.
هەڵەبجە دارژاڵەی هەبوو. هەروەها ژاڵە نێوی دوو گوندن لە ناوچەی سەنگاوو تانجەرۆ.

ئەی گوڵی ژاڵە لە گوێی چەم پاییزان
رەنگت سورمەرێژە بۆ دیدەکزان
تۆ بە پاییز رەنگی سوورت سورمەیە
بۆیە شێوەت بۆ خوماران هەر مەیە
من لە پاییزدا بەهارم دێتە بەر
بۆیە نرخی تۆ ئەنێمە تەوقی سەر «صالح دیلان»

ژوان: چاوپێکەوتنی دڵداران؛ یەکتربینینی گراوییان.

ژەرەژ: بە زاراوەی هەورامی واتە: کەو. بە زازاییش واتە: زەرەنج.

رەنگلەرێژیلە با کەرۆش کەوە
ژەرەژ بوانۆ جە هانەنەوە
با ژەرژ وانۆ بەرزو دەربەنی
نمازا کەرمێ سەیرو وەتەنی
لە گۆرانییەکی «حەمە حسەین کێبنەیی و نەوزاد»

ژەرەژان: نێوی کێوێکە لە لای زەنگان (زەنجان) کە کەوی زۆرەو

لادێکانیشی کوردن. ژەرەژانیش کۆی ژەرەژە، واتە پۆلە ژەرەژ؛ کەوگەل.

**ژەرێژە:** گوندێکە لە داوێنی چیای کۆسالان لە هەورامان، لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**ژەنگاڵ:** جۆرێک کۆترەکێویلەیە کە لە هەرێمی لوڕستان زۆرە.

**ژیار:** ژیانی شارستانیانە.

**ژیکەڵە:** ژیرکەڵە؛ خنچیلانە؛ خوێنشیرین.

**ژیلان:** بزووتن و جمین؛ کۆی ژیلە؛ بڕوانە ژیلە.

**ژیلە:** ژیلەمۆ؛ سووتکەی دارەمێو؛ تەرزەی ورد؛ گژلۆک؛ گلێرە؛ تگر.

**ژیلیا:** سەربزێو؛ بە جموجووڵ؛ گوندێکە لە گەڵی لێتان سەر بە ناوچەی رواندز.

**ژنێن:** گوندێکە لە بەشی پایگەلان سەر بە هەرێمی سنە.

## پیتی ( س )

**ساپات:** کەپری گەورە؛ ئەو خانووەی کە لە کوێستان لە شووڵو چرۆ درووستی دەکەن.

**ساتیار:** سادیار؛ تیرەیەکن لە کورد کە لە دەورو بەری ڕەوانسەرو جوانڕۆو چەمی سیروان دەژین.

**ساران:** جاڕ؛ شوێن؛ جێگە؛ گوندێکە لە نێوان ساوانو سەرمێرگان لە ناوچەی سەردەشت لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**سارات:** سارا؛ چۆڵ؛ بیابان؛ تیرەیەکن لە کورد لە دەورو بەری ئازەربایبجان دەژین.

**سارالْ:** وشەیەکی تورکییە، واتە: زەرد؛ ناوچەیەکی پڕ لەوەڕو بژوێنە لە ڕۆژاوای هەرێمی سنە. ناوچەی سارالْ بۆ

ئاژەڵداری یەکجار گرینگە و مەڕو ماڵاتی زۆری لێ بەخێو دەکرێ. نیوەشی شەگەڵو مێگەلی گوندەکانی دەورو بەری سنە، بۆ پەروار، لەوێ بەخێو دەکرێو دەنێردرێتە شارەکانی دیکەی ئێران بۆ فرۆش.

**سارمە:** نەخشی تەقەڵدرووی زین؛ سالمە؛ بەری گیایەکە بۆ دەرمان بەکاردێو زۆر بەنرخە هەروەها بنەکەی بۆ دەقی چیت بە کار دێ؛ گوڵینگەی لە ئاوریشمو تاڵە زێو؛ قۆزاخەی پەموو؛ دۆڵمەی گەڵا؛ جۆرێ هەرمێ.

**ساریسا:** مینۆرسکی لە زمانی «توروودانگین»ی رۆهەڵاتناسەوە دەڵێ: لە وڵاتی «کوردۆئین»دا سێ شار بە سەر رۆباری دجلەوە هەبوونە کە نێویان ساریز یان **ساریساو** ستالکاو پنیاکا بووە، کە کاردۆخییەکانی لێ ژیاوە. «سترابوو»ی رۆژهەڵاتناسیش دەڵێ کوردۆئین بە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان مووشو دیاربەکر گوتراوە.

**سازان:** ساچان؛ ساچیان؛ چارین؛ سازش؛ گوندێکی خۆشو پڕ باخو باخاتە لە باشووری خۆرهەڵاتی هەڵەبجە.

واچە بە سـازان، سـازان بسازان
من چەنـی سازان، سازانم سازان ؟!

**ساکار:** سادە؛ بێنەخشو خەت؛ بێخاڵو مێل.

**سپیندا:** جۆرێک گیایە کە لە لچ رۆباران دەڕوێو گوڵی بچووکو

زەرد دەکاتەوە. چیایەکە لە ناوچەی برادۆست لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران. لەوانەشە.

**سپیندار:** سپیدار؛ داری تەوریزیی.
سیٚ دارکێت ناڤ حەوشا مالا باڤیٚ تە دەرکەتینە
ئێک دارە؛ ئێک سپیندارە
یادی حەراما ئەڤان بێمۆکا
ئاخ لیٚ هەی دەلال
ئەز پیر بووم تە پیر نابی! «فۆلکلۆر»

**سرێشمە:** سرێشەجاڕ؛ نێوی گوندێکە لە کوردستان.

**سرۆ:** لە دوای وشەی چەقە دێت؛ واتا: بێژ، وەکوو: (کابرا زۆر چەقە سرۆیە).

**سروە:** وت‌و وێژی خۆشەویستانە؛ رازو نیاز؛ شنە؛ نەسیم؛ دەنگی بای سووک؛ سووسەکردنی دەنگ‌و باسێکی تازە.
هەوری بۆری سەری گۆلی ورمیٚ
بە کزەی سروە، قژی خۆی دەڕنیٚ
«شینی هێمن جعفر شیخ‌الاسلامی»

**سکاڵا:** وتو وێژی خۆشەویستانە، راز و نیاز، هەڵڕشتنی داخ‌و خەفەتی دڵ، گلە، لۆمە، شکایەت، بیری چارە دیتنەوە.

**سلێن:** سلێن گوندێکە لە کن گوندی بڵبەر لە هەورامان تەخت لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**سلیوان:** نێوی تیرەیەکی کوردە؛ مەردۆخ لە (تاریخ کردو کردستان)دا دەڵێ: لەوەی دەچێ کە لکێک بن لە هۆزی زازا لە دەورو بەری مووش‌و سەراو ماردین، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە.

**سمڵ:** بەری دارێکە وەکوو مێخەک بۆنخۆش.

مـەرۆ هـەواڵو تاسـەو سـۆزی دڵ
لەگەڵ وەنەوشـەو مێخەک‌و **سـمڵ**
دەیکەم بە دیاری من بە کامی دڵ
جوانتــر لـە زێـڕو مرواری‌و خشڵ      « ؟ »

**سمێران:** گوندێکە نزیک لە «حەسەناوا»ی کولیایی لە ناوچەی سنە لە کوردستانی ئێران.

**سندووس:** دەشتێکە لە لای نەغەدە.
توفیق وەهبی بەگ زانای کوردناس دەڵێ: سندووس، نێوێکی مەغۆلییەو لە بنەڕەتدا سڵدووزە کە کوردەکان پێی دەڵێن سندووس.

**سنوور:** کەوشەن؛ هێڵی ناوەڕاستی دوو مڵک؛ مرز.

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم‌و لێـم ونی
تۆ خودا نـی تـۆ خۆشـەویستـی منـی

له ئاسمان نی تا وێت رانەگا دەستم
له قاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم
تۆی لەمن ون کردووه و منی لەتۆ دوور
ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور «هێمن»

**سنەوبەر:** جۆرێکە لە دارکاج کە هەمیشە سەوزو بەرزو جوانە.

**سنێ:** گوندێکە لە ناوچەی سیدەکان لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**سووراڵک:** سووراڵ؛ سوورئاڵ؛ دارێکە گەڵای وەکوو دەرزییەو بەریشی لە بیچمی دڵی مرۆیە.

**سووراڵان:** سوور ئاڵان؛ سوورو ئاڵ پێکەوە؛ پێداگرتن‌و سوێربوون.

**سوورانە:** میوانداری بە هۆی خەرمانهەڵگرتنەوە؛ دیاری رەعیەت بۆ ئاغا بە هۆی ژنهێنانەوە؛ کێڵەیەک لە هەر بنەتۆیەک لە خەرمان بۆ ئاغادێ.

**سۆرک:** چیایەکە بەرانبەر بە چیای سەفین لە لای شەقلاوە.

**سورمە:** کل؛ کلدی چاو؛ تۆزی بڕەی زێو لە رەنگی رەشی ئامالسوور بۆ چاو یا موو رەشکردن؛ پەراوێزی بە زێو چندراوی عابا.
سورمێ دانیشت هێدی هێدی

لە ئەشکەفتێ سیپانێ
پشتێ خوەی دا چیا
بەرێ خوەی دا ناو بنێ گەریا
فرمێسکا داباریني بە سەر مەمکۆکێ فەریکۆکە
ل باغەرێ چ شیر تێ نەگەڕای
بەیتی سورمەو خورشید بە دەنگی «حسن حەیران»

**سووڕێ:** گیایەکە گەڵای وەکوو گەڵای گەزنە (گەسگەسک) پەرە پەڕەیەو شینی مەیلەو سوورە، لە ئاودا دەیکوڵێنن و بەنی قاڵی پێ سوور دەکەن.

**سووڕێن:** ئاماژەیە بە سوور؛ جێگای سوورمایی؛ شوێنێ کە خۆڵەسوورەی هەبێ؛ گوندێکە لە نێوان کوێرەگوێزو بۆیێن لە ناوچەی بانە، کێوێکە لە لای مەریوان.

**سۆزان:** سووتان؛ نێوی «کەل»ێکە لە ناوچەی سنە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**سۆزگە:** جێگەی پەیمانبەستن؛ گوندێکە لە لای ڕەواندوز.

**سۆزە:** سۆز؛ گۆرانی بە دەنگی نزم؛ تەزووی سەرما.
هەیبێ، پێ بڵێن بێ، یارم بەری بەیانی
کچێ دەرکەم لێ بکەوە کوشتمی سۆزەی زریانی
«سەربەندی گۆرانییەکی فۆلکلۆرە»

**سۆشین:** له شینو کەوه؛ سیاوەشوون؛ سەوشوون؛ گیایەکی قەف ئەستووری بەرزه، بنی وەک چەوەندەر وایه، وشکی دەکەنو دەیکوتن، ئارده پەڵووی پیٚدەڵێن، له گۆگەم بەرزتره؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییه به زاراوەی کرمانجی سەروو که حەسەن جەزراوی چڕیویەتی؛ له ئۆستوورەی بانی ئێراندا هاتووه:
پاش ئەوەی که باوەژنی سیاوەش بوختانی بۆ کرد، که گوایه حەزی لیٚ کردووەو چۆتە سەری، باوکی سیاوەشیش دەڵیٚ بۆ رووسووریی سیاوەش، دەبیٚ سیاوەش له ناو ئاگرێکی زۆر گەورەوە بپەڕێتەوە، ئەگەر سووتا گونابەکۆڵەو تاوانبارەو دەمریٚ، ئەگەریش بیٚتاوان بیٚ دەرباز دەبیٚ. سیاوەش له ئاگر دەداو به ساقی دەپەڕێتەوەو دەرباز دەبیٚ، پاشان له جێی ئاگرەکەدا گوڵێک شین دەبیٚ که ئەم سۆشینەیه ئێستا هەیە!!

**سۆکار:** شاخێکه له لای تەرگەوەرو مەرگەوەڕ له کوردستانی بندەستی ئێران.

**سۆلاڤ:** ئاوهەڵدێر؛ تاڤگە؛ پلووسک؛ ناوچەیەکە له کوردستانی ژێر دەسەلاٌتی ئێراق.

**سۆلان:** رەسەن؛ رەگەز؛ رەتەوە.

**سۆما:** ئاسۆ؛ تینو هانای چاو؛ ترووسکەی رووناکی له دوور؛ رووناکی دیتن.

هێزو سۆمای نییە باڵو چاوم
ماومــەوە گردەنشیـن بێــڕاوم
شێعری (هەڵۆ هەر بەرزە) وەرگێڕانی «هەژار»
سۆما: ناوچەیەکە کەوتۆتە لای خۆراوای ورمیۆ باکووری برادۆست. هەرێمی سۆما داگری ۱۹۹ گوندەو شوێنێکی کوێستانییو ساردە.

**سۆنە:** وەردەک؛ چەشنێک مراوییە، بە نێرەکەی دەگوترێ سەرسەوزو بە مێچکەکەی بۆرچێن یا بۆرچیل.
هــەوای بانـەو بان داگـیە لە کـەلـەم
وەک سۆنەی سەرئاو ئاشق بەمـەلەم «فۆلکلۆر»
* * *
هەتاکوو لاو بووم فرە پیـر نەبــووم
دەمکرد راوی باز سـۆنەگیر نەبووم
ئێســتا کە پیرم رازیــم بـە ســـۆنە
ســــۆنە ســـــڵ دەکا لە داوەکــۆنە
ئەم شیعرەم لە حەسەن زیرەک بیستووە و نازانم شیعری کێیە؟!

**سۆنی:** چیایەکە دەکەوێتە نێوان شۆشمێو تەوێڵێو نەوسوو.

**سوێروو:** رەشۆڵە؛ ریشۆڵە؛ گاوانی؛ گوندێکە لە ناوچەی بانە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**سوێسکە:** سۆسکە؛ سووسک؛ باڵدارێکی گۆشتخۆشە؛ مەلێکە لە

شێوەی کوڕکوڕ.
قاسپە قاسپی کەو سۆسکەی بان بەرد
خوەم نەچیرەوان سەیری تۆم ئەکەرد. «فۆلکلۆر»

**سوێسن:** سوێسنە؛ سۆسن؛ سۆسەن؛ گیایەکە دوو، سێ گەڵای بە قەد قامکێک هەیەو گوڵێکی وەک قووچەکەی زەنگۆڵەوێنەی بە سەرەوە دێتە دەر، بەهاران لە بن نواڵە بەفران شین‌دەبێ‌و دێتەدەر، تەمەنی کورتە.

**سەرتۆپ:** یەکەمو بێهاوتا لە ئازایەتی یان جوانیدا؛ سەرپاک؛ هەموو؛ تێکڕا.

هەوەڵین دین‌و ئیمان
دوامین ژنێکی زۆر جوان
وەتاغێکی پڕ فەرش
چراتۆڕێک‌و دوو یەغدان
زینێکی ئینگلیزی
لەگەڵ ماینێکی کەحلان
تفەنگێکی سەرتۆپت بێ
لەگەڵ سێ ریز فیشەکدان
سێ‌مسقاڵت چا هەبێ
لەگەڵ دوو درەمە قەندان
دەبا لێمان میوان بن
سەد رەئیس‌و سەرگوربان
بەخەیاڵمدا نایە
گەر تۆ هەبێ بەقوربان

پیــلت دەگــــــرمو دەڕۆم
**بۆ یــەکــاویعــارەبان**
ئەگــەر لەوێش رامنــەگــرن
یەکســەر بۆ نێو جــوولەکان
جەهەنــدەم کــافــر دەبــم
منیش دەچمە سەر دینی وان
شەقله و بەقلـەت بۆ دەڵێم
بە زمانی جوولــەکــەکان!
«فۆلکلۆری کوردی لە گۆرانییەکی رەسووی نادری»

**سەرچڵ:** قەلەپۆپە؛ چڵەپۆپە؛ نووکو سەری گوڵو گیای تازە دەرهاتوو.

**سەرسۆ:** گوندێکە سەر بە «چەمشار»ی سنە.

**سەرناز:** بەسەردادەر؛ بەخۆدادەر؛ سەرپۆش؛ پارچەی سەر خوانچەو شتیتر.

**سەرگوڵ:** گوڵی سەرووی گوڵان؛ گوڵی سەرپەڕ؛ گوڵی سەرکردە.
پێشڕەوی پۆلی ئاسکی سەر شاخان
گوڵی سەرکردەی گوڵی ناو باخان «وەلی دێوانە»

**سەروێن:** سەروین؛ سەرو لا؛ سەرو پێچ.
سەروێنو مەروێن گشتی شێویاگە
گەر درۆ نەکەم ماچت کــــریاگە

«فۆلکلۆری ناوچەی سنە»
تایسە نەوەسیای سەروین وەی خاسی
ترسم شوو بکەی، دی من نەشناسی
«فۆلکلۆری ناوچەی کرماشان»

**سەریاس:** ناوچەیەکە لە لای پاوە کە ئێستا کردوویانەتە ئۆردووگا بۆ کوردە ئاوارەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**سەلار:** ژنی سەرە؛ سالارژنو بەڕێز.

**سەما:** هەڵپەرکێ؛ دیلان؛ گۆڤەند.

**سەمسوور:** باژێڕو ناوچەیەکی کۆنە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە کە چیای نەمروودی لە باوەش گرتووەو ئەرمەنیشی لێ دەژی. تورکەکان ناوەکەیان گۆڕیوەو کردوویانە بە ئادیامان.

**سەمەن:** روومەت؛ سەمەنگوڵ، گوڵی یاسەمەن؛ زەردی کاڵ؛ رەنگی کەوە؛ گوڵە زێڕینە.
سەمەن، گوڵەکەی دەم نوقڵو نەبات
بمـــدەرێ ماچـــێ با نـەڕۆم لــە لات «فۆلکلۆر»

**سەمەنی:** هەڵوای لە شیرەی گەنمی چەکەرە کردوو؛ بەو گەنمە سەوزەی دەڵێن کە لە (دەفرو دەوری)دا بەر لە هاتنی نەورۆز دەیروێننو بە بۆنەی دەسپێکی بەهارو بۆ

جوانی، لەماڵەوە دایدەنێن.

**سەیران:** گەشتو گوزار؛ پیاسەو گەڕان.
با بچینـە سـەیـران بۆ گەشتـی ئەو ناوە
جوانیی «جیهان»ی، خودا بەم شوێنە داوە « ؟ »

**سیرمە:** سیرم؛ چەرمی باریک.

**سێریا:** گەورە گوندێکە لە ناوچەی «سۆما برادۆست».

**سیرین:** گوندێکە لەبەری ماوەت؛ هەروەها گوندێکە بەرانبەر بە چیای ڕێزانۆک لە بناری بەرسیرین.

**سیلوانا:** گوندێکە لە نێوان شاری خانیٚو جەڵدیان.

**سێڵوێ:** سێڵوە؛ گوندێکە لە لاجان لە هەرێمی موکوریان.
لە کەندەکووری **سێـڵــوێ**
تا دەگــاتــە خــاڵـــداری
سوێسن و هەلاڵە و بەیبوون
دەگـەنە ڕکێـفـی سـواری!
نازداری شـۆخ و شــەنگم
دێنێـــتـەخـوار پێش‌بـاری «فۆلکلۆر»

**سیما:** دیمەن؛ ڕوومەت؛ دیدار؛ بیچم.

**سینان:** نێوی تیرەیەکی کوردە کە لکێکن لە هۆزی زازاو لە رۆژاوای خەرپووت، لە کوردستانی ژێر دەسەلأتی تورکیە دەژین؛ نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەلأتی ئێراق.

**سینەم:** سیمەن؛ وێنەزێو؛ چەرمەڵەی زێواسا؛ شتێک کە لە زێو درووست کرابێ.

سینـەم کۆچێ خوە برێ خست
جا بخوە مابوو لشوون واران
سەرکێ خوە گرێ دا بسکێ خوە بەردا
بەردا ریشکێ گوهاران «فۆلکلۆر»

**سێوەچ:** گوندێکە لە نێوان نەمەشیرو بانە لە کوردستانی ژێر دەسەلأتی ئێران.

**سێوێ:** سای؛ وێنە سێو؛ ئاماژە بە سێو؛ گوندێکە لە پشتی گوندی بێخمە کە لە هۆزی زێبارن؛ نێوی گراوییەکەی محەممەدە لە بەیتی «محەممەدو سێوێ»دا. سەربەندی گورانییەکی فۆلکلۆری کوردییە.

سێـوێ گیانماڵم سێـوێ
بای دێ بسکان دەبزێـوێ
ناوێـرم کوڵمـی ماچ کـەم
لـەبـەر قـەتارەی زێـــوێ «فۆلکلۆر»

## پیتی ( ش )

**شاتان:** سپینداری بەرزو راستا.

**شارا:** مەڵۆکردنو لەسەریەکهەڵچنینی گەنمو جۆ؛ ماسوولکەی گەنم لەسەر خەرمان؛ لاسکو ساقەتی خەلە؛ گیشەی دەخڵی دووراو؛ کەمێ لە کوڵەش یان خۆیان کە بە درێژەوەیە؛ کای نێوان دیوارەی چاڵو دەخڵ.

**شایان:** شیاو؛ هێژا؛ سزاوار.

**شکاک:** نێوی هۆزێکی کوردە کە لە دوو هەرێمی سۆماو برادۆست دەژین لە نێوان سنووری دەستکردی کوردستانی ئێرانو تورکیە، کە کەوتۆتە باکووری رۆژاوای شاری ورمێ. بڕوانە سەکر لە بەشی کوڕان.

**شکۆفه:** شگۆفه؛ پشکۆژ؛ گوڵۆک؛ گوڵی تازەپشکووتووی دار کە پاشان دەبێتە میوە.

وادەی سفیــــدی شکــۆفەی پیــرین
شکۆفـەی باخچـەی پیری دڵگیــرین
نە باخچەی سونبول تار مووی تاردا
سپی شکــۆفەی پیـــــریــم دیار دا «مەولەوی»

**شلێر:** گیایەکە زیاتر لە کوێستانان شین دەبێ، وا هەیە میترێک بەرز دەبێ‌و دوو جارو سێ جار بە بەژن‌و تەپڵی سەریدا هەڵدەچێ‌و گوڵەکەی سووری ئاڵ یان زەردی پیاڵەئاسای سەرەونخوونە کە وەکوو زەنگۆڵە پێدا شۆڕ دەبێتەوە. هەم دەشتە هەم ناوچەیەکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق، لە سەر سنووری دەستکردەو بە بانەوە نزیکە.

**شلێرە:** گوڵی شلێر. سەربەندی گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییە.

**شلێـــــرە گیـان شلێـــــرە**
بۆنخۆشە وەک کەنێــرە
شلێـــرەم چەندە جـوانە
لە کچە کوردی هەولێرە

گۆرانی شلیرە، لە پێشدا جەلال بەگ لە دیاربەکر بە تورکی گوتوویەتی بەڵام پاشان مامۆستا تاهیر توفیق بە کوردی تۆماری کردەوە.

**شناوە:** پارچە زەویەکی پچووکی کێڵراوی کێڵگە بۆ چاندن.

**شنروێ:** چیایەکی بەرزە کەوتۆتە لای خۆرهەڵاتی هەڵەبجە، لە سەر ترۆپکی ئەم چیایە دوو کانیو ئاوی خۆش هەیە کە نێویان «قەمانو وەزگێڵ»ە.

**شنروێ** سەوزە بچین بۆ سەیران
لە گەڵ کۆمەڵی دۆستانو یاران «فۆلکلۆر»

**شنە:** بای فێنک؛ شنەی با.

«**شنە**»ی بایشەماڵ بڕوا یاڵەو یاڵ
بیدا لە زوڵفی یاری کرچو کاڵ «فۆلکلۆر»

**شۆخان:** کۆی شۆخو شەنگ؛ جوانی ڕێکو پێک؛ جوانو چەلەنگ. سپیندار؛ شاختێهەڵدان.

**شوورە:** دیوار؛ حەسار.

من ئەو دیلەم لە پشت **شوورەی** پۆڵاوە
ئاسۆی هیوای گەشم هەرگیز ون ناکەم
لە ڕووی ئاسمان بە گڕی سوور نووسراوە
بەندە بەندی ئایینامەی بڕواکەم «گۆران»

**شۆڕێ:** باڵابەرز، بەژن شۆڕ؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە.

**شۆڕێ** گیان ماڵم **شۆڕێ**
دەردو دەرمانم **شۆڕێ**
هەر چەند دێیتو رادەبری
خوێن لە برینم دەچۆڕێ! «فولکلۆر»

**شووشان:** گوندێکە سەر بە کاڤار (قضاە)ی زرکان لە ناوچەی شێروان لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**شۆشمێ:** تاڤگە؛ ئاوهەڵدێر؛ گوندێکە لە نزیک شارۆچکەی نەوسوو، لە هەورامانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**شوێشە:** گوندێکە کەوتۆتە ئەو دیوی چیای ئاربز، لە سەر ڕێگای سنە بۆ مەریوان.

**شەبەنگ:** تیشکدانەوەی ڕەنگەکانی خۆر.

**شەتاو:** ئەو جۆگەئاوەی کە بەهاران دە کوێستانان لە نەورۆزەوە تا دەستپێکی هاوین، بەفراوی پێدا دێتەخوار.

وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران
نمکەوت نەدیدەش چوون شەوبێداران
چوون دێوانەی شۆر ئازیز نەسەردا
**شەتاو** سەرهۆرگرت وەدەشتو دەردا «مەولەوی»
سینەت بەلیمۆی گوڵبەدەم ئاوان
بۆنخۆشن وەبۆی شەوبۆی **شەتاوان** «وەلی دێوانە»

**شەختە:** سەهۆڵ؛ ڕچە؛ بەیسە.

فاتمۆکێ چەند بەچۆمـاندا هـاتم
کێلگەردن «**شەختە**»ی پاییزێ ئەنگاوتم

فاتمــۆكـێ بەفــدای باڵاكەت هــاتم
بۆتنەژیم دایكت تـۆی‌كرد بەخـەڵاتم!
«گۆرانی فۆلكلۆر» حەسەنی مامڵێ چڕیوەتی.

**شەدە:** ڕەشتی، تەنراوێكە لە ئاوریشم كە زۆر گرانە.
«شەدە»ی بەستۆ بێریانی
دەسرۆكـەی تـۆزێك تیـلە
بەرۆكــی بــۆ دەرزیلـــە
قامكی بۆ ئەنگــوستیــلە
لەسـەر چیـم لـێ‌تـۆراوە
زیـزبـــوونی بـێ‌دەلیــلە «فۆلكلۆر»

**شەرانش:** چیایەكە لە نێوان خامتیرو كێڕە لە ناوچەی زاخۆ.

**شەرمین:** شەرمن، بەشەرم، بەحەیا.

**شەروێن:** نێوی چیایەكە لە كوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**شەكراو:** ئاوی شەكر؛ شیرین وەكوو شەكر؛ گفتو لفت شیرین.

**شەكرە:** شەكرۆك؛ جورێك گیایە لە كوێستانان دەڕوێ.

**شەلاڵ:** خوێناویی؛ خوێنین؛ خوێناوڵ.

**شەمامە:** میوەیەكی بۆنخۆشە لە شكڵی كاڵەك بەڵام بچووكو

خەتخەتو خاڵخاڵ.
کیژ دەڵێ: هەتیمە لاوە
دەم لەسەر ناسکی رروومەتم هەڵبگرە،
بەسم **شەمامە**و شەمامەبەندی باخەڵان بدوێنە!
تاهیر تۆفیق بە هەستانی حیجاز گوتوویەتی، بەلام نازانم شێعری کێیە.
گەردە گیانم گەردە
**شەمامە**کانی زەردە
کچێ حەزم لێناکەی
دەبڕۆ دەسم لێبەردە
«گۆرانییەکی ناوچەی جافەتییە»

**شەمزین:** شەمزان؛ ژاکان؛ رەنگپەڕین؛ پەشۆکان. تێکچوونی چەرم بە هۆی زۆر وێکەوتنی هەتاو.

**شەمۆڵە:** گیایەکی دەسچنە وەکوو پۆلکەو گەنمە، دەیدەن بە مەڕو ماڵات چوونکە پێی قەڵەو دەبێ.

**شەندە:** وشەیەکی هەورامییە، واتە: وەشێنراو بەواتای لێدراو. نێوی نادیار.
هەنی نەواچان وەفەرهاد رەندەن
نەخش شیرینش، نە رووی سەنگ کەندەن
دەک رێزاندەس بۆ، وەر جە گیان سەندەن
کێ ئەڵماس نە رووی، دیدەی وێش **شەندەن**
«مەولەوی»

**شەنگار:** شەنگال؛ ژەنگار؛ ناوچەو شارێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق کە کوردە ئێزیدییەکانی تێدا دەژین.

**شەنگە:** شۆخو شەنگ؛ جوانو لەبار؛ بەهێزو بەبڕست.
**شـەنگە**بێری ساڵانی ساڵان لە کوێستانی لەناو مەڕی
بۆ مەڕدۆشین هەڵتدەکرد ئەو باسکی سپی مەڕمەڕی
«هێمن»
شنەی نەسیمە سـەدای ئاوی سافی قـەڵبەز
بەورشە ورشی گیا، **شەنگە**بیی، بووە شەیدا
«حاجی قادر کۆیی»

**شەوبۆ:** گیایەکە سەرەتای بەهار شین دەبیٌو گوڵی سپی دەکاو بۆنی خۆشە، بە رۆژدا بۆنی نییەو لای ئێوارە بە ئاوابوونی هەتاو، بۆن بەردەداو هەتا لای بەیانی، ئەو بۆنەی هەر دەمێنیٌ.
شـەوبۆیی سەری سونبولی زولفت لەسەری دام
ئێستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی **شەوبۆ**
«نالی»

**شەوبەن:** شەوژەن؛ داری دەرگا بۆ لە ژوورەوە داخستن؛ کۆسەکی خنجەر.

**شەودێر:** ئاودێری شەو.

| | |
|---|---|
| **شەوسوو:** | بەیان؛ رۆژبوونەوە پاش رەوینەوەی شەو. |
| **شەونم:** | شەڤنەم؛ نمی هەوای شەو لە سەر گیاو گوڵو گەڵا؛ ئاونگ؛ لە بەهاراندا بە بۆنەی تینی هەتاوەوە، گیا هەڵم دەکا و شەو کە هەوا فێنک دەبێ، لە شێوەی وردە دڵۆپ دەنیشێتە سەر گیا و گوڵ. |
| **شەوێن:** | شەونم؛ کاتی پاشباران لە شەوی بەهاردا؛ ئەو کاتەیە لە شەوی مانگەشەو کە شوانان مێگەل لە یەکتر جیا دەکەنەوە. جێگەی پشوودانی ئاژەڵ لە شەودا؛ لەوەڕاندنی مەڕو ماڵات لە شەودا. |
| **شەوین:** | شەوەگرتوو؛ شەوازۆ؛ شەوی خۆشو سامالی پاش باران. |
| **شەهێنە:** | شەهێن؛ شاهێن؛ جۆرێک دارە؛ مەلێکی راوکەری چاوجوانە. |
| **شەیدا:** | شێتو شێواوی ئەڤین؛ دێوانەی عەشق؛ ئاڵۆزو پەشۆکاو لە ئەڤیندا. |
| **شیان:** | توانین؛ لەدەستهاتن؛ گونجان؛ رێکاتن؛ رۆیشتن؛ چوون؛ لێوەشانەوە؛ پێڕەوابوون؛ گوندێکە لە نێوان تەوریوەرو تەنگیسەر لە ناوچەی هەورامان، لە هەرێمی سنە، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران. |

**شیبا:** سووکەبای شەوانە؛ رووناکیو بریقە.

**شیرین:** شیرن؛ نێوی گراوییەکەی فەرهادی کۆکەن بووە. هەر شتێک تامی شەکرو قەند بدات؛ پێچەوانەی تاڵ.

**شیـــرینـــی** وێنەی نەباتی
هــەر دەڵێی ئاوی حەیاتی «فۆلکلۆر»
شیرین شیرینە **شیرین** گشکەسم
عێشق تو داســە تیشە وەدەسم «فۆلکلۆر»

**شیلاز:** نێوی گوندێکە لە ناوچەی دهۆک.

**شیلان:** دلێق؛ جلێق؛ بەری دارێکی سووری پتەوی دڕکاوییە، کە شەش گەز هەڵدەچێو گوڵی زەردی تۆپو پڕ دەکاو بەری سووری وردو خرتو شیرینو بەچێژ دەگرێ، لە شێوەی سرینچک «سنجوو»، کە دەخورێو بۆ دەرمانیش بە کار دێ.

**شیلە:** هەنگووژە؛ شیرەی تراو «مایع»ی گژو گیاو گوڵو دارو دەوەن؛ شیلەی هەنگوین؛ نێوی گوندێکی کاولکراوی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراقە.

**شێنا:** بەهێزو تاقەت؛ بەواز.

**شینە:** هێمایە بە رەنگی شین؛ لکەداری بڵندو لە گەشە؛ گوندێکە لە لای لەنجاوا لە ناوچەی سنە.

**شێنێ:** شێنە؛ شەتڵجاڕ؛ گوندێکی سەرسنووری دەستکردی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراقە، کەوتۆتە بناری کێوی ناوزەنگ لە بندەست چیای مامەندە.

**شێوە:** وێنا؛ چەشن؛ ڕواڵەت.

## پیتی ( ف )

**فرمێسک:** ئەسرین؛ رۆندک.

**فرۆ:** خواردنێکی تورتە لە شێوەی پەنیر لە ژەکی مەڕو ماڵات درووست دەکرێ.

**فریانە:** جۆرێکە لە پێنج جۆرە ئاگرەکەی زەردەشت کە دەبێتە ئاگری گیانی خەڵکو زیندەوەر.

**فرێزە:** پەرێز؛ جێگەی کشتو کاڵێ کە دروێنە کرابێ.

**فریسک:** گوڵێکی دەشتییە لە بەهاردا دەڕوێ.

**فریش:** ئەسرین؛ رۆندک.

**فریشتە:** پەری؛ بەخت. وەکوو: (فریشتەی یارە.

| | |
|---|---|
| **فریشک:** | فرشک؛ ژەک؛ هەوێنی پەنێر؛ شیلاوک. |
| **فلوون:** | گوندێکە لە لای ئامۆکان لە دەشتی هەریر لە ناوچەی شەقلاوە. |
| **فەرا:** | دەفری بەردەستان بۆ دەکار هێنان. |
| **فەرەنتی:** | بەردێکی بەنرخ‌و گرانە وەک پیرۆزەو یاقووت. ئێستاش لە کوردستان ئەو نێوە لە کچ دەنێن. بڕوانە نێوی چێری لە بەشی کوڕان. |
| **فەرەنگ:** | وشەدان؛ کتێبێ کە پەیوینی زمانێکی تێدا کۆکرابێتەوە. |
| **فێنک:** | پێچەوانەی گەرم؛ بای فێنک. |

## پیتی ( ڤ )

| | |
|---|---|
| **ڤیار:** | زەوینی لەبەر سەرماو سۆڵە هەڵتەکاو. |
| **ڤیان:** | خۆشەویستی؛ خۆشویستن‌و دڵداری. نێوی کچی ناو ڕۆمانی (شەهیدانی قەڵای دمدم)ە. |
| **ڤینا:** | ئەمە؛ داخوازی. |
| **ڤەژین:** | ژیانەوە؛ زیندوو بوونەوە. |
| **ڤەورک:** | ڤەوری؛ وەرو؛ بە زاراوەی زازایی دەبێتە بەفر. |
| **ڤەوریس:** | بە زاراوەی زازایی واتە: هەرەس. |
| **ڤینۆس:** | ئافرۆدیت. ڤینۆس: بوتی ئەڤین‌و جوانیی یۆنانییەکانە؛ ڕۆمییەکان بە ئافرۆدیت دەیانگوت «ڤینۆس»و |

ڤینۆسیش یەکەمین پەیکەرێکە کە بەرووتی نوێنراوە. هەزیوود شاعیری ویێنانی بە «ڤینۆس»دا هەڵیداوەو شیعری بۆ گوتووە.

ئافرۆدیت نەک ئەوەی لە جوانیدا تاکو بێهاوتا بووە، بەڵکوو دەسەلاتی ئەوەشی هەبووە کە ئەو کەسانەی سەرنجیان بەرەو لای رادەکێشرا، دە داو خاو مەیلیان داتێ، هەر ئەویشە کە مەیلی بە «پاریس» کوڕی «پەریام»، پاشای (تەروا)، دا.

بەنرخترین پەیکەری ئافرۆدیت «ڤینۆس» دەسکردی «پراکسیتێل Praxiteles» ە کە ئێستا لە (واتیکان)ە و پەیکەرێکی دیکەش کە بەنێوبانگەو مێلۆس Melos لێی داتاشیوە، لە پاریسەو دوو پەیکەری دیکەی ڤینۆس، لە «رۆمو فلۆرانس»ە.

زۆر کەس بڕوایان وایە، وشەی «ئافرەت» کە ریشەی لە کوردەواریدا دەمێکە داکوتاوەو هەندێ نووسەری کورد، بەتایبەت کوردی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق، لە نووسیندا بە کاری دەبەنو، بەسەر ژنی کورد دابڕاوە، هەر وشەی «ئافرۆدیت»ە کە گۆڕاوەو بۆتە ئافرەت.

ڤینـــۆسی یان شیرینـــی
یا فـــریشتـەی زەمینـــی
شۆخو شەنگو دڵگیرو
نـــازدارو نـــازەنینـــی
«شیعری گۆرانییەکە فوئاد احمد چریویەتی؟»

**پیتی ( ق )**

**قاسپه:** قەب قەب؛ چریکەی کەو؛ دەنگی کەو.
نایەڵن ئاسوودە دانیشم لە داوێنی چیام
**قاسپە**یی کەو بێتە گوێم، کوا گرمەیی مینم دەوێ
«هێمن»

**قاسپە** قاسپی کەو سۆسکەی بان بەرد
خوەم نەچیرەوان سەیری تۆم ئەکەرد «فۆلکلۆر»

**قورینگ:** باڵندەیەکە لە شێوەی شینەشاهۆ، هاوینان لە کوردستان زۆرن‌و زستانان دەڕۆن.
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلام
بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە
دەنگی **قورینگان** دێن لە حەوای
دەڵێن کوێستانچین دێنەوە
شەو داوەتیان تێکرا دەگرت
لالە بەدەستان

چەند جوانو شۆخو شیرینن
کیژۆڵەی کوردستان!
شێعری گۆرانی "لالەبەدەستان" «هاشم نانەوازادەگان»
دایناوەو ماملێ گوتوویەتی.

قورینگ چلەی زستان دەبڕن
چاویان لە کوردستان دەبڕن
لە شێعری بیرەوەری «٢»ی ڕێبەندان
«سوارەی ئیلخانی زادە»

**قومری:** باڵندەیەکی کێوییە لە تیرەی کۆترەباریکە، تۆزێک لە کۆتر بچووکترە، ڕەنگی لە خاکو خۆڵەمێش دەچێو ڕاو دەکرێ، گۆشتی دەخورێو سەربالی شینەو نیوە بازنەیەکی ڕەش کەوتۆتە پشت ملی.
لە فۆلکلۆری کوردیدا وا هاتووە:
وەک **قومری** سەربالم شینە
دەچریکێنم بەم هاوینە
ئەسمەران خوێنیان شیرینە
«حەسەن زیرەک چڕیویەتی».

**قەتارە:** ڕیز؛ زەمبەرێکی سەری ژنانە؛ قەتارەو گێلگێلە؛ قەتارەی فیشەک؛ قەتارەی سواران؛ شتێ کە بە تنۆکە ئاو دەتکێنێ.

**قەزوان:** وەن؛ وەنەتەق؛ بەری دارەوەن؛ ئەو دارەی کە بنێشتی

لیٚدەگرن،؛قەزوان لە ماستو دۆ دەکریٚو بۆنی خۆشە.

**قەشان:** باڵدارێکە لە دەم ئاوان دەژی؛ گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەلاٚتی ئێراق.

**قەمان:** وشکبوونی داری تەڕ؛ کانیاوێکە لەسەر ترۆپکی چیای شنرویٚ لە ناوچەی هەڵەبجە.

**قەمتەرە:** ئاویارە؛ قەمتەر یان قەمتەرە، جەستەیەکە لە کۆندا، لە دار یان بەرد درووستیان دەکردو چەند کەلێن یا کونیان تیٚ دەکردو لە بەر کونی هەسیٚلْ «ئەستێر»دا، دایاندەنا. بە هۆی ئەو کەلێنانەوە ئاوەکە بە چەند شوێنداو یەکمیزان دابەش دەبوو. بەو جەستەیە دەگوتریٚ قەمتەرە؛ بۆیەش بەکاریان دەهێناو لە بەر کونی هەسیٚلْدا دایاندەنا، بۆ ئەوەی هەرماڵێک بە قەدەریەک، ئاویان بەرکەویٚو وەکوو یەک لە ئاوی هەسیٚلْەکە کەڵک وەرگرن.
**قەمتەرە:** گوندێکە لە ناوچەی پیرانشار، هەروەها گوندێکە لە دۆژ ڕێگای کۆنی مەهاباد - بۆکان. پێش ئەوەی جادەی بۆکان بۆ مەهاباد، کە بە میاندووئاودا تێدەپەریٚ بکێشریٚ، جادەی بۆکان بۆ مەهاباد، بەوێدا تێپەڕ دەبوو. دەساڵ زیاترە کە ڕێگایەکیان لە سەرووی بۆکانەوە بۆ مەهاباد، بەوێدا لێداوە.
لە گۆرانی فۆلکلۆردا نێوی «قەمتەریٚ» هاتووە کە لەگەلْ «قەمتەرە» هەر یەکەو لە بەر وەزنی گەوهەریٚ

بووه بە **قەمتەرێ**.

لە گۆرانییەکەشدا، قەمتەرێ نێوی کانیاوێکە.

دەی وەرە وەرە گەوهەرێ    سینگت حەوزی کەوسەرێ
سازیە سوورەگولاڵن بچنین    لە سەر ئاوی **قەمتەرێ**
خۆشترە لە ئاوی زەمزەم    حەجاجی دەچنە سەرێ

فۆلکلۆر «مامڵێ» چڕیویەتی

گەوهەرێ ماڵم گەوهەرێ    سینەت حەوزی کەوسەرێ
حۆشترە لە ئاوی زەمزەم    حەجاجی دەچنە سەرێ
لە گەڵ یار قەولمان یەکە    بچینە کانییە **قەمتەرێ**

فۆلکلۆر «حەسەن زیرەک» چڕیویەتی

«**قەمتەرە**» لە گەڵ "**قەمتەر**" جیاوازە!

**قەمتەر** واتە: دەمبێنی حەیوان؛ خەزێمی بێڤڵ یان لووتی ورچ‌و وشتر کە بەنی تێدەخرێ؛ مرۆڤی رژدو رەزیل.

**قەیتەران:** گیایەکە دەرمانە بۆ گورچیلەو گەروو.

## پیتی ( ک )

**کابان:** ژنی ئاگاداری ماڵ؛ کەیوانوو؛ کەیبانوو.
خەزاڵی گیان خەزاڵی
«**کابان**»ی گەورە ماڵی «فۆلکلۆر»

**کاریان:** مەڵبەندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**کاریتان:** پلوورەمێش؛ ئەنباری دەخڵ و دان.

**کارێز:** رێگە ئاوی بە ژێر زەویندا کێشراو؛ چاوکەی ئاو کە بە دەست کنرابێ.

**کاریس:** کارس؛ کارۆش؛ جۆرێک گیایە.

**کازیوە:** بەرەبەیان.
لەگەڵ کازیوە بۆی نەفرم چلاو چڵ

نەبینم گوڵ، چلۆن ئارام دەبێ دڵ «هێمن»

**کاژە:** بنەی کاروان لە دەشت؛ ڕەبەت؛ بۆسەی ڕاوچی؛ ئێسکەسەر؛ کاژ؛ توێکڵ؛ پەترۆ؛ نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**کالان:** جێگەی گلێنەی چاو؛ کاڤلان؛ کێلان؛ جێگەی خنجەر؛ کانزای برنج؛ گیای هەرزە؛ نێوی هۆزێکی کوردە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە.

**کاڵێ:** کاڵو کرچ. لە کوردستان ئەم نێوە بۆ کچو بۆ کوڕیش، بەکار براوە. لە بنەڕەتدا بەو کەسەی دەگوترێ کاڵێ، کە ڕەنگی قژو سەرو چاوی کاڵو کرچ بێ.

**کانی:** چاوکە، سەرچاوەی ئاو.
تاقە دارێک بووم **کانی** لە پام بوو
گەلگەل نازاران دایمە لە لام بوو
ئیسە پیر بووگم گەلاٚم رزیاگە
گەلگەل نازاران لە لام تۆریاگە «فۆلکلۆر»

**کانیاتا:** نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**کانیاو:** کانی؛ سەرچاوە؛ ئاوێ کە لە کانی دێتە دەر؛ زەوینێ کە بە ئاوی کانی ئاو دەدرێ؛ گیایەک کە بە ئاوی کانی ئاو بخواتەوە. (لۆکەی کانیاو)

**کانیژە:** گوڵەگەنم.

**کانیلان:** دۆڵی پڕ لە کانی.

**کرۆسک:** خنجەری کۆنی ژەنگاوی؛ هەرمێ کێویلە.

**کریس:** وشەی بانگلێکردنی کارژۆڵە؛ پزیسکی ئاگر.

**کریسکان:** کۆی پزیسکی ئاگر؛ کانە ئاگر؛ گڕکان.

**کلاْنە:** مووروویەکی شینی جوانە، لەگەڵ کووژەکە، کە ئەویش مووروویەکی سپی ناودڕە، لە سەر پارچە بە شێوەی قۆپچە، دایاندەدروون‌و بۆ چاوەزار لە سەر شان یان بە پشتی منداڵەوە هەڵیدەواسن.
وشەی کلاْنەی کەوە، ژنان بۆ توانج گرتنە یەکتر، زۆری بە کار دەبەن‌و ئێستاش هەر هەیە.
ئەگەر دوو کەس یەکتریان زۆر خۆش بوێ‌و عەیرەتی‌و زوو زوو، ببێ بە ناخۆشیان، پێیان دەڵێن: کلاْنەی کەووگ. یانێ هیچ نییەو هەر دەبنەوە بە یەک.
لە کوردستان کلاْنەی وردو موورووی تراش‌و عەشرەفی، بە مۆمەوەوە دەهۆننەوەو بە بەر سەری منداڵەوە بە قژیەوە، بۆ چاوەزار شۆڕی دەکەنەوە. هەروەسا بۆ گیانلەبەری لینی‌و دەستەمۆش، بە تایبەت ئەوانەی بڕوایان بە خورافات‌و قەزاو قەدەرە، کلاْنە بەکار دەبەن‌و

لە ئەستۆی هەڵدەواسن.

**کناچێ:** کناچە؛ کچێ؛ کەنیشکە؛ دەنگی پۆڕ؛ کناچێ هەورامییە واتە: کچێ؛ ئەو کیژەی کە هێشتا مێردی نەکردبێ؛ کنا وشەی رووتێکردنە بۆ بانگکردنی کچ!

رۆژ ئاوا ئـەبـێ چـــەم تاریکــدایـە
دەنگی **(کنالــەیـل)** هەر دوایی نایـە
مانگ بە تریفەی ناو دێ ئەکا کەیل
هێشتا هەر گـەرمـە ناڵەی **کنالــەیل** «گۆران»

**کوردۆنیا:** یەکەم دەوڵەتی کورد بووە لە ١٧١٤ی بەر لە زایین.؟!! کاسای، کۆسی، یان کۆشۆ، یەکێک بوونە لە تیرەکانی دانیشتووی زاگرۆس کە هەر لە بنەڕەتەوە دانیشتووی ئەوێ بوونە. لە سەرەتادا لە ناوچەی "کرماشان" نیشتەجێ بوونە بەڵام مێژووی هاتنیان نازانرێ. "ئاکادییەکان" ئەمانەیان بە «کاشۆ» نێو بردووە. ئەم «کاشۆ»گەلە هەر ئەوانەن کە کتێبی پیرۆز بە «گۆشی»یان نێو دەبات. ئەم کاسییانە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمی بەر لە زایین وڵاتی بابلیان گرتو لە وڵاتی سۆمەرو ئاکاددا حکوومەتێکیان بە نێوی **کوردۆنیا** ئان **کاردۆنیا** دامەزراند.

**کۆرژا:** بە زاراوەی زازایی واتە: کووژەکە.

**کووژەکە:** موورووەیەکی سپی ناودڕە کە لە کۆندا بەسەر پارچەی

خرپرەوە، لەگەڵ کلاّنە لە شێوەی قۆپچە بە دەورە هەڵیان‌دەدووراندو بۆ چاوەزار بە پشتی منداڵەوە هەڵیاندەواسی‌و ئێستاش هەر ماوە.
لە کووژەکە و کلاّنە، پاموورە و پاوەنەشیان درووست دەکرد. دیسان لە کووژەکە و کلاّنە شتێکیان بۆ دەستی منداڵ درووست دەکرد کە پێی دەگوترا «**چەچەوانە**»و ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان هەر هەیە؛ بۆیەش دەگوترا چەچەوانە چوونکە بە پەنجەی منداڵ دەڵێن: چەچۆڵە.

**کوێستان:** کێو؛ کێفسان؛ کۆسار؛ زۆزان.
هــۆ بــرای کــاروانچی کاروانت رووی لە کــوێیــە
لەگەڵ خۆت هەڵمانگرە بۆ ئەو دێیە کەسمان لەوێیە
کاروانــم دەڕوا دەڕوا، بەرەو کــوێســتانە رێگـــەم
هــەرچــی بێ، وەبانی چاو، من لەگــەڵ خــۆم دەیبــەم
«؟»

**کەپران:** وەرزی هاتنە دەرەوە لە لادێ؛ کاتی کۆتایی بەهار؛ کاتی چوونە هەوارو زۆزان؛ کاتی کەپر هەڵدان.

**کەتانە:** کەتان؛ گیایەکە زۆر بەرز دەبێتەوەو پرزەی وەک دەزوی دەبێ؛ پارچەیەکی سپی ناسک‌و تەنکە، کە ژنان دەیکەن بە سەرپۆش. گۆرانییەکی فۆلکلۆرە بە زاراوەی فەیلی.
کەتان کەتانـە، عومـرم **کــەتـانـە**

بێنیه ماچتکەم دەم بیچکەلانە

**کەدێنە:** شەربەی سواڵەت؛ پەرداخی سواڵەت.

**کەزین:** ئازین؛ خەملاندن؛ رازاندنەوە.

**کەژاڵ:** کەژێ؛ بەلەک؛ بەرخی بەلەک؛ گوێچکەی سپی‌و رەش؛ ئاسک؛ بزنەکێوی؛ چاوکاڵ.

**کەژان:** بەردی وریشەدار؛ کۆی کەژ؛ کەژ هەورامی‌یە واتە: چیا؛ کێو.
کەفتگەسە بەینمان حەفت کەژو حەفت کۆ
مەگەر بای شەماڵ بمگەینێ بە تۆ «فۆلکلۆر»

**کەژاوە:** دوو سندووقی دارینەی سەرتاکی سەیواندارە کە لە کۆندا لە سەر پشتی هێسترو حوشتریان دادەبەست‌و سواری دەبوون، زۆرتر گەورەکان‌و خان‌و خانان بەکاریان دەبرد؛ دارێ کە لە بن دیوارەوە وەبەر کاریتە دەدرێ.
نازانم راسە یا خەو ئەوینم
کەژاوەی لەیلێ هاتگە سەرینم «فۆلکلۆر»

**کەژۆس:** چیایەکە لە ناوچەی بیتوێن.

**کەژێ:** مووی زەرد؛ کەژاڵ؛ بەلەک.
ئامان **کەژێ** دیدەم **کەژێ**، کەژو کەژاڵێ

زوڵف شـــۆڕو گـــەردن بەخـــاڵـــێ
خـــۆشـــم دەوێ ناســـک‌و منـــداڵـــێ «فۆلکلۆر»

**کەژین:** تەنراو لە ئاوریشم.

**کەشینە:** ماسی خاڵدار؛ جۆرێک ماسییە کە لە ئاوی شیریندا دەژی.

**کەڤۆت:** جۆرێک درەختە.

**کەڤۆک:** کەڤووک؛ کاڤۆک؛ کەڤۆک، کابۆک؛ کۆتر؛ بە زاراوەی زازایی دەبێتە بۆران.
کاڤووکم لێ لێ....
ئەز کاڤووکا رەشم
ل سەر باناو بن بانا
ئەز دمەشم
ئەز عاشقێت لێ لێ
چاڤێت رەشم!
«گۆرانییەکی فۆلکلۆرە بە زارراوەی کرمانجی سەروو، کە هەم حەسەن جەزراوی گوتوویەتی، هەم عارف جەزراوی».

**کەکرە:** گیایەکە وەک مێکووک‌و هووڕە، بەڵام گەڵای لە گەڵای مێکووک باریکترەو زۆر تاڵە، ئاوەکەی دەگرن‌و ددانی کرمۆڵ ئەگەر بێتە ئێش، تۆزێکی لە سەر ڕۆدەکەن،

ژانەکەی دەشکێنێ.

**کەنی:** کنا؛ کچ؛ ژنان کاتێک پێکەوە قسە دەکەن، ئەگەر یەکیان قسەکەی ئەوی تری پێ سەیر بێ، دەڵێ: دا بەسیەتی کەنی یان بەسیەتی کنا! واتە بەسیەتی کچێ.
کناو کەنی، هەورامین.

هورموزگان رمان ئاتەران کوژان#
وێنشان شارەوە گۆرە گاوران
زۆرکەری ئەرەب، کردنا خاپوور
گونانی پاڵەو بەشی شارەزوور
ژن‌و کەنیکا وەدیل بشینا
مێرئازا تەلی وەرووی هوینا
رەوش زەردوشتەر مانەنەو بێدەس
بەزیکا نیکا هورموز وە هیچکەس «پیر شالیار»

واتا: پەرسگە یان جێگاکانی ئەهورەمەزدا رووخان،
ئاگری زەردەشتییەکان یان ئاتەشگاکان کوژانەوە
گەورە گاورەکان خۆیان شاردەوە
عەرەبی زاڵم شارو گوندەکانی بەشی شارەزووری
خاپوور کرد
ژن‌و کچ بەدیل گیران
پیاو ئازاکان لە خوێندا تلان
ئایینی زەردەشت بێهێز ماوەتەوە
ئەهورەمەزدا بەزەیی بە هیچکەسدا نایەتەوە

---

ئەم شیعرە گوایە لە ناوچەی سلێمانی لە سەر پێستە ئاسکێک

دۆزراوەتەوە!!! دوکتۆر (سعید کوردستانی) داویەتی بە (ملک‌الشعراء بهار)!!، رشید یاسەمیش لە کتێبی (کردو پیوستگی نژادیو تاریخی او) واتە: «کوردو پەیوەندە رەگەزیو دێریکییەکانی»دا، بە نموونە هێناویەتەوە.
پێشینیان دەڵێن: بە هۆی گوڵە گەنمێکەوە سەد گوڵە گەنمی‌تر ئاو دەخواتەوە یان ئاوی بەر دەکەوێ! بە هۆی وشەی «گەنی»یەوە، من ئەم شیعرەی پیر شالیارم لێرەدا بە نموونە هێناوەتەوە، یەکەم:
لەبەر ئەم وشەیە.
دووهەم:
لە راستیدا ئەم شیعرە لە بڕێ کتێبو سەرچاوەدا بە هەڵە نووسراوەتەوەو لەسەر رێنووسی کوردی چاپ نەکراوە.
کاک «علی حەسەنیانی»ش هەورامییەکەی هێناوەتە سەر سۆرانی یان کرمانجی ناوەڕاست کە لەوێشدا یەک دوو هەڵەی تێدایە، چوونکە نێوی کتێبەکەی "پیر شالیار"ی بە (ماریفەتا بیر شالیاریْ) ناساندووە کە وا نییەو «ماریفەتو پیر شالیاری» یان (ماریفەتو پیر شالیار) درووستەکەیەتی. منیش بە بیانووی وشەی گەنیو لەبەر ئەو هۆیانە، بە یارمەتی چەند کەسی هەورامیزان، درووستەکەیم لەسەر ڕاو لە سەرەوە نووسیوە.
سێهەم:
ئەم شیعرە لەسەر پێستەئاسک نەنووسراوەتەوەو نەشدۆزراوەتەوە. ئەم شیعرە هەرچەند شیعرەو بە زاراوەی گۆرانی گوتراوە بەڵام لە بنەڕەتدا دەستکردەو ئەمەش یەکێ لە دیارییەکانی حکوومەتی رەزاخانییە کە دەیەویست کورد بە بەشێک لە فارس لە قەڵەم بدا. «رەشیدی یاسەمی»یش هەرچەند خۆی کورد بووەو ئینسانێکی پایەبەرزیش بووە، بەڵام لەو کوردانە بووە کە وێنەیان لە دەرباری تورکیەو ئێراقو ئێراندا زۆرن. لە راستیشدا ئەو کتێبەی رەشیدی یاسەمی لە سەر کورد، وەڵام یان رەدی ئەو کتێبی «کوردو کوردستان»ەی زانای پایەبەرزی کورد «محمد أمین زکی بەگ»ە، نەک دڵسۆزی بۆ کورد!

***

**کەنیان:** سەربەندی گۆرانییەکی فۆلکلۆرە:
ئای کـــــەنیـانو کـــــــەنیـــان،
وەی وەی کەنیان های بەش کـــەین
گیـــان لـە دوای بالاکـــــــەت،
وە خودای دڵ وەو کی خوەش کەین
«فۆلکلۆری ناوچەی جافەتییە»

**کەنێرە:** کەنێر؛ کەنێریٚ؛ نێوی دوو جۆر دارە، یەکی بێدڕک؛ یەکێکی بەدڕک؛ گیایەکە گەلای وەک وێنجە دەچیٚ، لاسکی ئەستوورترەو کلۆرەو گوڵی زەردی بچووک دەکا، بە تەڕی مالات کەمتری دەخۆن بەلام بۆ تفاقی زستان دەبیٚ.
کیـژان دەچـنە مێرگـۆلان
تێکـــڕا دەچـنن کە نێـریٚ
ئارەقی سینگ و مەمکان
تەڕدەکا خـــالـی بێـریٚ «گۆرانییەکی فۆلکلۆر»

**کەنیلە:** کچ؛ چکۆڵەکچ.
سەربەندی گۆرانییەکی ناوچەی جافەتییە.
ئای کەنیلە گەنیـــلە سەرقۆڵەکەو مەنیلە
دایکۆ بە قوربانت بیٚ کوڕ بۆ لەمجەو زەلیلە
«فۆلکلۆر»

**کەورین:** گوندێکە لە بن چیای زۆزک لە ناوچەی رواندز.

**کەوژ:** ئارەزوو؛ ئاوات.

**کەویْ:** رەنگی کەوە؛ وەکوو کەو؛ وێنەکەو؛ کەوا.

**کەویان:** تیرەیەکی کوردن کە لە دەورو بەری شەرناخ دەژین لە کوردستانی بندەستی تورکیە!؟

**کەویژ:** قەفیز؛ دەفری شتپێوان.
چ **کەویژیْ** چ مەویژیْ «گوتەی پێشینیان»

**کەیلان:** شیک؛ تەرلان؛ لەش ریک‌و پێک؛ نموونە.
(کچی چی، کەیلان جوانی!)

**کەیوان:** کابان؛ بنەوانی ماڵ؛ ئەستێرەیەکی گەرۆکە.

**کیژۆک:** کچی بچکۆلە؛ گوندێکە لە ناوچەی گەرمیان لە لای کەلار لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

## پیتی ( گ )

**گرژاڵ:** گۆرژاڵ؛ ڕەنگی جۆرێک مەرەز «بۆزوو»ە کە پێی دەگوترێ سووری ئاماڵڕەش؛ گوندێکە لە لای سەردەشت.

**گرشە:** کڵۆش؛ قرشە؛ کۆمایەک لە باقەی لەسەریەک دانراو؛ تایە؛ ورشە؛ درەوشان؛ بریقە.

**گرۆڤ:** گروف؛ کۆمەڵەبەنێ کە لە نێوان قامکی گەورەو تووتەدا هەڵدەکرێ.

**گزنگ:** سەرەتای تاوی بەیانی؛ تیشکی ڕۆژ کە بەیانیان دەدا لە شوێنێکی بەرز.

**گلارا:** سۆمای چاو؛ بینایی.

**گلێره:** تەرزه؛ گژلۆک؛ تگر؛ جۆرێک دانەوێڵە.

**گلیزه:** شۆڕاوکەی ڕچیوی گوێسەبانان لە زستاندا؛ چلووره.

**گلێنه:** گلێنەی چاو.
**گلێنەی** چاوم هێزی هەناوم
دنیا دەزانێ بە تۆوە ماوم

**گواره:** گۆشواره؛ گوارەی گوێ.

**گۆشینه:** چیایەکە لە ناوچەی ڕواندز.

**گوڵاڵه:** گوڵێکی سووری لاسک درێژی بەهارییە کە خاڵخاڵی ڕەشی تێدایە.
کوورەی عەشق دڵ هەر یەند جۆش وەردەن
«**گوڵاڵه**»م چوون وێم، فەرامۆش کەردەن
«مەولەوی»

**گولان:** دووەم مانگی بەهار؛ کزی گوڵ، ناوچەو چیایەکی کوردنشینە لە ئیسراییل کە بە (بەرزییەکانی گولان بە نێوبانگە)؛ چەمو باخێکی خۆشە لە لای هەڵەبجە؛ گوندێکە کەوتۆتە دۆڵێک لە نزیک ڕانیە، کە هەر ئەو دۆڵە بە دۆڵی **گولان** نێودێر کراوەو داگری چەند گوندە بەم «نێو»انەی خوارەوە: دارەبەن، بەردانگا، ناوەزینان.

بەرانبەر گولان دوو گوندی شەکەڵو مێدەرەیە کە کەوتوونەتە بەری هەتاو. ئەو بەرزاییەی کە شەکەڵو مێدەرەی لە سەرە، گوندی بۆتێ کەتۆتە ئەو دیویەوە. چوار گوند بەم ناوە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق هەبوون کە حکوومەتی «بعث» وێرانی کردن.

یاخوا گـــوڵنـــەورۆز وەشـــار نەخێـــزۆ
مـــابـــاقـــــی گـــــولان بـــێ وادە رۆزۆ
گـــــولان بەر نارۆ ئێنـــاڵ کـــۆســـــالان
تیپ نەبـــۆ ســـپای خەێمـــەی گـــــورالان!
بەر نەیـــۆ جە خاک نەســـوور و نـــە زەرد
هەر یۆ نەجای ویش، بان وە تۆز و گـــەرد
یا خوا هیـــچ گـــــوڵێ بەر نەیۆ جە خاک
چوونکـــە دڵەی من نیشتەن وە خـــەمناک!

«شێخ عوسمانی بیارە»

**گولاو:** ئاوی گوڵ؛ گوڵگولاو.

**گوڵبەن:** بە گوڵ هەڵبەسراو.

**گوڵبەهار:** گوڵێکی سەوزی پڕ پەڵکە؛ چیچەکی دەشت.

**گوڵچن:** هەڵبژاردە؛ تەڵچن.

**گوڵشەن:** گوڵزار؛ گوڵجار؛ گوڵو گوڵسان؛ باخی گوڵ.
چاوەکەم ئەمرۆ لە **گوڵشـەن** گوڵ بە عیشـوە خۆی نواند

نەک نمەکگیر بم، بەچاوی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
«م. د. ئەدەب»

**گۆنا:** کوڵم؛ کوڵمە.
خودا بیبڕێ ماچ لە دوورەوە
دەم نەنێی وەبان «**گۆنا**»ی سوورەوە،
چ فایدە لەدوور هێماو چاوبڕکێ
کوانێ بەو چەشنە دڵ دادەمرکێ! «فۆلکلۆر»

**گەردانە:** ملوانکەی زێڕینی پلپلەدار.

**گەزۆ:** ئاونگی شیرینی دار؛ شیلەی دارگەزۆ.

**گەزیزە:** بلازیز؛ گوڵێکی حەوت ڕەنگە لە وێنەی گوڵە نەورۆزە.

**گەشە:** هەڵچوونو باڵاکردن؛ پێشکەوتن؛ تەرزی تازەی مێو؛ خۆشیو شادی؛ تێراویو تورتیو شەقی؛ بزە؛ زەردەخەنە؛ لقی تازەی ڕەز؛ باڵابڵندبوونو بەخۆدا هاتن.

**گەشین:** سوورو بەدەق؛ نازاوی دارو درەختو سەوزایی؛ کرانەوەی گوڵ.

**گەڵا:** بەڵگ؛ پەلک؛ گەڵای دار.

**گەلاوێژ:** ئەستێرەی گەش‌و پرشنگدار کە لە مانگی هاویندا لە کەلووی خۆی بترازێ؛ ئەستێرەی گەلاوێژ؛ مانگی ئاگوست.

**گەوهەر:** بەردێکی جوانی بەنرخە؛ دەشتی پان‌و بەرین.

خـالأن ئاخێـز بـوون، پیـرۆزە ون بوو

گەوهەر لە شاران، قیمەتیان کەم بوو «فۆلکلۆر»

**گێلاس:** گێلاس؛ بەرێکە وەک بەلاڵووک بەلأم شیرین.

شیـرنی دەڵێی گێلاسی

ناسکی وێنەی رێـواسی! «فۆلکلۆر»

## پیتی ( ل )

**لاچین:** مەلێکی راوکەرە لە باز بچووکترە؛ کاڵەی چەرمین؛ گوندێکە لە لای مەهاباد نزیک لە شیلاناوێ؛ ناوچەیەکە لە ئازەربایجانی شوورەوی‌و ئەو کوردانەی لێ‌دەژین کە بە دەستی ستالین لە نیشتمانی خۆیان هەڵکەندراون‌و هەڵداژراونەتە ئەوێ.

**لاڤە:** لاڤە وشەیەکە بە زاراوەی کرمانجی ژووروو، واتە: لاڵە؛ تکا؛ پاڕانەوە؛ وەکوو: لاڤە دکەم= تکا دەکەم. هەروەسا نێوی ئەشکەوتێکە لە ناوچەی هەکاری لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە.

**لانکێ:** لانک؛ لاندک؛ بێشکە؛ دەرگووش؛ دەیدیک.
لانکدارە مەزەدارە گوێبەگوارە شەدەی لارە
وەرە وەرە **لانکێ**
رایدەژێنــێ بــووکـــە زارا

دولبەرەی دایکێ «گۆرانی فۆلکلۆر»

**لاولاو:** لاڤلاڤک؛ گیایەکە لاسکی باریکە، چوار تا پێنج گەز هەڵدەچێ، گوڵێکی وەکوو گوڵی ئەتلەسی دەدا کە سوورو شینو کەسکو هەمە رەنگە، تەنیا لە فێنکایی بەیانانداا گوڵی دەپشکوێ، هەر کە هەتاو هەڵهات، گوڵەکەی سیس دەبێ.

بالاْ وەک لاولاو، هەڵچووە بێبەر
خۆم مارانگەستە ئاشق بە سێبەر «فۆلکلۆر»

**لاوێن:** نێوی چۆمێکە کە لە قەندیلەوە سەرچاوە دەگرێو تێکەڵ بە زێ دەبێ؛ گوندێکە لە ناوچەی لاجان لای پیرانشار «خانێ»؛ تیرەیەکن جاران لە شارەزوور دەژیان، بەلاْم «إبن‌خلدون» لە (تاریخ بربر)دا دەنووسێ: لە «جزائر» دەژین، مەردۆخیش دەڵێ: لەوانەیە لە کاتی زاڵبوونی مەغۆڵەکان بەسەر شارەزووردا ئەم تیرەیە کۆچ درابێتن.

**لاوێن:** چڵەبی ناسک بەریشەوە؛ نەمامی بی؛ سوورەبی؛ کۆرپە؛ دڵداریدەر؛ جۆرێک شووڵە، لە قەراخ چەم دەڕوێو پێی دەڵێن: سوورەبی. سەوەتەو تەفتو سۆقاتی لێ درووست دەکرێ، ئەگەر بیچەمێنیتەوە ناشکێ. لە ئەدەبیاتدا لاوێن، بە رەمزی نەرمیو ناسکیو جوانیو بەرگەگری نێو دەبرێ.

دەسا نەرمە لاوێنەکە!

گەردنی شووشت شۆڕکەوەو بڕوانە ئاوێنەی چەم
وێنەی چوار کەلەپچەت دەخاتە بەردەم.
نامەیەک بۆ مەلەکە «صلاح‌الدین مهتدی»

لە گوندێک هەڵکەوت ڕێم کـەوتە ماڵێک
چ ماڵێک هەروەکـــوو خـــەون‌و خەیاڵێک
گەلێـک ماڵێـکی گـەرم‌و پاک‌و خـاوێن
(کوڕ و کیژێک لەوێ، وەک تووڵی لاوێن)
خالید ئاغای حیسامی «هێدی»

**لۆرکێ:** لۆرک، لۆرکە؛ خواردنێکە لە چەشنی فرۆ، لە ئاوی پەنیر ساز دەکرێ، لە ناوچەی موکوریان‌و سەرەوەی کوردستان زۆرە. ئەسرین؛ لایلایە؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە.

لۆرکێ‌و لۆرکێ‌و لۆرکێ‌و لۆرکێ،
خـــاتـــوونێـــملـــۆرکـــێ
مـن دەم دێنـم تـۆ رووت بێنـە
هـــەنـــاری دانکـــــــێ
خۆ ناوێـــرم کـــوڵمت ماچ کەم
خـــوێنـــــی لـــێ دەتکـــێ! «فۆلکلۆر»

**لۆژان:** تخێڵبوون؛ ڕاژان؛ ڕاکشان بە سەر زەویندا.

**لۆلان:** گوندێکە لە ناوچەی سیدەکان لە کوردستانی بندەستی ئێراق؛ نێوی هۆزێکی کوردە لە کوردستانی ژێر

دەسەلاتی تورکیە. (م. حەسرەتیان)، لە «راپەڕینی کوردان»دا کە جەلال دەباغ وەری گێڕاوەتە سەر کوردی، دەڵێ: لە کوردەکان، خێڵی **لۆلان** و .... پشتگیرییان لە شۆڕشی شێخ سەعید نەکرد.

**لەزێ:** بلەز؛ بەپەلە؛ لەزێ هێنمایە بە گورجو گۆڵ؛ بەدەستو برد.

**لەنجە:** بەناز ڕێوەچوون. لەنجەو لار.
**لەنجە** گیان بە لەنجە ئۆخەی بەلار و لەنجە
بارە سێو باری کردووە لە شارەکەی هەڵەبجە یان
باریەسیو باری کردووە لە شارەکەی هەڵەبجە!
«فۆلکلۆری ناوچەی هەورامان»

**لەنگێزە:** رەهێڵە؛ لاسامە.

**لەولەب:** کانیاوێکە لە ناوچەی ئامێدی.

**لەهی:** لاپاو؛ لافاو؛ سێلاو.

**لەیرۆ:** بە زاراوەی زازایی واتە: رۆڵە؛ فەرزەن.
سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە بە زازایی.
**لەیرۆ** لەیرۆ زراڤێ
دای دەلیلێ بێباڤێ

**لێزگە:** ملەموورگ؛ متو مووررووی بە «داو»ەوە کراو.

**لێزمە:** ڕێژنە؛ ڕەهێڵە؛ شەس؛ لاسامە؛ لێزمەی باران.

**لیڤا:** بەرخی تازەزاو.

**لیمۆ:** میوەیەکی پێستزەردی مزرو ترشە لە تیرەی نارنجو پرتەقاڵ، دوو جۆری گەورەو بچووکی هەیە کە بچووکەکەیان وشک دەکرێو دەنێو چێشتەو خواردەمەنی دەکرێ.
لە فۆلکلۆری کوردیدا، لیمۆ هێمایە بە مەمک.
سینەت بە لیمۆی، گوڵبەدەم، ئاوان
بۆنخۆشن وەبۆی، شەوبۆی شەتاوان «وەلی دێوانە»

پیتی ( م )

**مارالْ:** وشەیەکی تورکییە واتە: ناسک؛ باش؛ جوانو دلْڕفێن. گوندێکی کورد نشینە لە خوراسان، نێوی ئەو کچە کوردەیە کە "محمود دولتآبادی" لە ڕۆمانی «کەلیدەر»، لە بەرگی ( ١ و ٢ )دا باسی دەکا.

**ماریا:** بە پاڵەوانو شەڕکەرەکانی هۆزی (میتان) کە کورد بوون دەیانگوت ماریا.

**مازنێ:** گوندێکە لە نێوان مێرگەسۆرو باڵەکیان.

**مازوو:** مازی؛ مازگ؛ بڕبڕەی پشت؛ بەری دار مازوو کە سفتو تفتو تۆتۆزاوییەو لە گزگل بچووکترە؛ دار مازوو چەندین بەری جۆر بەجۆری هەیە وەکوو: سیچک؛ گزگلو هی‌تر

**ماکۆکە:** چیایەکە لە ناوچەی بیتوێن.

**مامز:** ئاسک، کەژاڵ، مامبز، ئاهوو؛ ماسییەک کە گەرا دادەنێ؛ مامزە.

ئەسمەر بەینەڵلاٚ جوانی
سەرتـۆپی کوردسـتانی
مامـزی دەشتی بۆکانی
لە شـــەوڕاوێ دەزانـی
ئاورت لە من بـــەرداوە
بە ملــوێنێ هــەرزانی

«فۆلکلۆر»

**مامیسا:** گوندێکە لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**مامیلان:** نێوی جۆرێک گیایە.

**مانای:** هەوارگەیەکە لە هەورامان.

**ماندان:** گوندێکە لە ناوچەی بارزان لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**ماندانا:** نێوی کچی ئاستیاگی پاشای ماد بووە.

**مانیان:** شەکەتبوون؛ تیرەیەک بوونە لە کورد کە ئێستا هیچ شوێنەوارێکیان لێ بەجێ نەماوە، مەگەر ئەوەی لە دۆزراوەکانی وڵاتی «ماد»دا، چۆنیەتی ژیانیان بێتە دەست.

**ماوەت:** شارۆچکەیەکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق بوو کە بە دەستی حکوومەتی بعث بە بۆمبی شیمیایی بۆمباران کراو وێرانیان کرد.

**ماوەران:** گوندێکە لە پشت شەقڵاوە.

**ماوەرد:** گوڵی گوڵاو.

**ماوێلیا:** گوندێکە لە ناوچەی بارزان لە پەنای گوندی بەورکە.

**مرواری:** لولو؛ گەوهەرێکی دەریایی ناو سەدەفە؛ بەردێکی جوانی سپییە کە زۆر بە نرخە.

ئەنتیکـــــەو مـــەزەداری
هەردەڵێی دەنکی هەناری
دەمت خونچـەی خەندانە
تێیدا دوو ریز مـــــرواری
کیژەکـوردەی مـوکـوریان
چـــەندە ناسکو نازداری
«فۆلکلۆر»

**مزگێن:** مزگێنی؛ مزگانی؛ مژدە.

مزگێن مزگێن بێ کراس هاتەوە
پێ بڵێـن بە یارێ بێ بیباتـەوە
«فۆلکلۆر»

**مژۆڵ:** برژۆڵ؛ برژانگ.

چاوت وەکوو چاوی بازن
مــژۆڵت تیــری سەربازن
بە کوشتنم ئاواتخــوازن
«فۆلکلۆر»

**مەتینا:** مەتین؛ راوەستاو؛ سەقامگرتوو؛ نەبزێو؛ چیایەکە لە لای بامەڕنی لە ناوچەی بادینان.

**مەران:** بنەیاسەمەن کە مۆدنەی لێ درووست دەکەن. گوندێکە لە بن چیای کۆدۆ لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**مەرجان:** جۆرێ مووررووی سوورە بۆ خشڵ.

**مەرزە:** گیایەکی گەڵاوردی تیژی بۆنخۆشە؛ جۆرێکی دیکەشی هەیە کە لە کوێستانان شین دەبێ‌و پێی دەگوترێ مەرزە کیویلە. هەر دوو جۆرەکەی دەخورێ.

**مەرزینگ:** نێوی هۆزێکی کوردە لە کوردستان.

**مەروێ:** هەمرۆ؛ هەرمێ؛ گوندێکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراقە.

**مەندێ:** گیایەکە لە شێوەی هەڵز کە مەڕو ماڵات دەیخوا.
سەربەندی گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییە.
مەندانەو مەندانێ لێ‌لێ **مەندێ**

**مەنگۆڵە:** مەندۆڵە؛ گۆی زێڕی وەک گوڵێنگە؛ زەنگۆڵەی بچووک؛ لە کوردستان کلاّنەو کووژەکە پێکەوە دەهۆننەوەو مەنگۆڵەی پێوە شۆڕ دەکەنەوەو بە پشتی منداڵەوە هەڵیدەواسن.

**مەهاباد:** قازی ئەحمەد لەزمانی تۆفیق وەهبی کوردناسی زاناوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: (مادەکان بەرە بەرە لەگەڵ کوردەکان خزمایەتی‌یان‌کردو تێکەڵبوون، جا کوردەکانی ئیمڕۆ، بەرهەمی ئەم پەیوەندەن.) دوایە دەڵێ: { نێوی ماد بە شێوەی (**ماس**) یا (**ماسی**) یا (**ماه**) لەمێژوودا نێودێر بووەو تا دەورەی هەوەڵی ئیسلام، ماه ئاباد (**مەهاباد**) لە نووسراوەو سەنەدو بەڵگە مێژووییەکاندا هەروا مابووەوە.}

**قازی ئەحمەد** دەڵێ: وەختێک من چیرۆکی دڵداری‌و مێژوویی (**وەیس‌و رامین**)م دەخوێندەوە کە بەرە بەری ساڵی «٤٤٦»ی کۆچی فەخرەدین ئەسعەدی‌گورگانی لە زمانی پەهلەوییەوە بە شێعر کردوویەتە فارسی لە چەند جێگا نێوی «**وڵاتی ماه**» یا«**ماه ئاباد**»م وەبەر چاو هات کە بۆ وەراستگەڕانی قسەی تۆفیق وەهبی دەکرێ وەک بەڵگەیەکی پتەو ئاماژەی پێ بکرێ.

«**وڵاتی ماه**» لەچیرۆکی «وەیس و رامین»دا بە ناوچەی رۆژاواو شیمالی رۆژاوای ئێران‌و ئاران‌و ئەرمەنستان دەگوترا کە پێتەختەکەی هەمەدان بووەو ئەم هەرێمە لەمێژوودا هەر ئەو مەڵبەندی مادە.

**مەهاباد:** نێوی پێغەمبەرێک بووە کە بەر لە زەردەشت

هاتووەو لە خوارەوەی گۆلی ورمیٚ لە دایک بووە.

**مەیرە:** مەیرۆ؛ مەیلە،؛ پەنیرو لۆرکی تیٚکەلاٚو.

**مەیرەم:** مەیرەمیٚ؛ مەیرەم لەوانەیە لە «مریەم» کە ناویکی کۆنی ئارامییە وەرگیرابیٚ.

لیٚ **مەیرەمیٚمەیرەمیٚ**، ئەز قوربانا پەرچەمیٚ
چاڤیٚم حەیرانا چاڤیٚ، لیٚ چاڤرەشیٚ **مەیرەمیٚ**
سەربەندی گۆرانییێکە بە زاراوەی «کرمانجی سەروو»

**میٚخەک:** لە ناوچەکانی رواندزو هەولیٚرو دەوروبەریان بە میٚخەک دەلیٚن: قەنەفلٚ یا قەنەفرٖ؛ گولی درەختیٚکی گەرمیانییە، بۆنی زۆر خۆشەو وشک دەکریٚ و ژنان لە بەرۆکو سینگی خۆیانی دەدەن.

میٚخەک بە وشکی تا چەند سالٚ بۆنی هەر دەمیٚنیٚو هەر جاریٚک کە لە ئاوی هەلکیٚشی یان بۆ چەند کاژمیٚریٚک لە نیٚو ئاودا بیهیٚلییەوە، پاش ئەوەی لە ئاوەکەت دەرهیٚنا، بۆنی هەر وەکوو ئەو یەکەم جارەیە کە لە دارەکەت کردبیٚتەوە.

ئەو میٚخەکبەندەی وا لەملی تۆدا
پەخشیەکەی وەبان زەردەی لیمۆدا «فۆلکۆر»
دەم قەن دیان قەن گژیانت قەنە
وینەی دار**میٚخەک** گولٚت پیٚیەو بەنە «فۆلکۆر»

**میٚرگ:** گیاجارٖ؛ چیمەنو سەوزایی؛ میٚرگو سەوزە گیا.

لـەگـەڵ ئـەوەی دڵ پـەرۆشـی رووی ئاڵە
دەروون سەودای لووتکەی بەرزو خاڵ خاڵە ..!
خــەیـاڵ وڕی بیـنـیـنێــکی چیــایە
لەبەر دووری لە «مێــرگ»و سەوزە گیـایە
«صالح دیلان»

**مێرۆژ:** مێرۆژ؛ راوەکەو لە کاتی کورکبوونی ماکەودا؛ گوندێکە لە لای ئەرگۆش لە سەر سنووری دەسکردی تورکیە لە بادینان کە هۆزی مزووری تێدا دەژی.

**مینا:** شیشە؛ بلۆر؛ (وازی لێ بێنە مینای خۆت مەشکێنە)؛ پێستی بریقەداری سەر ددان؛ نێوی گوڵێکە (گوڵەمینا). گوڵەمینا گۆرانییەکە بە زاراوەی هەورامی. لە زاراوەی کرمانجیدا، مینا واتە: وەک؛ وەکوو. (مینا چاڤێ تە.)
لەم شیعرەدا کە بە زاراوەی ئەردەڵانی گوتراوە، گەردن بە مینای تەڕ نوێنراوە.

هەر لەسەر سەرین تا پاژنـەی عـەین
عـەیبێ تێیا نییە بە گـەردەنم دەین
یاران بێنە دیار ئەم تەختو "تـوێڵ"ە
ئەیـژی نشینگای شای ئەردەبێڵــــە
لە "توێڵ"ەو خوارتـر برۆی پەیوەسـە
لە بـروەو خـوارتر دوو دیـدەی مـەسـە
لە دیدەو خوارتر لــووتی قـەڵـەمــە
لە لــــووتـەو خــوارتر نـەواتـە دەمـە

لە دەمەو خوارتر شمشێر چەنەی زەڕ
لە چەنەو خوارتر گەردەن مینای تەڕ
لە گەردەن خوارتر سینەی سوڵتانی
لێیەو بەن بووگە بەی ئەسفەهانی
لە سینەو خوارتر نافە بە وێنە
لە نافەو خوارتر گەنجەو خەزێنە
جفتە رانەکەی وەک لۆکە نەرمە
ساتێ بۆ یەکێ مەجازی گەرمە.
«فۆلکلۆری ناوچەی ئەردەڵان»

**مێوژە:** ترێی لە بەر هەتاو وشکەوەکراو.

**مێوەرد:** تۆمداچنین دوای یەکەم بارانی پاییز.

## پیتی( ن )

**نارست:** نارستیٚ؛ گوندێکه له خوار ملەی زمزیران له ناوچەی سەردەشت.

**نارنج:** میوەیەکه له تیرەی پرتەقاڵ.
«سەربەندی چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییه به کرمانجی خواروو هەورامی»
هەم **نارنجـــه**و هەم بێیـه
یـاری ئازیـــز له کـوێیـــه
بۆم بانگ کەنه بەر دەرکیٚ،
کـاری تایبــەتیــم پێیــە!
***
نارنجه و **نارنجه**، شووشەکەی عەنبەربۆ
ئەریٚ لەسەر باڵاکەت، با ئەم شەڕە نەبۆ!

**نارەوەن:** نارۆەن؛ نارەوەن دارێکه له ڕەتەوەی گەزنه

(گەسگەسک) کە زۆر پتەوەو گەڵاکانیشی دگانەدارو پڕن. پێش ئەوەی گەڵاکانی بپشکوێ، گوڵ دەکا.
لە فەرهەنگی خاڵدا نووسراوە نارەوەن: دارەوەن! بەڵام هەڵەیە و نارەوەن، دارەوەن نییە.

**نارین:** ناسک؛ تەنک؛ ژنی شەرمن؛ گۆرانی خەمبارانە.
سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە بە زاراوەی کرمانجی سەروو.
نارینێ هەی **نارین**، هەی نارین، هەی نارین،
دەلالێ هەی نارین ،دەلالێ. «فۆلکلۆر»
دەلالێ: دەلال؛ بەناز؛ خۆشەویست. دەلال وشەیەکی کرمانجی سەرووەو هەر دوو لامەکەی بە لامی سادە دەخوێنرێتەوە نەک (ڵ)ی قەڵەو.

**نازدار:** نازدارو نازدار، سەربەندی گۆرانییەکی فۆلکلۆرە.
**نازدارو نازدار**، نازدارەی بابی
کۆترەباریکەی باڵ بە شۆڕەبی
من خۆم زوو زانیم، تۆ بۆ من نابی
بەد ناوت کردم، یا خودا رسوا بی

**نازەنین:** نازدار؛ بەناز؛ نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**نازێ:** بەناز؛ کورتکراوەی نێوی نازدارە.
سەربەندی گۆرانی‌یەکی کوردییە بە زاراوەی کرمانجی

سەروو لە ناوچەی مێردین یا ماردین.
نازێ نازێ، لێ نازێ نازێ،
لێ نازێ مەکە ڤێ نازێ،
ئەسمەرێ گەورا من نازێ
کا وەرە مالا مەرازێ، لێ مەرازێ.

**ناسکۆڵ:** ناسکو بچکۆڵە؛ سووکەڵە نێوی ناسک یان ناسکەیە.

**ناسکە:** تەنک؛ ناسک و زراڤ.
بۆت مردم **ناسکە** جوانێ
مەیلی جارانت کوانێ؟ «فۆلکلۆر»
بریا دەرزی بام، **ناسک**و تەنک بام
دەروازەبانی سینگو مەمک بام «فۆلکلۆر»

**ناهی:** گیایەکە گوڵی لە ئەستێرە دەکا؛ ئەستێرەی بەیان.

**نایژە:** کووژە؛ گەروولەی ئاسیاو؛ جۆرێک بلوێرە.

**نسارە:** نەخشی بە دارچێن لەسەر فرنی؛ زەڕوەشان؛ پووڵەهەڵاویشتن بە سەر بووکا؛ گوندێکە لە نێوان سنەو دیواندەرە.

**نگین:** بەخت؛ نەقێم؛ نەقیم؛ قاشی سەر ئەنگوستیلە.

**نۆبەرە:** نۆبەر؛ یەکەم منداڵ؛ نخری؛ میوەیەک کە تازە پێ بگاو

یەکەمجار بخورێ. (بەلاڵووک هاتۆتە بازارو ئێمە هێشتا نۆبەرەیمان نەکردووە).

**نوخشە:** نوخشانە؛ پێشبینی چاکەو خراپە بۆ کەسێک؛ فلانە کچ مێردی کرد یان فلانەکوڕ ژنی هێنا نوخشە بێ لە تۆش؛ لە موکوریان لە شایی‌و داوەتاندا، هەر کچێک مێردی نەکردبێ یان هەر کوڕێک ژنی نەهێنابێ، پێیان دەڵێن: نوخشە بێ لە تۆش، واتە بۆ تۆش، بۆ تۆش ببێ.

**نوخشە:** نۆبەرەی دەخڵ؛ دەغڵ‌و دانی فەریک؛ دانەوێڵەی نەگەییشتوو.

**نەخشین:** نەخشاویی؛ جوان‌و ڕەنگین؛ بە نەخش‌و نیگار؛ ڕازاوە.

سوورەگوڵی نێو پەرژینە
نەشمیلەو خاڵ**نەخشینە**
دەوای جەرگی بەبرینە «ن. ڕەزازی»

**نەرمین:** نەرم‌و نۆڵ؛ نەرم‌و جوان.

**نەسرین:** گوڵێکی پەڕە وردی بۆنخۆشی سپییە کە لە نێرگز دەکا.

وتم بە بەختی خەواڵوو، وەرە تۆ بی‌و خوا
لە خەو هەستە زەمانێ، با بچینەوە ئەولا
گوڕەی بەهارییە ئێستێکە، شاخ‌و داخی ولات
پڕە لە لالەو **نەسرین**و نێرگزی شەهلا
«حاجی قادری کۆیی»

**نەشمیل:** جوانی خنچیلانەی دلْرفێن. سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە
نەشمیل نەشمیل نەشمیلانێ
سەر شینەی بابان وێرانێ
سەرت شین کەن لە خومخانێ «فۆلکلۆر»

**نەمام:** چلەریشەی یەکسالەی دار؛ درەختی تازەنیا.
«**نەمام**»یکم نا نەمام بەر بێرێ
نەمزانی **نەمام**، ریشەم دەرتێرێ
«**نەمام**»یکم نا بە لێو چەمەوە
**نەمام** هاتەبەر لێمیان سەنەوە
ئەم دوو بەندە شێعرە فۆلکلۆرن‌و زیاتر لە پرسەو سەرەخۆشیدا لە دەمی ژنانم بیستووە بە تایبەت لە پرسەی کچ یان کوڕی جوانەمەرگدا.

**نەیری:** گۆزەپانێکی پان‌و بەرینە لە لای سەرووی گوندی سەبانەوە لە ناوچەی هەڵەبجە؛ سەربەندی گۆرانییەکی فۆلکۆری ناوچەی شارەزوورە؛ روانی؛ نواڕی؛ تەماشای کرد.
مەگری مەگری ماڵ لە رەقەی نەیری
ناردگمەسەو بۆت بێ هەم کێش‌و هەم هەوری.

نەیری یا نەهری ناوچەیەکە لە ولاتی شەمدینان؛ تیرەیەک بوونە کە لە کۆندا دوو رەتەوەی سۆبارو

گۆتۆیان لێ کەوتۆتەوە؛ مینۆرسکیو توورداناگین دەڵێن: ناوچەی نەیری یان هۆیشکا بە شیوو دۆڵەکانی «بۆتان» گوتراوە کە لە کاتی خۆیدا دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبووە.

مەیجەرسۆن دەڵێ: ئەگەرتەماشایەکی سەردەمی گۆتییەکان بکەین کە لە دۆژ سەدەکانی (١٥ و ١٢)ی بەر لە زایین ژیاون، دەبینین ئەم نەیرییانە کە پێش میدییەکان کەوتبوون، لە کوردستانی ناوەڕاستدا ژیانێکی باشیان هەبووەو دەسەڵاتێکی وایان هەبووە کە ترسو لەرزیان خستبووە دڵی هاوسێکانیانەوە. هەر ئەم نەتەوەیە بوو کە لە پاشان نێوی گۆڕدراو بوو بە «کورد». وڵاتی نەیرییەکان لەو سەردەمەدا لە حەوزی ناوەڕاست لە ڕۆباری گەورەوە دەستی پێدەکرد هەتا سەرچاوەی ڕۆبارەکە. میدییەکان کە حکوومەتەکەیان تێدا چوو، بەرە بەرە ڕوویان کردە ئەم شوێنەو ئاوەدانیان کردەوە.

**نەیریژ:** تیرەیەکە لە هۆزی گۆران.

**نیار:** شانۆگەر؛ گەمەکەری سەر شانۆ؛ سەکۆی یاریکەران.

**نیان:** دانان؛ نیانەبان؛ داشتن؛ ڕوانین؛ سافو نەرم؛ چەقاندن؛ ناشتن؛ کوتان؛ هێدی؛ ئەهوەن؛ هێور؛ نەرمو نیان.

**نێرگز:** نێرگس؛ نەرگز؛ گوڵێکی بەهاریی لاسک بەرزی کولۆرە

که گوڵی سپی‌و زەردی بۆنخۆش دەگریٚ؛ لە کوردستان لە کۆندا، ئەو کاتەی کە تەلەفزیۆن‌و رادویٚ‌و شتی لەم بابەتانە نەبوو، ژنان کە داستان‌و چیرۆک‌و رازانیان دەگێراوە، پاش ئەوەی کە لێی دەبوونەوە، لە کۆتاییدا دەیانگوت:

**چەپکیٚ گوڵ‌و چەپکیٚ نێرگز**
**مەرگتان نەبینم هەرگیزای هەرگیز**

**نیڤار:** نویٚ داهاتوو؛ باوی دەم‌و زەمان.

**نینا:** ئەمانە؛ ئەوانە؛ ئەیانە؛ یانە.

**نیگا:** روانین؛ تەماشا.

**جادە چۆڵ‌و سێبەر بوو کاتی بەیانی**
**ئەرۆیشتم خەیاڵاوی ئەمروانی**
**ئەرۆییم‌و دزەی نیگام جار جاریٚ**
**لە ژێر عابای رەشا ئەیدی نازداریٚ**
**بە رەوتی کەو، لەنجەی تاوس‌و قومری**
**گورج گورج جوان جوان ئەهات‌و جادەی ئەبڕی**
**مابوو بگاتە عاستم چەن هەنگاویٚ**
**درزیٚ کەوتە پەچەو دیم نیگای چاویٚ**
**«گۆران»**

**پیتی ( و )**

**وارده:** وشەیەکی هەورامییە واتا: خۆراک؛ خواردەمەنی؛ خوراو؛ خورياگ.

**وارگە:** هەوارگە؛ بارگە؛ جێگەی ژیانی هاوین؛ بارگەی سەفەر.

**واژە:** وشە؛ پەیڤ؛ گوتە؛ کوتە؛ قسە؛ هەروەسا گوندێکە لە ناوچەی شارباژێر.

**واژین:** ئاودانی شەتڵی تووتن دوو سێ ڕۆژ لەسەر یەک بۆ گووران. شەتڵی تووتن کاتێک لە دێراو دادەچەقێندرێ‌و پاش چەند ڕۆژ شین دەبێ‌و خۆی دەگرێ، دەڵێن: گووراوە.

**والا:** ئاوەڵا؛ ئاواڵە؛ کراوە؛ تاک؛ بەتاڵ‌و خاڵی؛ بەرز؛ بڵند؛ جلەبووکی کچۆڵان؛ کەتان؛ پارچەی ناسک.

خالان ئاخێز بوون هەر لە دوورەوە
بە ئـــاڵو واڵای زەردو ســـوورەوە «فۆلکلۆر»

**واوان:** گوندێکە لە سەر ڕێگای سەردەشت بۆ خانێ لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران. مزگەوتی واوان بە نێوبانگـە.

دەڵێــی سوێندێکت بـۆ بخـۆم
ســوێنـد بە مزگـــەوتی واوان
وەگـەر ببمـــە زەلیـلێـــک
کوێــربـم لـەهەر دوو چـاوان
شەرت بێ دەستبەردارت نیم
شـەرتـە بە شـەرتی پیـاوان «فۆلکلۆر»

**وردا:** لە چاوگی وردان وەرگیراوە بەواتای دامەزران‌و هێوردان.

**ورشە:** گرشە؛ بریقە.
نێــوان مانگـی بـەهـاران
وەختــی خێلبـەرەوژووران
لە هـاڕەی ئاوهەڵـــدێری
کـوێستـانی سەرسنـووران
ورشـــەی بازنـەو پاوانـە
خرمەی گوارەو بەرمـووران «فۆلکلۆر»

**ورینگە:** دەنگی خوش‌و بەسۆز؛ نارە نار.
ورینگـە خۆشـەکـەت بـۆ تـۆ بـەڵایە

ئەتـۆ خۆش‌خوێنی حاڵت بـۆیـە وایـە
ئەگەر نەتبا وریـنگەو دەنگی وا خۆش
بەرەڵاْ بووی وەکوو ئەو رووڕەشە تۆش «هێمن»

**وەردانە:** تیرۆکی ئەستووری ئەنگوتک پانکردنەوە.

**وەردیْ:** وەردەک؛ سۆنە.

**وەرفیْ:** وشەیەکی زازاییە، ئاماژەیە بە وەرف یا بەفر.

**وەرڤین:** تنۆکلێدەڵین؛ بەربوونەوەی دڵۆپی ئاو.

**وەرمێل:** گوندێکە نزیک چیای مەتینا لە ناوچەی بادینان.

**وەنەوشە:** گوڵێکە لە باخان دەڕویْ.
گوڵ وەنـەوشـەی باخانم، گوڵ
شــەوچــرای دیواخانم، گوڵ
سەربەندی گۆرانییەکی فۆلکلۆری ناوچەی ئەردەڵانە.

## پیتی( هـ )

**هاژە:** دەنگی گەڵاو دەنگی باو دار؛ (هاژەی با؛ هاژەی دار.)

هـاوارو هـاژەی کەفچـــەرێنــی چەم
بۆ تەنیــایــی شـــەو لایــەلایــەی خــەم
توولە ڕێی باریک، توونا و توون پشکـن
ڕێبـــوار دەخـــاتە ئەندیشـــەی بێبـن «گۆران»

**هانا:** هەنا؛ هەتەر؛ بڕ؛ تین‌و سۆمای چاو؛ بینایی؛ بڕستی دیتن؛ گەیشتن؛ سرەوت؛ فریا.

**هانا:** پەنا؛ هیواو هومێد. شفاو لاڵە؛ پاڕانەوە؛ تکا. هانام بردە بەر.

**هانا:** ئەو جۆرە؛ ئاوەها. بۆ شتێکی هانا پیاو نابێ تووڕە بێ.

**هانە:** هانکە؛ کانی؛ سەرچاوە؛ دنە؛ هان؛ هەناسە؛ ئەوەتان؛

ئەوەتا؛ هانە هانەی مەدە.

**هانەسە:** کانی نسار؛ گوندێکە لە هەورامان؛ نێوی هەوارگەیەکی دڵگیری سەر بە گوندی ئارەنانە کە کەوتۆتە دۆڕ کەلی ئارێزو دێی نەوەڕە لە نزیک شاری سنە؛ هانە خۆی بە تەنیْ واتای کانی دەداو لە کوردستان ئەم نێوە کە پاشگری «نێو» یان «رانە»ی لە دوو دێ، زۆرە وەکوو: هانە سەردە، هانە گەرمەڵە، هانە شێخان، هانە بەردان، هانە گلان، هانە سوورە؛ هانە ژاڵ؛ هانە نەوە.

**هانیس:** کانی سێبەر؛ گوندێکە لە ناوچەی سنە، لە بنپاڵ گوندی «خەیارە»وە. هانیسو خەیارە، دوو گوندی نزیک بە یەکن.

**هاوسەر:** هاوماڵ؛ هاوتەمەن؛ هاوژین؛ ژنو مێرد؛ هاوسەری ژیان.

**هاودەم:** هاوڕێ؛ هاوڕاز.

**هایا:** هایە؛ ئاگادار؛ وشیار؛ زرینگ؛ هەر ئەوەندەو بەس.

**هۆرا:** ئەساسەن؛ زاتەن؛ لە خۆیدا. (هۆرا هەر وایە)

**هەتاو:** خۆر؛ خۆرەتاو؛ تاو؛ رۆژ؛ رۆژیار.

**هەدێن:** گوندێکە سەر بە ناوچەی ئامێدی.

**هەرتەل:** گوندێکە لە لای زێوە لە ناوچەی بالیسان.

**هەرشەم:** گوندێکە لە ناوچەی بالیسان.

**هەرمێ:** میوەی هەرمێ؛ هەرمۆ؛ هەمرۆ.
هەرمێ وەی وەی هەرمێ، سینگۆڵەت باخی ورمێ
جووتە شەمامەی سەر سینەت، ناوێرم دەستیان بەرمێ
دایکو بابت لێم دیارن، بۆیە لێت دەکەم شەرمێ
«گۆرانییەکی فۆلکلۆرە»

**هەریر:** حەریر؛ ناوچەو دەشتێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق لە لای باتاس لە ناوچەی شەقڵاوە. هەریرو باتاس بە نێو بانگە.

**هەریسە:** کەشکەک؛ چێشتی گەنمەکوتاو بە گۆشتەوە.

**هەرێن:** ئەستێرە؛ هەسارە.

**هەزبێ:** هەزوە؛ گیایەکی بۆنخۆشی کێوییە کە بۆ ناو چێشتو خواردن بەکار دەبرێو لە بنەماڵەی مەرزەکێویلەیە.

**هەساران:** کۆی هەسێڵو گۆل؛ کۆی حەوشو حەسار؛ کۆی هەسارەو ئەستێرە؛ تیرەیەکی گەورە بوونە لە کورد کە

بڵاوەیان کردووەو لە ناو تیرەگەلی دیکەی کورددا تواونەتەوە.

**هەڤران:** سپیدار؛ سپیندار.

**هەڤرس:** هورس؛ وەرس؛ هەڤریست؛ هەڤریسک؛ عەرعەر. دارێکە وەک سنەوبەر، چەند جۆرەو لە خاکی شێداردا دەڕوێت، کە لە گڵو لم پێک هاتبێت. هەروەها لە خاکی وشکی بەردەڵانو چەوریشدا کە بەردەوام هەتاو لێی بدات، دەڕوێت. هەڤرس بە تۆو بە قەڵەم دەڕوێتو پاش ساڵێک ریشە دادەکوتێ. لە ناوچە ساردەکانی ئاسیاو ئورووپاو ئەمریکاو ئەمریکای باکووریی زۆرەو لە کوردستانیش لە ناوچە شاخاوییەکان زۆرە. جۆرەکانی ئەم دارە، هەمیشە سەرسەوزو بۆنخۆشو ستوونیو قیتن، گەڵاکانی لە شێوەی دەرزین، بەرەکەی لە پێشدا سەوزە، بەڵام کە پێدەگات لە ترێ دەچێت. لە دۆژ مانگی رەشەمەو خاکەلێوەدا گوڵ دەکات، بەری هەڤرس بۆ گرتنەوەی دەرمان بەکار دەبرێ؛ هەڤرس لە دروستکردنی تەختەی شوورەو پەرژینو هێڵی قەتاری رێئاسندا کەڵکی لێوەردەگیردرێت. هەڤرسی وا هەیە کە ۷۰ تا ۱۰۰ پێ هەڵدەچێ، هەڤرسی واش هەیە کە ٦ پێ زیاتر هەڵناچێ.

**هەڤەر:** شێلانە؛ قەیسی؛ بزنی رەشو سپی؛ بەڵەک؛ بازگ.

**هەڤیان:** ئۆقرەگرتن؛ هەدادان؛ داسەکنین؛ هێوربوونەوە؛ هەوێن؛ ئامیان.

**هەلار:** تینی ئاگر؛ هالاوی ئاگر؛ هەلا هەلا؛ هەلار هەلار؛ لەبەریەکچوو؛ وردو خاش.

**هەلاڵە:** گوڵێکی زەردی بۆنخۆشی کوێستانییە؛ شتێکە هەنگ لە گوڵی دەگریو شانی پێهەڵدەبەستێ؛ بانگەواز؛ دەرمانی پێستەخۆشکردن؛ ماکی مۆم کە میشەنگوێن لە گوڵانی دەگرێ؛ مێلاقە؛ رەبەنۆک.

**هەلەز:** هەڵز؛ گیایەکی گەڵا وردی دەرزیوێنەی بۆنخۆشە، گوڵێکی وردی زەرد دەکا، زیاتر لە کوێستانان شین دەبێ.

لە هەوشینو گەدەو لەند
لە کوێستانی دەسامڕەند
هەڵزو بیزاو گیابەند
تێکچڕژا بۆتە زەمەند «هێمن»

**هەلیلان:** تیرەبەکی کوردن لە تیرەکانی پشتکۆ.

**هەلین:** حەلین؛ توانەوە؛ بلندکە؛ ببە؛ لابە.

**هەنار:** نار؛ نارۆک؛ نەرژی؛ میوەیەکە بۆ پالاوتنی خوێن باشەو لە کوردستان لە ناوچە ساردەسێرەکان زۆرەو ریشەکەشی

بۆ دەرمان بە کاردێ. هەناری هەورامان بەنێوبانگە:
**هەنار** هەورامان سێف توسرکانی
بەینی بەینەڵلاَ لایەق بە خانی «فۆلکلۆر»
هەنار هەنار **هەنارە**
هەناری دەنکو دانە
سەرە رییەکەت لێدەگرم
وەک «حەمە تاڵ»ی بانە «فۆلکلۆر»

**هەناو:** + هەناف؛ دەروون؛ ناوسک؛ هوندر.

**هەنسک:** کوڵی گریان؛ نزگەرەی بە گریانەوە؛ (لە گریان نابێتەوە هەر هەنسک دەدا.)

**هەنگر:** مەلێکە هەنگخۆر؛ هەنگەخۆرە.

**هەنگووژە:** جەوی؛ شیرەی گیاو دار؛ شیرەی گیای هەڵز.

**هەوار:** وار؛ زۆزان؛ زستانەوار.
هەوارەو **هەوار** چۆڵە جێژوانگەی یاران
هاوار بە ماڵم، کوانێ ئەو خۆشیەی جاران!
«ن رەزازی»

**هەوری:** پارچەیەکی ئاوریشمی ناسکی سپییە بۆ سەرپێچی ژنانو رووبەند بەکار دێ.
باڵاو بەرزو مەمکت نەرمێ

**هەوری** لارەکەمی
تەشریفت بێ بۆ بنەهەرمێ
**هەوری** لارەکەمی «فۆلکلۆری ناوچەی هەورامان»

**هەورێن:** ناوچەیەکە لە لای شێخان نزیک قۆرەتوو لە لای کرماشان.

**هەوشین:** دەردی شیروشککردن؛ گیایەکە لە تیرەی پنگ؛ شاخێکە لە زنجیرە کێوی ئارارات، کە لەگەڵ چیاکانی هەڵگوردو کێلەشینو گەلاژو لەندو دالانپەڕ، قەندیلیان دەورە داوە.
ناسکـــۆڵەو نازەنینە
سینگی بەفری **هەوشینە**. «فۆلکلۆر»

**هەولێر:** یەکجار باش؛ لە باشیش باشتر؛ شارێکی کۆنی کوردنشینە لە کوردستان.

**هەونا:** دووبارە؛ دیسان؛ بێدەنگبوون؛ خەوتن.

**هەوێر:** هاوێر؛ جیاکردنەوەی ماکوزا لەیەکتر؛ هەڵاواردنی کارژەلەو بەرخ لە یەکتر.

**هەوێردە:** مەلێکی دەنگ خۆشی قەڵەوی کونجی کونجییە کە لە ریشۆڵە زلترەو عاشقی هەرزنەو لەناو دەغڵو دانی مەزرایە زۆرتر دەگەڕێ.

هـات لـه ڕەوەزو زەردان
قاسپەی کەوی سەربەردان
ورتەورتـی **هـەوێـردان**
دێ لەنـاو شـیناوەردان «هێمن»

**هەوێن:** ئامیان؛ ئامێژەن؛ مایە.

**هەیاسە:** کەمەرەی زێڕو زیو.
زەرد و سوور تێکەڵاون ژنو پیاو هەرایە
لەو ناوە هەر هارەی **هەیاسەی** تۆ نایە «گۆران»

**هەیبەر:** دۆزو مەبەستێکی شیاوی نووسین؛ سووژە.

**هەیڤک:** مانگیلە؛ مانگی یەکشەوە.

**هەیڤین:** ئازیز؛ خۆشەویست.

**هەیوێ:** بسکی سەر لاجانگ.

**هێرۆ:** هیرۆ؛ هەرمەڵە؛ گیایەکی بەرزی گەڵاپانە، لاسکی ئەستوورەو گوڵی ناسکی گەورەو هەمە ڕەنگ دەکاو بۆ دەرمان بەکار دێ؛ گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**هێروو:** هەڵووژە؛ هەڵووژە پاییزەی سوور. لە ناوچەی مەریوان

بەکار دێ.

**هێری:** زەوینی زورکانی بە کەندو لەند؛ زەوینی ناهەموار.

**هێشوو:** هێشووی ترێ؛ هۆشەی هەنگوور؛ گولی دەخڵ.

**هێلین:** هێلان؛ جێهێشتن؛ ونکردن؛ شەرمی ژن؛ بە زاراوەی کرمانجی سەروو واتە:هێلانە.

هەورێ رەش‌و تاری
لسەر کەلا زنارا مێردینێ
قەب قەبا کەوێ کووزێ
لئێڤارا دخورینیتن لسەر **هێلینێ**
یا هاتییە سەرێ من‌و کەلەش گەورێ
نەهاتییە سەرێ مەم‌و زینێ

حەسەن جەزراوی لە پێش سترانا کاڤووکێ بە هەستان چڕیویەتی.

**هێما:** هێما دوو واتای جیاوازی هەیە: یەکەمیان واتە: ئاماژە؛ درکە؛ ئیشارەت.

خـــودا بیبـــڕێ مـــاچ لە دوورەوە
دەم نەنیـــی وەبان گۆنای سوورەوە
چ فایدە لە دوور **هێماو** چاوبڕکێ
کـوانـێ بەو چـەشنـە دڵ دادەمرکێ «فۆلکلۆر»

دووهەمیان: واتە: هێشتا.

ئەی بەناز بەناز پەروەردە

**هێما** تەجرەبەی دنیاو نەکەردە «فۆلکلۆر»

**هێمۆ:** داوێنپاک؛ سەربەندی گۆرانییەکی کرمانجییە بە دەنگی عارف جەزراوی.

## پیتی ( ی )

**یارا:** بڕستو توانا. (یارای شتی وام نەماوە)

**یاریْ:** یار؛ بانگ کردنی یار بە گۆرانی.

**یارسا:** نێوی ئایینزای «ئەهلیحەق»ە، بیرو باوەڕی کاکەییەکان .

**یاسە:** جێگای سەختو رژدی چیا.

**یاسەمەن:** یاسەمین؛ درەختێکی گەلاْوردی بچکۆلەیە گوڵی سپیو بۆنخۆش دەگریْ؛ لە داری یاسەمەن دارجگەرە درووست دەکریْ.

**یانە:** ماڵ؛ خانوو؛ جێگەی حەسانەوە؛ ئان نا؛ دەنا؛ ئەگینا؛ ئامرازێکە لە عەرابەدا؛ ناوەڕاستی ئاپۆرە.

**یاوا:** یاوا هەورامییە واتە: گەیشت؛ هات.

**یەسنە:** یەزنە؛ جەژن؛ بەشێکە لە بەشە گەورەکەی ئاوێستا، کتێبەکەی زەردەشتی پەیامبەر، کە بریتییە لە سروودی ئایینی.

## بەشی کچان تەواو

# نێـوی کـوڕان

**پیتی ( ئـ )**

**ئاباسا:** نێوی هۆزێکی کوردە لە ناوچەی قامیشلی.

**ئاترۆ:** لە وشەی ئاترۆپاتین یا ئازەربایجانی کۆن وەرگیراوە. لە دەورەی مادەکاندا بە خاکی موکوریانیان گوتووە مادی بچووک و لە پاشان ئاترۆپاتین یا ئاترۆپاتەگان یا ئازەربایجان کە ئەورۆکە دەڵێن موکوریان.

**ئاخێز:** نیوە هەستان؛ نیوە رابوون.
(کاتێ چووینە ژووری، ئەوەندە توورە بوو کە ئاخێزێکیشی نەکرد!)

**ئاداد:** پاشنێوی «نوور ئاداد»ی سەرۆکی هۆزی ناسیکۆ بووە لە ساڵی ٨٨١ هـ. ز دا.

**ئادۆ:** لە کۆندا نێوی خودای با بووە. ئەم نێوە لە ناو

کوردەکانی سووریەو لوبناندا وافرە.

**ئادیاین:** لە کۆندا بەو ناوچەیەی گوتراوە کە باژێرەکانی «زاخۆو دهۆک‌و ئاکرێ»ی گرتۆتە بەر؟!

**ئادینان:** گوندێکە لە نێوان کاکەسیاو ناسراوا، لە ناوچەی سەقز لە کوردستانی بندەستی ئێران.

**ئارا:** دۆستی‌و نێوانخۆشبوون؛ جێگەی ژینی هەمیشەیی؛ بوون‌و هەبوون. (باسی تۆ دەئارادا نییە)

**ئارارات:** زنجیرەیەک چیایە لە کوردستانی تورکیە کە بەشێکی کەوتۆتە نێوان سنوورە دەسکردەکانی ئێران‌و تورکیەو قەفقازی رووسیەو بەرزترین لووتکەی ٥١٦٥ میترە. ئارارات یا کێوی نۆح کە تورکەکان پێی دەڵێن **ئاغریداغ**و ئەرمەنییەکان پێی دەڵێن «**مازیک**»، هەر هەمان چیای «**ئاگری**»یە کە نێوێکی کوردییە. ئاغر «ئاگر»ە کە کراوە بە ئاغرو (داغ)یش وشەیەکی تورکییە واتە چیاو حکوومەتی تورک ئەو کلکەیان پێ زیاد کردووە. چیای ئاگری لە بەر ئەوەی گڕکانەو سەر بە ئاگرە، بوومەلەرزەی زەمەندو خەتەرناکی لێ رادەبێ.

**ئاراز:** ئاراس؛ چۆمی ئاراز یان ئاراس لە ناوچەی بینگۆڵ لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیەوە سەرچاوە دەگرێ، ٤٣٥ کیلومیتر بە کوردستاندا دەڕوا، بە سنووری ناوەند

ئێران‌و تورکیه‌و یه‌کێتی سۆڤیه‌تدا تێ‌ده‌په‌ڕێ‌و ده‌ڕژێته زه‌ریای قه‌زوێن. درێژایی ئاراز ده‌گاته ۹۲۰ کیلۆ میتر.

**ئاراسپاس:** له گه‌وره‌کانی مادو بینه‌وانی په‌رسگه‌ی پانته‌ئا بووه.

**ئاراسن:** نێوی چیایه‌که له لای رانیه له کوردستانی بنده‌ستی ئێراق.

**ئاران:** بنکه‌ی ژیانی زستانه‌ی کۆچه‌ران؛ (هه‌موو چوونه هه‌واران ئێمه ماوین له ئاران)؛ گه‌رمیان؛ زه‌وینی ته‌خت‌و راسا؛ ده‌شتی به پیت‌و نه‌رمان.؛ عه‌زیه‌ت‌و ئازار.

**ئارانچا:** نێوی شاری‌که‌کووک بووه له سالی ۵۷۲ زایینی‌دا؟!

**ئارام:** له‌سه‌رخۆ؛ بێجووله؛ هێدی؛ مه‌ند؛ هێمن.

**ئارباکۆ:** یه‌کێ له سه‌ردارانی ماد بووه.

**ئارپاکۆ:** ئاگری پاک‌و پیرۆز؛ نێوی یه‌کێ له پاشاکانی ماد بووه؛ ئاگر له لای کورد، پاک‌و پیرۆزو جێگای رێز بووه، چوونکه کورد پێش ئه‌وه‌ی به زۆر بکرێ به ئیسلام‌و ئه‌و ئایینه‌ی به سه‌را داسه‌پێنرێ، ره‌دووی ئایینی زه‌رده‌شت بووه‌و ئاگرپه‌رس بووه.

**ئارتین:** ئاگرتین؛ ئاگری پڕتین‌و بەبڵێسە؛ ئار واتە: ئاگرو «تین»یش واتە گەرما، هێز، بڕست. پیرنیا لە "تاریخ ایران زمین"دا دەڵێ نێوی حەوتەمین پاشای مادەکان بووە. ئەو نێوگەلەی کە لە دوو وشە پێک هاتوون‌و لێکدراون‌و وشەی یەکەمیان «ئار»ە، بە زۆریی لە ناو ئەرمەنییەکاندا هەیەو کوردین.

**ئارخەیان:** دڵنیا؛ خاتر جەم؛ بێخەم؛ بێترس‌و دوودڵی.

**ئاردە:** تازەداهاتوو؛ تازەبابەت؛ نۆهاتی.

**ئارزەن:** گوندێکە لە نێوان ئاسیاوجۆو ناسراوا، لە ناوچەی دێگولان لە کوردستانی بندەستی ئێران.

**ئارسان:** نێوی هۆزێکی کوردە لە لای خوڕڕەم ئاوا «خرم‌اباد».

**ئارکاس:** نێوی گوندێکی کوردنشینە لە ناوچەی مووش لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە.

**ئارکی:** ئارکی «هەرکی» نێوی تیرەیەکە لە هۆزی زێبار لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**ئارمانکۆ:** نێوی قەڵایەک بوو لە کوردستانی بندەستی تورکیە کە ئاشوورییەکان ساڵی ٢٥٤ هـ . ز درووستیان کرد.

**ئارناس:** نێوی تیرەیەکە لە هۆزی داکشۆری لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە.

**ئاروین:** ئەزموون؛ تاقیکردنەوە. ؟!
ئەم نێوەم بیستووەو لێی دڵنیا نیم کوردی بێ بەلام لە پاشکۆی فەرهەنگی خاڵ بەرگی سێهەمدا نووسراوە: وشەیەکی کۆنی مادییەو واتای تاقیکردنەوە و بەراورد دەدا.
لە فەرهەنگی فارسی «برهان قاطع» بەرگی یەکەمدا نووسراوە، ئاروین: تجربە، إمتحان، آزمایش.

**ئارهان:** ژانو ئێشی ئەندامی سووتاو.

**ئاری:** نیشتەجێ؛ بەرانبەر بە کۆچەر؛ کۆمەک؛ یاریدە؛ تیرەیەکە لە مرۆڤ، کە ئێرانیەکان خۆیان بە پاشماوەی ئەو تیرەیە دەزانن، یان خۆیان لەو رەگەزە دەزانن.

**ئاریان:** کۆی "ئاری"یە، دڵتێکچوونو دڵهەڵشێوان لە خواردنەوەدا، کوانو زیبکە لە لەشهاتن؛ گوندێکە لە نێوان ژنێنو فەقێکانی بەشی پایگەلان لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**ئاریتما:** نێوی یەکێ لە سەردارانی ماد بووە.

**ئارشام:** نێوی یەکێ لە گەورەکانی ماد بووە.

**ئارێز:** له بنەڕەتدا ئاورێژ بووەو زاراوە گۆڕیویەتی؛ کێوێکی بەرزە کەوتۆتە باکووری شاری سنە و ڕێگای مەریوان بە وێدا تێدەپەڕێ. (گوایە نێوی یەکێ لە سەردارەکانی سەردەمی ماد بووە؟!)

لەسەر ئارێزەوە با بڕوانم
بۆنەکەی خۆشە دەگاتە گیانم
قیبلەکەم شاری "سنە"ی سەربەرزم
خاوەنی شۆرە جوانی* تەرزم
قیبلەکەم شاری کزی ملبەکوێن
گۆڕی پیرۆزی شەهیدان لە کوێن؟! «ڕێبوار»

* لە سنە بە کچ یان کوڕی شەنگو لاوو بالأبەرز دەڵێن: جوان؛ شۆڕەجوان؛ جوانخاس. بەڵام لە موکوریان بە جوان دەڵێن: جەوان.

**ئاریۆ:** سەرگری نێوی ئاریۆ بەرزینە؛ یەکێ لە سەردارە ئازاکانی کورد بوو کە لە بەرانبەر هێرشی ئەسکەندەردا سەردەمێک خۆڕاگرانە بەربەرەکانێ کردو شەڕی کرد.

**ئازا:** ئازاد؛ (گەردنم ئازا کە، گەردنت ئازابێ) بەکاکڵ (وەک گوێز ئازا وایە)؛ ئەندامی لەش (هەموو ئازای لەشم ژان دەکا)؛ ڕزگار؛ زیرەک؛ فرز؛ گورجو گۆڵ؛ بەکار؛ نەترس.

**ئازاسەر:** نێوی ئەو پیاوە کوردەیە کە چیرۆکی کوژرانی رۆسەم بۆ فردۆسی دەگێڕێتەوە.

**ئازاد:** سەربەست؛ رزگار؛ بەرەڵا.

**ئازۆ:** نێوی کۆنی چیای «ساسۆن»ە لە کوردستانی بندەستی تورکیە.

**ئاژۆ:** لێخوڕ؛ داژوێنەر یان «راننده»؛ لکلێبوونەوەی ریشە؛ لە زاراوەی زازاییدا واتە شوێن پێهەڵکردن؛ وشەی پاشگرە، وەکوو: گەرمازۆ: گەرمابردوو. دەستاژۆ: دەستەمۆ، فێرەدەست. مەیاژۆ: کەسێک کە خواردنەوە «مشروب»، لێیدابێ.

**ئاژوان:** گوندێکە کەوتۆتە ناوچەی چلچەمە، لە هەرێمی سنە.

**ئاژین:** ئاوبەردانە سەر شێف بۆ نەرمبوونەوە؛ ئاوەنیاکردن.

**ئاسۆ:** کەمەن؛ کەنارەی ئاسمان؛ جێگای ئاوابوون یان هەڵاتنی مانگ و رۆژ؛ مەودای نێوان ئاسمان و لووتکەی کێوان؛ تارمایی؛ رەشایی لە دوور.

**ئاشۆ:** وچان؛ پشوودان؛ تۆزێک وەستان بۆ ئیسراحەتکردن؛ پەشێوی و ئاژاوە؛ کێم و زووخی برین.

**ئاڤدین:** تۆڵەکردنەوە؛ لە حەقهاتن.

**ئاڤزێم:** ئاوزێم؛ کانیاوێ کە بەهاران دەژێیتەوەو هاوینان وشک دەکا؛ کوێرەکانی.

**ئاڤزین:** بڵندایی‌و گێژی نێرینەی ئاو.

**ئاکار:** خوو؛ رەوش؛ کردەوە؛ ئەخلاق.

**ئاکام:** دوایی؛ پاشینە؛ کاتی مەرگ؛ هەنجل؛ ئەنجام.

**ئاکران:** نێوی گوندێکی کوردنشینە لە ناوچەی قارس لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە.

**ئاکرێ:** شارێکە لە باکووری کوردستانی ئێراق نزیک لە شاری رواندز.

**ئاکۆ:** لووتکەی کێو؛ ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە «تاریخ کردو کردستان»دا، دەڵێ: هۆزێکن لە باکووری شاری رانیە دەژین. «ئاکۆیان»یش گوندێکە لە ناوچەی بالیسان.

**ئاگا:** خەبەر (ئاگام لێ نییە)؛ هۆشیار؛ وشیار؛ زاناو ژیر؛ بێدار؛ نەخەوتوو (نەخەوتووە بە ئاگایە)؛ قەیران‌و تیژبوونی نەخۆشی.

**ئاگریی:** چیای سەربەئاگر؛ گڕکان؛ ئاگرڕژێن؛ چیای ئاگریی ئەو چیایەیە کە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی تێداشکا.
بڕوانە ئارارات.

ئەی دایکی شەهیدی کوردی
تۆ وەکــوو چیـــای ئاگــریی،
لەبەر تــەوژم‌و باو تــۆفــان
سەخت‌و ڕەق‌و پێــــداگری
لە ئاست ئەم داخ‌و دەردانە
بەهیممــەت‌و خــۆراگـــری
سەرت سپی‌و بەفـــراوییە
دەروونت کڵـــی ئاگـــری
کێ دەکا مەنعــی گــریانت
بۆ ڕنووی ئاگــریی ناگــری؟! «هێـــمن»

**ئالاز:** قامک؛ خەڵووز.

**ئالان:** ناوچەیەکە# داگری نزیک بە «٤٠» گوند، کەوتۆتە ڕۆژاوای شاری سەردەشت لە دۆژ سنووری دەستکردی ئێران‌و ئێراق؛ نێوی چیایەکە هەر لەو ناوچەیە.
ئەم نێوە لە وڵاتانی سکاندیناوی، ئورووپا، ئەمریکاو شوێنانی دیشدا هەیەو نێونکی کۆنە کە لە نێو گەلانی ئاسووریی‌و ئەرمەنی‌و مەسیحی‌و زۆر نەتەوەی دیکەشدا هەیەو مشەیەو بە (ئەلەن) یش دەوێژرێتەوە.

---

# ڕەنگە بە لای زۆر کەسەوە سەیر بێ کە نێونکی ئەوتۆ کوێرا

گەیشتۆتە کوردستانو خۆی بە سەر ئەو چیایە دابڕیوە!؟
هیچ شکو گومانی تێدا نییە کە دوو هەزار ساڵ زیاترە ئاسووریو ئەرمەنیو جوولەکەو هیتریش لە کوردستان لە گەڵ کورد پێکەوە دەژینو ئێستاش هەر هەن. چ لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە، چ لە کوردستانی بەردەسەتی ئێراق، چ لە کوردستانی بندەستی ئێران، چ لە کوردستانی ژێردەستی سوورییە، چ لە ئەرمەنستان.
زمانو ئەدەبو کولتووری هەر یەکە لەم نەتەوەگەلەش بە بەشی خۆیان، لە سەر زمانو ئەدەبو کولتووری کوردی شوێنی داناوەو هی کوردیش هەروەسا. جا لەبەر ئەمە بڕێ نێو لە زمانی کوردیدا هەیەو لەم کتێبەدا چاپ کراوە کە کوردی نێنو ئاسووریو ئەرمەنیو هیترن.
ئەو جوولەکەگەلەی کە لە کوردستان دەژیانو گەڕانەوە بۆ ئیسراییل، ئێستاش زمانی کوردییان لە بیر نەکردووەو هەر چەند بە ئایین جوولەکەن بەلاّم بە سۆلان خۆیان بە کورد دەزانن.
لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە زۆربەی ئاسوورییەکان ئەوانەی کە لە کوردستان لە گەڵ کورد دەژین، کوردی دەزانن و لە گەڵ کورد تێکەڵنو سەرەرای ئەوەش لە لایەن کوردەوە بە هۆی وشکەڕزیی ئیسلامەتیەوە ستەمیان لێ کراوە، دیسان کوردیان هەر خۆش دەوێو گۆرانیبێژیشیان هەیە کە گۆرانی کوردی دەزاننو لە ئاهەنگو شاییو زەماوەندا دەیڵێنەوە.
لە کوردستان لە سەردەمێکدا کە ئیسلام موزیکو ئامێری موزیکای بە حەرام راگەیاندو پاوانی کرد، جوولەکەکانو مەسیحییەکان بوون کە برەویان پێ داوەو هێنایانەوە بەر کارو ئەوان پێشڕۆی زیندووکردنەوەو پەرەپێدانی موزیکای کوردی بوون.
لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق، مەسیحییەکان لە زیندووکردنەوەی گۆرانیو موزیکای کوردیدا، دەوری هەرە گرینگیان گێڕاوەو باشترین گۆرانیبێژیان لێ هەڵکەوتووە کە بە کوردی گۆرانییان چڕیوە. وەک: مەریێن، قەشە شابیل؛ سێوە،

باكووری. هەر وەسا زۆر مووزیکارو سازژەنی وەکوو ولیەم یوحەننا، جانا تۆماس، باکووری، فەرەنسیس داوود، ئەلبێرت‌و فەرید عیساو جەنان‌و موئەییەد و زۆری‌تر.
لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێرانیش هەروەسا لەم بەشەدا لە سەردەمی دانانی رادیۆی سنە کە چل ساڵ زیاترە دامەزراوە، کوردە موسوڵمانەکان لەبەر وشکەڕۆیی ئایینی‌و دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردەواری، کەمتر وێراویانە یان پێیان شوورەیی بووە لە کارو باری مووزیکای کوردیدا بەشداری بکەن، زۆرتر جوولەکەکان بوونە کە ئەو ئەرکەیان گرتۆتە ئەستۆو مووزیکای کوردییان بلاو کردۆتەوەو ناساندوویانە!!
بێجێگە نییە لێرەدا باسێکتان بۆ بگێڕمەوە:
کاک رزگار خۆشناو گوتی: لە زانکۆی مووزیکی ڤییەن کە دەرسی مووزیکم دەخوێند، مامۆستاکەمان بۆی گێڕامەوە کە: هەوا نەزم یان ریتمێک لە مووزیکای کوردیدا هەیە کە پێی دەگوترێ جۆرجیناو بە هەوای «سێنجار»وە نزیکە. ئەم ریتمە ریتمی جوولەکەکانەو لە کوردەواریدا بە تایبەت لە باکووری کوردستان زۆرەو هەوای نەزمێک هەڵپەرکێیە کە لە شێوەی «رۆینە»یە. عەرەبەکان ئەم نەزمەیان بە هی خۆیان لە قەڵەم داوەو لە بەر ئەوەش بە سەر جوولەکەکاندا زاڵ بوونە، بە ریتمێکی عەرەبییان ناساندووە. *

**ئالأنا:** دۆڵی پێنچەڵپێنچ؛ دۆڵێکە لە نێوان خەلیفان‌و رانیە.

**ئامانج:** ئاماژ؛ مەرام‌و مەبەست لە ژیاندا؛ نیشانە یان هەدەف بۆ پێکان‌و ئەنگاوتن؛ کێلک Kêlik، ئەو شتەی بۆ تیرهاویشتن لە پێشچاو دەگیرێ؛ خزم‌و کەس‌و کار؛

دزز؛ (دززی کورد رزگاری کوردستانە.)

**ئامباز:** ئاوقەد؛ چنگاوڵ. (ئامباز بوون: ئاوقەد بوون.)

**ئامود:** هێلانە؛ هێلانەی مەلگەلێکی وەکوو: باز، شەهێنە، شابوو، هەڵۆ.

**ئامیار:** هەواڵ؛ هاوکار؛ یاریدەدەر.

**ئامێخ:** پاشایەکی کوردی گۆتی بووە لە سەدەی ١٤ هـ . ک.

**ئامێد:** گوندێکە لە نێوان مەهابادو سەردەشت، نێوی کۆنی شاری دیاربەکرە.

**ئاوارە:** هەڵوەدا؛ دوور لە ژینگەی خۆ؛ پەڕیوە؛ تەرە.

**ئاودەڵ:** پۆڕی نێر؛ مەلێکە لە کەو بچووکتر؛ راو دەکرێ‌و گۆشتی دەخورێ.

**ئاوەژێ:** ئاوەزێ#؛ شوێنی زۆق‌و زنە؛ گوندێکە نزیک گوندی «مەرگە»، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

---

# ئەو لادێیانەی کوردستانی بندەستی ئێراق، کە لەم کتێبەدا نێویان هاتووە، هێچیان نەماون‌و هەموویان سووتێنراوو وێران کراون.

**ئاوەڵ:** لف؛ ئاواڵ؛ هەڤاڵ؛ یاوەرە؛ هاوڕێ.

**ئاوەڵان:** شوێنی ئاوەزا؛ شاخێکە بەرانیەر ئاژوان.

**ئاوێر:** ئاودیر؛ ئاویار؛ کەسێک کە ئاو دەدێرێ.

**ئاوێستا:** بنەماو بنەڕەت؛ پەناو داڵدە؛ نێوی کتێبەکەی زەردەشتە.

**ئاوێسەر:** کەژێکی بەئاوو بژوێنە لە هەورامان، لە لای باکووری شارۆچکەی تەوێڵێ.

**ئاهێر:** ئایەر؛ ئاتر؛ ئار؛ ئاور؛ ئێگر؛ ئاگر.
ئازیــــــزم **ئاهیـــــــر** دووری بالای تـــز
جەستەم کەرد وە بووڵ شەماڵ بەرد پەی کۆ
«مەولەوی»

**ئاپرۆ:** هۆزێکی کۆچەرین کە شوێنەمێنگەیان باکووری ناوچەی «بالیان»ە، لە هەرێمی مووسڵ لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**ئۆچکان:** شوێنی پڕ زەڵو قامیش؛ مەڵبەندێکە لە هەرێمی مووش، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە.

| | |
|---|---|
| **ئۆرمان:** | گوندێکە لە ناوگەی «بەروار»ی سەروو. |
| **ئۆگر:** | خووپێگرتوو؛ مأنوس. |
| **ئەترووش:** | نێوی هۆزی ئەترووشییەکانە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق. |
| **ئەترەش:** | زراو؛ زالە؛ (کە چاوم پیّ‌کەوت، لە ترسانا ئەترەشم پەڕی، یان هێندەی نەمابوو زراوم بتۆقیّ). |
| **ئەراسن:** | نێوی مامی زەڕدەشت پەیامبەری کوردە کە وێدەچیّ لە گوندی خوڕخوڕەی لای مەهاباد نیشتەجیّ بووبیّ! |
| **ئەردەلان:** | ئاردەلان؛ ئاسیاوان؛ ئاشەوان؛ ئەردەلان کۆی ئەردەڵ «ئاردەڵ»ە. ئاردەڵ نێوبانگی خوسرەوی ئاشەوانە کە یەزگردی شاریاری (ئێران)ی کوشت. کۆنە هۆزێکی گەورەن، کە بەشێکیان شیعەنو لە سنەو لادێکانی دەورو بەرو برێکیشیان لە تارانو شوێنانی دیکە دەژین. دەسەلاتدارەکانی کۆنی سنە، لە قەڵەمڕۆی فەرمانڕەوایی ئەم شارەدا، لەم هۆزە بوون، کە لە پێشدا حکوومەتی شارەزووریان بە دەستەوە بوو، پاشان «سنە» شیان گرتو لێی مانەوە.<br>ئەردەلانییەکان کە لە سنە بە خانو ئەعیان نێویان دەرکربوو هەرواش بوون، خاوەن زەویو زارو هەموو شتیّ خۆیان بوون؛ سەردەمێک سەر بە دەوڵەتی ئێرانو |

سەردەمێک بۆ خۆیان سەربەخۆو سەردەمێکیش سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوونو پاشان وردە وردە، لەو دەسەلاتو تەختو بەختە کەوتنو دەستی زوڵمو زۆریان لە سەر خەڵک بڕا.

لازمە شەرح و بەیانی کۆمەڵی عالیجەناب
خانەدانی " ئاردەلان"ی خاوەنی تیغو تەناب
ئینقرازی ئاردەلانی هیچ نەبوو ئیللا غرور
قەهری هیچو پووچی زۆرو کبری بێحەدو حیساب!
«قانع»

**ئەردەنا:** دوو گوندن لە نێوان ئینشکو بامەڕنی کە گوندی سەروویان کوردی موسوڵمانو گوندی خوارووشیان کوردی «فەلە»نە.

**ئەردەهان:** شارێکی کوردنشینە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە؟

**ئەرژنگ:** دارێکە لە دارئەرخەوان دەچێ.

**ئەرکان:** ڕەختو ئەسپابی شەڕ.

**ئەرکەوێن:** گوندێکە بە سەر چۆمی «خۆیین»ەوە لە ناوچەی گەڕووس لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**ئەرگۆش:** گوندێکە لە لای سەرووی گوندی «مێرۆس»ەوە لە سەر

سنووری تورکیه له بن چیای گزڤەند که ٣٦٦ کانی تیٚدایه.

**ئەروەند:** رۆشنبیر؛ شانو شکۆ.؟

**ئەزمڕ:** کیٚونکه کەوتۆته رۆژهەلاٚتی شاری سلیٚمانی، که ریٚگای سووره‌قلاٚتو قەلاٚچوالانو ماوەتو کاریٚزه، بەویٚدا تیٚدەپەڕیٚ.

**ئەزین:** نیٚوی میری جزیرو بۆتانو باوکی «خاتوو زین»ی دلٚداری «کاکه مەم» بووه.

**ئەژدەهاک:** زوحاک «ئازیدەهاک»ه که کورد پیٚی دەلٚیٚ: ئەژدەهاک. ئەژدەها؛ حەزیا؛ زەها؛ هەژدیها؛ ماری گەورەی چیرۆکان؛ حەفی.
به پیٚچەوانەی ئەو دەنگۆیەی که له ناو کورددا دەمیٚکه بلاٚوەو دەلٚیٚن ئەژدەهاک حاکمیٚکی زالٚمو خویٚنڕیٚژ بووەو چیو چی..... "احمد شاملو" شاعیری پایەبەرزی فارس دەلٚیٚ: ئەژدەهاک "ضحاک" پاشایەکی عادلٚو خیٚرانکار بووه که زەوینه داگیرکراوەکانی به سەر خەلٚکی هەژار دابەشیوەو زۆر کاری دیکەی لەم بابەتانه بەلاٚم به دەستی «**شاوان بیٚمۆخ**»یک# به نیٚوی کاوه له دەسەلاٚت کەوتووەو فەرەیدوون له جیٚگەی رۆنیشتووەو پاشایەتی هاتۆتەوه گۆڕیٚ!
هیٚرۆدۆت دەلٚیٚ: "ئاستیاز" یان "ئازیدەهاک" که هەر

(ئەژدەهاک)ە، یەکێ لە پاشاکانی ماد بووەو ۳۳ساڵ پاشایەتی کردووە.

---

بۆ « شاوان بێمۆخ» بڕوانە نەورۆز لە بەشی کوڕان.

ئەژدەهاک لە لای کورد ئەوەندە نێوخراپ‌و تڕۆ بووە کە گۆران شاعیری پایەبەرزی کورد رووی تێدەکاو دەڵێ:

ئــەژدەهــاگ‌زینـدانت‌قــەلاْقــەلاْیـە
دیـواری کـــۆنکــرێت دەرگای پـــۆلاْیـە
ئەژدەهاک! کـونبـڕە، سـەختـە زینـــدانت،
نارووشـــێ بە بــــڕیەن بەنــدی گـــرانت!
ئەژدەهاک! ئەی دێوی لە (بیر) زراو چوو،
ئەی ناشتای مـــارانت بە مێشک کـــردوو! «گۆران»

لە راستیدا مەسەلەی ماری سەر شانی ئەژدەهاک‌و دانە دەرخواردی مێشکی لاوان بەو مارانە درۆیەو ئەمەش ئەفسانەیەکە وەکوو ئەفسانە کەونەکانی یۆنانی کەونارا. بڕوانە نەورۆز.

**ئەژی:** دەژی؛ نامرێ؛ دەهێنێ؛ هەڵدەگرێ؛ ئەوەندە پارە هەڵدەگرێ؛ بەو نرخە گران نییە ئەژی.

**ئەستۆ:** گەردن؛ مل؛ ستۆ؛ بەرزایی نێوان شان‌و سەر.

ســاقــی ئــۆباڵــی منت وە ئەستۆ
هەرکاتــێ‌مــردم، هەر بەمەی بشۆ « ؟ »

ئۆباڵی منت وە ئەستۆ بێ
سەبەبکارت رەنجەڕۆ بێ
تاکەی دڵ بەتەمای تۆ بێ «فۆلکلۆر»

**ئەشکان:** نێوی گوندێکە لە داوێنی چیای ئالان کە کەوتۆتە پشت سەردەشت؛ لە چیرۆکی "وەیس‌و رامین"دا نێوی سێهەمین رەتەوەی پاکزییەکانە؛ نێوی بنەماڵەی گەورەی پاشایەتی ئێرانی بەر لە ساسانییەکانە.

**ئەشکۆڵ:** داری پشت دەرگا بۆ داخستن.

**ئەڤیندار:** ئەویندار؛ ئاشق؛ دڵدار؛ گراوی.

**ئەکراش:** نێوی یەکێ لە دەسەڵاتدارانی کورد بووە لە سەردەمی ئەلچاتیزی مەغۆلدا.

**ئەڵوەند:** چالاک؛ بەدەست‌و برد؛ هەم نێوی کێوێکە هەم نێوی رووبارێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**ئەورام:** چاکە؛ بەخشش؛ رەوا؛ سازگار؛ درووست؛ باش؛ صلاح. (بە صلاحی نازانم= بە ئەورامی نازانم.)

**ئەوژەن:** شکێنەرو بەزێنەر؛ هاوێژەر.

**ئەوگار:** ماندوو؛ پێکراو؛ پەریشان؛ بریندار. ئەم وشەیە ئاوەڵناو

«صفت»ە، وشەیەکی کۆنی مادییەو لە فارسیدا بە «افگار» دەخوێنرێتەوەو شاعیرە کلاسیککارەکانیش لە شیعردا بە «فیگار» نووسیانە.

**ئەیناخ:** نێوی تیرەیەکە لە هۆزی جاف، لە ناوچەی جوانرۆ، کە لە کۆندا کوێستانو گەرمیانیان کردووە، هاوینان چوونەتە چیای شاهۆو زستانان دابەزیونەتەوە خوارێ.

**ئەیوان:** شارێکی کوردنشینە لە هەرێمی ئیلام.

**ئیرازتۆ:** پاتەختی کوردە مانیانییەکان بووە کە دەبێتە کەلاوەکانی زێوییەی ئێستا لە ٥٠ کیلۆمیتری شاری سەقز.

**ئیرەوان:** ئێریڤان؛ ئیرەوان پاتەختی وڵاتی ئەرمەنستانە لە سۆڤیەت(شوورەوی)و خاکی ئەرمەنستانە، بەڵام کوردی زۆری لێ‌دەژی. لەلای کوردی زاراوەکرمانج (کرمانجی سەروو) لە ئەرمەنستان، ئیرەوان، بە **یێریڤان** یان **ئێریڤان** نێودێر کراوە. ئەم نێوە لە ناو کوردی زاراوەکرمانجی سەروودا زۆرەو **گەییشتۆتە** نێو کوردی زاراوە سۆران «کرمانجی خواروو»ش؛ زۆر کەس منداڵی خۆی بەم نێوە نێودێر دەکا.

**ئیلام:** هەرێمێکە لە خاکی کوردستانی ژێردەستی ئێران.

## پیتی ( ب )

**باتاس:** گوندێکە لە لای حەریر لە ناوچەی شەقلاوە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق.

**باقان:** گوندێکە لە نێوان چێوتاشانو عەلیاوا لە ناوچەی کامیاران لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران؛ شارۆچکەیەکە لە نێوان سێرتو مێردین لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە؛ کێشانەیەک هەمبەری شازدە کیلۆو نیو؛ پێوانە.

**باجەلان:** نێوی هۆزێکی کوردە لە لای کرماشان، کە دەبنە دوو تیرە، جەمەوەرو قازانلوو، ئەمانە لە تیرەی «لەک»نو دەبنە پاژی هۆزی لوڕ؛ ئەم هۆزە لە دەورو بەری قۆرەتووو هەورێنو شێخانو قەسری شیرینو قازانیەی مەندەلیو ناوچەی دەرگەزێن دەژینو لە لای رۆباری قەزوێنیش هەن.

**بادلیان:** چیایەکە لە ناوچەی دیانا.

**بادینان:** بەشی باکووری کوردستانی ئێراقە، کە داگری شارەکانی دهۆک‌و زاخۆو ئامێدی‌و چەندین گوندو شارۆچکەی دیکەیە.

**باراش:** دەخڵێ کە دەبرێتە ئاش بۆ هارین.

**باران:** ئاوێ کە بە دڵۆپە لە هەورانەوە دادەرژێ؛ واران؛ بارشت؛ وەشت.

کۆلکە زێڕینەی پاش «**باران**»ی زۆر
چەمــاوەتــەوە بەرانبــەر بەخــۆر. «گۆران»

**باراو:** گوندێکە لە داوێنی چیای کاژاو، لە نێوان پێنجوێن‌و سلێمانی.

**بارزان:** بەرزان؛ شوێنانی بڵند؛ ناوچەیەکە چڕو شاخاوی، کە کەوتۆتە باکووری زێی گەورەوە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق‌و شوێنە مێنگەی هۆزی بارزانە.

**بارزین:** دۆڵێکە لە ناوچەی برادۆست لە پشت زینوێی خەلان لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق کە لەوێوە کوردستانی سەردەسێر دیارە.

**بارهان:** نێوی هۆزێکی کوردە لە لای دیاربەکر.

**بازان:** کێوێکە لە لای باکووری گوندەکانی خانماوا لە ناوچەی سنە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**بازگر:** کێوێکە لە لای سەردەشت؛ هێمایە بە چیای سەخت و هەڵەموت کە مەلگەلێکی وەکوو هەڵۆو بازو هی‌تر هێلانەی لێ‌دەکەن.

**باژۆ:** گەمی یان پاپۆرێک کە بادەوەی هەبێ؛ وشەی فەرمانە، لە «ئاژۆتن»ەوە هاتووە؛ باژۆ یان باژوێ درەنگە با بڕۆین؛ واتە لێ‌خوڕە با بڕۆین.
ئاژۆتن: لێ‌خوڕین. داژوێنەر: رانندە.

**بازیان:** نێوی گوندێکی سەر بە هەرێمی (سلێمانی)یە، کە چەند کیلۆمەتر بەم شارەوە دوورەو لە سەر ڕێگای سلێمانی بەرەو چەمچەماڵ، بە دەستی ڕاستدا بۆی لادەدرێ. لە دۆژ ئەم ڕێگایەدا دەربەندێک هەیە کە یەکێ لە شەڕەکانی شێخ مەحموودی مەلیک، لە گەڵ بەریتانیای داگیرکەر، لەوێ هەڵگیرساوە. لەو شەڕەدا کە لەو دەربەندە رووی داوە، شێخ مەحموود برینداربووەو بە دیلی کەوتۆتە دەستی ئینگلیزەکان.
لەدڵی ئەو دەربەندەدا گاشەبەردێکی گەورە هەیە کە لە کاتی ئەو شەڕەدا، شێخ‌مەحموود سەنگەری لێ‌گرتووەو لەگەڵ لەشکری ئینگلیز بە شەڕ هاتووە. لەبەر ئەو هۆیە

لەکوردستانی ئێراق، بەو بەردە دەڵێن: (بەردەقارەمان)و لە بەرئەوەش بازیان بەو گوندەوە نزیکە، ئەو دەربەندە بە دەربەندی بازیان نێودێر کراوە.

**باساک:** گوندێکە لە بناری چیای کاژاو، لە لای بەرزنجە لە ناوچەی سلێمانی.

**باسنێ:** گوندێکە لە سنووری نێوان بانەو پێنجوین، لەلای رەشەدێ.

**باسۆ:** ئەشکەوتێکی بچووکە لە ناوچەی مەریوان لە چیای ئاسانە.

**باشار:** دەربردن؛ خۆڕاگرتن؛ بەرانبەریی؛ پێوەستان. (ئەوەندە بە هێزە، دە کەس باشاری ناکا؛ ئەوەندە بخۆرە کە هیچێ باشاری ناکا!)

**باشناو:** نێوچاک؛ هۆزێکە لە کورد، کە لە ناوچەی نێوان مووسڵو خێلاتو سەلماس دەژین.

**باشوو:** واشە؛ باشە؛ باشووک؛ مەلێکی راوکەرە، بە فارسی پێی دەگوترێ «بەحری»و ٣٨ تا ٤٨ سانتیمیترەو زستانان لە کوردستان زۆرە.

**باشیل:** کولوانە؛ چارۆکە؛ شانو قۆڵ؛ شانو باشیل؛ ئاوارەو

دەربەدەر.

**باڤۆ:** باڤ؛ باب؛ باوک. بانگکردنی زارۆک لە باوک بە زاراوەی کرمانجی. (باڤۆ وەرە).

**باڤێ:** ئەشکەوتێکە لە سەر سنووری کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە، لە بەشی هەکاری. برایم عەزۆو هاوڕێکانی، لەو ئەشکەوتەدا شەهید کران.

**باگر:** باگا؛ رۆچنەی با؛ بە شوێنێک دەگوترێ کە با بیگرێتەوە، یان با بگرێتە خۆی.

**باگردان:** بانگلێر؛ بانگردێن؛ نێوی گوندێکە لە ناوچەی مەنگوڕان لە نێوان مەهابادو سەردەشت.

**باگرۆ:** بای توند؛ بای زەمەن.
لەبەر باگرۆ راومان پێ ناکرێ.

**بالانیو:** زنجیرە شاخێکە لە باشووری خۆرهەلاتی شاری هەلەبجە.

**بالەک:** نێوی دوو گوندن کە کەوتوونەتە لای سەرووی چەمی رواندز لە کوردستانی ئێراق. بەو گوندانەو شوێنەکانیان دەلێن بالەکایەتی؛ بالەک نێوی تیرەیەکە کە پاژی هۆزی «زەرزا» ن. لاس قارەمانی چیرۆکی «لاس و خەزال»، خەلکی ئەم ناوچەیە بووە.

| | |
|---|---|
| بالیان: | نێوی هۆزێکی‌کوردە لە لای شاری خۆی؛ هەروەها ناوچەیەکی سەر بە «مووسڵ»ە، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق. |
| بالێتان: | چووکە گوندێکی ناوچەی سەردەشتە لە داوێنی چیای ئالان نزیک بە مۆلێتان. |
| بالیسان: | گەورە گوندێکە لە نزیک شاری هەولێر. |
| بامەڕنی: | نێوی هۆزێکی کوردەو گەورەگوندێکە بەرانبەر چیای سوارەتووکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق. |
| باوان: | بابان؛ ماڵە بابی ژن‌و بووک؛ لە لای ئەوان؛ لە کن ئەوان. |
| باوزێ: | گوندێکە بەرانبەر بە چیای ئاسۆس لە ناوچەی دووکان لە هەرێمی سلێمانی. |
| باوەڕ: | بڕوا؛ باوڕ؛ سنووری ناوەند دوو زەوی؛ کەوشەنی نێوان دوو کێڵگە. |
| باوەر: | بهێنە؛ وەرێنە؛ جۆگەی ناو دەخڵەجاڕ.<br>نەیچی دەرەنگەن سا مەکەر دەرەنگ<br>فیدای پەنجەت بام نەی باوەر وەدەنگ «مەولەوی» |

**باوەند:** ڕەسەن؛ نەجیب؛ باوەندییەکان بە ڕەگەز کورد بوونەو لە سەدەی ٤ی کۆچیدا، ماوەیەک بوون بە دەسەڵاتداری باکووری ئێرانو دوایی خارەزمییەکان کوتایانە سەریانو لە دەسەڵات کەوتن.

**باهوو:** هاولفی وشەی شانو باهوو؛ قووڵ؛ کوور؛ وەرەقەکردنی دیوار یان خەندەکی دەوری باخچە؛ لاشیپانەی دەرگا؛ ئاڵووداری دارەڕا؛ شاهێنی تەرازوو؛ ئاسۆگ؛ کەناری ئاسمان؛ دارێکی شووشەییە دەکرێ بە چوارچێوەی دەرگاو پەنجەرەو شتی‌تر.

**باهۆز:** بای بەهێز؛ گەردەلوول؛ گێژەلووکە.

**باهێر:** زەوینی نەکێڵدراو؛ سەرگەردانو سەرلێشێواو.

**بجنوورد:** کەوتۆتە ڕۆژاوای شیروان، کە سەر بە «خوراسان»ەو ئەو کوردە جەلالییانەی لێ‌دەژی کە لە دەورانی شا عەباسی سەفەویدا کۆچ دران بۆ خوراسان.

**برادۆست:** دۆستی وەک برا؛ دۆستی گیانی گیانی؛ هەرێمێکی کوردنشینی کوێستانیو ساردی سەر بە شاری «خۆی»یە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، کە لە ڕۆژاوارە بە هێڵی سنووردەستکردەکانی هەر دوو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانو تورکیەوە بەندە.

زۆربەی دانیشتوانی شاری خۆی ئازەری زمانن‌و کوردیشی لێیە بەڵام گوندەکانی دەورو بەری ئەم شارە، هەمووی کورد نشینە. هەروەها لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراقیش لە لای رواندز، هۆزی برادۆست هەنە.

**برزۆ:** باڵابەرز؛ نێوی کوڕی زۆراو کوڕی رۆسەم بووە؛ ئەم نێوە لە فارسیشدا هەیەو نێوی خەباتگێڕێکی خەڵکی tووران بووە کە لە ناو لەشکرەکەی ئەفراسیاودا بووە.

**بڕیار:** "تصمیم"؛ پەیمان؛ قەرار.

**برینداar:** زامدار؛ کەسێ یا شتێ کە لەش یان جەستەی زامار کرابێ.

**بریوان:** هۆزێکی کوردن کە لە سەردەمی شاعەباسی سەفەویدا هەڵداژرانە خوراسان.

**بزێو:** بزۆز؛ سەرزیندە؛ زیت‌و وریا؛ پاشگری بزوێنەر.
کوردێ کە سەر هەڵێنێ
دەڵێن بۆتە سەرەبزێو «سەیفی قازی»

**بزۆز:** بێئۆقرە؛ کەسێک کە هەر لە گەڕاندا بێ.

**بژار:** گیای کەڵە؛ گیای هەرزە؛ «دان»ی بێگانە لە ناو

دانەوێڵەدا؛ گیای خراپ.

**بژوێن:** شوێنی تەڕو سازگار کە لەوەڕی زۆری هەبێ؛ شوێنی پڕگژو گیا،؛ زەمەند؛ زەوی پڕ گیاو لەوەڕ.

**بڵباس:** بە هۆزەکانی پشدەرو مەرگەو مەنگوڕ دەڵێن بڵباس‌و تیرەیەکی گەورەن لە کورد کە لە ناوچەی موکوریان، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران دەژین.

**بڵۆسک:** بڵۆسک: بۆ تێوەردان‌و خۆشکردنی ئاوری تەندوور بەکاری دەبەن؛ بستەی ئاش؛ بستی ئاسیاو: پارچە ئاسنێکە لە هەر دوو سەری بەرداش هەڵدەکێشرێ‌و سەری ژووروی دەکرێ بەنێو جەستەیەکدا کە «تەوەرە»ی پێدەڵێن، بۆئەوەی بەرداشی سەرەوە بسوورێنێتەوە؛ سەرەکەی دیکەشی دەکرێ بە جەستەیەکی دیکەدا کە نێوی «تۆپ»ە، بۆ ئەوەی تۆپەکە ئەم بسوورێنێتەوە. جا لەبەر ئەوەی ئاسنەکەو بەرداشەکە لە سووڕاندا گڕیان تێبەرنەبێ‌و نەسووتێن، ژێرە کلاشی لێ توند دەکەن.

**بلێز:** وەرزشکار؛ کایەکەر؛ (لیزتن بە زاراوەی کرمانجی سەروو، واتە: یاریکردن. وەکوو ئەزێ دلیزم، نکارم هەرم = من کایە دەکەم، ناتوانم برۆم).

**بڵێسە:** بڵێزە؛ بڵێسەی ئاگر؛ زووانەی ئاگر.

**بلیمەت:** هەڵکەوتە؛ کەم وێنە.

**بنار:** داوێنی کێو بەرەو دەشت؛ گەورەی ماڵ؛ سەرۆکی خێزان؛ دەمەقاڵە. (ئەو دەمەقاڵەیە چی بوو؟ هیچ نەبوو، وردە بناریێ بوو!)

**بنژیل:** پاژینە، خش‌و خاڵ‌و دەخڵ‌و دانی بن بێژنگ.

**بنەوان:** بنەوا؛ ئەو کەسەی کاری ناو ماڵ بەرێوە دەبا؛ قاعدە.

**بوار:** تەنکایی ئاو کە رێی هات‌و چۆ بدا، هەل، فرجە.
بواری وەم نادەن لە بن مێرگۆڵەیەک هەڵتووتەکێنم
چوونکە پرسەی دایکی ملبەکوێن‌و سەرشینم دەویێ!
«هێمن»

**بوویان:** گوندێکە لە پەنا شاری پێنجوێن، لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**بۆتان:** بۆتان رۆبارو ناوچەیەکی بەرینە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە.
ئاشقان بە مقصود گەییـن
ئـەدی یاری من کــوانـیێ؟
هەڵـــوەدای چاوی رەشم
لەجـــزیـــروبـــۆتانــــێ
خەمـی دایک‌و بابــم نیێ

لیـم بە جێمـــاوە جـوانـیێ!     «هاشم نانەوازادەگان»

**بۆتێ:** گوندێکە لە بناری چیای کارۆخ نزیک شاری رانیە.

**بۆران:** داباری‌نی بەفرو هەڵکردنی با پێکەوە؛ تۆف؛ کرێوەو بادەوە؛ بارانی بەخو ڕ؛ تۆفان.

**بۆران:** بە زاراوەی زازایی واتە: کەو؛ کەڤووک.

**بۆسکان:** گوندێکە لە بناری چیای سیوەیل لە ناوچەی شارباژێر لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**بۆسکێن:** گوندێکە لە لای رانیە.

**بۆشناخ:** باڵابەرزو چوارشانە؛ بەشانو باهوو؛ کەتەو تێسمێردراو؛ کەڵەگەت.

**بەتین:** گەرمو گو ڕ؛ توندو تیژ؛ (ئەمڕۆ هەتاو بە تینە)؛ تین: گەرما.

ئەمـسـاڵ وەرزی هـاوینــە
خــۆرەتـاو زۆر «بـەتـیـن»ە     «قانع»

**بەختیار:** کەسێ کە بەختی یاربێ.

**بەختەوەر:** خاوەنبەخت.

**بەران:** پەزی نێر؛ نێرەمەڕ؛ قۆچ؛ ئامرازێکە لە هەوجاڕدا بەکار دەبرێ؛ بەرخی‌نێر پاشی شەش‌مانگ، پێی دەگوترێ کاوڕە نێرو پاشی یەکساڵ شەکەنێر «شەک‌بەران»و کە چووە نێو دوو ساڵ، بەران.
بەران: گوندێکە لە ناوەند گوندەکانی ڕەشەهەرمێ‌و نەونەمام لە ناوچەی سەردەشت لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**بەرانان:** نێوی شاخێکە کەوتۆتە بەشی «قەراخ» لە ناوچەی سلێمانی. یەکێ لە شەڕەکانی شێخ مەحموودی نەمر لە گەڵ بەریتانیای داگیرکەر لەوێ ڕووی‌داوە.

سیا کـەژ سیا، سیا کێـوانە
سیابەرگ دیارە هەر هەورامانە
لە کێ بپرسین سۆراخـی ڕاستی
دیارە نزیک‌تر هەر «بەرانـان»ە
بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆز
ئێستە ئەوبەرت کێی لامیـوانە؟
هەواڵێ پرسە لە داری کـەلی
شێخ لەوێ ماوە یا لە سـەیوانە..؟؟
شینی شێخ‌مەحموود «صالح دیلان»

**بەرداش:** بەری ئیش‌و کار؛ بەردەئاش؛ کوچکی ئاسیاو.

**بەردەشان:** ملەی بەرد؛ کەلی بەرد؛ نێوی گوندێکە لە ناوچەی

مەرگە کە عەلی بەردەشانی بەیت بێژی بەنێوبانگ، لەوێ ژیاوە.

دوو عەلـــی شاعیـرن وەکوو حەسـسان
بەردەشـانو حـەریـرە مەســکـەنیـان «ح. ق. کۆیی»

حاجی قادر لەم شیعرەدا مەبەستی لە دوو عەلی یەکێکیان "عەلی بەردەشانی"و ئەوی دیشیان "عەلی حەریری"یە. حەسسانیش شاعیرێکی بە نێو بانگی عەرەب بووە کە بە پێغەمبەردا هەڵیداوەو لە زمانڕەوانیو خۆشبێژیدا کەم وێنەو لە نێو موسوڵمانانداا بە نێو بانگ بووە. حاجی قادری کۆییش هەر دووکیانی لە باری زمانڕەوانیو بڕستی شیعرییەوە بە حەسسان وێنواندووە.
عەلی بەردەشانی بەیتبێژی بەنێوبانگ لە سەردەمی ڕەحمانپاشای باباندا ژیاوەو شاعیری بارەگای وان بووە، یەکێ لە بەیتەکانیشی بەیتی ڕەحمان پاشایە. عەلی حەریریش شاعیرێکی کوردە کە بەر لە ئەحمەدی خانی ژیاوەو بە زاراوەی کرمانجی سەروو شیعری داناوە.

**بەردین:** کوچکین؛ لەبەرد سازکراو؛ لەبەرد داتاشراو.

**بەرزاخ:** بەروار؛ داوێنی کێو؛ بناری چیا.

**بەرزەک:** سەکۆ؛ بڵندایی ناودڵی تەختایی؛ ئەم وشەیە عەرەب کردوویە بە بەرزەخ!

**بەرزین:** بە جوانووی ئەسپ دەڵێن کە کاتی زینکردنی هاتبێ؛ نێوی کێوێکە لە نێوان ساباڵاغو سەردەشت کە چەمی لاوێنی بە بەردا دەڕوا؛ نێوی ئاگرکان (ئاتەشگە) یەکە لە لای خوراسان.

**بەرزیلان:** یاریی شێرو خەت؛ جۆرێک کایەیە کە بە پووڵو پارەی شێرو خەتدار دەکرێ.

**بەرکۆ:** قەرپووسی زین؛ بەرکوتیدەغڵ.

**بەرگین:** پێشینە؛ لەمێژ.

**بەروار:** گەوە؛ ناوقەدی کێو؛ بناری چیا؛ ناوچەیەکە لە ئامێدی. جێگای خۆیەتی باسی ئەم «بەروار»ەتان، کە دەمێکە بە هەڵە بە جێگەی تاریخ واتە «ڕۆژنووس»ی نامەو نووسراوە بەکار دەبرێ، لە زمانی مامۆستا زەبیحییەوە بۆ بگێڕمەوە!
مامۆستا زەبیحی، لە پێشەکی «قامووسی زبانی کورد»دا دەگێڕێتەوە: ساڵی ۱۹٤۳ بوو، لە شاری تەورێز، خەریکی چاپکردنی گۆڤاری «نیشتمان» بووم. لە سووریاڕا ڕۆژنامەی «ڕۆژا نووم»م بۆ هاتبوو کە لە دواییەکەیدا نووسرابوو: «بەرواری - ر - ر ۱۹٤۳»و پاشانیش نێوی (نووسەری وتارەکە)؛ لەو سەردەمەدا ڕەسم وابوو نووسەرانی ئێران یا شاعیرەکان لە دوایی

نووسینەکانیاندا وشەی (بتاریخ)و پاش ئەویش رۆژو مانگ‌و ساڵی نووسینی وتارو شیعرەکانی خۆیان دادەنا.
کاتێ ئەم دوانەم پێکەوە بەراورد کردن، وشەی (بەرواری) دەگەڵ «تاریخ» بەرانبەر دەوەستان، من بێخەبەر لەوەی (بەروار نێوی مەڵبەندێکە)، «کەو»م لێبوو بە «زڕەکەو»و (بەروار) بە (تاریخ)، ئیتر لەو سەعاتەوە هەروەک دوو «رێوی»م دەکونێکدا دۆزیبێتەوە، وابوو. هەرچی بەدەستی من چاپ دەکرا، پێویست با یان نەبا، وام رێک دەخست ئەم وشە نایابەی خۆم دۆزیبوومەوە لە جێگایەکی خۆی تێپەستێوێت.
وەکوو دەبینن ئەم وشە بێدایک‌و بابە، دایکی (جەهل‌و نەزانین)و باوکی (تعصبی کوێرانە)یەو خۆم لەو رۆژەوە کە هەستم پێکردووە، وازم لە بەکارهێنانی هێناوەو ئەم چیرۆکەشم بۆ گەلێ کەس گێڕاوەتەوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا خەڵک هەن دەستبەرداری نەبوون.

**بەرۆێن:** گوندێکە لە باشووری هەڵەبجە، لە بەری شەمێران.

**بەرهەڵست:** لەمپەر؛ کۆست؛ دوژمن؛ ناحەز؛ "مانع".

**بەرهەم:** بەهرە؛ داهات؛ بەش؛ بە رو بوو؛ "اثر"؛ "تولید".

**بەرەمۆ:** بەرخ یان کارژەلەیەک کە دەم لە گوانی دایکی بەر نادا و بە زۆر دووری دەخەنەوە.

| | |
|---|---|
| **بەرەنگار:** | دەگژڕاچوو؛ ئامباز؛ ئاوقەد؛ گلاْویز. |
| **بەرێژە:** | بەگو ڕ؛ بەتاو. |
| **بەرین:** | بەربلاْو؛ هەراو. |
| **بەسام:** | سامدار؛ ترسێنەر؛ بەهەیبەت. |
| **بەشکۆ:** | شیرکەت؛ شەریکە؛ بازرگانی هاوبەشی. |
| **بەڵسا:** | دەلیل؛ بورهان. |
| **بەلەنگاز:** | هەژار؛ دەستکورت. |
| **بەمۆ:** | کێوێکە لە ناوەند قەسری شیرین‌و دەربەندی خان‌و خانەقین. |
| **بەندەوار:** | بەهیوا؛ بەتەما. بەندەواریْ تەمە: بە هیوای تۆم. |
| **بەنگین:** | نێوی کوڕی وەزیری برایم پاشای «یەمەن»ە لە بەیتی "مەم‌و زین"دا. بەنگین لە گەڵ کاکە مەم پێکەوە گەورە دەبن‌و دوایی بەنگین دەبیْ بە نۆکەری بەوەفاو هەتا سەری کاکە مەم لەو چیرۆکەدا.<br>بەنگینە بەنگینەی رەنگینە |

نۆکەرەکەی گۆچان زێوینە
ئافتاوە و لەگەنان بۆ ئاغایە خۆت بینە
دەمی ئاغایە خۆت،
پڕ بۆتەوە لە گۆمیلکە گۆمیلکەی بەخوینە
بەیتی «کاکە مەمو خاتوو زین»

**بەهار:** باهێر؛ بوورە؛ زەوینی نەکێڵراو؛ زەوینی دێم.
رابە جووتیار دیٚ هلـوو رابە
بچینە عـەردیٚ چـۆڵو بەیار
بەردەستیٚ هـەوە جـووتیار
خەلکیٚ هەمیا، نانیٚ خو خار
«گۆرانییەکی تەحسین تەها»

**بەیتاس:** گوندێکە لە «٥» کیلۆمیتری شاری مەهاباد کە رێگای مەهاباد بۆ سەردەشت بە بەر ئەم گوندەدا تیٚدەپەڕیٚ.
بەت لە زمانی مادیدا، واتە: گەورەو مەزن کە هەمان وشەی بەدی پاشگری وشەی مووبەدە، کە لە موو یان موغ و بەد پێک هاتووە. موغ واتە: زەردەشتیو بەدو بەتو پەتو بادو پات، واتە: گەورەو مەزن کە بە سەر یەکەوە، دەبێتە گەورەی زەردەشتی.
ئاس لە زمانی مادیدا، بە مانای مەڵبەندە، کە ستێنو ستانو ئوستانو ئاستان، هەر لەو ریشەیەن. لە زمانی پەهلەویدا، ئەو وشەیە بۆتە وستان. لە کارنامەی ئەردشیری بابەکاندا، شارستێن؛ شتەروستان نووسراوە.
بەیتاس کە لە بنچینەدا بەتئاس بووە، واتە: مەڵبەندی

گەوران.
لە کوردستان ئاوایی دیکەشمان هەیە کە پاشینەکەی ئاسە وەکوو: سوێناس لە مەڵبەندی گەورکی مەهاباد کە سوێئاس بووە، بە مانای مەڵبەندی نوور؛ هەروەها نەلاس لە لای سەردەشت کە وێدەچێ نێڵئاس بووبێ.

**بەیرەم:** لۆس؛ لۆسە؛ باریە؛ نوێڵ؛ ئەهرۆم.

**بەیسە:** بەیسە بە زاراوەی هەورامی واتە: سەهۆڵ؛ شەختە؛ رچە.

**بێباک:** نەترس؛ ئازاو بەکار.

**بێبەش:** بێوەر؛ محروم.

**بێتوات:** بێتواتە؛ ناوچەیەکە لە دۆژ رانیەو دۆڵی بالیسان.

**بێخمە:** گوندێکە لە ناوچەی بادینان.

**بێخەم:** خۆشحاڵ؛ سەرەحاڵ.

**بێدا:** بێداد؛ فرەو فراوان؛ زۆرو زەبەن (پارەو پوولێکی بێدای هەیە). لە دوای داد دێت واتە هاوار. (داو بێدا)

**بیرەوەر:** خاوەن بیر؛ خاوەن فیکرو بەزەین؛ بیرا.

**بێرکۆت:** گوندێکی پچووکە لە پەنا هەولێر، کە "عەبدۆڵڵا پەشێو" شاعیری بە ناوبانگی کوردی لێ لەدایک بووە.

**بێزار:** وەڕس؛ جاڕز؛ هەراس؛ لە ناوچەی هەڵەبجە دەڵێن بۆژۆ؛ لە ناوچەی ئەردەلانیش "بۆژۆ" بەو گیاو ئالیکەی دەڵێن کە مەڕو ماڵات نایخوات و وەبەر لەپ و پۆزەی دەداو پیسی دەکا.

**بێستوون:** بێستوون: هێمایە بە ئاسمان.
بێستوون: بێکۆڵەکە. نێوی چیایەکی سەخت و بەرزە کە لە دۆژ شارەکانی کامیاران و هەمەدان و کرماشان هەڵکەوتووە و نزیک بە چیای "پەڕاو"ە. شاری بێستوونیش لە بناری ئەم چیایە هەڵکەوتووە.
هەناسەی ساردم دەرمەیۆ دەم دەم
پەڕاو مەسووتنێ، **بێستوون** کەم کەم «فۆلکلۆر»
کووەکەی **بیستوون** ئەڕام چوون خاکە
لە کووەکەی خەمت جەرگم پڕ چاکە «فۆلکلۆر»

**بێشاسپ:** گوندێکە لە مەڵبەندی گەورکایەتی لە ناوچەی سەردەشت.

**بێشۆ:** زیاد لە ئەندازە؛ لە رادەبەدەر.

**بێکەس:** تەنیاو رەبەن، تەنیاو کۆکم.

**بێنگۆڤە:** گوندێکە لە ناوچەی بادینان سەر بە کانیماسی.

**بێڵەوار:** گوندێکی سەر بە هەرێمی «سنە» یە لە بەشی باشوور.

**بێڵۆ:** بێڵوو؛ بێلوو؛ سەرچاوەیەک کە بەهار دەژێتەوە. ئاڤزێم.

**بینگۆڵ:** ناوچەیەکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە.

**بێوار:** نەزۆک؛ نەزا.

**بێواس:** چیایەکە لە ناوچەی سیدەکان لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**بێوەی:** بێنقیسپو قۆرت؛ بێبەڵا.

**پیتی ( پ )**

**پاچیک:** نێوی لکێکە لە تیرەی عەبدۆیی لە هۆزی شکاک لە سۆماو برادۆست.

**پاراو:** تەڕو تێرئاو.

**پارێز:** نیشتنە پارێز؛ دووریگرتن؛ خۆپاراستن؛ بەدزەوە بۆ نەچیر چوون.

**پازووک:** لەو کوردانە بوون کە پێشتر سەر بە ئایینی ئێزیدییەکان بوونو لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە دەژیان بەڵام دوایی بە ناو ئێراندا بڵاوەیان کردو بوون بە تورکو فارسو ئایینی شیعەیان قبووڵ کرد!!

**پاشکۆ:** کیسە یان ئەو «خورجین»ەی کە سوار لە پاشی خۆی لە ولاخی دەبەستێ؛ "ضمیمە".

**پارێزان:** گوندێکی ناوچەی شارباژێڕە لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێراق.

**پاکۆ:** خاوێن؛ پاگژ؛ پاقژ. (با خەرمانەکە پاکۆ کەین، ئەوسا بار دەکەین.)؛ باوەشەگیای نەبەسراو؛ دەسکەنەی گیا؛ هێندەی لە بن کەوش بنرێ؛ گیای دووراوی بەسەریەکداکراوی نەبەسراو.

**پالانیا:** گوندێکە لە دۆژ گوندەکانی هاوارو سۆسەکان لە سەر سنووری دەستکردی نێوان هەڵەبجە بۆ پاوە.

**پاڵکان:** یەکێ لەو هۆزە کوردانەن کە لە سەردەمی شا عەباسی سەفەویدا هەڵداژرانە خوراسان.

**پاڵەوان:** مرۆڤی زۆردارو بەهێز؛ دارێ کە دەخرێتە بن کاریتەوە.

**پسپۆڕ:** لێزان؛ "متخصص".

**پشتیوان:** پاڵپشت؛ هاریکار؛ یاریدەر؛ داری دەرگا داخستن؛ قایمکەری دیواری شکست.

**پشکۆ:** سکڵ؛ پۆلوو؛ پەرەنگ؛ پەنگر.

**پڵنگ:** گیانلەبەرێکی دڕندەیە؛ تێکەڵپێکەڵو ئاڵۆز.

**پۆلا:** بەروەج؛ ئاسنێک کە تفەنگی پێ درووست دەکەن؛ جۆرێک ئەردەزین «فلز»ی لە ئاسن پتەوترە.
پاشنێوی هۆزی جانپۆلایە لە لوبنان کە چەندین ساڵ لە حەڵەب دەسەلاتدارو دامو دەزگای سەربەخۆیان هەبوو. حکوومەتی رەگەزپەرستی سووریە بە جونبەلاتی نێودێر کردوونو کەماڵ جونبەلات لەم گەورە هۆزەیەو ئێستا لە چیاکانی لوبنان دەژینو بە دەرووزی بە نێویانگن.

**پەترۆ:** قرتماغە؛ توێ؛ توێژی تەنکی سەر برین؛ برینێک تازە توێژی بەستبێ؛ برینی پەترۆ بەستە.
دەست مەدە لە زام **پەترۆبەستەکەم**
با نەکولێتەوە مارانگەستەکەم «فۆلکلۆر»

**پەرجوو:** پەرجۆ؛ مۆجزات؛ معجزە.

**پەردوو:** زەڵو هەلاشی سەر دارەڕا؛ ژووری بووکو زاوا لە شەوی بووکگوێزانەوە؛ پەردەی بووکو زاوا.

**پەرۆش:** خەم؛ داخی دڵ.

**پەشێو** خەمداگرتوو؛ پەرێشان؛ بیربلاو.

**پەژوان:** پەژان؛ پەرژین؛ چیل؛ پەرچ.

**پەیار:** قایم؛ راوەستاو.

**پەیام:** راسپێری؛ وەلأم.

**پەیجۆر:** پا پەی، ؛کۆڵەرەوە، ؛تۆژەرەوە، ؛شوێنگر.

**پەیکار:** شەڕ؛ جەنگ؛ بەربەرەکانیێ.

**پیاوێن:** نێوی گوندێکە لە ناوچەی بانە لە کوردستانی ژێر دەسەلأتی ئێران .

**پیتۆلْ:** فیلسوف.

**پیران:** پیران: پیاوچاکان. وشەی پیر لە کوردەواریدا واتای پیاوی چاکو دیندارو خواپەرست دەدا کە کە «شەخس»و «چاک»یشی پیێ دەڵێن. ئەو (Pier) ەش کە نێوەو من بۆ خۆم لە هەندەران بە تایبەت لە ئورووپا بیستوومەو هەیە، هەر ئەو پیرەیە کە ئێمە بە چاکو شەخسی نێو دەبەینو لە لای وانیش هەر هەمان واتای هەیە؛
پیران: گوندێکە لە نێوان مەریوانو هەورامان؛ تیرەیەکن کە بەشێکیان لە باکووری رانیەنو بەشێکیشیان لە لای مەهابادن کە سەر بە هۆزی بلْباسن؛
پیران: بوورانەوە؛ لە سەر خۆ چوون؛ لە هۆش خۆ چوون؛ کاتی گریان کە هەناسە ببڕیێو نەگەڕێتەوە، وەکوو: ئەو

منداڵە ئەوەندە گریا، پیرانی کرد.

**پیرس:** چیایەیەکە لە لای بێرات و کەپرووک لە ناوچەی زێبار.

**پێروو:** ئەستێرەی کۆ؛ گیانەوەرێکە چاوی ئاژەڵ کوێر دەکا؛
منداڵی پاگرتووی فێرە رۆیشتن.
نە پێرووی نە گەلاوێژ،
بێ تیغ و چەک خوێنڕێژ!
تاهیر توفیق چڕیویەتی و وێدەچێ شیعری "عەونی" بێ.

**پیرۆت:** ئەم نێوە لە ناوچەی مەنگوڕان و سوێسنایەتی و گەورکان مشەمەرەو نازانرێ یانێ چی؟! بەڵام شارێکە لە یۆگوسلاوی. هەروەها هەرکەسێک ئەگەر، ئەو رۆمانەی کە لە بنەمادا بەو نێوی (ئاناتۆل فرانس نووسیویەتی) و کاک موحەممەدی قازی وەریگێڕاوەتە سەر فارسی خوێندبێتەوە، دەزانێ چەند جار نێوی پیرۆت لەو رۆمانەدا هاتووەو بۆی دەردەکەوێ کە نێوی پیرۆت تەنیا لە نێو کورددا باو نییە بەڵکوو لە نێو گەلانی دیکەشدا هەیە. دیارە نە تەنیا ئەم نێوە، بگرە زۆر نێوی دیکە هەیە کە بە ناو گەلانی دنیادا بڵاو بۆتەوەو هەر نەتەوەیەکیش بە شێوازی گۆتنی خۆی دەکاریان دەکاو دەیانبێژێت.

**پیرەش:** چیایەکە لە نێوان کەسنەزان و شاوەیس لە ناوچەی هەولێر. لەوانەیە پیر رەش بێ بوویێتە پیرەش.

| | |
|---|---|
| **پێزان:** | شارەزا؛ بە ئەمەگ؛ چاکە لەبەرچاو؛ بەوەفا. |
| **پێشڕو:** | سەرجەلە؛ سەرگەلە؛ ڕەمکێش؛ ئەو کەسەی کە لە پێشەوە دەڕوا؛ پێشەنگاو؛ ئەو کەسەی بۆ کارێک پێش‌دەکەوێ؛ پێشڕەو. |
| **پێشکەوت:** | پێشچوو؛ پێشکەوتوو. |
| **پێشەنگ:** | سەرجەلەی کاروان؛ بەرکاروانی؛ پێشڕو. |
| **پێشەوا:** | گەورەی گشت؛ ڕێبەر؛ ڕابەر؛ نازنێوی کۆچکردوو قازیی محەممەدی نەمرە. |
| **پێناس:** | هۆی ناسین؛ پێناسە؛ ناسنامە؛ شناسنامە. |
| **پێناو:** | هۆ؛ خاتر؛ فیدا. (لە پێناوت دەنێم ماڵو سەرو گیان) |
| **پێوار:** | نادیار؛ نەدیار؛ نە لە بەرچاو؛ غەیب. |
| **پێڵوو:** | پەڵکی‌چاو؛ پێڵووی چاو. |

## پیتی ( ت )

**تاڕان:** لکی باریکی دار؛ لقی زراو؛ تازیانە؛ وێران؛ خاپوور؛ دەگەڵ تالأن دێت. (گوند تالأن‌و تاڕان کرا.) گوندێکە لە دۆڵ (ئەتابەک)و (میریوسف)ی لای بلەکێ لە ناوچەی بانە لە کوردستانی ژێر دەسەلأتی ئێران.

**تاژدین:** تاژدین دەوڵەمەندێکی ئەفسانەییە کە لە زۆربەی چیرۆکە کوردییەکاندا هەیەو مرۆڤێکی باش‌و خێرانکار بووە. لە بەیتی «مەم‌و زین»دا تاژدین کوڕی وەزیری برایم پاشای یەمەنەو مێردی خاتوو «ئەستی»یەی خوشکی خاتوو «زین»ەو لەو بەیتەدا بە قەرەتازدین نێودێرە. مەم دەڵێ:

قەرە **تاژدین** لێم مەدە بە شیران
مەمکوژە بە توانجان
مەرد ئەو مەردە نییە بچێتە ڕێی کچی دەکرمانجان
مەرد ئەو مەردەیە لە کیژی دەمیران

وەگێڕێ بازن و باجان.
بەیتی مەم و زین «رحمان بکر»

**تاڤرا:** چیایەکە لە ناوچەی دەرسیم.

**تانۆک:** تەیمان؛ پەرژین.

**تاوێر:** تاڤێر؛ تمتمان؛ بەردی گەورە؛ زەوی رەقەن؛ تەرم؛ کەلەش؛ جەندەک؛ دارەتەرم؛ بەردی پانی نان برژاندن لە باتی ساج؛ قوولکە؛ بەردێ کە ئاوی باران رادەگرێ.

**تۆژوو:** پەترۆ؛ پێستی ناسک؛ تۆژگ؛ سەرتۆ؛ سەرتوێ.

**تۆژەر:** لێکۆڵەرەوە، کەسێک کە بە بنج و بناوانی باسێ یان کارێکدا دەڕوا.

**تووژەڵە:** گوندێکە لە داوێنی چیای مامەندە لە لای ناوزەنگ و نۆکان لە سەر سنووری دەستکردی ئێران و ئێراق.

**تۆشماڵ:** سەرگەورەی بنەماڵە و هۆز.

**تۆکمە:** بەهێز. لەوانەیە لە تونکمەی تورکی وەرگیرابێ!

**تۆڵە:** هەق سەندنەوە؛ "انتقام".

**تۆسن:** سەرکێش؛ ناڕام.

**تەرخان:** ئازاد لە باج و بەهرە؛ (معاف)؛ ناوی بەشێک لە تیرەی جاف مورادییە.

**تەزوو:** مچوڕک؛ مووچرک؛ تەز بە لەشدا هاتن.

**تەڤکۆ:** تەواو کەماڵ؛ گرکۆ؛ "تکمیل".

**تەڤگەڕ:** تەڤگەڕ؛ وشەیەکی کرمانجی‌یە واتە: هەدانەدەر؛ هەمیشە لە جووڵەو بزووتندا؛ دانەسەکناو.

**تەکش:** تەکژ؛ ناوکە ترێ؛ تۆوی ترێ.

**تەلان:** پلەی شاخ و کێوو هەرد؛ ناوی گوندێکە لە ناوچەی سووورداش لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**تەمۆ:** ناوی سازژەن و دەنگبێژێکی کوردە کە کورتکراوەی ناوی تەیموورەو کوردی نییە!

**تەیتاخ:** ناوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**تەینال:** گوندێکە لە نێوان مێدۆڵ و دەرەوەزان لە ناوچەی مەریوان لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**تەیمان:** تامان؛ چەپەر؛ دەرکو دیواری لە شوولْ چنراو؛ خەلْفەداری باریکی درێژە کە ناوەندی قیسپی پێ دەتەنرێ؛ چەپەرێکە کە بە تەیمانو قیسپ چنرابێ.

**تیرکان:** هۆزێکی کوردن لە کوردستانی ژێر دەسەلاْتی تورکیە؟!

**تیرگەران:** گوندێکە لە باکووری شاری سنە.

**تیرۆژ:** تیرەنان؛ تیرێژ؛ تیشکی خۆر؛ ئەو گزنگەی لە رۆچنەوە دەداتە ژووریْ.

**تیرۆک:** دارۆچکەیەکی خەڕاتیکراوە بۆ «گونک» پانکردنەوە.

**تیروان:** تیرەوان؛ بە کەسێک دەگوترێ کە لە تیر هاویشتندا شارەزا بێ.

**تیرێژ:** تیرۆژ؛ رووناکایی هەتاو کە لە رۆچنەوە دەداتە ژووریْ.

**تیشکۆ:** بریقەدار؛ ورشەدار.

**تیکان:** درک؛ چقلْ؛ درکی دار.

**تێکۆشەر:** کارامەو خەباتکار.

## پیتی ( ج )

**جاف:** نێوی هۆزێکی گەورەی کوردە کە لە دوو بەشی کوردستانی بندەستی ئێران‌و ئێراق دەژین.
ئەی عەنبەری خاس سۆسەنی کلاف
ئەی ڕووناکایــی ڕەشـمـالانی **جاف** «وەلی دێوانە»

**جانۆ:** خۆشەویست؛ کوردی زاراوە کرمانج بە گشتی، بە گیان دەڵێن: جان، «جانۆ»ش بچووککراوەی «جان»ە؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە کە کراوەتە تورکی.
جانۆ جانۆ، جانۆ جانۆ حەیران.
لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە، لە بەر ئەوەی کورد لە مافی نەتەوایەتی بێوەرەو زمانی کوردییان لێ پاوانە، گۆرانیبێژە کوردەکان بە تورکی گۆرانی دەڵێن‌و زۆربەی گۆرانییە کوردییە فۆلکلۆرەکانیان بە وشەی تورکی چڕیوە! لەم سۆنگەیەڕا، تێکست یان شیعری ئەو گۆرانییە کوردییانە نەماون‌و زۆربەیان لە بیر چوونەتەوەو

له سنووری نه‌مان‌و له ناوچووندان. ئه‌م کاره ناڕه‌وایه ئێستاش هه‌ر به‌رده‌وامه‌و له لایه‌ن حکوومه‌تی فاشیستی تورکیه‌وه دارو ده‌سته‌و پاره‌ی زۆرو زه‌به‌ن ته‌رخان کراوه بۆ کۆکردنه‌وه‌ی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی‌و تۆمارکردنه‌وه‌یان له‌سه‌ره‌وه به‌تورکی. ئه‌و گۆرانیبێژانه‌ش که ئه‌م رێگه پیسه‌یان گرتووه‌و گۆرانی کوردی ده‌که‌نه تورکی، بریتین له: برایم تاتلی سه‌س، عێززه‌ت ئالتمش، بورهان چاچان، مه‌حموود تونجه‌ر، سه‌لاحه‌دین ئالپای، کوچوک ئه‌مره‌و زۆری‌تر.

**جگه‌رخوێن:** هێمایه به مرۆڤی ژێرده‌سته‌و سته‌مدیو. نێوی شاعیری کوردی خه‌ڵکی کوردستانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی سووریه»یه که له وڵاتی سوێد کۆچی دوایی کرد.

**جوامێر:** جامێر؛ جوانمێر؛ مێرخاس؛ ئازاو به‌جه‌رگ.

**جووڵه‌مێرگ:** ناوه‌ندی «هه‌کاری»یه له کوردستانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی تورکیه.

**جه‌نگۆ:** شه‌ڕی بچووک.

**جوانرۆ:** شارێکه له کوردستانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی ئێران، نزیک شاری ره‌وانسه‌ر، له نێوان سنه‌و کرماشان.

**جووتیار:** جووتکار؛ جۆتکار؛ چانده‌کار؛ کێڵکار؛ زه‌وی کێڵ؛

کەسێ کە خەریکی کێڵانی زەوین و کشت و کاڵە.

**جوودی:** زنجیرەیەک چیایە کە لە پشت شاری سلۆپی لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیەوە بەرەو خوار داکشاوەو هەتا لە باکوورەوە بەرانبەری شاری زاخۆ دەبێتەوە لە کوردستانی بندەستی ئێراق. جوودی لە بنەمادا گوندی بووەو هەر ئەو کێوەیە کە پاپۆڕەکەی «**نــــوح**» بە سەریەوە مەنەری گرت.

## پیتی ( چ )

**چاپان:** چەند شەقلێ پێکەوە. دوو گوندن لە دۆژ گوندەکانی پارسانیان‌و ئینچک‌و سونەتە لە ناوچەی بانە، لە کوردستانی بندەستی ئێران. چوار رێی چاپان بەنێوبانگە.

**چازان:** حەکیم؛ پزیشک؛ زانا؛ چاکزان؛ ئازارناس؛ ئەو کەسەی کە سەری لە نەخۆشی‌و ئێش‌و ئازار دەرچێ.

دەری بابانی من شێوێ،
خۆ ئێمە لە ماڵە بابان نین،
حەکیم و **چازانانت** بێنمە ژوور سەرینێ.
«بەیتی خەج‌و سیامەند»

**چاکۆ:** گوندێکە لە سەر رێگای خانێ بۆ سەردەشت نزیک بیبلینگ لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**چالاک:** بەکار؛ لەشسووک؛ ئازاو بە دەستو برد.

**چاودێر:** چاو لە شتێ کردن بۆ ئاگا لێبوون.

**چاوە:** دەستەچیلەی ئاگر؛ ژوورێک لە خانوو؛ کانیاو؛ کونی پلوورە هەنگ؛ رووبینی؛ ریا؛ ئاماژەیە بە چاو بۆ منداڵی نازدارو خۆشەویست.

چاوە هەڵچۆرە بە ئاهەنگ بگری
دڵە سەرچــۆپی بە دڵ بۆ بگری

«جعفر شیخ‌الاسلامی»

**چرنۆ:** گوندێکە نزیک لە شاری سنە.

**چۆمان:** کۆی چەمو چۆم؛ چەمی «چۆمان»ە کە بە بەر گوندی "واوان"و "نەلاس"دا تێدەپەرێ، پێی دەگوترێ "کەڵوێ"، بەلام لە لای ئالانو ئاسۆس، لە سەر سنووری دەستکردی ئێرانو ئێراق، پێی دەگوترێ چۆمانو هەر ئەو چۆمەیە کە لە جوغرافیای کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراندا پێی دەگوترێ «رۆخانەی سەردەشت»؛ هەروەسا چۆمان گەورە گوندێکە لە لای شارۆچکەی گەلاڵە، لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق، کە بە دەستی حکوومەتی ئێراق هەر دووکیان چۆڵکرانو سووتێنران.

**چەتان:** دارو حەسیر لە دەرەوەی بانی عەرەبانە بۆ کاکێشان؛

سەرپۆشی لە قوماش بۆ عارەبانەو کالیسکە؛ نێوی گوندێکە لە هەرێمی سنە.

**چەتۆ:** مەبەست لە ئینسانی ئازاو زیرەکە.

**چەتوون:** سەختو دژوار؛ ناڕاستو تووش.

**چەرکۆ:** نێوی تیرەیەکە لە هۆزی "شکاک"ی بەشی سۆماو برادۆست لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران، کە لە چهریقو دەورو بەری شاری سەلماس دەژین.

**چەکۆ:** نێوی یەکێ لە قارەمانانی بەیتی «مەمو زین»ە کە یەکەم دەزگیرانی خاتووزین بووە.

**چەکوان:** کەسێک کە سەرو کاری لە گەڵ چەکو تەقەمەنی بێ.

**چەمچەماڵ:** شارۆچکەیەکە لە نێوان سلێمانیو کەرکووک لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق، هەروەها ناوچەیەکە لە هەرێمی کرماشان.

**چیا:** کەژ؛ کۆ؛ کوێستان؛ شاخ؛ کێوی بەرز؛ چیاگ؛ سارد؛ فێنک.

**چیاکۆ:** نێوی گوندێکە لە ناوچەی سنجابی لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**چێری:** لەوەڕگە؛ نێوی بەیتێکی کۆنی کوردییە؛ بەیتی چێری، یەکێک لەو بەیتانەیە، کە تێکەڵاوێکە لە ناوەڕۆکی ئەویندارانەو مێژوویی. لەو بەیتەدا، کوڕە پاشایەک بە نێوی چێری، ئاشقی کچە مامێکی خۆی بە نێوی فەرەنتی دەبێ. چێری بۆ ئەوەی کە گراویەکەی واتە فەرەنتی، بە خۆشی بژی و رابوێرێ، لە مەڵبەندی شارویران شارێکی تازەی بۆ ساز دەکا. وێدەچێ کە چێری، هەر(# ئارتساری) یان (ئارچاری) بێ، کە دێریک«تاریخ»، باسی دەکاو یەکێک لە چووکە شایانی ماد بووە لە ساڵی ٨٢٩ی بەر لە زایین، کە لە گەڵ «ئۆڤاڵکی» سەرداری ئاشوور شەڕی کردووە. وەکوو ئەم بەیتــە باسی دەکاو هێندێک ئاسەواری مێژووییش نیشانی دەدا، شاری چێری، دەبێ لە ٥ تا ٢. کیلۆمەتری شاری مەهابادی ئێستادا هەڵکەوتبێ کە کێوی فەقرەقاو گوندەکانی (## ئیندرقاش) و قوونقەڵاو قەرەخان تا نزیک گوندی درباز، تا دەگاتە بەردەکونتێ، دەگرێتەبەر.

---

# لەو سەردەمەدا پێشبەندی "ئار" بە واتای «ئاگرو پاک» بۆ ڕێزدانان بەو گەورانەی کە حاڵەتی "تقدس"یان هەبووە بەکار هاتووە، وەک: ئاریاکیس، ئاریبانس و ئارچاری. لە ڕاستیدا نێوی ئارچاری، چاری بووە.

## وشەی "ئیندرقاش" کە بە هەڵە "ئاگریقاش" دەنووسرێ، لە دوو وشەی (ئیندر) یا (ئەندر)و (کاش) پێکهاتووە. "ئیندر" بەر

له هاتنی زەردەشت‌و ناسینی ئەهورەمەزدا خودای ئاریاییەکان بووە.
وشەی "کاش" یا "کاس" یا "کاسی" هەمان "کوتی"یە کە ریشەی وشەی "کورد"ەو دوای ئاڵ‌و گۆڕێک بۆتە کورد. وا وێدەچێ کە ئیندرقاش یا ئیندرکاش بە مانای خودای کورد یان جێگای خودای کورد بێ.
لە زەمانی ماددا شارێکی دیکەشمان هەبووە بە نێوی "کارکاش" یان "کارکاشی". (کار) یان (کارا) واتا گەڵ‌و سپا. کە لە سەر یەک مانای دەبێتە شاری گەلی کورد یان شاری سپای کورد. *

لە لای رۆژهەلاتی شاروێرانی **چێری**، کێوێکی لێیە بە نێوی **فەقرەقا** کە هێرۆدۆت مێژوونووسی بەنێوبانگ دەڵێ: گڵکۆی «فەرەوەرتیش» دووهەمین شای مادەکان، لەبەر قەدی کێوێکی بەردین، لە بەشی باشووری زەریای ورمێ، لە نێو هۆدەیەکی هەڵکەندراودا هەڵکەتووە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەمە کە لە سەرانسەری مەڵبەندی باشووری دەریای ورمێ جگە لە فەقرەقا جێگەیەکی دی بەو نێوو نیشانەی کە هێرۆدۆت دەڵێ نییە، دەبێ گڵکۆی فەرەوەرتیش هەر لە فەقرەقادا بێ.
لە بەرزایی بەرقەدی باشووری فەقرەقادا، هۆدەیەکی بەردینەی گەورەی لێ‌هەڵکەندراوە کە دەبێ بە نێردیوان بۆی بچی. لە نێو ئەو دیوەدا شوێنەواری گڵکۆ هەیە.
چێری شاری سەردەمی مادەکان بووەو لەو مەڵبەندەدا، کۆنینەو شتی ئەنتیکەی وەکوو: مت‌و مووروو‌و بازن‌و خرخاڵ‌و خەنجەرو شتی‌وا، زۆر دیتراوەتەوە.

| | |
|---|---|
| **چیکان:** | هاوینەهەوارێکە لە نێوان چیای گردەمەندیلو کۆدۆ. |
| **چیکالان:** | نێوی هۆزێکە لە ناوچەی مەراش یان مەرعەش لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە. |

## پیتی (خ)

**خانی:** ماڵ؛ خانوو؛ کانی؛ سەرچاوە؛ نازنێوی شاعیری بەنێوبانگی کورد، «أحمد خانی»یە کە لە هۆزی خانیانی جزیرو بۆتانەو لە ساڵی «١٦٥٠»ی زایینی لە دایک بووەو لە ساڵی «١٧٠٧»ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە خانیان.

**خانێ:** نێوی کۆنی شاری «پیرانشار»ە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**خانیان:** هۆزێکی کوردە لە جزیر و بۆتان، کە ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە (تاریخ کرد و کردستان)دا دەڵێ: لە بایەزیدو دەورو بەر دەژین. نازنێوی خانی شاعیری کورد لە وشەی خانیان گیراوەتەوە.

**خدۆ:** خدۆ کورتکراوەی «خدر»ەو نێوی سەردارێکی کوردی

زەعفەرانلووییــــە کە راپەڕینێکی چەکــدارانەی هەڵگیرساندو لە سەریدا بوو کە کۆماری سووسیالیستی کوردستان لە خوراسان دابمەزرێنێ!!

**خنجەر:** «کێرد یان کارد»ی درێژی دەسکەدار کە لە کۆندا لە بەر پشتێنیان رادەکردو بۆ ئامباز بوون‌و شەڕی بەرانبەرکێ، بەکار دەبرا.
ئەگەر **خنجەر**، بە خنجەر پارە پارەت کەن لەسەر دەعوات
نەڵێی ئۆف هەر بڵێ ئۆخەی کە وا ئاواتــەکــەم پێکهات وەسیەت بۆ خەنخەر «قانع»
خنجەر کوڕی قانع بووەو قانع ئەم شیعرەی بۆ ئەو گوتووە.

**خۆڕسک:** خۆزا؛ درووستنەکراو؛ بەخۆخولقاو.

**خۆزا:** خۆڕسک، ئەو شتەی کە خۆ بەخۆ هاتبێتە بوون.

**خۆزان:** شارەزا لەخۆ؛ بەڵەد لەجێگەو شوێنی خۆ.
(خۆزان نەبێ، نای‌بینێتەوە.)

**خۆسەر:** سەرەخەر؛ سەرەڕۆ؛ بە کەسێ دەگوترێ کە بە بێ بیرکردنەوە کار ئەنجام دەدا.

**خۆشناو:** نێو بەچاکدەرچوو؛ جۆرێ ترێی رەشە؛ هۆزێکی کوردە لە

لای هەولێر. بەو ناوچەیەی کە ئەم هۆزەی تێدا دەژی دەڵێن خۆشناوەتی.

**خۆکار:** ئامرازێ کە سەربەخۆ کار دەکاو کاری دەست ئەنجام دەدا.

**خۆناس:** خۆشناس؛ خۆمانە؛ ناسیاو؛ ئاشنا.

**خەبات:** کارو تێکۆشان.

خەبات با بکەین بۆ یەکیەتی کار
لە کێڵگای لادێو کارگاکانی شار «؟»

**خەزان:** خەزام؛ بەرۆش؛ مەنجەڵ؛ تیانە؛ زەرد بوونی گەڵای دار لە کاتی پاییزدا، گەڵاخەزان؛ گەڵاڕێزان؛ خەزەڵوەر.

کە تۆ رۆشتی بەهـــارم بوو بە پاییز!
خـــەزان ئاڵایــە باخــی ژینم ئازیــز!
هەتا دەمنێنە ژێر گڵ دەردی کـۆچت،
لە دڵ دەرناچێ ئاخ، هەرگیز، هەرگیز! «ن. رەزازی»

**خەڵات:** پێشکەشی؛ دیاریی؛ هدیە. لە زۆر شوێنی کوردەواریدا بە «کفن»ی مردوو، دەڵێن: خەڵات. هەروەها بەو کەڵو پەلەی کە رەگەڵ بووک دەنێردرێ بۆ ماڵی زاوا دەگوترێ: تەیارەک یان خەڵاتی.

**خەلان:** سەنگەران؛ کۆڕی ئاژەڵان لە دەشت؛ نێوی دوو گوندن

لە باڵەکایەتی لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

خەمۆ: بە کەسێک دەگوترێ کە بەخەم بێ بۆ هەموو کەس؛ خەمهەڵگر؛ خەملەکۆڵ.

## پیتی ( د )

**دابان:** نێوی گەردەنە «کەل»ێکە لە پشت شاخی پیرەمەگروونەوە لە لای سلێمانی.

**دابین:** فەراهەم؛ بچەمینەوە؛ ئۆقرەگرتوو؛ داسەکنان؛ هێدی؛ کارپێکهاتوو؛ دڵنیا؛ ئارام؛ بێ‌کێشە؛
(دابین‌کردن: پێکهێنان، فەراهەم‌کردن.)

**دارا:** دەولەمەن؛ لۆرت؛ بوودە؛ زەنگین؛ جۆرێک دەرمانی چاوئێشە؛ جۆرێک کووتاڵ؛ شارێکی کورد نشینە لە نێوان ماردین‌و نوسەیبین؛ نێوی کوڕی بارام پاشای «ماد»ە؛ نێوی هەشتەمین پاشای گرێوارەی کەیانییەکانە.

**دارتاکۆ:** نێوی سەردارێکی کوردی سەردەمی «کۆرش»ی هەخامەنشی بووە.

**دارۆ:** وشەیەکی هەورامییەو واتای "هەیە" دەدا. وەکوو:

هەر کەسیٚ کەسیٚ دارۆ
یار نـــەورِەســــیٚ دارۆ

سەربەندی گۆرانییەکی کۆنی ناوچەی ئەردەلانە.

یە دڵەکەی منە چوون کۆتـەی قەساو
ئەونە زامیاتێیـــا نـــەدارۆ حـــەساو «فۆلکلۆر»

دارۆ : هەیەتی. نەدارۆ: نییەتی.

**دارەوان:** کەسێکە بتوانیٚ بەداردا سەرکەویٚ؛ لەدارەوە سەرکەوتن؛ دارناسو لەدار شارەزا.

**داریان:** گوندێکە لە نێوان وەراو گێڵەوان لە ناوچەی هەوارمان لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**داسن:** خوازبێن؛ نێوی هۆزێکی کوردی سەربە ئایینی «ئێزیدی»ە لە کوردستانی داگیرکراو کە زۆربەیان لە کوردستانی بندەستی تورکیەو ئەرمەنستانی ژێر دەستی شوورەوی دەژین؛ داسن ئایینزایەکە وەکوو ئایینزاکانی یارسانو کاکەییو هیتر. «داسنیٚ»ش گوندێکە لە ناوچەی سیدەکان.

**داسیکان:** نێوی گوندێکە لە کوردستان؟

**داکۆک:** تەقەلادەر؛ لایەنگر.

**دالأنپەڕ:** نێوی چیایەکە لە کوردستان کە ساڵی ١٩٤٣ لە سەردەمی کۆمەڵەی «ژێ . کاف» لە کوردستانی ئێران و حیزبی هیوا لە کوردستانی ئێراق، لە چیای نێوبراو، لە لایەن نوێنەرانی سێ پارچەی کوردستانەوە، پەیمانی سێسنووریان مۆر کردو نەخشەی جوغرافیای کوردستانیشیان دەسنیشانکردو لە سەر مەسەلەی کوردستانی گەورە، رێککەوتن. ئاڵاشیان دیاری کردووەو ئەو ئاڵایەی کە لە کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد دەرهات، هی ئەو سەردەمەیە.

**دالأهۆ:** داڵەهۆ: نێوی کێوێکە لە ناوچەی رێژاو لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران، نزیک چیای بەمۆ لە دۆژ کرندو قەسری شیرین کە گلکۆی «باوە یادگار» کەوتۆتە بناری ئەم کێوە.

**داڵۆ:** داوەڵ؛ داهۆڵ؛ داڵهۆ؛ داڵەهۆ؛ پەیکەری لە پووشو پەلاش درووستکراوی ناو باخو باخچە بۆ ترساندنی مەل؛ نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

ئەو منداڵـــەی ئێـوارە دیم
لە سێبەری مزگـــەوتێکـا
برسێتی لە خۆی لوول دابوو
داوەڵی خوای خۆی دەپێکـا «عبدالله پەشێو»

**داڵووت:** چەفتە؛ چێوبەس.

**دانەر:** بناغەدارێژو درووستکەر؛ نووسەری کتێبو شیعر.

**دانێر:** حاکم؛ ئەو کەسەی کە حوکم دەکا.

**دانیار:** بەخشندە.

**داهێنەر:** نوێساز؛ تازەداهێن؛ تازەهێنەر.

**دریاز:** دوای لە ناوچوون یان وێرانبوونی شاری چێزی، لە لای باشووری رۆژاوای ئەو شارە، شارێک سازکراوە بە نێوی ئادریاس، کە ئێستاش پاشماوەی ئەو شارە، گوندێکە بە نێوی دریاز.
لە گوندی **دریاز** شتی کۆنو ئەنتیکە زۆر دیتراوەتەوە.
گوندی دریاز نزیک گوندی بایندەرێیە کە بە هەڵە بە فارسی پایێندەڕڕە دەنووسرێو لە راستیدا، (باتئیندەرایە، واتا: ئیندەری مەزن).
ئیندر، بەر لە هاتنی زەردەشتو ناسینی ئەهورەمەزدا، خودای ئاریاییەکان بووەو وشەی کاش هەمان وشەی «کوتی» وشەی ریشەی کوردە کە دوای ئاڵو گۆڕ بووەتە کورد.
واوێدەچێ ئیندر قاش، یان ئیندر کاش، بە مانای خودای کورد یان جێگای خودای کورد بێ.
چاوت ئەستێرەی دریازی

هەڵیاندێنی چەند بە نازی
بە کــوشتنم ئاواتخــوازی «فۆلکلۆر»

**دلاوەر:** خاوەن دڵ؛ گورد؛ پاڵەوان. ئەم نێوە فارسییەو لە هەولێرو رەواندوزو کۆیە، لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق، زۆرە.

**دڵبڕین:** دڵبەزام؛ هێمایە بە مرۆڤی دڵگەورەو ئازاو نەترس؛ کەسێ کە ساردو گەرمی رۆژگاری چێشتبێ.

**دڵزار:** دڵبەئێش؛ دڵبەسۆ. نازنێوی شاعیری کورد أحمد مصطفی «حەوێزی»یە کە ئێستا لە سوید دەژی.

**دڵدار:** بە جەرگ؛ ئازا.

**دڵشاد:** بە کەیف؛ دڵخۆش؛ خەنی.

**دەبار:** هاوهێز؛ هاوشان.

**دەران:** کۆی دەرە؛ بە هەورامی واتە دەرڕە؛ دۆڵ.

**دەرباز:** رزگار؛ نەجات؛ قوتار.

**دەرسیم:** دەرسم؛ دێرسیم؛ ناوچەیەکی گەورەیە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە، کە داگری چەند باژێرو چەندین

گونده؛ زۆربەی دانیشتووانی کوردی زاراوە زازانو سەر بە ئایینزای عەلەوین؛ شۆڕشی دەرسیم، کە بە سەرۆکایەتی شێخ رەزای دەرسیم هەڵگیرسا، لەم ناوچەیەوە دەستی پێکرد.

**دەرگەزێن:** گوندێکی کوردنشینی سەر بە ناوچەی «هەمەدان»ە.

**دەرەش:** نێوی گوندێکە لە کوردستانی بندەستی ئێران.

**دەسیم:** دەسیم یەکێ لە سەردارە کوردەکانی دیالمەیە، کوڕی «إبراهیم»ی دەسەلاتداری هۆزی هەزبان بووە کە ساڵی ٣٢٦ دەسەلاتداری تەورێزو گەورەی عێلی هەزبان بووە.

**دەگمەن:** هەڵکەوت؛ گیرنەکەوتن.
تا دێ شیعرم خۆشتر دەوێ
چوونکە شیعر وەک شۆخێکی دوودڵ وایە
هەموو رۆژێ
جێو کاتی ژووان نیشان دەکەین
بە دەگمەن دێ .. یا هەر نایە!    «عبدالله پەشێو»

**دەمامە:** گوندێکە نزیک عوسماناوا لە ناوچەی بانە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**دەمەیۆ:** گوندێکە نزیک ئاوایی "دەرەکێ" لە هەورامان.

| | |
|---|---|
| **دەنگار:** | کانیاوێکە لە بن چیای هەندرێن. |
| **دەوار:** | کوێن؛ پارچەی رەشماڵ؛ پەلاسێکی پانی درێژی تەختە تەختەی لێکدراوە کە لە موو دەچنرێ، کۆچەریان هەڵی دەدەنو لە باتی خانوو، دەچنە تێوەی.<br>کارێ کە خەمی دەردو فیراقت بە منی کرد<br>سەرما بە هەتیـــو با بە دەواری شڕی ناکا<br>«نالی» |
| **دەوەن:** | ئاوداشتە؛ دێردراو؛ دەڤی؛ دەون؛ «بن»ی دار بەڕوو یان مازوو کە بڕیبێتیانو هەڵیدابێتەوە. |
| **دەیلەم:** | دەیلەم بە کوردی واتە باری؛ لۆسە؛ مەڵغە؛ هەروەسا نێوی هۆزێکی کوردە لە خوراسان کە بە دەستی شا عەباسی گۆڕ بەگۆڕ هەڵداژراونەتە ئەوێ. |
| **دیابیلان:** | هۆزێکی کوردن لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی سووریە. نێوی دیابیلان «دایابیلان» لە (تاریخ کردو کردستان)ی ئایەتوڵلا مەردۆخو (مروج‌الذهب)ی «مسعودی»دا هەیە. |
| **دیار:** | لە بەرچاو؛ ئاشکرا؛ لا؛ تەنیشت؛ سەرو سیما؛ کەس‌و کار. دیار؛ نیشتمان (دوورم لە یارو دیار). |

**دیاری:** سەوقات؛ پێشکەشی؛ نیشانە.

ناسکـۆڵەو مـەزەداری
دەڵێـی دەنکی هـەناری
سـەفـەرێکـم لەبەرە
چت بۆ بێنم بـە **دیاریی** «فۆلکلۆر»

**دیاکۆ:** نێوی یەکەمین پاشای «ماد»و دامەزرێنەری ئەو زنجیرە پاشایەتییەیە.

هێرۆدۆت دەڵێ: پاشاکانی ماد، چوارکەس بوون:
١- دیۆکیس یان دیاکۆ، کە ٥٠ ساڵ پاشایەتی کردووە. ٢- فرائۆرتیس یان فەرەوەرتیش، کە ٢٢ ساڵ پاشایەتی کردووە. ٣- سیاکزار یان هووەخشەتەرە، کە ٤٠ ساڵ پاشایەتی کردووە. ٤- ئاستیاز= ئازیدەهاک یان ئەژدەهاک، کە ٣٣ ساڵ شا بووە. بەڵام کیتزیاس مێژوونووسی یۆنانی، نێوی ١١ کەسان دەبا کە شای مادەکان بوونە:
١- ئارکیس ٢- منداکس ٣- سۆسارمێس ٤- ئارتیاس ٥- ئاربیانس ٦- ئارسەیوس ٧- ئارتەنس ٨- ئارتیبارنس ٩- ئاستیبراس ١٠- ئەسپەنداس ١١- ئارستیاکس. بێجگە لەوانە مێژوو باسی زۆر کەسی دی دەکا کە لە مادستاندا حوکماتیان کردووە وەک: ئارچاری، بیریس هنری، ئیرانزو، ئازا، ئیزلۆسۆنۆرا...و هی تریش.

**دیاوەشت:** ئایەتوڵلاّ مەردۆخ لە «تاریخ کردو کردستانو توابع»دا نووسیویە: نێوی کۆنی کێوێکە لە «جبال الاکراد».
ساڵی ١٩٦٣ کە «بعث»ییەکان لە سووررییە هاتنە سەر دەور، ئەم نێوەیان گۆڕی.
وشەی «الاکراد» وشەیەکە کە لە لایەن ناسیۆنالیستو شۆڤینیزمی عەرەبەوە کەوتۆتە سەر زارانو حاڵەتی ناوێتکەی هەیە. وەکوو چۆن فارسەکان دەڵێن: أعرابو عەرەبەکان پێیان ناخۆشەو عەرەبەکانیش دەڵێن: فۆرسی مەجووسو عەجەمو....فارسەکانیش پێیان ناخۆشە.

**دێرۆ:** وەکوو گوڵی مۆسک وایەو گوڵەکەشی زەردە.

**دیلمان:** گوندێکو ناوچەیەکی چڕی سەر بە هەرێمی هەولێرە لە لای حاجی ئۆمەران لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق کە کاتی خۆی مەلا مستەفای بارزان کۆشکێکی لێ ساز کردبوو لەوێ دەمایەوە. دیلمان نابێ لە گەڵ دەیلەمان بە هەڵە بخوێنرێتەوە، چوونکە دیلەمان لە فارسیدا جگە لەوەی شارە، نێوی هەوایەکی گۆرانیشە. «دەیلەم»یش بە کوردی واتە باری؛ لۆسە؛ مەڵەغە؛ هەروەسا نێوی هۆزێکی کوردە لە خوراسان کە بە دەستی شا عەباسی گۆڕ بەگۆڕ هەڵداژراونەتە ئەوێ.

**دینەوەر:** دیندار؛ ناوچەیەکە لە لای باکووری رۆژاوای کرماشان.

| | |
|---|---|
| دیوالان: | نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران |
| دیوێن: | قەڵایەکی کۆنە لە کن دارەبزماران لە لای سەیرانگای سەلاحەدین. |

## پیتی ( ر )

**رابوون:** راڤین؛ هەستان؛ راسان؛ راپەڕین.

**رابەر:** پێشەوا؛ رێبەر.

**راژان:** هەژان؛ لەرینەوە؛ جوولانەوە؛ گوندێکی کورد نشینە نزیک بەندی ورمێ لە سەر رێی گەلی قاسملوو لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**راژۆ:** کاریتەو دیرەگی بچووک؛ گوندێکە لە کوردستان؟

**راسپێر:** سفارشدەر؛ سەختیکەر. (سەختیم کردووە بۆم بێنن.)

**راسن:** سوێسنەکێویلە؛ نێوی هۆزێکی کوردە، کە لە شاری "ئاکرێ"ی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق دەژین؛ سەرۆک هۆزی ئەم هۆزە (میرعلاالدین)ی گەورکی بووە.

**راکان:** گاشەبەردی ژێربەتاڵ.

**راگا:** سۆز یان هەوای مووزیک؛ نێوی سروودی سەردەمی زەردەشتییەکان بووە.

**راگر:** بەرپێگر؛ پێشپێگر؛ گیردەر؛ ئاگادارییکەر.

**راماڵ:** راستەو راست بەرخۆدانو ماشتن؛ راوەدوو؛ نانەسەر؛ راماڵدان = راونان.

**رامان:** دەبیرەوەچوون؛ ماتبوونو بیرکردنەوە؛ سەرسووڕمان.

**رامان:** رامان، داگری پێنج باژێرە لە ئوستانی فارس کە ناوەندەکەی شاری «شیراز»ە. هەروەها رامانییەکان تیرەیەکن لە کورد کە هەر لە ئوستانی فارس دەژین. رەنگە لە کاتی ئێستادا ئەم ناوچەیە ئاوەها نەمابێو ئەم دابەشینەی لەسەر هەڵگیرابێ!

**رامیار:** شوانی پەز؛ رەوکەوان؛ ئاگاداری رەوە ئەسپ؛ سیاسەتزان.

**راناو:** پیشاندراو؛ پیتێ کە هێمایە بۆ نێوێک؛ ضمیر دەستووری.

**راویار:** راڤیار؛ ڕێبوار؛ ڕاوکەر.

**ڕاهێن:** فێرکار؛ پەروەرێنەر.

**ڕزگار:** دەربازبوو؛ سەربەست؛ ئازاد.

**ڕسکان:** درووستبوونی سروشتی؛ جۆشخواردنی پەیوەندی دار؛ ڕوان‌و هەڵچوون. (دارێک لەو ناوە ڕسکاوە)

**ڕووار:** گوندێکە نزیک گوندی هەجیج لە هەورامان.

**ڕواندز:** ڕواندژ؛ ڕواندز لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە، ڕوان: واتە چۆمان؛ چەند چەم؛ شینبوون؛ ماکی وشە بە واتا؛ «دز یا دژ»یش واتە: قەڵا؛ کەلە؛ دەرگای لەسەر پشت؛ ڕواندزیش واتە قەڵایەک کە لە نێوان چەند چۆمدا بێ‌و لە ڕاستیشدا هەر وایە.
دڵ بریندارە هۆ ۆ....
کوڕینە بەرێ خۆ بدەنێ بزڤڕینا
دەوری بەرێ حوکومڕانیا
پاشایێ گەورە لە شارێ **ڕواندزێ**
بەلێ تاکوو چاک بزانن
لە هەموو زەمانان لە هەموو جێیان
هەرچی دارەکی کرمی لە خۆ نەبی
قەت‌و قەت ناڕزێ!!
ئاخ دە وەرن خەلکینە

بەریٚ خۆ بدەنیٚ مرۆڤیٚ دلپاک
لە کرداریٚ ناپاکان
لە شەرمیٚ تاریخیٚ دارِزیٚ!!
بەیتی «محەمەدو سیٚویٚ»

**رووبار:** رۆبار؛ رۆخانە؛ چەم؛ چۆم.

**رۆین:** رۆژین، داهاتووین، دابەزین، خۆیشارینەوە.

**رۆژگان:** نێوی هۆزێکی کوردە لە کوردستان.

**رۆژەڤ:** ئەم وشەیە دەستکردی برادەرانی کرمانجە لە سویدو بە سویدی واتە: Dagordning

**رۆژەن:** رۆژن؛ رۆچن؛ رۆچنە.

**رۆژیار:** رۆجیار؛ هەتاو؛ خۆرەتاو.

**رۆسەم:** قارەمانی چیرۆکە ئێرانییەکانەو بە پێی شانامەی فردەوسی‌و بەرهەمەکانی سەعدی رۆسەم کوردەو زانایانی کورد لەم مەسەلەیە کۆڵیونەتەوەو ئەم بانگاشەیە بە راست دەزانن.

**رۆڤە:** کڕنوەو بادەوە؛ باسریشک.

| | |
|---|---|
| **رۆنەر:** | دانەر. |
| **رۆهات:** | بەرەوبوو. (کێوەکە وەرەقەی کردو بە سەرماندا رۆهات) |
| **رەبەن:** | قازاخ؛ سەڵت؛ تاک وتەنیا؛ هەڵوەدا؛ ماڵ لە کۆڵ. «رەبەنۆک»یش چیایەکە لە نێوان سەری بەردیو حەسەن بەگ لە ناوچەی دیانا. |
| **رەپۆش:** | رەپۆشە؛ پۆشایی؛ جەو. |
| **رەزبەر:** | مانگی رەزبەر؛ کاتی گەییشتنی ترێ. |
| **رەسەن:** | بنەچە؛ نەجیب؛ اصیل. |
| **رەشکۆ:** | رەشۆ؛ سووکەڵە نێوی رەشید. |
| **رەشۆ:** | بڕوانە رەشکۆ. |
| **رەشوان:** | تیرەیەکی کۆچەرن زۆرتر لە دەورو بەری ئەرزەرۆمو مەلاتیە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیەو لە دەورو بەری هەولێر لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق دەژین. أحمد رەشوانی شاعیری شەهیدو بەنێوبانگی کورد لەم هۆزەیە. |
| **رەزاو:** | ئاوی ترێ؛ گوندێکە لە نێوان سنەو مەریوان کە سەر بە |

هەورامانە.

**رەڤۆ:** کۆمەڵی گیانلەبەرو ئاژەڵ.

**رەشکۆت:** نێوی هۆزێکە لە کوردستانی بندەستی تورکیە.

**رەنجبەر:** کەسێک کە رەنج دەباو زەحمەت دەکێشێ.

**رەوەز:** چین‌چینە بەردی ناوقەدو سەری کێو.

**رەوکەوان:** لەوەڕێنەری ئەسپ؛ نێوی یەکێ لە قارەمانانی بەیتی «سەیدەوان»ە.

**رەوەند:** خێڵەکی؛ کۆچەر؛ چادرنشین؛ ئەوانەی گەرمێن‌و کوێستان دەکەن.

**رەهوان:** نەرم رۆیشتنی ئەسپ.

**رەهێڵ:** رەهێڵە؛ رەگبار؛ رەهێڵەی باران.

**رێباز:** رێگەی هات‌و چووی زۆر.

**رێبوار:** رێبگار، راگوزەر.

**رێبەر:** رابەر.

**ڕێبین:** ڕێگەدۆزەرەوە.

**ڕێژان:** ڕێژنەی باران؛ داباریینی بەتاو؛ کە باران دەباریێ، خەڵکی عامی دەڵێن: یا ئەڵڵاٌ ڕێژانی بە خێر.

**ڕێژاو:** گوندێکە لە نێوان شاری جوانڕۆو کرماشان.

**ڕێشکاو:** وەهمو خەیاڵ.

**ڕێکان:** گوندو هۆزێکن لە نێوان ئامێدیو مێرگەسۆر.

**ڕێکەوت:** پێکهات؛ بەرێکەوت.

# پیتی (ز)

**زاخۆ:** شارێکە لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق نزیک بە دهۆک، لە ناوچەی بادینان.

**زارێر:** کوڕی «لوراسپ»ی پاڵەوانی ماد بووە.

**زارێک:** ناوچەیەکە نزیک شاری بتلیس.

**زازا:** نەوەو نەبیرە؛ نەوەو نەتەوە؛ مەڵبەندێکی پانو بەرینە لە کوردستان؛ «تیرە» یان بەشێکە لە کورد، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە.
زاراوەی زازا، زاراوەی ئەدەبی فۆلکلۆرییەو نزیک بە زاراوەی پالەوییەو لە کوردستان، دوو ملوێن کورد زیاتر بەو زاراوەیە دەدوێنو لە دەرسیمو دیاربەکرو بینگۆڵو سوێرەکو چەند ناوچەی دیکە دەژین.

**زاگرۆس:** زاگرتی؛ راکرۆس؛ داگری زنجیرەیەک چیایە کە لە

«ئەرمەنستان»و «ئازەربایيجان»ەوە دەست پیٚدەکاو بە ناو دڵی کوردستاندا دێتە خوارێو لە پارێزگاکانی لورستانو شیراز تەواو دەبیٚ. درێژایی ١٠٠٠ کیلۆمیترەو بەرزایشی لە وشترانکێودا دەبێتە ٤٧٠٠ میتر. لە «فەرهەنگی لەکی»ی نووسینی "حمید ئیزەدپەناه"دا نووسراوە:

لە واژەنامەیەکی یۆنانی ئاڵمانیدا، کە ساڵی ١٨٨٦ی زایینی لە لیپزیک چاپ کراوە، لە پەراوێزدا نووسراوە: Zagrs یا Zagrion ، نێوی کێوێکە لە وڵاتی مادو لە نووسراوەکانی ئێسترابوونو پوولی بیووسیشدا هاتووە. لە فەرهەنگی جوغرافیای فەرانسەشدا بۆ واژەی زاگرۆس یا زاگرس نووسراوە: کێوێکە لە ئاسیا کە لە باکووری رۆژاواوە بەرەو باکووری رۆژهەڵات داکشاوەو ماد لە ئاشوور دادەبڕیٚ.

نێوی دیکەی زاگرۆس «زکرتۆ Zikirtu»یە. بۆ نموونە لە کتێبەکەی "گیرشمەن" (ئێران لە دەسپێک تا ئیسلام)دا، کە دوکتۆر «معین» وەریگێڕاوەتە سەر فارسی، نێوی زاگرۆس وەکوو نەتەوە هێنراوەو دەڵیٚ: جمینی پێکڕای هۆزە ئێرانییەکان هێشتا تەواو نەببوو، هۆزی سێهەم، یەکێکی تر لە هۆزە ئێرانییەکان بە نێوی **زکرتۆ** یا بە وتەی یۆنانییەکان **ساگارتی** بەرەو ناوچەکانی رۆژهەڵات دابەزینو مانەوە.

**زاڵ:** سوار؛ سەربەران.

**زانا:** شتزان.

**زانیار:** عالم.

**زرگان:** دەڤەر (ناحیە)یەکە لە ناوچەی شێروان لە کوردستانی بندەستی ئێراق.

**زریاب:** ئاوی بێگەرد؛ مووزیکاژەنێکی کورد بووە لە شاری نەینەوای کۆن‌و مووسڵی ئێستا ژیاوە.

**زریان:** بای باشوور؛ بەفرو بای زەمەن لە کاتی زستاندا.
پاییز خـەرمان لەبەر بایە
شەماڵ کەوتۆ، زریان نایە
هـەڵیـانبڕیـم لە لـەیلایە. «فۆلکلۆر»

**زرێبار:** زرێوار؛ زەریا؛ دەریا.
ساڵێ بەو عـەیام **زرێـــوار** شار بوو
سێسە دەروازەو چـوارسە مـەنار بوو
زرێـــوار چــڕی لە کانیســانان
کوا خانەحمەوخان سەرباشقەی خانان «فۆلکلۆر»
ئەم دوو بەندە شیعرە پاشماوەی بەیتێکی دوورو درێژە کە بە زرێوارو رووداوی بوونبەژێرەوەی شاری "فەیلەقووس"دا گوتراوە بەلاّم بە داخەوە هەر ئەوەندەی لەسینگ‌و زاراندا ماوەتەوە.
زرێوار، زەریایەکی بچووکە لە لای باکووری رۆژاوای

شاری مەریوان، درێژیی ٤/٥ کیلومیترو پانایی نزیک بە ٢ کیلومیترە، رادەی تێکڕای قووڵیشی ١٥ میترە.
دەگێڕنەوە گوایە: «لە کۆندا زرێبار شار بووەو حاکمێکی ستەمکاری لێ‌ڕۆنیشتووە کە نێوی فەیلەقووس بووە.
لەم شارەدا ژنو پیاوێک ژیاون کە پیاوەکە دەروێش‌و تۆبەکار بووە. ژنی دەروێشی ناوبراو دووگیان دەبێ‌و لە ماڵی دنیاش تەنیا کەرێکیان دەبێ کە کەرکەشیان ئاوس دەبێ. ئەو ژنو پیاوە بە کەرەکەیانەوە لە لایەن حاکمی شارەوە دەکێشرێنە ژێر بێگارو ماوەیەکی زۆر کاریان پێ‌دەکەن. لەبەر قورسایی‌و زەحمەتی کارەکە، ژنی دەروێش منداڵەکەی زیان دەکاو دەمرێ، پاش ماوەیەکیش کەرەکە بەردەخاو دەتۆپێ. دەروێشیش مرۆڤێکی دیندار دەبێ‌و لە بەر ئەم کارەساتانە بەرماڵ رادەخاو دەست دەکا بە نوێژکردن‌و لە دەرگای خودێ دەپارێتەوە کە ئەو شارە لە ئاودا نوقم بکات. دەروێش ئەوەندە لە خودێ دەپارێتەوەو لە سەر بەرماڵ هەڵناستێ تا شار لە ئاودا نوقم دەبێ. هەروەها دەڵێن: تا ماوەیەکی زۆر دەروێش هەر لەو ناوچەیە ژیاوە تا لە دنیا دەرچووە.»
ئێستا لە لای زرێبار گۆڕێک هەیە کە لە لای مەریوانییەکان، بە گۆڕی دەروێش نێوی دەر کردووەو دەڵێن ئەو گۆڕە، گۆڕی ئەو دەروێشەیەو بەردێکی نەپلیان‌و قۆقزیش لەوێ هەیە کە دەڵێن: ئەوەش کورتانی کەرەکەیەتی. لە بنەڕەتدا ئەم رووداوە، بەم

شێوە کە باوەو دەیگێڕنەوە، ڕاست نەبووەو ڕاست نیەو لەگەڵ ڕاستیدا ئاسمان‌و ڕێسمانەو وەکوو ئەفسانە کۆنەکانی یۆنانی‌کەونارایەو خورافاتە ود رۆی تەواوە.
گۆلی زرێبار چەند کانییە، لە ناو خۆیدا هەڵدەقوڵێ‌و لە کۆندا ئاوەکەی لە ئێستا زۆرتر بووەو سەرەو خوار هاتووەو دەشتەکانی لای خوارووی پێ پاراو کراوە، بەڵام ئێستا وەکوو جاران نەماوەو ئاوەکەی کەمی کردووە.
لە پشت شاری مەریوانەوە کێوێک بەنێوی فەیلەقووس هەیە.
بۆ واتای زرێبار «زرێوار» لە فەرهەنگی مەردۆخدا نووسراوە، زرێوار: زەوینێک کە کەوتبێتە ژێر ئاو.
لە فەرهەنگی خاڵیشدا نووسراوە، زرێوار: تەپۆڵکە.
مامۆستا هەژاریش لە ئەنبانە بۆرینەدا نووسیویە: ڕەخی دەلیا؛ وەک دەلیا؛ دەریاچە؛ گۆل.

**زڤینگ:** گوندێکە لە ناوچەی هەکاری لە کوردستانی بندەستی تورکیە.

**زمناکۆ:** کێوێکە لە لای خۆرهەڵاتی "دەربەن"ی خان.

**زنار:** بەردی زۆرگەورە؛ شاخ؛ "صخرە عظیم".

**زۆزک:** هەوارگەی بچووک؛ کوێستانۆکە؛ چیایەکە لە ناوچەی ڕەواندوز.

**زەبەن:** زەبەن؛ چوغر؛ فرە؛ بۆش؛ زۆر؛ شوێنێ چڕی پڕ لە زەڵو قامیش؛ شوێنێ پڕو بژوێن.

**زەردەشت:** زەردوشت، نێوی پەیامبەری خاوەنی کتێبی ئاوێستایە. کۆچ‌کردوو مامۆستا «ذبیحی» لە پێشەکی (قاموسی زبانی کورد)دا نووسیویە:

(زۆربەی ئەو زاناو رۆژهەڵاتناسانەی خەریکی ساغکردنەوەی (ئاوێستا) بوون، رایان وایە زمانی ئاوێستایی یەکێکە لە زمانەکانی باکووری رۆژهەڵاتی خێزانە زمانی ئێرانیەو زەردوشت کتێبەکەی خۆی لە دەورو بەری چەرخی حەوتەمی پێش عیسا لە باکتریا (باختەر= بەلخ) نووسیوەتەوە. بەلام پرۆفسۆر (پوورداوود) مامۆستای دانیشگای تاران‌و ئاوێستازانی بەنێوبانگی ئێرانی لە سەرەتایەکدا کە بۆ «یەسنە»ی -بەشێک لە ئاوێستا- نووسیوە دەڵێ:

«*لە ناو دەنگ‌و باسی مێژوونووسانی یۆنان‌و رۆما خەبەری (خسانتۆس) دەربارەی زەمانی زەردوشت جێگای باوەڕەو دەتوانین دەرکەوتنی پێغەمبەری ئێران لە دەور و بەری سالی ۱۰۸۰ی پێش عیسا بزانین*». هەروەها کەم زاناو مێژووزان‌و کۆنینەناس هەن کە باوەڕیان وانەبێ (زەردوشت) خەڵکی رۆژاوای (ماد) نەبێ، بە جۆرێکی‌تر، گەلێکیان رایان وایە کە (زەردوشت) لە دەوری دەریاچەی ورمێ

(چەئێچەستە) لە کوردستانی ئێستای ژێر دەسەڵاتی ئێران لە دایک بووە، بەڵام کاتێ باس هاتە سەر ئەو زمانەی ئاوێستای پێنووسراوە، کەمیان بۆ ئەوە دەچن کە (زەردوشت) ئاوێستای بە زمانی مەوتەنی ئەسڵی خۆی یانێ زمانی [مادی] نووسیبێو ئەوە *«مەوزووعێکە زۆری گفت و گۆ لەسەر کراوە، زۆرتر رێی تێدەچێ کە زمانی ئاوێستایی لەهجەیێکی (مادی) بێ تا خوراسانی یا (باکتێریایی، ر. ز. )»*.

مەسەلەی مادی بوونو نەبوونی ئەو زمانەی کە ئێستا پێی دەڵێن (ئاوێستایی) شتێکە هەروا دەمێنێتەوە تا ئەو رۆژەی دەربارەی زمانی (مادی) زانیارییەکی ئەوەندە زۆر دەکەوێتە بەردەستی زانایان کە بتوانن دەگەڵ زمانی (ئاوێستایی) بەراوردی بکەنو هەڵیسەنگێننو رای خۆیانی لەسەر دەربڕن.».

ساڵی ١٩٧٥ لە (هەنگمتەنا) پایتەختی (ماد)ەکان کۆشکێکی گەورە لە ژێر خاک دەرکەوتووە، رۆژنامەکانی ئێران نووسیبوویان: تەختی جەمشید (پێرس پۆلیس)ێکی تازە لە هەمەدان دۆزرایەوە. بێگومان دەبێ ئەوە کۆشکو تەلاری پاتشاکانی (ماد)بێو هیوامان ئەوەیە ئاساری نووسراوی مادی لێ دەرکەوێو تیشکێکی تازە بخاتە سەر زمانی (مادی)و تا رادەیەک لە دەست کوتان لە تاریکایی مێژوو رزگارمان کات.).

کیژێ تۆم دیت، وەمزانی
تۆ کچی کـــوردستانی

به یەزدانو بە زەردەشت
بەو فریشتانەی بەهەشت
ئەگەر "ئەو"ی بەراستی
رزگار دەبم لە پەستی
نازدارەی ماهی روخسار
ئەمەی بیست هاتە گوفتار
لە سەرەتا، تا ئەنجام
وەهای پێ گوتم وەرام:
من گزرانو تۆ کرمانج
هەردوو بۆ شوێن یەک ئامانج!
ئەم شیعرە تاهر توفیق بە (هەستان)ی سەبا، (بەیات)ی عەرەبی چڕیویەتیو وێدەچێ شیعری عەونی بێ؟

**زەردەوان:** شاخەوان؛ کوێستانگەڕ.
زەردەوان کێوێکە لە لای گوندی کێلانە لە ناوچەی سنە.
زەردەوان بە کەسێک دەگوترێ کە بە هاسانی بە چیاو کویستاناندا هەڵگەڕێو داگەڕێ.

**زەڵم:** ئاوی توێژ لەسەر؛ گەورەکانییەکی پڕئاوی چەناشکەڕێنە لە سەرووی گوندی ئەحمەداواوە لە پشت شاری خورماڵ.

**زەمەند:** زەمەن؛ گێژەڵووکە؛ گەردەلوول؛ دەشتو زەوینی پڕ لە گیاو لەوەڕ.

**زەنگەڵان:** گوندێکە لە ناوچەی دەرسیم.

**زەنویر:** جێگەی بڵندو هەواسازگاری چیا.
وەرە شوانە هەموو شەوێ
نیوەشەوێ کاتێ خەوێ
لەو کێوو نواڵە زەنویرە
تێتووڕێنە لەو بلویرە «هێمن»

**زەهاو:** شوێنی ئاوەزێ؛ شارۆچکەیەکە لە لای کرماشان.

**زەینەڵ:** گوندێکە لە بەری ماوەت لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**زێبار:** نێوی هۆزێکی کوردە لە نێوان ئاکرێ‌و زێی گەورە دەژین لە کوردستانی ئێراق.

**زێڕکۆ:** بە زێڕ درووستکراو؛ دەسکە خنجەری بە زێڕ داکوتراو.

**زیرەک:** زرینگ؛ وریاو زیت؛ بەدەستو برد؛ سەرنێوی کۆچکردوو حەسەن زیرەک گۆرانیبێژی لێهاتووی کوردە.

**زێکان:** دۆڵێکە لە ناوچەی سلێمانی.

**زینۆ:** زینە؛ زینوێ؛ ملە؛ بستوو؛ تەختایی شاخ؛ باسکی چیا.

**زیوان:** زیڤان؛ بزاو؛ لە جێ تەکان خواردن.

زێوەر: جوانی؛ رازاندنەوە؛ خاوەن پلە و پایە؛ نێوی شاعیرێکی کورد بووە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

## پیتی ( ژ )

**ژاوەرۆ:** چۆمی هەمیشە روون؛ مەڵبەندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، کە کەوتۆتە دۆژ شاری سنەو هەورامان، داگری چەند گوندەو بە چەمی ژاوەرۆ ناودێر کراوە. گوندی بێساران‌و ئەوێهەنگ‌و هوویەو سەرهوویە سەر بەئەم مەڵبەندەن.

**ژیان:** ژی؛ گوزەران؛ زینگی؛ زیندەگی.
**ژیان** بە لاتـــیو بێـدەســـەلاتی
هیچ درۆی نەبێ سەد مەرگە ساتی
مرۆڤ بە دیلـی بژی خۆشـــە یان
بمـــرێ بـۆ بـەرزی خــۆی و ولاتی؟! «برایم ئەحمەد»

**ژیر:** بەئاوەز؛ ئاقڵ.

**ژیلوان:** شاخێکە بەسەر گوندی مالوومەدا دەروانێ‌و بەرانبەر بە

چیای ئاسنگەرانەو سەربە ناوچەی سلێمانییە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق. شاخی ئاسنگەرانیش بەسەر گوندی مالوومەدا دەروانیٚ‌و پشتی لە چیای پیرەمەگروونە.

**ژیلەمۆ:** زیلەمۆ؛ سکڵی دارەمێو؛ وردەئاگری ناو خۆڵەمێش؛ ئەو سکڵەی کە سووتکەی ئاگری لەسەرە و هێشتا نەکوژاوەتەوە و هەر بەگڕەو دووکەڵ ناکا.

ژیلەمـــۆی بیٚ گـــڕە پــڕ ســـەودایە
ئاگـــــری ســـووری لەبن ســـەردایە
لە بن ئـەو ئاگـــرە سکڵی ســـوورن
مەشخەڵی نـووری بەرەو ڕیٚی دوورن «ڕێبوار».

**ژیوار:** رابواردنی‌تەمەن؛ باری‌ژیان؛ چۆنیەتی ژین؛ گوندێکە لە داوێنی چیای کۆسالاٚن لە قەراخ چۆمی سیروان کە بەرانبەری گوندەکانی سلیٚن‌و بڵبەرە.

**ژێوان:** سازلێدەر؛ نەوازەندە.

**ژێهات:** ژێهاتی؛ هەڵکەوتوو؛ بلیمەت؛ شیاوی کار؛ لایەق. ژێهاتی: لیٚهاتوو.

**پیتی ( س )**

**سادۆ:** نازنێوی چەند بەیتبێژی کورد بوون لە شوورەوی کە یەکێکیان لە تفلیس دەژیاو نێوی سمایل سادۆ بوو.

**سارم:** نێوی قەلأیەکی کۆنە لە لای مەهاباد کە بەردی وای لێیە بە پەنجا کەس نابزوێ؛ نێوی دوو سەرداری کورد سارم بەگی داسنیو سارم بەگی موکرین.

**سارۆ:** نێوی سەردارێکی کوردە کە بە قارەمانی شەڕەکانی چاڵدێران نێو دەبرێ.

**سارێژ:** پڕبوونەوەی برینو چابوونەوەی؛ برینێک کە گۆشتەو زوونی هێنابێتەوەو چا بووبێتەوە.

راستە من رێبـــوارم، سەرپێیـی ئەڕوانـم،
بەلأم وا جـوانی تـۆ، کاری کرد لە گیـانم،
ئەڵێی نەک هەر ئێستا، عومـرێکـی درێژە،

بەو دەستو پەنجانەت، برینم سارێژە! «گۆران»

**ساسۆن:** نێوی هۆزێکی بە نێوبانگو چیایەکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە کە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥ لەوێوە راسا.

**ساکۆ:** چیای رووتەن؛ کێوی بێ گژو گیا؛ زیارەتگە.

**سالار:** سەردار؛ سەرۆکو گەورەی هۆز.

**سامال:** ساو؛ ساهی؛ سایەقە.

**سامان:** سەروەت؛ پووڵو ماڵ.

**سامرەند:** کێوێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران نزیک قەندیل.

لە هەوشینو گەدەو لەند
لە کوێستانی دە **سامرند**
هەڵزو بیزاو گیابەند
تێکچڕژا بۆتە زەمەند «هێمن»

**سان:** نازنێوی «سوڵتان»ە؛ سانان: سوڵتانان؛ سان: رێژە؛ نمایش؛ پیشاندان؛ پاشگری بەواتا جێگە: (عەجەمسان)؛ ئارزاڵە.

هەزاری پیشەمە تا ماوە ژینم

لە دەستی جــەردەکانی کانــیسانان#
ئــەوانە بەچکە گــورگ‌و دڵــبەقینن
نەکەی سەر دانەوێنی بۆ قسەی خان «قانع»

#(کانیسانان) گوندێکە، لە قەراخ گۆلی زرێبار لای مەریوان، کە لە کۆندا بەگ‌و خانانی کوردی لێ‌ژیاوە.

**ساناو:** نێوی سادە.

**ساوا:** تازەزێ؛ تازەپێ‌گەییشتوو؛ سەوزایی تازەدەرهاتوو.
سەرزەوی بەشەوق رووناکیت ئاوان
باڵات نەمامی نەوتوولی «ساوا»ن «وەلی دێوانە»

**سپێر:** چەپەر؛ خەڵ؛ سەنگەر؛ قەڵغان؛ سپەر؛ مەتاڵ؛ مەرتاڵ؛ ئامرازی شەرکەر کە بۆ خۆپاراستن لە برینی شمشێر بەکاریان دەبرد؛ ئامرازی زێدە بۆ کار؛ یەدەکی.

**سپێران:** بە چەپەر گیراو؛ گوندێکە لە نێوان خۆشاوو کەلاتێ لە ناوچەی سنە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**ستار:** داپۆشین؛ ئارامی؛ ئۆقرە. (لە هیچ شوێنێ ستار ناگرێ)

**سمکۆ:** سمکۆ، کورتکراوەی نێوی سمایل (اسماعیل)ە کە لە زاراوەی کرمانجیدا، وشەی " ۆ " پاشگری نێوی

نێرینەیەو ئامرازی بچووک‌کردنەوەیە بە واتای خۆشەویستی. وەکوو: سمکۆ، دیمۆ، جەمۆ، خەمۆ.
سمکۆ نازنێوی «سمایل ئاغای شکاک»، سەرۆک هۆزی شکاک بووە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، کە دژ بە حکوومەتی رەزا شا، بە هیوای رزگارکردنی کوردستان راپەڕی‌و لە گەڵ ئەرتەشی شپڕێوی ئەو کاتەی ئێران بە شەڕ هات، بەڵام ئێوارەی رۆژی ۳۰ی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۰۹ «۱۹۳۱»ی زایینی کە دەکاتە ۲٥٤۳ی کوردی وەبەر گوللەی چەتەکانی رەزاخان کەوت‌و بوو بە سەر لە پێناوی رزگاری کوردستان.
سمایلی شەریف‌زادەش کە بە دەستی چەتەکانی رەزاخان لە دارێنەی لای شاری «بانە» بە هۆی «مەلاشەریف»ی جاشە کوردەوە کەوتە داو، بە سمکۆ نێودێرکرابوو.

**سمیلان:** چیایەکە لە بن گوندی رۆستێ لە ناوچەی رواندز.

**سندی:** هۆزێکی کوردە لە مووسڵ.

**سوارە:** سوار؛ زاڵ؛ سەربەران؛ سواری ئەسپ؛ دەستەی سواران.

راوچیان راوە ئایی...چ راوە!
راو لە دەشتی لاجـــانێ
ئەسپان زین کەن‌و لـــەغاوە
تاژیـــان بەرنە ســـەر لانـێ
سەفـێ سـواران چەند جـوانن
لە بەر ماڵـــی ماشـکانێ! «سلێمان شاوەلە»

**سۆران:** پارچەیەک لە چوار پاژی زاراوەکانی زمانی کوردییە؛ بەشێکن لە کورد کە دانیشتووی نێوان زێی گەورەو زێی بچووکن لە کوردستان واتە ڕەواندوزو دەورو بەر کە بە زاراوەکەیان، دەگوترێ زاراوەی سۆران یان کرمانجی ناوەڕاست؛ ناوچەیەکی پانو بەرینە لە کوردستان.

پاش تێکچوونی میرنشینی بابان، میری سۆران بە سەرۆکایەتی "میر محمد" کە بە پاشاکۆرەی ڕەواندوز نێوی دەرچووبوو، دەسەڵاتداری ناوچەی سۆرانی گرتە دەستو ساڵی ١٨٣٣ی زایینی لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەشەر هاتو بەشی هەرەزۆری کوردستان واتە ناوچەکانی «**سۆرانو بادینانو مووسڵو** تەنانەت **بۆتان**»یشی هێنایە ژێر سەربەرانی دەسەڵاتدارەتی خۆی. پاش شەڕێکی قورسو گران، بۆ ئازادکردنی کوردستان ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش، هێرشی بردە سەر ئەوێو تا نزیک مەراغەو تەورێزیش ڕۆشتو ئەوێشی ئازاد کرد. بەڵام حکوومەتی تورک، کاتێک زانی بە شەڕ ناتوانێ کورد ببەزێنێ، کەوتە فێڵو تەڵەکە نانەوەو هەڵخڕاندنی وشکەڕۆیی خەڵکی کوردو دیفاع لە «**ئایینی ئیسلام**»! بۆ ئەم کارە پەنای بردە بەر مەلا ئایینییەکانی کوردستان! تاوەکوو ساڵی ١٨٣٦ بە هۆی خەیانەتی «مەلای خەتێ»وە کە فتوای دا: **شەڕ لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی خەیانەتە بە ئیسلام**، هێرشی هێنا سەر کوردستان. میری سۆرانیش ناچار بوو کوردستانی ئێران بە جێ بێڵێو زۆربەی هێزەکانی بێنێتەوە دەورو

بەری ڕەواندوز، هەرچەندیش میری سۆران خۆی مرۆڤێکی دیندار بوو، سەرەڕای فتوای مەلای خەتێ کە ئێستاش لە نێو کورددا بە سەرتۆپی خەیانەتو جاشەتی بە نێوبانگە، ئەم کلاوەی دەوڵەتی عوسمانی نەچووە سەرو شەڕی لە گەڵدا دەست پێکردەوە، بەڵام بە هۆی وشکەڕۆیی ئایینی خەڵکو ترس لە غەزەبی ئیسلام، کار گەیشتە جێگایەک کە دەستو پێوەندەکانی دەستیان لێ بەرداو لەشکری دەسەڵاتدارەتی سۆران لەبەر یەک ڕەویو هەڵوەشاو میری سۆرانیش لە بەروەی بەتەنێ مایەوە ناچار خۆی بەدەستەوە دا. سپای عوسمانیش بە خاو خێزەوە ناردنی بۆ ستانبوول. لەوێش سوڵتان "محمد ثانی" تا شەشمانگ بە دەستبەسەری هێشتنیەوە!

ساڵی ١٨٣٧ی زایینی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕێگە بە میری سۆران درا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بەڵام لە کاتی گەڕانەوەدا لە "ترابزوون" لە سەر ڕێی کەمینیان بۆ داناو کوشتیانو ئەویش بوو بە سەر لە پێناوی رزگاری کوردستان!

میری سۆران لە ڕەواندوز کارگایەکی چەکسازی دامەزراند کە چەکو تەقەمەنییان تێدا درووست دەکرد. ئێستاش برێ لەو چەکگەلە لە ڕەوانوزو موزەی بەغداددا هەڵگیراوە.

**سۆسەکان:** گوندێکە لە نێوان شارۆچکەی تەوێڵەو گوندی پالانیا.

**سەبان:** دەشتێکی پڕ پیتو بەرەکەتە لە شارەزووری بەری هەڵەبجە.

**سەپان:** ڕەنجبەری دەستەبەر «متعهد»، کە لە پێنج بەش، بەشێک بەهرەی پێدەگا، بەزۆر تووش کردن.

**سەخناخ:** سەختان؛ شوێنی سەخڵەت؛ چیایەکی بەرزە لە ناوچەی سنە، گوندی بایینچۆ کەوتۆتە بناری ئەم چیایە.

**سەربەرز:** سەربڵند؛ سەرفەراز.

**سەربەند:** چەند وشەیەک لە سەرەتای گۆرانی؛ بەستەی دوای مەقام و لاوک؛ گوتنێک لە گۆرانیدا کە پاش چەند شیعرێک دەگەڕێتەوە سەری؛ سەردەستە؛ سەرپۆشی دەفری بچووک؛ قەپاخ.

**سەربەخۆ:** بێ ئاغەبالاسەر؛ "مستقل".

**سەربەست:** سەربەس؛ تەرخان؛ ئازاد.
چ خۆشە عیقو سەرمەستی چ خۆشە
چ خۆشە زین بە **سەربەستی** چ خۆشە «هێمن»

**سەرپەڕ:** ئەوپەڕی شت؛ سەرووگر؛ سەرتۆپ؛ یەکەم لاپەڕەی کتێب، شکڵی سەر تۆپی پارچە.
ساقیا وەرگـەڕێ وا وەرگـەڕێ

لەنگەرێ بگرە مەچۆ بۆ "سەرپەڕ"ێ «هێمن»

**سەرخێڵ:** سەرۆکی خێڵ.

**سەردار:** سەرۆک‌و گەورەی خێڵ یان هۆز، فەرماندەری سپاو لەشکر؛ سەرداری تەون.

**سەردەشت:** شارێکە لە لای سنووری رۆژاوای کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران هەڵکەوتووە کە دەورو بەری چیاو لێڕەوارە.

**سەرسنگ:** سەیرانگایەکی خۆشە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**سەرسەنگ:** کێوێکە لە لای مەهاباد.

**سەرکۆ:** سەرکۆنە؛ لۆمەو سەرزەنش؛ گەنمی سەرەوەی خەرمان.

**سەرکەش:** یاخی‌و نافەرمان؛ زۆردارو بەکار؛ ملنەدەرو گوێنەدەر.

**سەرکەن:** کانی‌و ئاوێکی خۆشە لە دۆژ گوندەکانی دەرەشیش‌و تاوێرە.

**سەرکەوت:** سەرکەوتوو؛ بە کامگەیشتوو.

**سەرمەد:** هەمیشە؛ پەیتا پەیتا؛ زیندوو.

**سەرمەزد:** سەردەستەی یاریکەران.

**سەرنج:** وردبوونەوە بەوردی؛ "دقت".

**سەرۆ:** بیرێک کە لە نادیارەوە بە دڵ دەگا؛ "إلهام".

**سەرۆک:** سەرپەرشت؛ "رئیس".

**سەروەر:** سەرگەورە؛ سەردار؛ سالار.

**سەرهات:** بەسەرهات؛ رووداو؛ بوویەر.

**سەفین:** گوندێکە لە لای شەقلاوە.

**سەکر:** داخستن؛ پێوەدانی دەرگاو پەنجەرە؛ (دەرگاکە سەکر کە)؛ پاشماوەی سەکایانن‌و سەکا یەکێک لە تایفە گەورەکانی رەگەزی ئاریان کە لە ریزی مادو پارس‌و پارتدا نێو دەبرێن. سەکاکان لە سیستان، ئەفغانستان، مازندەران‌و چەند شوێنێ دیکەو هەر وەها مادستاندا بڵاو بوونەتەوە. لە دوای ئەوەی کە تیرەی "ماننایی" زیاتر لە چوار ساڵان حوکوومەتیان کرد، لە سەکایان شکست دەخۆن‌و ماوەیەک حکوومەت دەکەوێتە دەست سەکاکان. سەکاکان لە بەرانبەر شاری زێوە (زێویە)دا

که یەکێک لە گەورەشارەکانی مانناییەکان بووە، شاری سەقز ساز دەکەن. وشەی سەقز یان سەکز لە وشەی سەکا وەرگیراوە. لە درێژایی مێژوودا سەکاکان بوونە کوردو نێویان بۆتە "سەکر". هەندێ کەس پێیان وایە کە "شکاکان" پاشماوەی سەکاکانن.

**سەلْماس:** وشەیەکی تورکییە؛ نێوی کۆنی شاری «شاپوور»ە لە ئازەربایجان. بەشی زۆری دانیشتووانی ئەم شارە ئازەرین‌و کوردیشی تێدا دەژی، بەلاْم سێ‌بەشی زیاتری گوندەکانی دەورو بەری کوردن.

**سەنگاو:** هەم گوندە هەم دەڤەر (ناحیە)یەک لە ناوچەی سلێمانی کە هۆزی سەنگاوی تێدا دەژی.

**سەنگەر:** چەپەر؛ مەکۆ؛ سپێر.

**سەیوان:** سابات؛ چەتر؛ خەرمانەی مانگ.

**سیاکزار:** پاشایەکی ماد بووە کە ساڵی ٦٢٤ی زایینی فەرمانڕەوایی کردووە.

**سیامەند:** نێوی دڵدارەکەی خەجە کە لە بەیتی "خەج‌و سیامەند"دا هاتووە. مێژووی ژیانی خەج‌و سیامەند روون نییە بەلاْم، بەیتی خەج‌و سیامەند وێنایەکی راستەقینەیە لە بەسەرهاتی دڵتەزێنی ئەو دوو گراوییە. خەج‌و سیامەند

| | |
|---|---|
| | خەڵکی "کێڵەسیپان"ی ناوچەی مەهابادن کە ئێستاش گڵکۆی هەر دووکیان هەر لەوێیە. |
| **سیاناو:** | نێوی دوو گوندە کە یەکێکیان کەوتۆتە لای مەریوان لە سەر سنووری دەستکردی ئێران‌و ئێراق‌و ئەوی دیشیان کەوتۆتە نێوان سنەو کامیاران. |
| **سیپان:** | رنی کلێڵە؛ شاپە؛ بەرزایی باگێرەوە؛ بڵندایییەک کە باگر بێ؛ کێوی پڕلە بەفر لە هەموو دەماندا؛ نێوی دوو چیایە لە کوردستانی داگیرکراو کە یەکێکی لە کن پیرانشارەو ئەوی دیشی لە دەف زەریای «وان»ەو لەوانەشە لە شوێنی دیکەی کوردستان چیا بەم نێوە هەبێ، چوونکە لە بەیت‌و چیرۆکە کوردییەکاندا نێوی سیپان زۆرە. |
| **سیتکان:** | چیایەکە لە ناوچەی رواندز. |
| **سێروو:** | گوندێکە سەربە هەرێمی سۆما؛ سێروو: ریشۆڵە؛ گاوانی. |
| **سیروان:** | نێوی چۆمێکە لە کوردستانی ئێران، کە لە سێ شوێنەوە سەرچاوە دەگرێ‌و دەرژێتە لەمپەری دەربەندی خان لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق. |
| **سیرەکۆ:** | ماڵەی قوری لە بەرد درووستکراو؛ کوچکی هێلەساو. |

| | |
|---|---|
| سینا: | سەختو گەردنکەش؛ گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق؛ چیایەکە لە هەرێمی سۆما. |
| سینۆ: | نێوی چیایەکە لە کوردستان؟ |

پیتی ( ش )

**شاباز:** بازی سپی‌و گەورە؛ بازێکی راوکەرە کە دندووک‌و چنگوڕکی ببڕو بەکارن.

**شابالْ:** شاپەڕ؛ گەورەترین پەڕەکانی باڵی مەل؛ گەورەترین پەڕی باڵ، ئەندازەی لەسەر پەنجەوە هەتا ئەستۆ.

**شاپەڕ:** یەکەم پەڕی سەر باڵی باڵندە، شاباڵی مەل.

**شاتمان:** گوندێکە لە کوردستان؛ جۆرێک چەکە کە کاری وەستای گوندی شاتمانە.

**شاتۆن:** داری پەلک.

**شاخۆ:** شاخی بچووک؟

**شاخەوان:** زەردەوان؛ کوێستانگەڕ.

**شادان:** خۆشحاڵو بە کەیف.

شیـرین بەهارە، بەهـاری شـادان
بێ بەهرەم لە ژین گەل نامورادان «برایم أحمد»

**شارۆ:** پاشەڕۆک؛ گیشەگەنم؛ چنینەوەی دانەوێڵەی پاش درەو؛ کۆکردنەوەی گەنمی دووراو لە سەر جێخەرمان؛ چنینەوەی دوایین بەری ترێ پاش تەواوبوونی ترێ لە باخ؛ سەوە چن؛ سەوەتەچن.

**شارەبان:** شوێنی دەشتو بەرز؛ شاری تەختو راسا؛ لە نزیک شاری «خانەقین» ەوەیە.

هـــەناری شـــارەبانی
هەنگوینی شـانەوشانی
کەروێشکی گـەرمەلانی
سـەرتۆپی کوردستانی «فۆلکلۆر»

**شارەزا:** لەشار لەدایکبوو؛ بەڵەد؛ بەرێگەزان؛ زانا لە کارو بار.

**شاریا:** گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق.

**شاسوار:** گەورەسوار؛ سواری بەکارو چالاک؛ سواری بێوێنە.

**شاکەل:** کەلی بەرزو بڵند؛ هەم گوندە هەم ناوچە، کە لە دۆژ

کەلارو کفری لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق هەڵکەوتووە.

**شاڵاو:** حاشاوڵ؛ هێرش؛ پەلامار.

**شالوور:** گاوانی؛ ریشوولەی رەش.

**شالیار:** پاشای شارێک؛ ئاواڵو دۆستی شا؛ نێوی شاعیری گەورەی کوردی زەردەشتی، «**پیرشالیار**»ە لە هەورامان ژیاوە.
بڕوانە کەنی لە بەشی کچان.

**شامار:** زەها؛ ئەژدیها؛ حەزیا.

**شامات:** دەشتی شۆرەکات؛ نێوی دەشتێکە لە ناوچەی پیرانشارو ناوچەیەک لە کوردستانی بندەستی سووریە.

**شاملوو:** دوو گوندی کۆن بوون لە شارووز کە بە هۆی درووستکردنی سەدەکەی (دەربەن)ی خان چۆڵکراو کەوتنە ژێر ئاو. سەرنێوی شاعیری پایەبەرزی فارس «أحمد شاملوو»ە؛ وشەی "شام" وشەیەکی هاوبەشە لە فارسیو کوردیدا، واتە: نانی شێوان؛ تەنگی نوێژی شێوان؛ پاتەختی سووریە؛ من شام. وشەی "لوو"ش پاشگرەو واتە: سەربە؛ لەمەڕ؛ وەکوو: هۆزی حەیدەرانلوو: سەر بە حەیدەران. هەروەسا گریو خڕایی

سەخت لە بن پێست؛ لک.

شامێر: پیاوی بەواتا پیاو؛ باڵابەرزو کەڵەگەت؛ مرۆچەی درشت.

شاوان: زەوینی بەردەلاَن.

شاوێس: گوندێکە بەرانبەر پیرزین لە بن هەولێر.

شاهۆ: شاوە؛ شاف؛ دەنگی کەروێشک؛ مەلێکی لنگدرێژی باڵ شینە کە هەر لە دەم ئاو دەژی. چیایەکە لە بەشی زنجیرە چیای «زاگرۆس» کە کەوتۆتە نێوان پاوەو هەورامانو رۆژهەلاَتی خوارووی شاری هەڵەبجەوە.
**شاهۆ** مەگرەوۆ ئاتەشگا ماتەن
ویمیر بە تەمای شنای بالاَتەن
ئەم شیعرە لەوانەیە چەند بەندی‌تری هەبێ چوونکە لە باری واتاوە ناتەواوەو ئەم دوو بڕگەیە روو لە کەسێکی بەرانبەر خەریکە دەدوێت‌واتا:
شاهۆ دەگری‌و ئاتەشگاش ماتە
ویمیریش بە تەمای دەرکەوتنی بالاَتە.
"ئەم شیعرە لەوانەیە روو لە زەردەشت بێ؟

شاهێن: یەکێ لە هۆزە شەڕاشۆکانی کورد بوون کە لە ناوچەی تیکاپ دادەنیشتنو سالی «٩٤٠»ی زایین دەوڵەتی ئێران بە تۆپزی لەشکرێکی گەورەو گرانی لەم هۆزەو هۆزەکانی دیکەی هەرێمی موکوریانی دابەر بۆ شەڕ لە

گەڵ عەرەب. ئوستاد نەوبەخت لە شانامەکەیدا تێرو تەسەل باسی ئەم هۆزەو هۆزی شووڵو رەوەند دەکا.

**شایان:** چەند شا؛ شایا؛ هێژا؛ سزاوار؛ "لایق".

**شپیران:** گوندێکی کوردنشینە لە لای چهریق‌و ئەنزەل، سەربە شاری "سەلْماس"ە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**شریخە:** دەنگی زۆر توندو لەپڕ؛ وەکوو شریخەی قامچی؛ شریخەی دەستماڵ؛ شریخەی قەلْماسک؛ شریخەی چەک؛ شریخەی هەور.

**شلێوە:** بۆران؛ دوودانگ؛ دابارینی بەفرو باران پێکەوە.

**شمشێر:** شوو؛ شیر؛ تێخی درێژی تیژ بۆ شەڕ؛ گوندێکە لە نزیک شاری پاوە.

**شندڕە:** شیتاڵ شیتاڵ؛ بزگوڕو تیتاڵ؛ کێوێکە لە لای سەردەشت.

**شوانە:** شڤان؛ شوان؛ لەوەڕێنەرو پارێزەری مەڕو ماڵات لە دەشت‌و چیا.

هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە
کە بەو مانگـەشـەوە جـوانە
دانیشتووی لەسەر ئاوهەڵدێر

قامـکان دەبزێـوی لە بلـوێر «هێمن»

**شۆڕش:** ڕاسانو ڕاپەڕینی بە کۆمەڵ؛ بۆ ئازادیو مافی ژیان.
چاوەڕوانی "**شـۆڕش**" یکم عالەمێ رزگار بکا
میللـەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانەیە «قانع»

**شەبەک:** هۆزێکی کوردن لە ناوچەی مووسڵ کە بە هەورامی قسە دەکەن.

**شەپۆل:** پێڵ؛ مۆنج.
ڕەنگە بەوەی «**شەپۆل**»ەکانت
بە گرمەو لرفەو هاوارو هەڕەشەن
بایی بووبیو ڕفاندبێتت،
ئەو هاوڕێی هاوسەنگەر
ئەو ڕۆڵەی شیرین! گۆمەشین «ئەحمەد بازگر»

**شەختان:** کۆی سەهۆڵ؛ شوێنی ساردو کوێستان؛ نێوی گوندێکە لە ناوچەی "مەنگوڕان"ی لای پیرانشار. شەختان شوێنەمێنگەی "مامەندەگۆڵەی شەختان" قسەخۆشی بە نێو بانگ بووە.

**شەڕناخ:** هۆزێکو شارۆچکەیەکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە لە نێوان جزیرو ماردین.

**شەڕوان:** لە شەڕ شارەزا؛ شەڕبەخێوکەر.

**شەکار:** چیمەن و گیاجاڕ؛ مێرگ و سەوزەگیا.

**شەکان:** لەرین لەبەر با؛ کایەی گۆبێن.

**شەکۆ:** داری درێژ بۆ ئاواژنکردن یان گوێز تەکاندن.

**شەماڵ:** بای شەماڵ، ئەو بای کە ئاخرو ئۆخری زستان هەڵدەکا و بەفر دەتوێنێتەوە.

شەماڵ هات بە گاڵە گاڵ
هەور بوون گەواڵ گەواڵ
پشکووت گوڵی گەش و ئاڵ
بولبول کەوتە ناڵە ناڵ «هێمن»
شەماڵ بە خێر بێی بەفرت بردەوە
ڕێی نازدارانت ڕەشەو کردەوە «فۆلکلۆر»

**شەنگۆ:** جوانچاک.

**شەوێر:** شەودێر؛ ئاودێری شەو.

**شەوێش:** شەوەگرتوو؛ پەشۆکاو.

**شیار:** وشیار؛ هۆشیار.

**شیهارۆ:** نێوی خودای چیای «کاسی» یەکان بووە.

**شێخاڵ:** باریکە بەفری سەهۆڵبەستووی پەنا ڕەشانگ کە درەنگ دەتوێتەوە.

**شێردڵ:** ئازاو بە جەرگ؛ وەک شێر نەترس.

**شێرکۆ:** بێچووەشێر؛ شێری چیا؛ شێری کێو.

**شێرکوژ:** لەناوبەری شێر؛ نێوی گردێکی گەورەیە لە ڕۆژاوای دەستەچەپی سلێمانی؛ گوندێکە لە لای سنە.

**شێرۆ:** ئاماژە بە مرۆڤی نێرینەی زیرەک و بزێوە.

**شێروان:** ناوچەیەکە سەر بە هەرێمی بارزان؛ لە باکووری کوردستان هۆزێک هەبووە کە ڕاوی شێریان کردووەو شێریان بە خێو کردووە بە هۆزی شێروان نێویان دەرکردووە.

**شێرەزا:** شێرزا؛ ئازاو نەترس؛ ئاماژەیە بە ڕۆڵەی هەڵکەوتوو.

**شێوەرد:** زەوینی کێڵراوی دانەچێنراو؛ زەوینێک کە کێڵرابێ بەڵام هێشتا تۆمی تێدا نەوەشرابێ؛ زەوینی شێفبراوی ئامادە بۆ تۆو داچنین.

دەستەو ئەژنۆی داناوم بە دەم داخ و دەردەوە

لاجانی بەقوربان بێ بە تـووتن و **شـێوەردە**وە «فۆلکلۆر»

**پیتی ( ف )**

**فراژی:** گەشە؛ هەڵدان.

**فریا:** هاوارو داد؛ کۆمەکو یارمەتی؛ فریاکەوتن: بە هاواری کەسێکەوە چوون؛ هانا؛ گەیشتن لە کاتی خۆیدا.

**فەرات:** فەرات؛ فورات؛ چۆمی فورات دوو کەرتە، کەرتێکیان چۆمی قەرەسووە، کە لە «دوملوتەپە»ی باکووری ئەرزەڕۆم لە کوردستانی تورکیە سەرچاوە دەگرێ و ٦٤٠ کیلومیتر درێژایەتیو سەرچاوەی کەرتەکەی تری کە پێی دەڵێن چۆمی مراد، درێژاییەکەی ٦١٥ کیلومیترە، لە چیای ئالاداخ کە کەوتۆتە نێوان گۆلی وانو ئاگری، هەڵدەقوڵێ. چۆمی مرادو قەرەسوو، لە باکووری ڕۆژاوای شاری ئەلازیگ، وێکدەکەونەوەو چۆمی فورات پێکدێنن کە ٦٤٧ کیلومیتری دیکەش بە کوردستاندا دەڕوا. فوراتو دیجلە، لە نزیک شاری «بصرە»وە تێکەڵ دەبنەوەو دەبن بە یەکاوی عارەبان

«شط‌العرب» که دەرژێنە کەنداو «خلیج فارس»ەوە.
ئەی فەرات فەرات
وەک داخوازییێ من پڕ درێژ کوورهات
تۆژی وەک من گەر ببوونا کورد
ئەڤ خورتیا تە، دبوون کوڵو دەرد
لێ دزانم تو چ دخوازی
تۆژی وەکی من دخوازی ئازادی «جگەر خوێن»

**فەرمان:** امر؛ دەستوور.

**فەروار:** هەوارگەی زستانانی کۆچەران.

**فەرهاد:** نێوی دڵدارەکەی شیرینە، قارەمانی چیرۆکی شیرین‌و فەرهاد.
چمە کرماشان بێستوون رامە
قەتڵگای **فەرهاد** شەو مەنزڵگامە «فۆلکلۆر»

**فەرهەنگ:** فەرەنگ؛ فەرهەنگ نابێتە کولتوور یان کەڵچەر، فەرهەنگ بەرانبەری وشەنامەو قامووسە.

**فەریک:** کاڵ؛ نەگەیشتوو؛ هەڵنەهاتوو؛ فەتیر.
مەمکی ئەو بابانوێرانەی لە بۆ من بمێنن
دەڵێی سێوی لاسوورە
کە وەتانی لە باخچەی هیران‌و نازەنین،
تازە **فەریکە**! «؟»

**پیتی ( ق )**

| | |
|---|---|
| **قاڕنا:** | گوندێکە نزیک بە گوندی قەڵاتان لە لای مەهاباد. |
| **قارەمان:** | پاڵەوان. |
| **قاوێر:** | دەورو بەری بێستان. |
| **قایە:** | بەردی زل؛ تاوێر. |
| **قەتوور:** | نێوی قەڵاو ناوچەو گوندێکی کوردنشینە لە لای شاری خۆی لە هەرێمی شکاکان کە رابردووی لە باری کۆنبوونەوە دەگەڕێتەوە بۆ ٧١٦ی زایینو لەو ساڵەدا سارگۆنی دووهەم پاشای ئاشوور بەوێدا تێپەڕیوەو چۆتە نێو خاکی ئۆرارتۆوە. |
| **قەرسیل:** | لاسکەدەخڵی سەوز؛ سەوەڵ؛ بەرماوی لەوەڕ. |

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە
بەیانیان
وەک بەرخۆلەیەکی ساوا
لە ناو "**قەرسیل**"ی پاراوا
تل دەخۆمو گیاییێکی تفت تێرتێر دەجووم
تاکفت دەبم
پێو بەلەکم لە شەونمی سارد هەڵدەسووم.
«عبدالله پەشێو»

**قەلاتان:** نشینگەی میرو مەزنان؛ خانووی سەر کێو؛ نێوی گوندێکە لە ناوچەی شاروێران لە هەرێمی موکوریان کە سەر بە شاری مەهابادە.

بەهـاری کـوردەواری ســوورو شــینە
لە دەورەی تەرمی خوێنین کۆڕی شینە
دەتـەوێ گەر بەهـاری کــورد ببیــنی
وەرە گـــونـــدی قـــەلاتـانـم ببینە «هێمن»

**قەڵوەز:** قەڵبەز؛ تافگە.

**قەڵخان:** قەڵغان؛ سپەر؛ سپێر.

**قەندیل:** شووشەسەهۆڵ؛ چلوورەبەفر؛ چیای قەندیل لەبەشی زنجیرەچیای ئاگری «ئارارات»ەو هەمیشە سەر بە بەفرەو بەفری بڕێ شوێنی هیچکات ناچێتەوەو سەر بە سەهۆڵەو لە زۆر شوێنیدا چلوورە بە قەراخ رەوەزاندا بەر

بەربۆتەوەو لەوانەیە بەم بۆنەوە ئەم نێوەی بەسەر دابڕابێ. دەنا قەندیل بە واتایەکی دیکەش دەبێتە: چرادان؛ چرائاوێز؛ چرای بە سرمیچەوە داڵۆسکەکراو.

لە چلـەی هاوینا نەوبەهـار ببینە
**قەندیل** مەندیلی هەر فڕێ نەداوە! «؟»

واتە: وەرە لە چلەی هاویندا بەهاری قەندیل ببینە کە هێشتا بەفری پێوە ماوە. شاعیر لەم شیعرەدا، چیای سەر بە بەفری "قەندیل"ی بە مەندیل یان مێزەری سپیرەنگی مەلایان وێنواندووە.

قەندیلو قەندیلو **قەندیل**، قەندیلو قەندیلێ من
قەندیلو قەندیلو قەندیل، گۆڤارکا مەندیلێ من

سەربەندی گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییە بە زاراوەی کرمانجی ژووروو.

**قەیار:** بنجی گیاو گوڵو دەغڵو دان.

**قەیوان:** نێوی کەلێکە لە رۆژهەلاتی سلێمانیو دوو گوند بوون لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق.

## پیتی ( ک )

**کارخل:** نێوی شارەزوور بووە لە « ٥٧٢ » ی زایینیدا.

**کاردا:** ئەو کارەی کە کراوە؛ بەهرەی کار؛ کاردۆخ؛ بڕوانە گۆتۆ لە بەشی کوڕان.

**کارداکا:** مینۆرسکی لە زمانی "توردانگین"ەوە دەڵێ: بە پێی دوو پارچە بەردەنووسی وەدیتراو، کە وێنەیان لە سەر بووەو مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ بەر لە زایین، کارداکا وڵاتێک بووە لە ناو وڵاتی ئاشووردا کە کورد بەڕێوەی بردووە؟!

**کاردۆخ:** کاردۆک؛ ئەو تیرەیەن لە کورد کە گزنفۆن لە کتێبەکەیدا نێوی هێناون؛ وشەی "کورد" ڕیشەی مێژوویی و کۆنی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵی لەمەوبەر. بۆ یەکەمجار وشەی "کاردایاک" لە سەر

بەردەنووسەکانی ئاسووری خوێندراوەتەوە. پاشان وشەی کاردۆک، کردۆک، کاردۆخ هاتۆتە ناو نێوگەڵو سەرەنجام وشەی کوردو کوردستان، لە زەمانی پاشاکانی «سلجوقی»دا بە شێوەیەکی رەسمی بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە گۆتۆ.

**کاردۆژە:** کاردەوەژە؛ هەڵکۆڵین بە کاردو چەقۆ؛ بەو کاکڵەگوێزەی دەڵێن کە بە کارد یان چەقۆ هەڵیدەکۆڵنو دەری دێنن.

**کاردۆش:** بەو کوردانە دەگوترا کە لە گێلان دەژیان؛ کاردۆشیەکان دوای ئەوەی کە حکوومەتی ماد لە دەسەڵات کەوتو کۆرشی هەخامەنشی هاتە سەر دەور، ملیان بەو دەسەڵاتە نەداو لە گەڵ حکوومەتی هەخامەنشی بە شەڕ هاتن.

**کارزان:** لە کاردا زاناو شارەزا؛ لە کار تێگەیشتوو.

**کارساز:** کارچێکەر؛ کارسازێنەر؛ کەسێ کار بۆ کەسێ پێک دێنێ؛ کردگار؛ یەزدان.

**کارناس:** لە کار شارەزا؛ لە کار سەردەرچوو؛ زانا لەکار.

**کاروان:** کارڤان؛ کارۆ؛ قافڵە؛ سەفەر بە وڵاخو بارەوە.
خۆم کورەکاروانی شەو بە بارەوە
سەر خەو دەشکێنم بە لای یارەوە «فۆلکلۆر»

**کارۆس:** گیا کارۆس رووەکێکی بۆنخۆشە.

**کارۆخ:** شاخێکی سەختە لە وێنەی دیوارێکی گەورە کە کەوتۆتە پشت گوندی بۆتێ لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق‌و لەوانەیە ئەو نێوە هەرکاردۆخ بێ.

**کاریی:** بەکار؛ ئازا لەکار؛ خەتەر؛ کاردوو؛ دووکەڵ؛ جۆرەگیایەکی ئاوییە.

تیرەکەی ئەو رۆژە مەحبووبم کە لوتفـی کرد بە من
گەر نەبەخشێ مەرهـەمی وەسڵی برینم «**کاریی**» یە
«نالی»

**کاریان:** ناوچەیەکە لە ئوستانی «کرمان»، کە کوردی لێ دەژی.

**کازیوە:** شەوەق؛ بوولێڵەی بەیان.

**کاژاو:** جۆرە ترێیەکی رەشی بزمارکوتی مزرە؛ هەم گوندە هەم چیایەکە لە نێوان پێنجوێن‌و سلێمانی.

**کاسۆ:** داری سەرخواری تۆپانقار یان گۆبازی؛ هەژار.

**کاشمە:** گیایەکی گەلا پانە وەک باسکلاو دەیکەنە دۆلمە.

**کاشیارا:** نێوی کۆنی چیای (طورعابیەین - قەرەجداخ)ە.

**کاکۆ:** کەکۆ؛ وشەی دواندنی براگەورە؛ کاکە؛ وشەی ریز بۆ پیاوان؛ برای دایک؛ خالۆ؛ تیرەیەکی کوردن کە لە نێوان سنەو کولیاییدا دەژین؛ وا وێنا دەکرێ کە ئەم تیرەیە پاشماوەی «کاسۆ»ییەکان بن، واتا کاسۆی ئاکاد؛ نێوی پاڵەوانێکی دۆستی کاوەی ئاسنگەر بووە.

**کامەران:** بە ئاوات گەیشتوو؛ کامڕەوا.

**کامیار:** وشەیەکی فارسییە واتە: پیرۆز؛ سەرکەوتوو؛ کەسێ کە بە مرادو مەبەستی خۆی گەیشتبێ.

**کاوان:** کەل؛ ملە؛ یاڵ؛ گەردەنە؛ گوندێکە لە ناوچەی شەقڵاوە.
زۆسانەن وەی ڕەنگ وەگەردوون یاوان
گێجیای لوول گێج کلێنلەی **کاوان** «مەولەوی»

**کاوژان:** گوندێکە لە خوار گوندی «بێژوێ» وە لە داوێنی چیای ئالان لە پشت شاری سەردەشت.

**کاوە:** ئێش و ئازارێکە بە هۆی کارکردنی زۆرەوە لە لەشدا پەیدادەبێ. نێوی ئەو کوڕە کوردەیە کە زوحاک "ئەژدەهاکی" کوشت.

**کاویان:** کاوانەوە؛ کاویانەوە؛ تووزانەوە؛ گریان بە دەنگی نزم؛ نازنێوی ئاڵای کاوەیە.

پەرچەمو فێنسی کەچی تۆ ئەی جوان
تاجی کەیانو عەلەمی **کاویان** «حاجی قادر»

**کرژە:** مرۆڤی ئازاو چالاک؛ نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق.

**کرمانج:** کرماج؛ کورمانج؛ کوردمانج؛ نێوی کۆنی کورد؛ بەشێکی هەرە زۆر لە کورد؛ لە هەرێمی موکوریان بە لادێیی یان گوندیی دەڵێن: کرمانج.

**کریڤ:** خزم؛ دۆست؛ کەسێک کە منداڵ لە باوەشیا خەتەنە کراوە؛ کریڤۆ لاوکێکی کۆنی کوردییە.

**کرێوە:** هەڵکردنی باو بۆران پێکەوە لە زستاندا؛ بای ساردی زەمەن کە بەفریش لە گەڵ خۆی هەڵگرێ.

دەبارێ هەی دەبارێ
دەبارێ "**کرێوە**"ی دەکا
لە سەر سینگی کەژاڵێ
خاڵەو بانگی خاڵ دەکا.

«سەربەندی گۆرانییەکی فۆلکلۆرە»

**کلپە:** دەنگی شەماڵەی بە زەبری ئاگر؛ لەپڕ تەقینەوەی ئاگر.

**کوتەک:** داردەستی سەرخڕ؛ مێکوت؛ لێدان؛ نێوی کوڕی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، مامۆستا قانع بووە.

| | |
|---|---|
| **کۆتەڵ:** | خڕکەڵەو جوانکیلە؛ کۆترەباریکە؛ پەیکەر؛ گەورەبوو؛ لە خەم رەسیو؛ سەرکۆزەرەی دانەوێڵە؛ ئەسپێ کە لە ئازیەتیدا دەیگێڕن؛ دۆڵاشی لەبەرد؛ دۆڵاش بە گشتی؛ دارستانی چوغور؛ کۆمەڵێک دارو درەختی چڕو پڕ؛ کومەڵە داری بەڕووو مازوو؛ نای ئاش؛ گەنمێک کە دوای کوتانو شەنکردن لە نێو قاپوورەکەیدا مابێتەوە؛ سەیرانگەیەکی خۆشو دڵگیرە لە نزیک سوورداش لە لای سلێمانی. |
| **کۆچەر:** | رەوەند؛ خێڵات؛ نەنیشتەجێ؛ کوێستانگەڕ؛ ئەو خێڵانەی کە گەرمیانو کوێستان دەکەن. |
| **کوڕادە:** | کەوەرەکێویلە؛ گیایەکە لە کوێستانان شین دەبێو هەروەک پیوازی تەڕو سیری کێوی دەچێو دەشخورێ. |
| **کوردان:** | کۆی وشەی کوردە؛ کوردگەل. |
| **کوردۆ:** | گۆڕدراوی وشەی کاردۆیە؛ جۆرە مەقامێکی کوردییە. |
| **کۆسرەت:** | نێوی چیایەو گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق لە ناوچەی کۆیە. |
| **کۆشیار:** | تێکۆشەر؛ خەباتکار. |

**کۆکەن:** سەرنێوی فەرهادی لوڕ یان فەرهادی کۆکەن ئەویندار‌ی بە نێوبانگ؛ چیاکەن؛ ئاڵفبڕین؛ کاتی دروونی ئالیک بۆ مەڕو ماڵات بۆ زستان.

**کۆمارا:** گوندێکە لە ناوچەی پاوە.

**کۆماس:** نێوی هۆزێکی کوردە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران کە پێیان دەڵێن هۆزی کۆماسیو لە ناوچەی کۆماسی دەژین.

**کەژوان:** کەژەوان؛ زەردەوان؛ کونستانپێو.

**کەشکۆڵ:** فینجانی فەخفووری؛ دەفری ئاوی دەروێش. کەشکۆڵ لە داری گوێزو لە هیندووستان درووست دەکرێ؛ هەروەسا ملوانکەیەکی زێڕ یان زیوینە کە دەکرێتە ئەستۆی منداڵ؛ بەرمووری زارۆکان؛ دەفتەری بیرەوەریو شیعران؛ نەخشێکە لە جاجمو بەرماڵدا.

شەرت بێ لە داخت تەرکی دنیا کەم
کەشکۆڵ هەڵبگرم عاسا پەیداکەم
وەک دێوانەکان روو لە سەحرا کەم «فۆلکلۆر»

**کەلار:** خاپوور؛ لەسەریەکدانراوی بەرزەوەبوو؛ شارۆچکەیەکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**کەلۆس:** کۆلۆس؛ کلۆز؛ کلاوبۆرە؛ کەسێ کە ددانی پێشووی

کەوتبێ.

**کەلۆش:** گوندێکە لە ناوچەی سلێمانی.

**کەویژ:** کەویج؛ قەفیز؛ دەفرێکە شتی پێ دە پێورێ.
چ کەویژێ چ مەویژێ. وتەی پێشینیان!

**کەیا:** کایە؛ ژەندنی تراو؛ وەکوو (مەشکەت کەیاندووە)؛ نازنێوی پیاوی بە دەسەڵات؛ کوێخا.

**کەیان:** مەزنان؛ سەروەران؛ پاشایانی گەورەو زۆردار؛ جۆرێک چادری خڕی گومبەزوێنەیە کە بە کۆڵەکەیەک هەڵدەدرێو لە نێو عەجەماندا بە خێوەتی کوردی یان خێوەتی کوردان بە نێوبانگە.

## پیتی ( گ )

**گادەر:** نێوی چەمێکە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

ئەرێ پەری پەری پەری
قورینگی چۆمی **گادەری**
ئیجازەم لە دایکی سەند
بۆ خۆم دەبمە مشتەری «فۆلکلۆر»

**گارم:** سێهەمین کوڕی کاوەی ئاسنگەر.

**گارۆ:** گارگارۆ؛ هێلانەی مەل لە کونی داردا.

**گارە:** گەبری؛ چیا؛ شاخ؛ کێو؛ کەژ؛ کۆ. چیایەکە لە ناوچەی بادینان بەرانبەر بە شاری ئامێدی کە سەدام بە سەریەوە قەلایەکی خستۆتەوەو چوار دەورەی شوورەچن کردووە.

**گازە:** دەنگهاتنی گۆرانی؛ شفرەی چەرمبڕ؛ پرتەو بۆڵە.

**گاشە:** بەردی زل؛ کەڤری مەزن؛ ئاژاوەو بشێوە.

**گاوارە:** تیرەیەکن لە هۆزی گۆران لە ناوچەی کرماشان.

**گاوەڕۆ:** چەمێکە لە نێوان شاری سنەو کامیاران.

**گریڤان:** ژێرکراسی؛ گوندێکە لە ناوچەی دهۆک.

**گـۆتۆ:** گۆتۆ "گۆتی"، نێوی کۆنی تیرەیەکی کوردە، کە ساڵی (٢٦٤٩)ی پێش زایین وڵاتی سۆمەرو ئەکەدیشیان داگیر کرد، ئەم دەسەڵاتەیان (١٢٥ ساڵ و ٤٠ رۆژ) درێژەی کێشا. دوایە وشەی گۆتی بە تێپەڕبوونی دەوران بووە بە کۆتیو کورتیو کاردخۆیو کوردخۆی؛ ئەم تیرەیە لە کێوەکانی زاکرۆسدا ژیاون؛ "ئێسترابوون"ی یۆنانی لە باسی ئاترۆپات "ماد"ەکاندا بە کورتەکان ناوی بردوون. گەزەنفۆن لە گەڕانەوەی (١٠٠٠٠) کەسەکەیدا لە (٤٠١)ی بەر لە زایین، لە چیاکانی زاکرۆس تووشیان بووەو بە دەستی هەر ئەو کاردۆخییانە زەبری کاریی وە لەشکرەکەی کەوتووە.

**گۆران:** نێوی تیرەیەکە لە کورد کە لە ناوچەی داڵاهۆ دەژین؛ لە کۆندا گۆرانەکانیان بە چەتەو رێگر نێو بردووە.

**گۆرمێن:** گەواڵە؛ گەوارە؛ پەڵەهەور.

**گۆفن:** شاخێکی سەختو دڵگیرە لە بارزان.

**گۆڤەند:** لە زاراوەی کرمانجیدا واتا: شاییو هەڵپەرکێ؛ بەزمو دیلان؛ داوەت.

**گۆیژە:** گۆییژ؛ بلچ؛ گڤیشک؛ کێوێکە لە پشتسەر شاری سلێمانییەوە هەروەسا گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی لە سەرووی گەڕەکی تووی مەلیکەوە. ئەو گەڕەکەش بۆیە نێوی «گۆیژ»ەی بەسەر دابڕاوە، چوونکە کاتی خۆی داری گۆیژی لێ بووە.

لەو دەمەیدا رۆژ دەگاتە ئێوارە
روویکەرە شاخی **گـۆیـژە** بنوارە
عـەرشی پـەروەردگاری لێدیارە
دامـەنی وەک بەهەشتـی ئابدارە «پیرەمێرد»

**گەڕوان:** گەڕناس؛ شارەزا لە گەشتو گەڕان.

**گەزان:** گوندێکە نزیک بە گوندی «بایینچۆ» لە ناوچەی سنە.

**گەلۆ:** تۆ بێژی، ئایا؛ ئەی ئەوانەی قسەیان لە گەڵ دەکەم؛ (گەلۆ دەبێ رۆژێ کورد بە ئاواتی خۆی بگا)؛ گەلۆ هەوایەکی گۆرانی کوردییە.

**گەلیار:** هۆزێکن لە تیرەی لوڕ.

**گەمۆ:** چیایەکە لە ناوچەی قەسری شیرین.

**گەورک:** جۆرێک پەزی دووگقوولە؛ نێوی مەڵبەندێکی پانو بەرینە کە لە دۆژ شارەکانی مەهاباد، سەردەشتو سەقزدا هەڵکەوتووەو بە هۆی پانو بەرینی مەڵبەندەکەوە بە سێ بەشی گەورکی مەهاباد، گەورکی سەردەشتو گەورکی سەقز، نێو دەبرێن. هۆزی گەورکیش لەو مەڵبەندەدا نیشتەجێن. وشەی گەورک لە دوو بەشی گەور+ ک ساز بووە. گەور یان گاور واتا ئاورپەرست یان زەردەشتی. "ک" پاشگری جێگایە وەک دەرک، لووساوک. گەورکیش واتە: جێگای زەردەشتییان.

**گێژەن:** گرێژەن؛ گێچەڵنانەوە؛ ئاژاوەو ناخۆشی.

## پیتی ( ل )

**لاس:** لاز؛ لاج؛ لاوی جوانچاک؛ لاخە: گیای دووراوی نەبەسراوی کۆمەنەکراو؛ دەنگی گۆلەسەگ لە کاتی تاوکردنی دێڵەبەبادا؛ دارێکە لە دار سنجوو دەکاو درکی نییە؛ کۆمای گزرە؛ ژەنینی گۆلەسەگ لە دێڵە بەبا؛ فریو؛ ریخ؛ شیاکە؛ نێوی قارەمانی چیرۆکی لاس و خەزاڵە کە لاس خەڵکی باڵەک و لە هۆزی باڵەکیانە.

**لاسار:** گوێنەبیس و سەرەڕۆ؛ سەرسەخت.

**لاسۆ:** لازۆ؛ کوڕۆ؛ لاوۆ؛ ئەی جوان.

**لاڤاو:** باراناوی زۆر؛ سێلاو.

**لانۆ:** هێلانەی گیانلەبەری وەکوو شێرو پڵنگ‌و هی‌تر.

**لاوان:** کۆی گەنج و لاو؛ کۆی خورت؛ خورت وشەیەکی کرمانجی سەرووە. خورتێن مە = لاوەکانی ئێمە. لە موکوریان بە لاو دەڵێن: جەوان. لاوان: جەوانان.

**لاوک:** گۆرانی درێژو کەون؛ هەوای مەقامێکی کۆنی کوردییە. لاوک بە ناوەڕوک، شێوەو جۆری جیا لە یەکی هەیە کە باسی رووداوی حەماسی‌و راستەقینەی تێدایە. کاوس ئاغا، مریەم خان، عارف جەزراوی، حەسەن جەزراوی، عیسا بەرواری، ئەم گۆرانییەیان چڕیوە. بیتە کۆنەکان بڕێکیان بە هەوای لاوک گوتراون.

**لاوکۆ:** کوڕی لاو؛ کۆی لاو؛ کوڕی جوان؛ لاوی تازە پێگەییشتوو. ئاماژەیە بە لاوی ئازاو بەجەرگ.

**لاوێن:** لاوێنەر؛ ئەو کەسەی کە دەلاوێنێتەوە.

**لاوۆ:** رۆڵە؛ وشەی دەنگدان‌و دەستوورە، بۆ "روو" لە کوڕی لاوو گەنج بە کار دێ. وەکوو: نەکە کوڕۆ، نەکە لاوۆ.

**لاوەر:** نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**لاوەران:** نێوی گوندێکە لە کوردستان؟

| | |
|---|---|
| **لاوێژ:** | داری گەورە کە لافاو دەیهێنێ. |
| **لووتکە:** | دوند؛ ترۆپک؛ کەپک؛ قەلەپۆپەی چیاو کێو. |
| **لۆگارد:** | تیرەیەکن لە کورد. |
| **لەزگین:** | ڕووخۆش؛ چالاکو بەکار. |
| **لەنگەر:** | وەستان؛ مەنەر؛ ئاسنی سەر بە قوولایی بە زنجیرەوە بۆ وەستانی گەمی دەخرێتە دەریاوە؛ خۆراگرتنو ڕاوەستان لە سەر شوێنی باریکو بەرز؛ لە کار کەوتە؛ لە فڕین ڕاوەستانی باڵندە لە حەوا. |
| **لهۆن:** | هەم ناوچە هەم تیرەیەکە لە هەورامان. |
| **لێزان:** | ناوچەیەکە لە بادینان؛ کارزانو لەشتزان. |
| **لێشاو:** | ئاوی زۆرو خوڕ؛ شتی زۆر؛ بەهورووژم. |
| **لێوار:** | لێو؛ لێوارە؛ قەراخ؛ لچ؛ کەنار. |

## پیتی ( م )

**ماد:** نێوی کەونارای کوردو کوردستان؛ لە تەوراتو قامووس‌دا لە سەر مادو دەسەڵاتدارەکانی تێرو تەسەل باس کراوەو سنووری وڵاتەکەشیان دەستنیشان کراوە. هەتاوەکوو ساڵی ۷۱۳ی زایین ۲٤ کەس لە سەرۆکانی ماد حکوومەتیان کردووە.

**مارتیا:** بە پێی بەردەنووسەکەی کێوی بێستوون نێوی ئەو سەردارە کوردە ئیلامییەیە کە دژی داریۆش راپەڕیوە.

**مارد:** تیرەیەکی گەورەی کۆنی کوردن کە پشتی لورەکانن‌و باژێری ئێستای ماردین لە کوردستانی بندەستی تورکیە دوور نییە وەبیرخەرەوەی ئەم تیرەیە بێ.

**ماردین:** مێردین؛ نێوی شارێکی کوردنشینە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە نزیک لە سنووری سووریە.

**مارۆ:** بەش؛ قەشان؛ تەوێڵسپی؛ تەختی ناوچاوانسپی. ئەسپێ کە خاڵی چەرمگ لە پایدایە؛ بە گیانلەبەری رەشی ناو چاوانسپی دەڵێن: مارۆ. لە نێو خەڵکدا باوە، دەڵێن: فلانەکەس، وەک گای مارۆ وایە. واتە ناسراوە و لە ناو خەڵکدا دیارە.

**مازن:** سەرۆکهۆز؛ مەزن؛ گەورە؛ گەپ؛ زل.

**مازین:** گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە!؟

**ماژین:** دۆڵێکە لە ناوچەی خورەماوا لە هەرێمی لوڕستان.

**ماکۆ:** پاکۆ؛ بەسەریەکادراوی گیای دووراو؛ شارێکە لە سەر سنووری ئازەربایجانو کوردستان لە ژێر دەسەلاتی ئێران کە کوردو ئازەری لێ دەژی.

**ماکوان:** شاخێکی بەرزە لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**ماڵمیسان:** نێوی چیایەکە لە نزیک پیران لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیە؛ نازنێوی نووسەرێکی کوردە.

**مامەش:** نێوی هۆزێکی کوردە لە دۆڵ مەهابادو پیرانشار لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**مامەندە:** نێوی چیایەکی بڵندە لە پشت کێوی ناوزەنگ لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق کە کەوتۆتە دۆژ سنووری دەستکردی ئێران‌و ئێراق؛ نێوی قسەخۆشی بە نێوبانگی کورد «مامەندە گۆڵەی شەختان»ە.

**مۆدان:** نێوی هۆزێکی زازایە کە لە دێریکی کوردا بۆ شەر لە گەڵ دەوڵەتی تورک بە نێوبانگن.

**موکری:** موکور: نەترس ئازا؛ موکری: نەترسی؛ وێرایی؛ نێوی هۆزی «موکری»یە لە موکوریان.
دوای چووک‌بوونەوەی ئادریاس، لە نزیک شاری مەهابادی ئێستێ، لە سەر تەپکی مەحموودخان، شارۆچکەیەک ساز بووە بە نێوی مەکران، کە وشەی موکوریان لەو وەرگیراوە. شارۆچکەی مەکران، بە گەورەیی‌و گرینگی دوو شاری چێری‌و ئادریاس نەبووە. ئاسەواری ئەو شارۆچکەیە تەنیا هێندێک شتی ئەنتیکەیە کە وەدەست کەوتووە. نزیکەی چوار سەد ساڵی پێش لە زەمانی سەفەوییەکان، شاری سابڵاغ "ساوجبلاغ" کە وشەیەکی تورکییەو واتە: کانیسارد، سازکراو شارۆچکەی **مەکران**، وردە وردە لە نێو چوو.
سەفەوییەکان زۆربەی سەرۆک هۆزەکانی برادۆست‌و "موکری"یان سەرکوت کردوەو بە سەر فرە ناوچەی کوردستاندا زاڵبوونە. هۆزی موکری کە لە گەڵ سەفەوییەکان بە شەڕ هاتوون، لە زستانێکی سارد‌و سەخڵەتدا، لە کێوێک لە نزیک قاراوای مەنگوڕ، لە

سەرمان قڕیان هاتووە کە ئێستا بەو کێوە دەڵێن **موکریقڕان**. بۆ «**موکوریان**»یش مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ: موکوریان لە بنەڕەتدا موغریان بووە کە گۆڕدراوەتە موکوریان واتە: ڕێگای (موغ)ەکان یان ڕێگای ئاگرپەرستان. ئاترگەی شیز لە تیکاپ و پەرسگەی کەرەفتوو لە لای سەقز، جەختە بۆ وەڕاسگەڕانی ئەم دیمانەیە.

**مۆنزوور:** مزوور؛ بە هێزو تاقەت؛ خزمەتکاری بەکرێ؛ نێوی هەم چیا هەم ڕۆبارێکە لە ناوچەی دەرسیم.

**مەدهۆش:** سەرگەشتەو سەرگەردان؛ نێوی شاعیرێکی کوردی خەڵکی "سلێمانی"یە.

**مەرا:** چیایەکە لە ناوچەی سیدەکان.

**مەرداس:** نێوی باوکی ئەژدەهاک بووە.

**مەردان:** کۆی مەرد؛ مرۆیانی ئازاو دلاوا؛ چەکوش؛ پێمەڕەکاری؛ بە پێمەڕە کێلان.

**مەردۆخ:** نەخۆشی لەمردن؛ نەخۆشی بەرەو مردن؛ خودای کەونارای بابل؛ سەرنێوی بەرەیەکە لە کوردستان کە زۆر زانای زۆریان لێ هەڵکەوتووە.

**مەرگە:** گوندێکە لە لای گوندی ئاوەژێ لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراق.

**مە روان:** ماروان؛ مەریوان.
مەروان نێوی کۆنی شاری مەریوانە؛ مەریوان بێئەنداز ماری زۆرە، من بۆ خۆم دیومەو راستە. لە لای خواررووی شاری مەریوانەوە گوندێکی بچووک بە نێوی تازەدێ هەبوو کە لە بەر ماری زۆر سووتاندیان. بەهاران دەورو بەری زرێبار دەڵێی شارەمارە، بن هەرکەڤرێ بگەڕێو سەر هەر بەردێ هەڵدەیتەوە، کۆمەڵێک ماری تێدایە؛ خەڵکی بەساڵاچوو لە مەریوان، دەڵێن: لە بەر ماری زۆر بووە کە ئەم شارە بە "ماروان"، "مەروان" یان "مەریوان" نێودێر بووە.
لە لای خواررووی شاری مەریوانەوە پردێک هەبوو بە نێوی کەڵێکەوە کە دەپەڕیەوە بۆ گوندی تەرخاناوا، بەسەر ئەو پردەدا وەکوو مێرووله مار دەهاتن‌و دەچوون.

**مەریوان:** مەروان؛ ماروان؛ مەریوان. بڕوانە مەروان.

**مەزدا:** نازنێو یان کورتکراوەی نێوی ئەهۆرەمەزدای خودای زەردەشتییەکان بووە. ئەگەر لە «مەزد»ەوە هاتبێ واتە: کولانکە یان کونەرۆچنە کە رووناکایی هەتاو یان تیرۆژ دەداتە ژووری؛ لە «فەرهەنگی فارسی عەمید»دا نووسراوە مەزدا: خستنەسەرو زیاکردن؛ بردنەسەری نرخی شت.

**مه زن:** سەرۆک؛ گەورە؛ عظیم. (چیای مەزن)
بە کوتەو شانامان میللەت دەمێنێ
بە میرو **مەزنان** شان دەتەکێنێ «سەیفی قازی»

**مەکۆ:** سەنگەر؛ پەناگە؛ حەشارگە؛ کۆ؛ کۆگا؛ جێگەی کۆبوونەوەی خەڵک؛ جێگەی بەسەریەکاکراوی شت؛ شتێکی سەرو بن باریکە کە جۆلاً مەکارەی تێدەخاو جۆلاًیی پێ‌دەکا.
شەوە لەو سەوزەزارە لەو دەماوە
**مەکۆی** خەم لاچووەو دەمکوڵ چەماوە
مەکە و لاچۆ دەمانبینن، بیانوون
بەیانە دەم بنێ دەم، دەم نەماوە «هەژار»

**مەگروون:** لە پیرە مەگروون وەرگیراوەو نێوێکی کۆنی ئارییاییە؛ گروون یان گورروون واتە: کەوڵکردنو پێستگرتنەوە؛ مەگروون لە بنەڕەتدا مامگروون بووە، زاراو گۆڕیویەتیو بووە بە مەگروون.

**مەڵبەند:** مەڵوەن؛ ناوچە؛ ناوەقە؛ کان؛ سەرزەوینی جێگەژیان.

**مەمدیا:** چیایەکە لە ناوچەی سیدەکان.

**مەندەلی:** جۆرێک ترێیە؛ شارێکە نزیک لە شاری خانەقین لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**مەنمی:** مەندۆمی؛ هۆزێکی بەنێوبانگی کوردن کە هەم لە کوردستانی بندەستی ئێران دەژین هەم لە کوردستانی ژێر دەستی ئێراق.

**مێدیا:** ماد؛ مەدیا؛ میدیا؛ نێوی دەولەتی مادەکانە؛ ئەو شوێنەی کە مادەکانی لێ ژیاون.
"مید"ییەکان لە رەگەزی هێند ئورووپی بوونەو لە سەدەی نۆیەمی بە لە زایین، لە رۆژهەلاتی زەریای کاسپین یان قەزوینەوە چوونەتە رۆژاوای باکووری کێوەکانی ئێران واتە ولاتی "**میدیا**"، کە وردە وردە دەسەلاتیان بە سەر دراوسێکانیشیاندا پەیدا کردووەو لە دوایی سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین، حکوومەتێکی سەربەخۆیان دامەزراندووەو نەتەوەی «پارس»یشیان خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆیانو شاری هەگمتەنا یان هەکمتان، «**هەمەدان**»ی ئێستایان کردووە بە پاتەخت.

**میران:** کۆی میرە، میر: پاشا؛ **میران:** نێوی هۆزێکی کوردی کۆچەری بووە لە کوردستان.
میر لە کوردیدا، کورتکراوەی نازنێوی «أمیر»ەو لەگەلْ وشەی (میر)ی فارسی، کە واتای "سەیید" دەدا، جیاوازە.
(میری سۆران یان **پاشا کۆرەی** رەواندوز)، دەسەلاتداری ناوچەی میرنشینی سۆران بووەو لە شاری رواندز دانیشتووە. بڕوانە سۆران.

**مێرخاس:** پیاوچاک؛ پیاوی ئازا.

**مێژوەرد:** گیایەکە وەکوو قورینگان دەچێ، گوڵی سووردەکا. گیا قورینگانیش وەکوو وێنجەیەو بۆ ئاژەڵ (مەڕو ماڵات)، دەبێ.

**میرۆ:** پاشای بچووک؛ سووکەڵەمیر؛ خودای هەتاو لە ئێرانی کەونارادا.

**میشۆ:** نێوی ئەو بەیتبێژەی کوردەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سووریەیە کە ساڵی ١٩٤٢ بەیتی («مەم»ی ئالان)ی بۆ کوردناسی فەرانسەیی رۆژەلیسکۆ تۆمار کرد. ئەم بەیتە بە یارمەتی دوو زانای کۆچکردوو بەدرخانو نوورەدین زازا بلاو کرایەوە.

**مێگر:** سەرچاوەی ئاوی رواندزە لەبناری چیای کۆڕێ.

**میلان:** نێوی هۆزێکی کوردە کە لە باکووری شاری «خۆی» دەژین؛ گوندێکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراقە.

## پیتی ( ن )

**ناری:** بە زاراوەی لەکی، دەبێتە: نەهێنی یان نەیهێنی؛ پێچەوانەی باری؛ وەکوو: (ئەر باری دەبەمەی ئەر ناری دی چە بکەم)؛ نازنێوی شاعیرێکی کوردی هاوچەرخی ئێمە کاکە حەمەی ناری بووە خەڵکی لای مەریوان.

**نالی:** زارڤ؛ پرزەی ناو قەڵەمی قامیش؛ دۆشەک؛ نێوی شاعیری نێوداری کورد مەلا خدری ئەحمەدی میکایەلییە.

**ناسۆر:** برینی تەشەناکردوو؛ ئێش؛ ئازار.

وەش وەش تای توغرای وێت بنمانە پێش
با هەر ناسۆر بۆ، زوو نەبۆ سارێش «مەولەوی»

**ناسیکۆ:** نێوی یەکێ لە تیرەکانی کوردە کە لە ٨٨١ی زاییندا ژیاون و دانیشتووی ناوچەی زاموا بوونە.

**ناکام:** بە مراد نەگەییشتوو، بە ئاوات نەگەییشتوو.

**ناکاو:** لەپڕ؛ لەخلاف؛ کوتوپڕ.

**ناوتۆ:** ناوقەدکراو. کاغەزەکە لە ناوتۆی کتێبەکەدایە.

**ناوازە:** بژاردە؛ بە تایبەتی.

**نا مری:** نەمری؛ نێوی پشدەر بووە لە «٥٧٢»ی زایینیدا. پشتدەر شارۆچکەیەک بوو لە لای رانیەو قەلاْدزێ کە بەدەستی حکوومەتی بعث چۆلْکراو رووخێندرا.

**نرکە:** نەعرەتە؛ گرمەی هەورو تۆپ.

**نزار:** نسار؛ نسرم؛ خۆرنەوەزان؛ نیس؛ سێبەر؛ سۆنگە؛ شوێنێک کە هەتاوی لیْنەکەوێ؛ کز؛ لەڕ؛ لاواز.

ئازاو رزگار بم شادانو خەندان

یان زارو **نزار** لە نەخۆشخانان «هەژار»

**نۆمار:** گوندێکە نزیک بە زەریاچکەی زرێباری لای مەریوان.

**نسکۆ:** نووچبردن بە توندی؛ رەت؛ سەرسم؛ پێ هەلْکەوتن.

**نشکاش:** گوندێکە نزیک لە گوندی دەری لە ناوچەی مەریوان.

**نشوان:** نێوی گوندێکە لە کوردستان!؟

**نشوور:** گوندێکە لە نێوان سنەو کامیاران.

**نشێو:** نشیڤ؛ لێژ، سەرەوخوارکا، سەرەولێژ.
(هەورازو نشێوی زۆرمان لەبەرە).

**نۆبار:** تازەبار؛ گوندێکە لە لای بۆکان نزیک کێوی تەرەغە.

**نۆکان:** گوندێکە لەسەر سنووری دەستکردی ئێرانو ئێراق لە داوێنی ناوزەنگو چیای مامەندە.

**نەبەرد:** بە پشوو لە هەموو کارێکدا؛ هەرگیز نەبەز؛ ئازا.

**نەبەز:** کۆڵنەدەر؛ شکسیهەڵنەگر.

**نەچیر:** ئەو گیانلەبەرەی کە راو دەکرێ؛ دەسکەوتی راو.

**نەردین:** نادر؛ نایاب؛ دەستنەکەوتوو.

**نەگەرۆز:** زۆر سارد؛ چیایەکە لە لای بانە.
**نەگـــەرۆز** گـەڕام وادی بـە وادی
جێراوگەی هەمـوو عێلی مـورادی
هەر لە **نەگـەرۆز** تا دەربەندی خان

ئەو ناوە یەکسەر شێواوەو وێران!   «پیرە مێرد»

**نەلاس:** گوندێکە نزیک سەردەشت کە بە سەر چۆمی "کەڵوێ"وە هەڵکەوتووە. بڕوانە بەیتاس لە بەشی کوڕان.

**نەڵۆس:** نێوی گوندێکە لە ناوچەی سەردەشت.

**نەڵێن:** نێوی دوو مەڵبەندە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**نەمر:** زیندوو؛ هەرماو؛ سەرنێوی شێخ مەحموودی مەلیکە کە دژی بەریتانیا بۆ رزگاری کوردستان شۆڕشی کرد.

**نەمروود:** چیایەکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە، کە ئاسەواری کۆنی وەکوو پەیکەری مرۆڤی لێیە؛ شارێکی کەونارایە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق کە شوێنەواری هەر ماوە؛ نێوی پاشایەک بووە کە إبراهیم پێغەمبەری خستۆتە ناو ئاگرەوە.

**نەمەشیر:** گەورە گوندێکە لە دۆژ سەردەشتو بانە.

**نە واڵ:** نواڵ؛ نەوال؛ لافاوی توانەوەی بەفر لە چیا؛ شیو؛ دۆڵ.
وەرە با بچین چیایێ بلندا، بێ‌دار نابە،
**نەوالێ** کوور، بێ ئاف نابە.
وەرە کەچکێ وی عەسری، وی زەمانی،
ل مالا بابێ خوەدا،

بێ دۆستو بێ یار نابە. «فۆلکلۆر»

**نەورۆز:** نەڤرۆز؛ رۆژی سەرساڵ؛ سەرەتای بەهار؛ سەبارەت بە نەورۆز، دیمانەو گۆتنی جور بە جۆر زۆرن. لەوانە شاعیری نەمر، مامۆستا هێمن دەڵێ:

(بۆچوونی من لەبارەی نەورۆزدا بۆچوونێکی لادێیانەو کرمانجانەیە. لەوەش ناترسم مێژووزانەکانی شارستانی پێم بڵێن کەرەکرمانجی مێژوونەزانو نەخوێندەوار ئەوەت لەکوێ هێناوە.

من پێم وایە ئەم رۆژە پیرۆزەو ئەم جێژنە گەورەی گەلانی رۆژهەلات، پێوەندی بە ئابوورییەوە هەیە.

جا ئیجازە بدەن بەکورتی لەو بارەوە بدوێم. تا بزانن منی کەرەکرمانج کەنگێو لە کوێم دەرسی(اقتصاد) خوێندووە تا قسەی وا زل بکەم.

بابە با نەخوێندەواریش بم! خۆ ئەوەندەم لە خوێندەواران بیستووە کە ئەو گەلانەی بە زمانەکانی ئێرانی دەدوێن، -لە رۆژگارێکدا کە نە من دەزانم کەنگێیەو نە ئەو کەسانەی خۆیان بە مێژووزانو مێژووناس دەژمێرن بۆیان ساغ بۆتەوە-، چەند هەزار ساڵ دەبێ لە قەفقازەوە سەرە و ژێر بوونەتەوەو هەریەکە بۆ لایەک رۆیشتوون.

ئەم گەلانە هەموویان شوانەوێڵەو مەڕدار بوونەو ژیانیان بە پشتو گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێنشیرینو بەستەزمانە کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە، دابین کردووە.

روونتر بڵێم خۆراکیان لە شیر و پۆشاکیان لە خوری ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیان ویستووەو گەرمێنو

کویستانیان دەگەڵ کردووەو بە دوای هەوارگەو لەوەڕگەدا وێڵ بوونەو گەڕاون. زۆر شارەزای نووسینەکانی هێرۆدتو طبری‌و گزنفون‌و فردۆسی‌و مینۆرسکی‌و زێرنۆف‌و ئەوانە نیم کە بنەچەکەی کورد بەرمەوە سەر کاردۆخ‌و مادو نازانم کێ و کێ؟!.....

بەلاّم دەزانم کوردیش یەکێک لەو گەلانە بووە ئێستاش ئەگەر کارەساتی رۆژگار لێی‌گەڕێ، کەیفی بۆ ئاژەڵداری یا بە زمانی ئیمڕۆ (دامداری‌و دامپەروەری) دەناڵێ.

ئێستاش هەرچەند مەڕداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووەو دامپەروەرەکان کاتی بەران تێ‌بەردانیان گۆڕیوە، بەلاّم ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە. هەرکەس کرتکە مەڕێکی هەبێ، ئەو رۆژە بەران دەمەڕی دەکا، مێوژەو خورماو شیرینی دەدا بە منداڵان‌و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی رەنگاو رەنگ بچێتە نێو مێگەل.

بەلاّم زۆر دوور نییە، هەر بە بیری من، مەڕدار لە ئاخرو ئۆخری مانگی "مێهر" بەرانیان دەمەڕ کردووەو جێژنی مێهرەگانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریان گرتووەو کردوویانە بە "میهرجان"و بە هەموو رۆژی خۆش دەڵێن میهرجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد رۆژ گیانی وەبەر دێ‌و مەترسی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن‌و پێی دەڵێن "بێلن‌دانا" پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییزو سێ مانگ

زستان دەکاتە پێنج مانگو لە شەوی هەوەڵی بەهاردا (زەو)ی مەڕ دێو جێژنی هەرەگەورەی مەڕدارە.
پێم وانییە پێویستی بە روونکردنەوە بێ، بەرخی مەستەشیر پاشی سێزدە رۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێو بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ. ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان. ئەوەیە بۆچوونی منی کەڕەکرمانج کە لە ژیانی باوکمدا بەسەر مەڕ رادەگەیشتمو گەرمێنو کوێستانم دەکردو بە پسپۆڕی نێویانگم هەبوو.)*
دیمانەیەکی‌تر ئەمەیە کە: زوحاک «ئەژدەهاک» پاشایەکی زاڵمو ستەمکار بووە، کە بۆ مانەوەی لەسەر کورسیو تاجو تەخت، رۆژ نەبووە کۆمەڵێک گەنجو لاو و مرۆڤی بێتاوان بە دەستی نەیەنە کوشتن، تا ئاخرەکەی کوڕێکی ئاسنگەری کورد بە نێوی «کاوە»، بە پشتیوانیی خەڵک، هێرشی بردۆتە سەرو، تەختو بەختی لەبن هێناوەو کوشتوویەتی. خەڵک ئەو رۆژەیان کردووە بە جێژنو ئاگریان کردۆتەوەو شاییو هەڵپەڕکێیان ساز کردووە؛ ئەو رۆژە لە مێژووی ئێراندا چوونکە فارس حاکم بووەو فارس بە سەر دەورەوە بووە، بە "نەورۆز"، کە وشەیەکی فارسییەو واتە: رۆژی نوێ، نێودێر کراوە. لە راستیدا لە لای فارسەکان، نەورۆز: بە جێژنی هاتنەسەر دەوری حکوومەتی پاشایەتی دادەنرێو لە لای کوردیش بە رووخانی پاشایەتی دەنا لە بنەڕەتدا کارەساتی کاوەو ئەژدەهاک ئەفسانەنو وەکوو ئەفسانە کۆنەکانی وێنانی کەوناران.
مامۆستا گۆران شاعیری پایە بەرزی کورد سەبارەت بەم

رۆژە ئەم چەند شیعرەی داناوە:

ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەفقەف بڕ
رۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ
گەرمی و ژین و شادی هێنا بە دیاریی
کوردی خستە جەژنی تازەی بەهاری
هەر وەک مەلان بە حەواوە بزانن
کە بە ساردی چەن دای چەکوش لە ئاسن
تا زنجیری ئەژدەهاکی لە گەردن
نەتەوەیەک دامالی پیکی ئاسن
شەوی دیلی بوو بە رۆژ، خەم بە شادی
زستان گەڕا بە بەهاری ئازادی! «گۆران»

هەر چەند ئەژدەهاکو کاوە لە پەیوەندی لە گەڵ نەورۆزدا وەکوو باسکرا، کارەساتێکی ئەفسانەیی‌و دەستکردە، وەکوو زۆربەی ئەو بەیتانەی کە لە کوردەواریدا ساز کراون، بەلاّم لەم دواییانەدا "أحمد شاملو" شاعیری نێودارو پایەبەرزی فارس، لە سمینارێکدا کە ساڵی ٨٩ لە ئەمریکا گێڕاویەتی، لە باسەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا کە ئەژدەهاک مرۆڤێکی خێرانکار بووەو دژی دەسەلاّتی پاشایەتی شۆڕشی کردووەو هاتۆتە سەر حوکوم؛ زەوینە داگیرکراوەکانی بە سەر خەڵکی هەژار دابەشیوەو زۆر کاریدیکەی لەم بابەتانە بەلاّم "شاوان بێمۆخ" ێک# بە نێوی کاوە بەزاندوویەتی‌و فەرەیدوونی لە جێی داناوە.

---

# "شعبان بیموخ" کە لە بنەرەتدا نێوی "شعبانزادە" بوو،

پاڵەوانێکی فارس بوو، کە لە لایەن «باشگای وەرزشی»ی ئێرانەوە بازووبەندی زێڕی پێ خەڵات کرابوو. نێوبراو لە ناو کوردەکانی ناوچەی ئەردەڵانو کرماشاندا بە «شاوان بێمۆخ» ناسرابوو. شاوان بێمۆخ لە راستیدا سەر بە حکوومەتی شاو چەقۆکێشی دەربارو داردەستو گزپاڵبەدەستی ساواک بوو. بۆ خۆی لە پارکی «شا»دا، باشگایەکی گەورەی (وەرزش)ی باستانی هەبوو کە لانەی گەندەکارگەلێکی وەکوو خۆی بوو. تاقمێکیش چەقۆکێشی وەکوو خۆی، نەوچەی بوون کە ساواک بۆ سەرکوتکردنی ئازادیخوازان لە ئێران کەڵکی لێ وەردەگرتن. لە سەردەمی "مصدق"دا یەکێ لە گەورەترین داردەستی سەرکوتکردنی ئازادیخوازان بوو. "أحمد شاملو"ش (کاوە)ی ئاسنگەری بۆ مەسەلەی ئەژدەهاک، بە شاوان بێمۆخ وێنواندووە.

**نەوشێروان:** نێوی پاشایەکی ئێرانی بووە کە بە نەوشیوانی عادل نێوی دەرکردووە!!

**نەوەندە:** کێلاْنو تۆمچاندن لە بێستانو شیناوەرد لە پاییزدا.

**نەوێ:** گوندێکە لە بناری سوورێن لە دیوی شارەزوور.

## پیتی ( و )

**واران:** باران؛ تاویٚ که به ئاسمانەوە بە تنۆک دیٚتە خوار؛ هەواران.

سەرئەفکـەندەبەر چـوون شـەرمەزاران
چەمەی چەمهۆرکەر چوون سەیل **واران** «مەولەوی»
مـالان بارکـر لیٚ چوونـە **واران** لــیٚ
سـەبی مامـە لیٚ بـەر دیواران لـــیٚ
گۆشتیٚ مە خارن مشکو ماران لیٚ «فۆلکلۆر»

**وارش:** شوورە؛ دیواری دەوری ماڵو باخو بیٚستان.

**واژاو:** دابەشکردنی جۆگە بۆ ئاودیٚران؛ ئاودانی شیناوەرد پاش هەوەڵ ئاو.

**واژە:** وشە؛ گوتە؛ کوتە؛ قسە؛ دەنگی لقو گەڵا لەبەر با؛ گوندیٚکە لە دۆژ کانیبیو سالۆک لە ناوچەی بانە لە

کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران؛ گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

**واسار:** وەرزی بەهار؛ یەکەم کژی ساڵ.

**وردبین:** ئاماژەیە بە مرۆڤی وریاو تێگەییشتوو؛ بیرتیژو بەهۆش.

**ورمێ:** وشەی ورمێ، کە دروستەکەی (**ئوورمیا**)یە، وشەیەکی ئاشوورییە، واتە: مەڵبەندی ئاو.
ئوور، واتە: مەڵبەندو میا، واتە: ئاو.
هەوری بۆری سەری گۆلی **ورمێ**
بە کزەی سروە قژی خۆی دەڕنێ
شینی هێمن « جعفر شیخ‌الاسلامی »

**وریا:** زرت‌و زینگ؛ بەهۆش.

**ورکۆڵ:** وردکۆڵ؛ زیت‌و وریا؛ لە شت کۆڵەر.

**ولیان:** گوندێکە لە ناوچەی قەراخ لە سلێمانی.

**وەتمان:** وەسمان؛ سووکەڵەنێوی « عثمان »ە.

**وەران:** وەرهان؛ بەران؛ نێرەپەز؛ ئامان؛ هاتن؛ پێچان؛ لێهالان؛ دارژان لەسەرەوە بۆ خوارەوە؛ وەرەقەکردنی خاک‌و بەردی ئەشکەوت؛ داوەرین؛ بەربوونەوەی گەڵا

له دار؛ داکەوتنی پووش‌و پەلاش لەسەر بانان؛ داوەرینی خاک‌و بەردی ئەشکەوت.

**وەرتیٚ:** کەوتۆتە بناری چیای کارۆخ کە ئەگەر لە "بۆتیٚ"وە بۆی برۆی دەبیٚ بەشیٚ لە چیای کارۆخ ببڕی تا بیگەیتیٚ، واتە کەوتۆتە پشت گوندی بۆتیٚ.

**وەردان:** بەردان؛ بەرەلاکردن؛ لیٚزیادکردن؛ خستنەسەر؛ وەردبڕین؛ زەوینیٚک کە دوو جار بکیٚلڕیٚ.

**وەرزان:** بەرزان؛ کۆی وەرزی سالٚ.

**وەرزیٚر:** وەرزیار؛ چاندەکار؛ وەرزەکار؛ وەرزەکیٚلٚ؛ کیٚلٚکار؛ کەشاوەرز؛ فەلا؛ سەپان.

**وەرزین:** کاری کیٚلٚگە؛ نمەدزین؛ ئارەقگیر؛ بەرەی زین؛ قایش‌و قرووشی سنگی ئەسپ؛ جوولانەوەو خۆماندووکردن؛ مەشق؛ وەرزش؛ راوە؛ لیٚکدانەوە؛ لیٚکدانەوەی خەون.

**وەرکۆ:** بەرکوت؛ کوتراوەی خەلەی پیٚش خەرمان؛ وەرکۆرپە؛ بەرخی ساوا؟

**وەزان:** ویٚکەوتن؛ پیٚوەدان؛ (خۆرنەوەزان= خۆرنەگر؛ نسار)؛ با هات؛ شنەی با.

**وەزلی:** هەوارگەیەکە نزیک لە گوندی دەرەکێ، لە لای سەرووی گوندی دزلی لە هەورامانی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

**وەندی:** لاوچاک.

**وەنەن:** وەنەنە؛ لەرینەوە؛ بەسەر پردێکدا کە لە دار دروست کرابێ ئەگەر تێپەڕی دەلەرێتەوە. بەو لەرینەوەیە دەلێن: وەنەنە. (وەک وەنەن بی ئەلەرزیم)

**وەهران:** رۆژێکە لە هەر مانگێک لە مانگەکانی ئاینی زەردەشتی.

**ویرە:** خەیاڵ؛ بیرەوەری.

**وێزان:** پێزان.

**وەیسە:** وەیس؛ نێوی شێخێکە کە گۆڕەکەی لە سەر چیایەکە لە مایدەشتی کرماشان. دەلێن گوایە ئەم کابرایە شا بووەو بە دیتنی مردوویەک تێکچووەو لە دەسەلاتدارەتی دەستی کێشاوەو بووە بە سۆفی‌و تۆبەکار. ئەم حاڵە دەربڕی چیرۆکی زەمبیل فرۆشەو لەوانەیە هەر ئەم کابرایە بووبێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە وەیسولقەرەنەینی عەرەب کە گۆڕەکەی لە یەمەنە لە گەڵ وەیسی مایدەشت یەکێ نییە.

وێنە: وەکوو؛ لەچەشن؛ "عکس؛ فۆتۆ"؛ گوندێکە لە لای گوندی دارۆخان لە ناوچەی شلێر.

## پیتی(هـ)

**هاریک:** کەوتۆتە ناوبەری مێرگێ‌و بیاوێ لە لای دێرەلووک لە ناوچەی بەرزان.

**هاکۆ:** نشگاف؛ لەپڕ؛ نەدیتە کرِین یان کارگرتن؛ برِە؛ گۆترە.

**هاندەر:** دنەدەر؛ بزوێنەر؛ راسێنەر.

**هانۆ:** هۆنۆ؛ یاریدەدەر؛ کەلگیر.

**هاوا:** نێوی کێوی دەماوەندە لە ئاوێستادا.

**هاوار:** داد و فریا؛ بانگ‌و هاوار؛ بانگراهێشتن بۆ ئاریکاری‌و رەهابوون لە تەنگانە؛ دەنگ بلندکردنی توند؛ ئاخ‌و داخ؛ هانا؛ نێوە بۆ دوو گۆڤاری کوردی یەکەمیان جەلادەت عالی بەدر خان لە سالی ١٩٣٢دا دەریخست

که بە تێکڕایی ٥٧ ژمارەی لێ دەرچوو، دووهەمیان حافز مستەفا قازی ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا دەریخست پاش سێ ژمارە داخرا؛ گوندێکی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراقە.

**هاوبەش:** شەریک.

**هاوبیر:** هاوفکر؛ هاوڕا؛ لە بیرو رادا وەکوو یەک.

**هاودەم:** نزیکلەیەک؛ هاوسێ؛ هاودەنگ.

**هاوڕاز:** هاوڕازو نیاز.

**هاوڕێ:** هاواڵ؛ هەڤاڵ؛ دۆست.

**هاوژین:** دووکەس کە پێکەوە بژینو گوزەران بکەن؛ خافلان (ئەو منداڵەی بهاوژێنە).

**هاوێر:** دەورە؛ هەر چوار لا؛ هەڵاواردن؛ لێکجیاکردنەوەی ماکو زا.

**هۆرە:** دەورو بەر؛ پوازی ئەستوور بۆ وێکنەهاتنی دارێ کە دەیشکێنن بە تەور؛ سەیرانگا؛ جێگەی زۆر بڵند؛ کێوی بڵند؛ گۆرانی بەسۆز؛ هەوایەکی کۆنی گۆرانی کوردییە کە لە ناوچەی جافەتی باوە. بڕوانە هەوارامان.

**هۆزان:** هەستیار؛ شاعیر؛ هەڵبەستوان؛ عێلاتو عاشیرەتان؛ زۆر زانا؛ پارچە شیعرێک؛ قەسیدە.

**هۆکار:** عامل؛ بانی؛ مۆتیڤ Motiv.

**هۆگر:** خوو پێگرتوو؛ گورزۆ پێگرتوو؛ "مأنوس".

**هۆما:** بە زاراوەی زازایی واتە: یەزدان؛ خوا؛ خودا؛ خودێ؛ هومای.

**هۆمل:** نێوی چیایەکە لە بەشی زنجیرە چیای ئالان.

**هۆناس:** سەر پاڵەی دروێنە؛ سەبەناس؛ سەبەبزان.

**هۆنەر:** ئەو کەسەی کە شتێک لە گوێن مووروو، کەزیە، گوریس، هەڵبەست، دەهۆنێتەوە.

**هونەر:** بەهرەو بەرهەمی هونەرمەند؛ ئەو بەهرەیەی کە لە هەستی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێو لە لایەن هونەرمەندەوە دەبێ بە بەرهەم.

**هەتان:** تەێمان؛ چەپەر.

**هەتوان:** دەرمان؛ مەڵهەم.

**هەردی:** خەڵکی کێوپارە؛ چیانشین.

**هەرژین:** هەلا هەلابوون بە هۆی کولاندنەوە.

**هەرمان:** هەرگیزنەفەوتان؛ کار؛ خەبات؛ بەهەورامی واتە: فرمان.

**هەرووت:** پاژێکن لە هۆزی سوورچی لە ناوچەی هەولێر کە یەجار کەلەرەق و تۆسنن.

**هەڕەت:** تاف؛ ئاز؛ تۆخ؛ تۆق. وەکوو : هەڕەتی لاوەتی؛ دەرفەت؛ جەنگە؛ کاتی زۆربوونی شتێک.

**هەرەس:** پسان و دارووخانی پارچەبەردو خاک لە چیا؛ رنوو؛ رنی؛ کلێلە؛ شاپە؛ کەوی؛ کەویە بەفر؛ بەربوونەوەی کلێلە بەفر لە زستاندا لە لووتکەو قەدپاڵی شاخ و کێوەوە بۆ ژێر.

قەڵای زێوی رووخاوە **هەرەس** بە تۆپی نەسیم
سپاهی لالەو گوڵ چادری لە جێ هەڵدا
«حاجی قادر»

**هەرەوەز:** گەل؛ گەلەکۆمە؛ کاری بەکۆمەڵ وەکوو دروێنەو دەسکەنەی نۆک و هەڕەکاری. (هەرەوەزە نان و بەزە)

**هەرێز:** گیای هەرزە.

**هەرێم:** دەورو بەری ئاوایی کە ئاکێڵدرێ‌و ماڵی هەموانە؛ ئوستان؛ ناوچە؛ مەڵبەند.

**هەزبان:** نێوی گەورەهۆزێکی کوردە کە هەڵداژرابوونە ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان جەعفەر هەزبانی لە سەرەتای ساڵی ۸۳۰ی کۆچی دژ بە دەسەڵاتدارەتی عەباسی راپەڕی. لەم جەعفەری هەزبانییە پارچە شیعرێک لە سەر زوڵم‌و زۆری عەرەب بە جێماوە کە بە داخەوە دەست نەکەوت لێرەدا چاپی بکەم.

**هەژار:** بەلەنگاز؛ داماو؛ نەدار؛ نازنێوی شاعیرو کوردیزان‌و زمانەوانی کورد مامۆستا هەژار (عبدالرحمان شەرەفکەندی)یە.

**هەژیر:** تێنگەییشتوو؛ لە زاراوەی کرمانجیدا واتا: هەنجیر کە میوەیەکی شیرینەو چەند جۆری بەم نێوانەی ژێرەوە هەیە: درهی؛ هەرکەڤانی؛ هێکناتی؛ رژیک؛ شنگالی؛ تەفارە؛ زەرک.

**هەژین:** هەژان؛ هەژیان؛ راژان؛ بەرانبەری دەگەڵ قیمەت؛ بزووتن.

**هەڤاڵ:** دۆست؛ هاوڕێ.

**هەڤۆت:** بنەمای فێربوون؛ لە «چاوگ»ی وشەی هەڤۆتن وەرگیراوە. هەڤۆتن: فێربوون. هەڤۆتکار: فێرکار.

**هەسنان:** گوندێکە لە ناوچەی بالیسان.

**هەڵبەز:** هەڵبەزین؛ بازدان.

**هەڵبەست:** نظم لە شێعردا.

**هەڵدێر:** هەڵەموت؛ شوێنی لێژو کەندر؛ تاڤگە؛ کەسێ ئاو لە سەرەوە بۆ خوارێ بەرداتەوە.

**هەڵزن:** گورجهەڵگەڕ، گورجو وریا.

**هەڵشۆ:** نێوی گوندێکە لە ناوچەی بالیسان.

**هەڵکۆ:** کێوی خڕ؛ نێوی گوندێکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق؟!

**هەڵکەوت:** دەرفەت؛ بۆم هەڵکەوێ دەیرووخێنم.

**هەڵمەت:** پەلامار؛ هێرش.

**هەڵگورد:** چیایەکە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، کە کەوتۆتە نێوان سەردەشتو پیرانشار. وەک لەم شێعرەی

مامۆستا هێمن دەردەکەوێ، وێدەچێ لووتکەی هەڵگورد گۆڕەپان یان تەختایی تێدا هەبێ.

بۆتنووسیوم بۆتبنـووسم ئەمـن چیم؟
دوندی قەندیل گۆڕەپانی **هەڵگورد** نیم
بەرەو بەرزاییدەچـم ئەگـەرچی وردم!
خاکی بەرپێی تێکـۆشەرێکی کـوردم «هێمن»

**هەڵۆ:** ئەیلۆ؛ ئەلووە؛ باڵندەیەکی راوکەری گۆشتخۆری تیژباڵە. هەڵۆ لە ئەدەبیاتدا، بە رەمزی بەرزیو ئازایەتی دادەنرێ.

بە گژەی ساردی هەناسەی کـەژ و کۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر، پیـرە **هـەڵـۆ**
داخـەکەم بۆ گورِ و تینی جووانیـم
ئەو دەمـەی چۆنو چ بوو، بۆ وانیـم!
راچـەنـی لەم وتەیە، پیـرە **هـەڵـۆ**
هاتە بەرچاوی گەلێک کەند و کڵـۆ
کەوتە ناو گێـژی خەیاڵات و خـەمان
مـان ئـەگەر وایـە، چ شیـرینـە نـەمـان «هەژار»

هاتەوە بیری «**هـەڵـۆ**»، رابوردووی
پاکـی بـووژانـدەوە یادی مـردووی
گوتی وا ژینی درێژ پێشکەشی خۆت
گۆشتی مردارەوە بوو هەربەشی خۆت
ژینـی کـورت و بە هـەڵـۆیـی مـردن
نەک پەنا بۆ قـەلـیڕوورەش بـردن

لای «هەڵۆ» ی بەرزەفڕی بەرزەمژی
چۆنبژی شەرتە نەوەک چەندە بژی «سوارە»

هەڵوان: گوندێکی سەر بە ناوچەی سنەیە، لە بنپاڵ «هەشەمیز»ەوە. (هەڵوان)نێکیتر لە نێوان قەسری شیرینو کرند، لە لای «سەرپێڵ»ی ئێستاکە هەیە، کە "پیرنیا" لە کتێبی ایران قدیم "ئێرانی کۆن"دا لاپەڕەی - ۷ - نووسیویە: هەڵوان، قەلایەک بووە لە کێوەکانی کوردستان، لە نزیک «کەرکووک» ەوە.

هەڵوی: خوریلکە؛ هاوڵە؛ گوندێکە لە ناوچەی سەردەشت.

هەڵوێست: هەڵوێس؛ وێستانی کەم؛ وچان؛ هزرو بیر دەربارەی شتێ.

هەڵەمووت: هەڵدێر؛ زەردو ماهی سەخت؛ هەزار بەهەزار؛ نێوی شاخێکە لە ناوچەی شارباژێڕ لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

هەندرێن: شاخێکە لە ناوچەی بارزان، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق.

هەندەران: دوورەوڵات؛ دەرەوەی وڵات؛ خارج.

هەوان: هەمبان؛ هەنبان؛ رەبەن؛ سەڵت؛ سپاتە؛ بێماڵ؛

پاشنێوی وشەی «دەرەهەوان»ەو دەرەهەوان گوندێکە لە ناوچەی دیواندەرە.

**هەوراز:** سەرەوژوور؛ سەرەوژوورکا؛ بەرەوژوور.

**لە هەورازە مەڵێ گوتنێ**
**لەبەر بایە مەکێشە تووتنێ**
**ماڵە خۆت مەبەوە سەر ماڵە بابی ژنێ**
**«گوتەی پێشینیان»**

**هەورامان:** کاتی خۆرهەڵات؛ هەورامان هەرێمێکی شاخاوی‌و بەرینە کە سنووری دەستکردی ئێران‌و ئێراق کردوویەتە دوو بەش، بەشی گەورەی لە کوردستانی ئێرانەو داگری چەند شار و شارۆچکەی گەورەو بچووکەو بە زاراوەی گۆرانی کە وشەی هەورامی بەسەردا براوە قسە دەکەن.
مامۆستا «ذبیحی» لە پێشەکی (قامووسی زبانی کورد)دا نووسیویە: (کۆنترین بەڵگەی نووسراوی کوردی لە دەورەی تازەدا چوارینەکانی «بابا تایەری عوریان»ە کە لەسەرەتای چەرخی یازدەهەمی عیسایی لە (هەمەدان)ی ئێستا - هەنگمتەنای پایتەختی مادەکان - بە لەهجەی جنووبی داینااون.
بە نیازی نیزیک‌کردنەوەی لە فارسی، گەلێ دەسکاری ئەم چوارینانە کراوە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە (بابا) چوارینەکانی بە شێوەی ئەو چوارینە فۆلکلۆرییانەی کە لەو سەردەمەدا بە نێوی (فەهلەوی = پەهلەوی) ناسراون، گوتووە.

بۆ ئەوەی بزانین (فەهلەوی) چ بووە گوێ لە «دوکتۆر معین» خاوەنی (فەرهەنگی معین) دەگرین کە دەڵێ: «فەلەوییە معر: پەهلەوی»-شیعرێکە# کە بە یەکێ لە زمانە ناوچەیییەکانی ئێران (بێجگە لە زمانی ئەدەبیو رەسمی) لەسەر وەزنەکانی عرووز یا وەزنی هیجایی دانراونو بەشێکیان لە قاڵبی «دووبەیتی»دان.

---

# د. معین، ئاماژەی بەوە نەکردووە کە نێوی ئەم زاراوەیە، چییەو هی چ ناوچەیەکە!!

---

فەهلەوی یا فەهلەویات بە هەوای تایبەتی وەکوو گۆرانی خوێندراونەوەو ئەو هەوایە جارو بار هەر (پەهلەوی)و هەندێ جاریش (ئۆرامە، ئۆرامەنو ئورامەنان)یان پێگوتووەو **«ئۆرامەن (ئۆرامەنان) هەوایەکی کۆنی مۆسیقایە وەکوو بەحری (هزجی مسدس) دەچێ، فەهلەویاتیان پێدەگوت».**

رەنگە زۆر خۆماندووکردنی پێنەوێ بۆ ئەوەی بزانین (ئۆرامەنان) شێوە فارسی (هۆرامەنان)ی کوردییەو دەگەڵ وشەی (هەورامان)، یەکن، هۆرامەنان، هۆرئامانان [هۆر + ئامان (هاتن) + ٢- ئان/٢] = خۆرهەڵات. هەر وەکوو دەڵەین: بەیانان، ئێواران،......

وەکوو دەزانین کاتی خۆرهەڵات تا نیوەڕۆ، یەکێک بووە لەو پێنج کاتەی (زەردوشت) دایناوە بۆ عیبادەتو دوعای تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەمەی خوارەوە پارچەیەکێتیو چەندجار دووپات دەکرێتەوە.

«نمۆ هڤەرە خشەئیتە ئۆرڤەد ئەسپائی» مانای دەبێتە: نمێژ بۆ هۆر (خۆر، هەتاو)ێ دەدرەوشێتەوە ئەسپ تیژ (خۆش‌ڕۆ، خۆش‌بەز)ە.

واتە: نوێژ بۆ خۆر دەدرۆشێتەوە، ئەسپیش خۆشرۆیە

بێگومان ئەم دوعایەش وەکوو هەموو عیبادەتی زەردوشتیان، بە هەوایەکی تایبەتی، جا یا بەدەنگی بڵیند بە زەمزەمە "نارە نار" خوێنراوەتەوەو دەشێ خەڵک پێیان گوتبێ نوێژ یا عیبادەتی (هۆرئامانان)و ئاشکرایە کە پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی (دوعا)و (عیبادەت)ەکە هەر دووکیان لە باو کەوتوون بەڵام (هەوا) لە ناو خەڵکا هەر ماوەو کەم کەمە بۆتە هەوای گۆرانیو فەهلەویاتیان پێ‌گوتووە.

بەلای منەوە (هۆرە) کە ئێستا یەکێکە لە هەواکانی گۆرانی کوردیی، هەر (هۆرئامانان)ەکەیە کە بەشێک لە نێوەکەی پاراستووە و، وەک مەقامی(ئەڵلاوەیسی) بە تەواوی نێوی نەگۆڕاوە.)

**هەوزین:** کەسکایی؛ سەوزایی.

**هە و شار:** دەکەوێتە نێوان رۆژاوای شاری بۆکان و سەقز. هەروەها نێوی مەقامێکی کوردییەو تیرەیەکیشە لە کورد.

**هەوێز:** حەوشەمەڕ؛ پەچەمەڕ.

پەزمان نەبوو لە پەرێزێ بەڵام
پشکەڵمان دیوە لە هەوێزێ «گوتەی پێشینیان»

**هەیاس:** کەسێ کە لە ڕێوەچوونا لاقی پێکەوە دەنووسێ.
گێسکەکەی **هەیاس خاس** لە کوردەواریدا بە نێوبانگە!

**هەیشوور:** نێوی شاخێکی بەرزە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

**هێدی:** لە سەرەخۆ؛ ئارام؛ هێمن.

**هیران:** گەورە گوندێکە لە دۆڵ شەقڵاوەو هەولێر. هیرانو نازەنین پێکەوەن.
مەمکی ئەو بابان وێرانەی لە بۆ من بێنن،
بەوان سێوی لاسوور
کە وەتانی لە باخچەی **هیرانو** نازەنین
تازە فەریکە.

**هێرش:** پەلامار؛ کوتانەسەر؛ هەڵمەت بردنە سەر؛ ئەسر؛ ئەسرین؛ ڕۆندک؛ فرمێسک.

**هێژا:** تا ئێستەش؛ زۆر بەنرخ؛ هەڵکەوتە؛ بەرکەتی؛ بەڕێز.

**هیلڤان:** شارێکی کوردنشینە لە کوردستانی بندەستی تورکیە کە ٥٠ کیلۆمیتر بە ئۆرفاوە دوورە.

**هێمن:** ئارام؛ هێدی؛ پشوو لە سەرخۆ؛ نازنێوی شاعیری

هەرەبەرزی هاوچەرخ بوو کە لە سەرەتاکانی ١٣٦٥دا دنیای بە جێهێشت.

**هێور:** ئەهوەن؛ هێدی؛ ئارام؛ هێمن؛ پەناگا؛ داڵدە؛ ئەنوا؛ جێگە.

**هیوا:** هومێد؛ ئارەزوو.

## پیتی ( ی )

**یاخی:** سەریزێو؛ شەقی؛ چیای هەڵەمووت؛ چەمی بێبوار؛ مانگرتوو.

**یارسان:** نێوی ئایینزا "مذهب"ی یارسانییەکانە.

**یارە:** یار؛ دۆست؛ هەڤاڵ.

**یازان:** خوازیار؛ گەرەکبوون؛ ویستن.

**یاسا:** داب‌و دەستوور؛ ڕێ‌و شوێنی ناو کۆمەڵ؛ قانوون.

**یانزۆ:** نێوی یەکێ لە دەسەڵاتدارەکانی هۆزی نەهری بووە.

**یاوەر:** بریکار؛ یاریدەدەر. یارو یاوەر.

**یەزدا:** ؛ خودا؛ خودێ. هەر دوو نێوی یەزداو یەزدۆ لە نێوی یەزدان گیراوەتەوە. یەزدانیش واتە: خودا؛ پەروەردگار.

**یەزدۆ:** خواپەرست؛ بڕوانە یەزدا.

**یەسپان:** دۆڵێکە لە ئاویەری گەورەی شاری سنە، کە لە لای سەرووی دۆڵی « ماماتکە » وە هەڵکەوتووەو کەوێڵ و باخێکی خۆشی لێیەو بە دۆڵی یەسپان بەنێوبانگە.

# تەواو

خوێنەری هێژا!

ئەم کتێبە، لاگوێلێکە لە خەرواری دەستەوارەیەکە لە بژوێنی زەبەندی ئەو نێوە کوردییانەی لە کوردستان هەن و لە سۆنگەی داگیرکەراندا خۆرنەگەزن؛ نێوی دیکەش هەبوون بەلاّم بە داخەوە، نە پێم شارۆ دەکران، نە لێم پاکۆ بوون، هەر ئەمەم پێ ڕنیاوە کە لەم شناوەیەدا مەلۆ کراوە.

# ئەلفو بێی کوردیی

ئـ
ە ـە
ا
ب بـ
پ پـ
ت تـ
ج جـ
چ چـ
ح حـ
خ خـ
د
ر
ڕ
ز
ژ
س سـ
ش شـ
غ غـ
ف فـ
ڤ ڤـ
ق قـ
ک کـ
گ گـ
ل لـ
ڵ ڵـ
م مـ
ن نـ
و
ۆ
وو
ھ ھـ
ی یـ
ێ ێـ

## سەرچاوەکان:

کوردستان‌و کورد (د. عبدالرحمن قاسملوو).
تاریخ کردو کردستان‌و "توابع" شیخ محمد مردوخ.
کوردستانی موکوریان یا «ئـاتـرۆپاتیــن» (حسین حزنی موکوریانی).
فەرهەنگی مەردۆخ (بەرگی ۱ و ۲).
فەرهەنگی خاڵ (بەرگی ۱و ۲و ۳، شێخ محەمەدی خاڵ).
قاموسی زبانی کوردی (عبدالرحمن زبیحی)، بەشی ئەلف‌و بێ.
فەرهەنگ لکی حمید ایزد پناه
فەرهەنگ لری حمید ایزد پناه
(تحفەء مظفریە) کۆکردنەوەی ئۆسکارمان، پێشەکی‌و ساغکردنەوەو هێنانەسەر رێنووسی کوردی، مامۆستا هێمن.
فەرهەنگی «ئەنبانە بۆرینە» کوردی- کوردی- فارسی، بەرگی ۱و ۲ (مامۆستاهەژار).
ناڤێن کوردی ئەحمەد تیگریس ( ئەحمەد مەکی) بە لاتینی.
«هەڤرس» کۆمەڵە ناوێکی کوڕان‌و کچان (عباس سلیمان سمایل).
ناوی کوردی نوێ (هوشیار محمد عزیز قەفتان).

شاری وێران نووسراوەی (عەلی حەسەنیانی).
«ماڵمیسان»، هەندێک نێوی زازایی یان دووملی.
لە (فرهنگ نام)یش کە «احمد شریفی» نووسیویەتی، هەر چەند لە باری چاپەوە پەڵەی زۆرەو واتای بڕێ نێویشی بە هەڵە لێ داوەتەوە دیسان کەڵکم وەرگرت.
لە ژێر شیعری هەر شاعیرێکیشدا نێوی شاعیرەکە نووسراوە.
لێرەشدا بە پێویستی دەزانم: سپاسی کاک "صلاح‌الدین مهتدی" بکەم کە چ لە نزیک‌و چ لە دوور، یارمەتی داوم‌و ڕێنوێنی کردووم.
هەروەها سپاس بۆ بنەماڵەی "مەلا رسول پێشنماز" کە بەشی خۆیان، نێویان خستە سەر ئەم نێوگەلە.
دیسان سپاس بۆ هاوکاری‌و یارمەتی شاعیری شیعری «گۆمشین» کاک "احمد بازگر".
لە دواییشدا سپاسی فرەو فراوان بۆ "مەرزیيە" کە بێژگە لەوەی یارمەتی دام، لە کاتی خۆشی تەرخان کرد بۆ دانەدەرەوەی ئەم کتێبە.

ناسری ڕەزازی ستۆکهۆڵم ١٩٩١/٦/١٢

# NAMES AND TITLES IN THE KURDISH COMMUNITY

**By Naser Rassazi**

ISBN: 91-87730-04-9

APEC-TRYCK & FÖRLAG

Stockholm 1991